# دیالۆگ و داهێنان

# دیالۆگ و داهێنان

## (کۆمەڵە وتووێژ)

**عەبدولخالق یەعقووبی**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **دیالۆگ و داهێنان** (کۆمەڵە وتوێژ)
- **ئامادەکردنی:** عەبدولخالق یەعقوبی
- **بابەت:** وتووێژ
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** ئاسۆ مامزادە
- **چاپ:** یەکەم ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ٥٠٣
- **نرخ:** ٢٥٠٠ دینار
- **تیراژ:** ١٠٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆک)

**زنجیرەی کتێب (٣٥٥)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


وەک پێشەکی ........................................................ ٧

**وەرزی دواندن** ........................................................ ٩
چیرۆک و ئایدۆلۆژی........................................................ ١١
ڕەهەند و ڕوانینەکانی رەخنەی ئەدەبی ................................ ٤١
عەقڵی مۆدێڕن و کۆمەڵگای کوردی ..................................... ٦٥
له چیرۆکی خۆماڵییەوه تا چیرۆکی جیهانی ............................. ٩٩

**وەرزی دواندن** ........................................................ ١١٧
ڕۆمانی کوردی و ئاریشەکانی ............................................ ١١٩
ئەدەبیات و چەمکی داهێنان ............................................. ١٤١
بزاڤی رۆشنبیری و نوێخوازی له کوردستانی رۆژهەڵاتدا........... ١٦١
ئەدەبیاتی کوردی و کولتووری داهێنان ................................. ١٩٣

# وەک پێشەکی

نەمدەویست ناوی ئەم کتێبە، «دیالۆگ و داهێنان» بێ. هەستم دەکرد، تۆزێک نا، کۆڵێک زێدەڕەوی دەکەم گەر ئەم ناوە بکەمە پێناسەی ئەو کۆمەڵە گفتوگۆیەی کە لە دوو تویێی ئەم کتێبەدا پێشکەشی دەکەم. دەزانم دەزانن، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، باش فێربووین ناو و ئاوەڵناوی قەبە و فشوفۆڵ بخەینە پاڵ هزری هیچەکە و بیرۆکەی بچووکەوە. ویستم لەم ڕێسا ناڕاستە لادەم و هەندێ ڕاستۆکانەتر ڕووبەڕووی خوێنەر ببمەوە. بەڵام پاشتر لێکم دایەوە کە ڕاستە ئەم ناوە ناوێکی بە ڕواڵەت زل و زەق و زۆپە، بەڵام وێناچێ پڕ بە پێستی مەبەستی منیش نەبێت. دیالۆگ لە بەرتەسکترین ئەندازە و بچووکترین ڕێژەی خۆشیدا دواجار هەر داهێنانی بە دوادا دێت: داهێنانی باسوخواسی تازە و هزری و هەستی نوێ و دید و دنیایەکی دیکە، دیالۆگ لانیکەم مرۆڤان لە هەمبەر یەک دادەنیشێنێ و وەقسەیان دێنێ، واتە داهێنانی توانایی ئاخافتن و تاقەتی ژنەفتن. دیالۆگ مەشقی پێگەیشتنمان پێ دەکات و عەشقی تێگەیشتنمان تێدا دەچێنێ. لە هەمانکاتیشدا ڕێی تێناچێ داهێنان بێتە ئاراوە مەگەر پێشتر زەمینەیەک بۆ دیالۆگ خۆش بووبێت و بەستێنێک بۆ گفتوگۆ خولّقابێت. داهێنان چ نییە جگە لە کۆمەڵێک بواری ڕەخساو و دەرفەتی پێدراو بە ئەگەری هەڤپەیڤین و باسوخواس و دەمەقرە و مشتومڕی نێوان مرۆڤان. داهێنان بە سەر پردی دیالۆگدا دەپەڕێتەوە و دەگاتە مەنزڵ. دواجار لە تێکەڵاوی نێوان دیالۆگ و داهێنانە کە ئەم کتێبە بەرهەم هاتووە، کتێبێک کە بۆ لێبووردەیی و لێکتێگەیشتن و پێکەوە هەڵکردن ڕێز دادەنێ و لە هەمانکاتیشدا باوەڕی بە جیاوازی و دژوازی و خۆبژیوی بیر و هزر و هەستەکانیش هەیە.

جیا لەم لایەنە با لە بیریشمان نەچێت ئەو قۆناغەی هەنووکە فیکر و مەعریفە و ئەدەبیاتی ئێمەی تێدا دەژی قۆناغێکە تا سەر ئێسک پێویستی بە تیۆری داهێنان و داهێنانی تیۆری هەیە و یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بەم ئامانجە گرینگە هێنانە ئارای چەمکی دیالۆگە. دیالۆگ لە هەناوی خۆیدا هەڵگری خەسڵەتەکانی تیۆریک و خواستی داهێنانە. ئاراستەی دیالۆگ ئاراستەیەکی پێوەندی ئامێزە (communicative)، و تیۆری و داهێنان وردە پریشکەکانی ئەو ئاگرەن کە لە وێککەوتنی بەردی بیرۆکەکان بەرهەم دێن. هەروەتر من لە ڕێگەی دەنگی ئەم کتێبەوە، لە ڕێگەی دیالۆگ و داهێنانەوە، دژی هەر چەشنە فەلسەفەیەکی توندوتیژیم کە بەتایبەت زۆر جار بەر لەوەی لە سەر نووکی شیر و لە نێو لوولەی تفەنگەکاندا ئابڕووی بتکێ، لە هزری مرۆڤکوژان و



لە هەستی مەرگدۆستاندا چەکەرە دەکات و سەقامگیر دەبێت. ئێمە ئیمڕۆ زیاتر لە هەموو سەردەمێک بۆ هێورکردنەوەی ئەو یاخیگەری و سەرکێشییەی کە عەقڵی تاکڕەهەند و ئامرازگەرا و ستراتژیک گرتوویەتە بەر و بە ناوی هێزە پیرۆز و میتافیزیکییەکانەوە مافی مرۆڤان پێشێل دەکات و گیانی خۆی و خەڵکان دەستێنێت، پێویستمان بە ڕۆحی دیالۆگ و وزەی داهێنانە.

دیالۆگ ڕامان دێنێ لە بری هێزی مەرگ، هێزی ژیان بێنینە دوان و داهێنان فێرمان دەکات کە سەرەکیترین ئەرکی مرۆڤ زیاد و کەڵەکە کردنی جوانی و مەعریفەیە بە خەرمانی مرۆڤایەتی. کولتووری دیالۆگ و داهێنان دواجار کولتووری ژیاندۆستی و لێبووردەییە. ئێمە وەک مرۆڤی کورد لە هەموو سەردەمێک پتر پێویستیمان بەم دوو ئەسڵە حاشە هەڵنەگرەی شارستانییەتی مۆدێڕنە. ژیاندۆستی دەستەبەری مانەوەی نەتەوەکەمانە و لێبووردەیی پارێزەری شان و شکۆی شارستانییەتی دێرینمانە. ئێمە گەلێکین زۆربەمان لە تفت و تاڵترین ڕۆژانی دەسبەسەری و دەربەدەریشدا وازمان لە بەیت و باو و شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و ڕەخنە نەهێناوە. ئێمە گەلێ جار لە شەوەزەنگترین سەردەمانی بێدەسەڵاتی و دوورە ئاواتیدا خۆمان لە گۆرانی و ئەدەبیات و هەڵپەڕکێ و دڵداری نەدزیوەتەوە. ئێمە گەلێکین زۆر جار خۆمان بە جوانترین چەمکەکانی ژیانەوە گرێداوە و لەم ڕێیەدا گیانمان داوە و سەرمان داناوە، بۆیە ناکرێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا بژین و لە ڕێگای دیالۆگ و داهێنانەوە ملی ئەم ڕێگایە نەگرینە بەر.

%

ژیان بە ئازادییەوە شیرینە و ئازادی لە ژیاندا خۆشە. دیالۆگ ئازادی بە مرۆڤان دەبەخشێ تا لەگەڵ یەک بدوێن و لە یەک تێبگەن، داهێنانیش دوورکەوتنەوەیە لە گیانی مەرگدۆستی و ڕۆحی نەمان پەرەستی و هەوڵێکە بۆ تۆخکردنەوەی باوەڕی ژیانخوازی.

«دیالۆگ و داهێنان» کە لە بواری هزر و ئەدەبدا کۆمەڵێک هەڤپەیڤین و گفتوگۆتان دەخاتە بەردەست، پێشکەش بە سەر لەبەری ئەو کەسانەی دەکەم کە لە پێناوی ئازادیدا مردوون و ئەو کەسانەش کە هەر لەم ڕێبازەدا دەژین■

عەبدولخالق یەعقووبی - بۆکان

خەرمانانی ١٣٨٤

سێبتەمبەری ٢٠٠٥

# وەرزی دواندن

٩

# چیرۆك و ئایدۆلۆژی

## لەگەڵ شێرزاد حەسەن

**عەبدولخالق یەعقووبی: لای تۆ سیحری چیرۆک لە چیدایە کە وەها شەیدای کردووی وەک عەشقێکی گەورە و پاکی ژیانی خۆت لەگەڵیدا بجووڵێیەوە و بیخولقێنی و بینووسی؟**

**شێرزاد حەسەن:** دەکرێ عەشقی چیرۆک لەوە بێت، لە رۆژانی خەیاڵی من، لە منداڵییەوە جارێکیان لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ یەکێک لە گۆڤارەکانی کوردستانی عێراق سەبارەت بە شیعرێکی قانع باسم کرووە. ئەمن پێش ئەوەی بچمە قۆناغی سەرەتایی، واتە زۆر منداڵ بووم، باباسی لێفەیەکی شڕی کردبوو. زۆرم بیر لێکردەوە کە ئەم لێفە شڕە وا ئەم کابرا باسی دەکا ـ کە دەزانین قانع کێیە ئەمڕۆ، کە سەرنجی راکێشام، زۆرتر باسی لێفەکەی منی دەکرد. من پرسیم ئەمە چییە وتیان شیعرە. من لە راستیدا لە سەرەتا ئەو کەف و کوڵ و هەست و نەستەی کە هەمبوو لە رێی شیعرەوە دەرمدەبڕی و بە گەنجێتی بە شیعر دەستم پێکرد، بەڵام قۆناغێک هات هەستم کرد خەمی من گەورەترە، بۆ خۆم لە خانەوادەیەکی با بڵێم لە رووی چ ئابووری دەڵێی، چ کۆمەڵایەتی دەڵێی، چ... لە هەر روویەکەوە هیلاک و ماندوودا گەورە بووم. باسی گەڕەکی خۆشمان بکەم لەو گەڕەکە زۆر هەژارانەی هەولێر گەورە بووم: خۆ دیارە قۆناغی سەرەتایی من لە رەواندز دەستم پێکرد، هەتا چوومە قوتابخانە. من قەناعەتم وایە لەو رۆژگارەش پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە، پیرێژنەکان لە نەنکمەوە بیگرە ـ کە خەیاڵی زیاتر وروژاندم، بەوەی کە ئێمە پێی دەڵێن چیرۆکی گوێی ئاگردان، لە حەکایەتی دێو و درنج و لە حەکایەتی جنۆکەو، ئەو کەسانەی ئەفرێن و کەسانێک... سیمرخ و ئیتر لەو شتانەی... تووشی یەک دوو پیرێژن دەبووم و شەوانی ئێمە دەبووە شەوانی حیکایەت، نەنکم یەکێک لەو کەسانەیە کە چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە. لە راستیدا خەیاڵم بۆ ئەوە ئەچوو کە کێن نووسەری ئەم حیکایەتانە؟! زۆر بیرم لەوە ئەکردەوە. دوایی درەنگ تێگەیشتم کە ئەمانە نووسەرێکی دیاریکراویان نییە، زۆرجار دەتوانم بڵێم رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێک لە ئەفسانەکان. بۆ من سیحری چیرۆک لەو خەیاڵە دابوو ئەگەر کورتی کەمەوە، لەو خەیاڵەدا بوو کە لە تەنگی دڵی خۆمەوە، تەنگی ژوورەکەی ماڵی خۆمانەوە ئەیبردم بە ناو وڵاتان و مەملەکەتان و مەملەکەتی جنۆکان و پەرییەکان و فریشتەکان و ئەیبردم بۆ ئاسمان و دەیهێنامەوە سەر عەرز، دۆڕان و بردنەوە، حەکایەتی کوڕە کەچەڵ و ئیتر لەم شتانەی کە رەنگە تۆش رۆژگارێک بیستبێتت، ئەمانە بۆ من سیحرێک بوون، بەڵام وەختێک گەورە بووم و وەکو گوتم شیعر جێی خەمی منی تیانابێتەوە و لێشت ناشارمەوە لە منا سیحری چیرۆک وادەستی پێکرد. من لە



منداڵیمەوە دەکرێ بڵێم زۆر ترسەنۆک و شەرمن بووم، زۆر دوورەپەرێز بووم، هەتا لە میوانەکان خۆم دەشاردەوە، لە کەس و کار خۆم دەشاردەوە، تا رادەیەکی یەکجار زۆر ئەمن لە رووی سایکۆلوژییەوە، لەبەر ئەوەی کە باوکم پیاوێکی دڵڕەق بوو تا رادەیەک من زۆر سەرشکان و رووشکان و دڵشکانم بینی. لە منداڵی و لە گەنجێتیما بۆیە بەردەوام کارەکتەر و پاڵەوانم دروست ئەکرد، لە خەیاڵی خۆم، واتا من لە ژیانی خۆما لە هاوڕێکانم دەترسام، هاوڕێیەتیم دەکردن یا جورئەتم نەدەکرد وەک ئەوان تێکەڵی هەموو شتەکان بم. بۆ نموونە من لە گەڕەکێک بووم هەر هەموویان سەگباز بوون جگە لە من، هەر هەموویان دەیانتوانی شەڕ بکەن، من نا، کە شەڕیشم دەکرد باوکیشم بیزانیبایە تێیهەڵدەدام. دەتوانم بڵێم لە یارییەکانیش کەمەکێک بێبەش بووم، تا تەمەنی هەرزەکاری و گەنجێتیم هێدی هێدی وێرام بچمە نێو خەڵک (ئەمە حەکایەتی منداڵی)، بەڵام ئەو قۆناغی منداڵی و حەکایەتی گوێی ئاگردان و ترسی من لە تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵک ئایا لە خوێنمابوو؟

ئەو ترس و شەرمە بوو، لە خانەوادەکەم کە وەک دەڵێم لە رووی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و جۆری مامەڵەکردن لە بارێکی زۆر ناهەمواردا بووم، بۆی ئێمە لە یەک ژووردا دەژیاین ناچاربووم بای خەیاڵی خۆم بدە، بفڕم، بڕۆم لە ناو دنیا تەنیاکەی خۆم دەیان کارەکتەر و پاڵەوان دروست بکەم، دۆست دروست کەم، و مەملەکەت دروست کەم، و واتا کە بووم بە گەنجیش دەیان جار بێبەش بووم لە خۆشەویستی، هیچ کچێک و هیچ ئافرەتێک لەبەر زۆر هۆ، من دوانزە ساڵان ئایینپەروەر بووم، بۆ خۆم هەر بە حەرامیشم دەزانی هێندێک شت بکەم، بۆیە من بەردەوام لە گەنجێتیشما هەر بە خەیاڵ عەشقم دەکرد. دەکرێ بڵێی ئەو شیعرانەی کە سەرەتا نووسیومە هەمووی بۆ ئەو یەک دوو کچە بووە، کە لە ژیانما خۆشم ویستن، نەموێرا بە نامە یا بە راز و نیازێکی راستەوخۆ بە کچەکانی بڵێم؛ ئەمکردن بە نووسین؛ زیاتر وەختێک کەوتمە ناو دنیای فەلسەفە و فکر و دەروونزانی و مێژوو خوێندنەوە و وردبوونەوە لە فەلسەفەی جیا، لە مەزاهیبی جیا، تێگەیشتم کە نەخێر، من ئەبێ بتوانم پێدزکە بکەم لە شیعرەوە بۆ دنیایەک کە ناوی چیرۆک بوو. دیارە من یەک دوو چیرۆکی خراپم نووسی لە سەرەتادا پڕ بوون لە ناوەڕۆکی ئینسانی، بە دەربوون لە تەکنیک و لە هونەر، سەرەتای رۆشنبیری من بە عەرەبی دەستی پێکرد، من یەکەم چیرۆکم بە عەرەبی نووسی، دوایی هاتم بیرم کردەوە، من لە ناو عەرەبا دەبم بە چی، یا نابم بە چی، بەڵام پرسیارێکی ئەخلاقی بوو کە من وەک کوردێک دواجار چی دەکەم لە ناو عەرەب، ئیدی یەکەم چیرۆک و دووەم چیرۆک زمانی کوردیم باش نەبوو بە هیچ

شێوەیەک نەمدەتوانی ئەو راز و نیازەی هەمە یا ئەو کارەکتەرەی هەمە با ئەو چیرۆکەی کە من دمهەوێ بیسازێنم لە قاڵبێکدا بۆم دانەڕێژرا، بۆیە لەو کۆمەڵە چیرۆکەی کە ساڵی ١٩٨٣، بڵاوم کردۆتەوە تەنیا نۆ (٩) چیرۆکی تێدا بوو - سێ چیرۆکم فەرامۆش کرد لەبەرئەوەی ئەوندەی کە لە ناوەڕۆک بە جوانم دەزانی، بەڵام هەستم دەکرد لە هیچ بەهرە و هونەرێک کەڵکی وەرنەگرتبوو، رەنگە بگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە سیحری چیرۆک لەوە دایە، ئەسڵەن بە بێ چیرۆک ژیانم نییە، یەعنی تۆ فەلسەفە دەخوێنی، دەروونزانی دەخوێنی، کۆمەڵناسی دەخوێنی، زانستەکان دەخوێنی، بیرت نەچێ هەتا زانست قەرزاری چیرۆک و رۆمانە، بۆیە سیحری چیرۆک  و رۆمان لای من لەوەدا نییە کە بە تەنیا شتێکی خەیاڵییە و دەیسازێنی، بەڵکو بەخشینی مەعریفەتێکە لە رێی جۆرێک لەو وروژاندنەی کە لەگەڵ ئیحساسات و مەشاعیر یا هەست و نەست تێکەڵاو دەبێ، بە رادەیەک ئەگەر بێت و من شتێکی دەروونزانی کۆمەڵ بخوێنمەوە، دەبێ کۆمەڵی خۆم بخوێنمەوە، دەوروبەر بخوێنمەوە، لە رووی چیرۆکێک و رۆمانێکەوە فێڵی ئەوەت لێدەکەم بتخەمە ناو سیحر و دنیاکەی خۆم، هەم مەعریفەتێکت پێدەفرۆشم، هەم لەزەتێکشت پێدەفرۆشم. ئەگەر بتوانم، بۆیە قەناعەتم وایە هەموو لقەکانی زانست مەعریفە دەبەخشن، بەڵێ، بەڵام ئەوە چیرۆک و رۆمانە دەتوانێ لەزەتیش ببەخشێ کە ئێمە پێی دەڵێین چێژ یا apitide، کەواتە مەعریفەت تەنیا مەرج نییە زۆر کەس وادەزانی، تەنیا، چیرۆک بنیاتێکی خەیاڵییە و هیچیتر، نەخێر چیرۆک دنیایەک شتە، بۆیە من میللەتانی دنیام لە رووی چیرۆک و رۆمانەوە ناسی. عەشقی من سەرەتا لە خوێندنەوەی چیرۆک و رۆمانی دنیاوە دەستم پێکرد، هەمیشە بیرم لەوە کردۆتەوە ئەو نووسەرانە چۆن توانیویانە من کەلەپچە بکەن، دامنێن چەندین سەعات بە دیار کتێبەکانەوە شەو نەنووم، رۆمان بووە تا بەیانی بەگیری خستووم، منی هەڵواسیوە بە خۆیەوە، دەباشە سیحری ئەو هەڵواسینە لە کوێیە؟ پتر لەوەی کە لە رووی سایکۆلۆژیاوە لە دەروونزانی فێربووبم، لە رووی چیرۆک و رۆمانەوە لە زۆر خوڵق و ئەتوار و رەفتار و لە خۆم و لە خەڵکی و لە دەوروبەر و لە خەڵکی میللەتانی تریش گەیشتم.

بیرمان نەچێ داستایۆفسکی رۆماننووسە، بەڵام سایکۆلیژێستێکی گەورەشە، دەروونناسێکی گەورەشە، فرۆید قەرزی لێدەکا، دەتوانین بڵێین من ئەوەندە لە فرۆید کەڵکم بینی ئەوەندەو زیاتر لە داستایۆفسکی کەڵکم بینیوە. کەواتە سیحری چیرۆک لە کوێ دایە؟ من ئەتگەڕێنمەوە بۆ چیرۆکی هەزارویەکشەوە، شەهریار هەموو جارێ ژنێک دێنێ بۆ یەک شەو بێزار دەبێ و دەیکوژێ، شەهرزاد لە رووی چیرۆکەوە ئەو کارە دەکا، چیرۆکەکە هەموو شەوێ



لە شوێنێ کۆتایی پێدێنێ کە شەهریار بە تامەزرۆییەوە بمێنێتەوە بۆ بیستنی باقییەکەی. لێت ناشارمەوە وەختێک ئێمە تەنیا رادیۆ شرێکمان هەبوو و منداڵ بووم لە رادیۆی کرماشان چیرۆکیان دەگێڕایەوە و بە زنجیر من و دایکم و خوشک و براکانم و خەڵکی گەڕەک لە بیرمە هەر هەمووومان بە دیار ئەو چیرۆکانەی رادیۆ کرماشان دائەنیشتین.

ئەگەر لە یادم بێت ساڵانی شەست بوو؛ بە راستی عەشقی من لەگەڵ چیرۆک لە پاڵ ئەوەی کە نەنکم چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە، لە پاڵ ئەوەی تەنیایی خۆم خەیاڵی بۆ دروست ئەکردم، وەکو ئەوەی بە خەیاڵ عەشقێک دروست دەکەم کە نییە لە ژیانمدا هەروا ئەو چیرۆکانەی رادیۆ کرماشان بە رادەیەک کاری کردە سەر من کە هەموو شەوێ چاوەڕێ بووم. هەمیشە دەمپرسی چییە وا لە من دەکا چاوەڕێی زنجیرەی دووەم و سێیەم و دەیەمم؟ کەواتە سیحری چیرۆک لەوەدایە هەمیشە یەک فەزا، یەک جیهانی تازەت پێدەڵێ کە تۆ پێشتر پێی ئاشنا نەبووی و ئەوەش هەمووی لە رووی چییەوە دەکرێ، لە رووی مەعریفەتێکی قووڵ. بە راستی هونەر، هونەرێکی گەورە و خوێندنەوەی خەڵکی و تێڕامان لە دەوروبەر لە خۆت و لە کۆمەڵدا، لە پاڵ ئەوەشدا جورئەتێکی گەورەیە، من ناتوانم چیرۆکێکم خۆش بوێ بە خۆیەوەم هەڵنەواسێ، ئەمە بەو مانایە نییە من چیرۆکێک رەد دەکەمەوە، بەس من سیحری چیرۆک لەوەدا دەبینم، بە تایبەتی چیرۆک، مادام دەشێ باسی چیرۆک بکەی من زۆر دەیشوبهێنم و هەر منیش نیم زۆر رەخنەگری دنیاش بە قەسیدە یا شیعری (لیریکی) کە پێی دەڵێین غینایی، ستران‌ئامێز، گۆرانی‌ئامێز، چونکە خوێندنەوەی شیعرێکی (لیریکی) یەک ئەسەری جوان لە کۆتاییدا بەجێدەهێڵێ. هەر چیرۆکێک ئەو ئەسەرە بەجێنەهێڵێ یانی بار نەکرابێ بە شیعر، بە فەزایەک، بە خەیاڵێکی بەبرشت و گەورە و جوان، بڕوا ناکەم بتوانێ کەس بە دوای خۆیدا رابکێشێ.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **چیرۆک کە هەندێک خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە چی پێیە کە شیعر و شێوەکاری و مۆسیقا و هتد پێیان نییە، یان توانای هەستپێکردن یان دەربڕینیان نییە؟**

**شێرزاد حەسەن**: من ئەو روانینەی تۆ دەگوازمەوە بۆ شانۆ، گۆیا باوکی هونەرەکانە لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی تێدایە. هێندێک قەناعەت دەکەن رۆمان هەموو ئەو شتانەی تێدایە ئیتر ئەوە رەنگە، دەنگە، ئەوەی کە تۆ ناوت نا مۆسیقا، من دەزانم دەنگ بە مانا تەقلیدییەکە نالێم، دەنگ و مۆسیقا لە چیرۆک و رۆمانیشدا هەیە؛ وەک سەرەتایە، وەک کۆتاییە، وەک چڵەپۆپەیە. ئەگەر بە شێوە تەقلیدییەکە لەسەر چیرۆک و رۆمان قسە بکەین رەنگە کۆی رەگەزەکانی چیرۆک یەعنی مەسەلەن تۆ چیرۆکێ بخوێنیتەوە وێنەت نەداتێ وەک فیلمێکی

سینەمایی کە وێنە لەبەرچاوتە. ئەگەر قسەکانیش نەزانی تۆ دەبییە وێنەکان، جاریَ تۆ نازانی پاڵەوانەکان چی دەڵێن، چییە وا تۆ بە دیار فیلمەکەوە دادەنیشی، وێنەکانن و وێنەکان و جووڵەکانن، چییە وات لێدەکا گویَ لە مۆسیقا بگری کە قسەی تیا نییە، ئەمە سیحری ئیقاعێکە، بەچی دەزانی ئەو مۆسیقایە غەمگینە یا هی دڵخۆشییە ئەوە کێیە پێتدەڵێ؟ ئەوە ئەو ئیقاعەیە کە لەگەڵ رۆحی تۆ هاوئاهەنگ دێتەوە. من قەناعەتم وایە چیرۆک و رۆمان کۆی هونەرەکانی تیایە. بەڕاستی حەتا لە ململانێی نێوان کارەکتەرەکاندا ئیقاع هەیە، مۆسیقا هەیە، لە سازاندنی ئەو زەمەنەی، کە تۆ لە چیرۆکدا، چیرۆکێ کە تۆ مەسەلەن لە چەند دەققەدا لە قاوەخواردنێکدا، لە چاخواردنێک، لە زیهنتدا دەیخولقێنی. چیرۆک فەزایەک بەجێدەهێڵێ بۆ تێڕامانی خۆت. من مەسەلەن چیرۆک نانووسم ئەگەر ئیقاعی نەبێ، یانی من ئەگەر بمەوێ پێناسەیەک بۆ چیرۆکی خۆم بکەم قەناعەتم وایە من چیرۆکێک دەنووسم (ئەگەر حەقم هەبێ ئەو قسەیە بکەم) کە ئیقاعدارە، ئەم ئیقاعە لە کوێوەیە، لە مۆسیقاوەیە، ئەمە چی دەیسازێنێ؟ شتێک نییە جگە لە کارەکتەرەکە، لە تێکەڵبوونی شوێن و کات، لە رووداوەکان، لە ململانێ، لەو وێنانەی من لە رستەی یەکەمەوە دەست پێدەکەم، لە دیالۆگەکان. کۆی هەموو ئەو شتانە تۆ یا کەسێ دەزانێ، شانۆ دیالۆگی تێدایە، نەخێر، چیرۆک تێدایەتی، خەڵکی وا ئەزانێ مۆسیقا کاری مۆسیقاژەنەکانە. نەخێر، چیرۆکێک نییە بە بێ ئیقاع و مۆسیقا، وێنەش وائەزانن بەس لە سینەما و وێنە هەیە. تۆ مەسەلەن ئەگەر چیرۆکی «کەڵەکوران و ئاسکەکچان»ی منت خوێندبێتەوە ئایا هەست ناکەی بەرامبەر فیلمێکی سینەما دانیشتووی، ئەگەر نەمتوانی لە هەر رستەیەکدا وێنەیەکت پێببەخشم بزانە هیچم نەکردووە. بە مەرجێ ئەو وێنەیە ئەوەندە تازە بێ، پێی دەڵێین مەئلووف، بە شێوەیەکی نامەئلووف، نائاسایی پێشکەشی دەکەیتەوە. قەناعەتی من وایە؛ یان وای دەبینم کە سەد دەرسەد کۆی ئەو شتانەیە کەوا دەکات لە ناو چیرۆکێکدا تۆی پێوە ببەستێ. کەواتە چیرۆک بەدەر نییە لە رەنگ و لە دەنگ کە تۆ وتت. بەڵام هەشە رەگەزێ لەو رەگەزانە کە فەرامۆش بکات نەزانێ تەعامولی هەموو ئەو ساختمانە، هەموو ئەو ئاپارتومانە، هەموو ئەو بینا دەڕووخێ، چونکە لە شوێنێکا لەنگی هێناوە. تۆ زۆر جار چیرۆک ئەبینی زۆر شتی کامڵی تێدایە. کارەکتەر هەیە، ململانێی هەیە، کەچی دواجار بە هونەری نازانی! دەبێ گوناهەکە لە کوێدا بێ / رەنگە چیرۆکێ بێ ئەو ئیقاعە غەمگینەی تیا نەدۆزیتەوە، چیرۆکێ کە رەنگە باسی شتێکی شادومانی تێدابێ یانی شادیت پێبدا، بەڵام ئەو ئیقاعەی تیا نادۆزیتەوە، ئەوە ئەو رۆحەی نییە وا من دەیبینم، ئەگەر



تۆ هەڵنەچووبیت، لەگەڵ ئەو بابەتەی خۆت باش نەژیابیت. کارەکتەرەکەت نەناسیبێت، شوێن و کاتەکەت بە وردی دیاری نەکردبێت، بڕوا ناکەم مەعریفەیەکی ئەوەندە قووڵت نەبێ کە دیالۆگەکان دادەڕێژی بزانی پیرێژنێکی گوندەکانی پشتی بۆکان چۆن قسە دەکا لەگەڵ کەسێ، کە تۆ مامۆستای قسە ئەکەی. ئەوانە هەمووی رەنگە وەکو «کاترین مانسفێلد» کە چیرۆکنووسێکی نیوزیلەندییە کە سی و شەش چیرۆکی بەجێهێشت و لە سی و شەشساڵیدا مرد، ئەڵێ لەو دیوارە کە خشتێکی لێدەربێنی، پێوەی دیار دەبێ، بۆیە رستەیەک لە چیرۆک دەربێنی، پێوەی دیارە. رەنگە لە رۆمان وانەبێ، بۆیە هەندەسەیەک هەیە. ئەندازەسازییەک هەیە لە چیرۆکدا. باشە ئایا تۆ زۆر هونەرمەند نەبی هەموو ئەو رەگەزانە کە بە یەکەوە زۆر وردەکارانە لەگەڵیان نەژیت، وەک ئەندازیارێک کار نەکەیت، من ناڵێم ئەو کارە بە بەرنامەش بڕوات. ئەمن زۆربەی چیرۆکەکان لە ژێر هەڵچوونێکا نووسیومە. بەس پێشتر ئەوەندە تێڕامامەوە، ئەوەندەم بیرکردۆتەوە لێی، ئەوەندە لەگەڵی ژیاوم، ئیتر ئەو ساتە کە خستمە سەر کاغەز، کۆی ئەم ساختمانەم لەبەرچاوە. کۆی ئەو (design)ـە، ئەو تەسمیمە، ئەو هەندەسەیەم لەبەرچاوە. بۆیە ناکەومە هەڵەوە و زۆرجار دەگریم لەگەڵ ئەو، دەمهەوێ ئەوە بڵێم تۆ هەڵنەچیت لەگەڵ ئەو بابەتەی خۆت، بڕوا ناکەم من تا خۆم هەڵنەچووبم بتوانم وا بکەم، ناتوانی لەگەڵ ئەو چیرۆکەدا بژیت!

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **کاک شێرزاد لە روانگەی فەلسەفییەوە پێم خۆشە ئەم شتە شی بکەینەوە ئایا چیرۆک دنیای بوون لە مانا بەتاڵ دەکاتەوە یان نا بە پێچەوانەوە مانایەک بە دنیا زیاد دەکا، یان رەنگە بە شێوەیەک هەر دووک لای ئەم کێشەیە؟**

**شێرزاد حەسەن**: من زۆر جار پێم دەگوترێ تۆ لە ناو زوبانا کار ناکەیت و تەکنیک فەرامۆش دەکەیت و بە هیچ شێوەیەک... من ئەدەب و هونەر لە دەرەوەی مانا نابینم، بە هیچ شێوەیەک، وەختێک تۆ مانایەکم نەدەیتێ حەتا مانایەکی کۆن بێ ئەگەر بە منی نەدەیتەوە لە بەرگێکی تازەدا، یا مانایەک دروست نەکەیت؛ ئەی چیت کردووە، کە من روانینم بۆ سێکس ئەبێ بۆ نموونە دیسان ناچارم وابڵێمەوە لە «کەڵەکوڕان» من باسی کوشتنی «ئیرۆس» دەکەم باسی کۆمەڵگایەک دەکەم کە مەرگدۆستە، باسی مەعریفەتێک دەکەم کە ئیرۆس کوژە. ژیاندۆستی تیا نییە. مەعریفەتێک کە لە قوتابخانەکانی ئێمە دەوترێتەوە. من ناڵێم کەسێک نەهاتووە بڵێ کۆمەڵگای بە شەری هەن لە دنیادا لە قۆناغی جیاجیادا مەرگدوست بووە، ژیانکوژ بووە یا کۆمەڵگا هەیە ژیاندۆستی زیاتر تێدایە، ئەگەر من مانایەکم هەبێ بۆ کۆمەڵگای

کوردی، ئەویش ئەوەیە کۆمەڵگای کوردی بە قەناعەتی من کۆمەڵگایەکی مەرگدۆستە، دەبیاشە زۆر کەس ئەو قسەیە دەکا من ئەو مانایە لە چیرۆکێکدا چۆن بە تۆ بگەیەنم، من لە «کەڵەکوڕان»دا دەمەوێ وا بڵێم. من قەناعەتم نییە شتێک هەبێ مانایەکی نەبێ. ئەسڵەن مادام زوبان کەرەسەیە، دواجار پردێکە، دواجار ئامرازێکە، دواجار... وەختێک ئێستا من و تۆ قسە دەکەین ئەگەر تو پرسیارەکانم لێدەکەی چاک تێینەگەم، بۆ دەمەوێ لەم پرسیارەی تۆ بگەم؟ لەبەر ئەوەی دەمەوێ وەڵامێکی دروستت بدەمەوە، هەر ئەوە خۆی پێوەندییە، مانایەکە لە بەینی من و تۆ، من و تۆ بە دوای مانایەکدا دەگەڕێین لە بواری چیرۆکدا، لە بواری رۆماندا، لە بواری هونەردا، دەباشە ئەگەر من و تۆ قسەکانمان وابێ کەس تێمان نەگا، هیچ مانایەکی هەیە کە من و تۆ ئەم دانیشتنە بکەین؟ دەباشە ئایا کە تۆ دێیتە ناو بوون، دێیتە ناو ئەو مەوجوودە، ئەو خوڵقەندەیە، رۆژ بە رۆژ، ساڵ بە ساڵ ماناکان لە لات ناگۆڕدرێن؟ مانای تازەت بۆ دروست نابێ؟ پرسیارت لا دروست نابێ؟ گومانت لا دروست نابێ؟ ئایا ئەوانە باعیسی ئەوە نین، پاڵنەری ئەوە نین کە تۆ جارێکیتر بگەڕێی بە دوای مانادا؟ لە کۆمەڵگای ئێمەشدا کە بەدرێژایی مێژووی ئێمە کەم کەس هەبووە بە دوای مانادا بگەڕێ یا مانا بدۆزێتەوە ئەگەر زۆر کەس پێمان ئەڵێ ئەوە کۆمەڵگای رۆژئاوایی شەقیان لە عەقڵانییەت داوە، باشە ساڵانێکی زۆر ئەوان پشتیان بەست بە عەقڵانییەت بە (rationalism) بە مۆدێرنە کە ئێستا جێی گومانە، حەتا مۆدێرنیزم جێی گومانە، پرسیار دروست بووە ئایا عەقڵ ئەو شتە سەیرە بووە؟ بەڵام عەقڵ وێرانەشی دروستکرد، عەقڵ خۆ هەر شتی جوانی نەکردووە. گومان کردن لە عەقڵانییەت، گومان کردن لە ئیمان، گومان کردن لە هەر شتێک بۆ خۆی دەتبا بەرەو ئەو ئاستەی کە ئیتر تۆ بێشک ئەو مانایەی کە بە تۆ بەخشراوە، پێشتر دیسانەوە ئەو جاریش جێ گومان بێ، بە مناڵی ئەمن زۆر جار سەیری ئاسمانم کردووە، ویستوومە بزانم لە پشت ئەم ئەستێرانەوە چی هەیە، ئەمە وەک ئەوە وایە بزانم لە ناو خۆمدا چی هەیە، وەختێک تۆ پرسیارت هەیە دەربارەی شتێک لەو گەردوونە نایزانی، شتێک لە ناو خۆتا کە نایزانی شتێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی کە نایزانی، شتێک لە ژیانی رامیاری کە نایزانی، من نەدەمەزانی تەبەقات چییە. بەس بە ئێحساسات دەمزانی من کوڕی هەژارێکم. ئەمپرسی بۆ پوورزاکەم زۆر خاوێنترە لە من، درەنگ، من لە دوای تەمەنێکی زۆر گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە من دەمویست بە دوای ئەو مانایەدا بگەڕێم، زۆر جار لە دایکم ئەپرسی باشە گوناهێکمان کردووە ئێمە برسین و ماڵی خاڵم تێرن؟ ئەم پرسیارکردنە بۆ خۆی وای لە من کرد بە دوای ئەدەبا وێڵ بم. بە دوای هونەردا وێڵ بم.



لەوێدا لە ناو کتێبەکاندا، وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزمەوە ئەگەر کتێبەکان مانایەک بەو پرسیارەی من نەدەن من دەگەمە چ شوێنێ؟ ناگەمە چ شوێنێ، بۆیە قەرزباری من بۆ کتێب، ئەوەیە کە وەڵامی هەموو ئەو گومان و پرسیارانەی دەدامەوە. دیارە گەلێک پرسیار و گومانی تریش ماون. من قەناعەتم وایە هەموو ئیشکردنی من بۆ ئەوەیە ئەگەر مانایەک وترابێ، من ئیمانم پێی نەبێ، گومان لەو مانایە بکەم ئەگەر بتوانم ئەو داهێنەرە بم، ئەو پیاوە بە توانایە بم کە ئەوە دەگەڕێتەوە بو کوێ، ئەو کارانەی من دەیکەم لە داهاتوودا یا لە ئێستادا. دواجاریش ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی کە بڕیاری ئەوە بدات چیت کردووە تۆ، ئایا من مانایەکم وتووە. شتێکم وتووە کەوا سەرنجی «عەبدولخالق یەعقووبی» رابکێشم من لە سلێمانی، تۆ لە بۆکان وامان لێ بکا، باشە، چی بووە ئەو چیا و چۆڵەی بڕی، ئەو سنوورەی بڕی، وا لە من بکا تۆ پرسیارم لێ بکەی، من وەڵامت بدەمەوە، ئەگەر من مانایەکم دابێ بە تۆ ئەوە تۆ قسە لەسەر ئەو مانایانە دەکەی. واتە دەتەوێ زیاتر قووڵ بیتەوە ئایا من خالقی مانایەکم بۆ خۆم؟ یان گومانێک هەیە، لەوانەیە پرسیارەکانی تۆ لە گومانێکەوە هاتبێ. ئەرێ من خاڵقی ئەو مانایانەم و ئەهێنێ کە چیتر ئەو گومانەت نەمێنێ.

بە درێژایی مێژووی کورد ئێمە ئەوەندەلە ژێردەستبوون و ئەوەندە حاڵەتەکەمان خراپ بووە کە درەنگ ئاشنابووین بە مەعریفەت، بۆیە ئێمە سەرەتامانە بۆ گەڕان و دۆزینەوەی مانا. ئەگەر کەسانێک لە رۆژئاوا گەیشتبێتنە ئەو قەناعەتەی زوبان تێکبشکێنن، گەمە لە ناو زوبان بکەن، ئەگەر کەسانێک هەڵدەخڵەتێن، فریو دەخۆن بە دادابیسم و سوریالیسم، حەتا سوریالیسم کەڵکی لە فرۆید وەرگرتووە، وەکو دەزانین. بەڵام دادابیسم کە شتێک بوو بە ماوەیەکی کورت مرد. ئەوان حەقیان بوو، ئەوان دوای جەنگە گەورەکانی ئەورووپا کەوتنە گومانی گەورە لە عەقڵانییەت، بۆیە حەقیان بوو شەقێک لە مانا هەڵدەن، کە مانا، مانایەک دواجار کوشتارگای گەورەی دروست کرد. ئەمە لێرە دیوێکی ئەخلاقی هەیە کە ئەوان رەفزی مانا بکەن، بەڵام ئێمە هێشتا لە سەرەتای رێگەداین کە بە دوای یەک دوو مانادا بگەڕێین، گەرچی کەسانێک هەن بە ناوی تێکشکاندنی زوبان و وێرانکردن کار دەکەن. ئەوەش دەزانین رەنگە کورد هەمووی سەرمایەکەی ئەوە بێ کە ئاگای لە زوبانی خۆی بێ و ئاگای لە دۆزینەوەی مانای تازە بێ. چونکە ئێمە لەو بوارەدا زۆر هەژارین، ئەگەر بە ئەنقەست ئەو یارییە نەکرێ، ئەو گەمە چەپەڵە دواجار وێرانەیەکی گەورە دروست دەکا.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: کاک شێرزاد دەمەوێ بزانم لە دیدی تۆوە گەورەترین خەونی چیرۆک بۆ جیهان و بۆ مرۆڤ چییە؟

**شێرزاد حەسەن**: ئەگەر خەونێک هەبێ دوو ئاستە. تا ئێستاش وایە، ئەویش بەخشینی مەعریفەتێکە دەربارەی ئینسان خۆی ئەگەر چیرۆک یا رۆمان بێ، هەمووی ئەدەب بە گشتی و بە تایبەتی چیرۆک و رۆمانیش، دەکرێ شانۆ و هونەری تەشکیلی ـ ش وابێ. ئەو تەقەللایە مۆسیقا بە زوبانی خۆشی هەیە. ئەمە نابێ لە بیرمان بچێ ، زوبانی تابلۆ زۆر جیاوازە، تابلۆش قسەم لەگەڵ دەکا، وەک مۆسیقا، وەک رۆمان، قسەم لەگەڵ دەکا یا کارەکتەرەکان قسەم لەگەڵ دەکەن. بە تەسەورم پێموایە بەخشینی مەعریفەتێک زۆر بەردەوام هەیە. هیچ نووسەرێک نییە لە دنیا خەون بەوەوە نەبینێ کە خوێنەری خۆی هەبێت، بڕوا ناکەم، ئەو کەسانە درۆ دەکەن، کە دەڵێن بۆ دوو سێ کەس دەنووسن، شتی وا نییە، لە دنیادا بەختەوەرترین نووسەر ئەو کەسەیە کە زۆر کەس بیخوێنێتەوە، کە نۆبل وەردەگرێ، بە ملوێنها کەس رۆمانەکەت دەخوێننەوە، ئیتر ئەمە سەرەتای بەختەوەرییەتی. پاش نۆبل دەگا بە گەورەترین ژومارە. ئیتر شۆرەت، ناوبانگ بسێنێت دیارە ئەو بۆ ناوبانگیش وا ناکات، ئەو خەمێکی ئینسانی هەیە. بەڵام خۆ لە ئاکامدا پاداشی دەدرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەو سەرمایەیەکە، سەرمایەیەکی دەکرێ ماددی بێ و رەمزی بێ لە هەر دووک بواردا، بۆیە من قەناعەتم وایە دواخەونی چیرۆک، نازانم رەنگە ئاسان نەبێ، وەڵامی ئەو پرسیارە، بەردەوام بەخشینی مەعریفەتێکە، لەپاڵ ئەوەدا بەردەوام بەخشینی لەززەتێکی بێپایانە، بەردەوام وەک گوتم.

وەرە خەیاڵ دابڕە لە ئینسان. چۆن ئەژی رەنگە بەردەوام چیرۆک کارەکەی ئەوە بێ، رۆمان کارەکەی ئەوە بێ، خەیاڵی (fiction) کە زۆرجار ئێمە باسی دەکەین رەنگە پێناسە و دەیان بۆچوونی جیاوازی هەبێ، لەسەر ئەدەبی (fiction)، ئەدەبی خەیاڵ یا ئەدەبی رۆمان و چیرۆک کە ئەویش ئەوەیە بڕێکی زۆر لە خەیاڵی تێدایە، بەڵام خەیاڵێک تێپەڕ دەکا لە واقع و باسی واقعیش دەکا، وەک نووسەرانی ئەمریکای لاتین راستە لە ناو فەنتازیادا ئیش دەکەن، بەڵام فانتازیا لە بیرمان نەچێ زۆر کەس بە هەڵە تێگەیشتووە موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە، لە یۆنانەوە، پێش یۆنانیش لە حەکایەتی یەکەمەوە، لە چیرۆکی ئادەم و حەوادا خەیاڵ هەیە. بۆیە بەردەوام بەرهەمهێنانی ئەو خەیاڵە و پەرەپێدان و خۆشکردنی ئەو خەیاڵە، زیندوو کردنەوەی ئەو خەیاڵە، یەکێکە لە کارەکانی چیرۆکنووسان حەتا رۆژئاوا ئەزانی یەکەم شت کە لەگەڵ منداڵەکانیان ئەیکەن چییە، بەر لەوەی بچێتە قوتابخانە؟ رۆژئاواش کە ئەمڕۆ زۆر شتی



تەڵاق داوە، یەکەم شت کە لەگەڵ منداڵەکانیان ئەیکەن خوێندنەوەی چیرۆکە. وەختێک کە دەگاتە قۆناخی سەرەتایی، بەردەوام بە چیرۆک گەمارۆی دەدەن، بیریشمان نەچێ بەر لەوەی یەکەم مرۆڤ دابەزێ لەسەر مانگ، رۆماننووس باسی چوونە سەر مانگی کردووە. کەواتە زۆر جار ئەدەب پێشبینی دەکا. ئەدەبی رۆمان و چیرۆک خەون دەبینێ. خەونی گەیشتن بە هێندێ دەرەنجامی کاری زانستی یا ئینسانی. بۆیە قەناعەتم وایە بەر لە دەروونناسە گەورەکانی وەک فرۆید و پاڤلۆڤ، دەیانێکی دیکە کە من ئێستا ناوەکانیان نامەوێ بژمێرم، ئەدەب دەستی گرتن. رۆماننووسەکان دەستی ئەوانەیان گرت، چیرۆکنووسەکان بوون دەستی ئەوانەیان گرت، مارکێز رێککەوت لەسەر ئەوەی ناکرێ تۆ کۆمەڵگای فەرەنسی بناسی بە بێ خوێندنەوەی بەلزاک، مارکێزیش خەونی ئەوە بوو جارێکیتر سەرلەنوێ بەلزاک بخوێنێتەوە بۆ تێگەیشتن لەو کۆمەڵگایەی کە پێیان دەگوت کۆمەڵگای بۆرژوایی فەڕەنسە لەو سەردەمەدا. ئێمە ئەزانین بەلزاک لە بەگزادەکان بوو، کەچی مارکس خۆی رێزی بەلزاکی گرتووە بۆ وەی ئەو یەک دنیا نهێنی کۆمەڵگای بۆرژوازی فەڕەنسی بە خەڵک نیشاندا لە رووی رۆمانەکانییەوە، چونکی بۆ خۆی بەگزادە بوو و لە ناو بەگزادەکان دەژیا، بۆیە دواجار خەونی چیرۆک وەک خەونی شەهرزاد و شەهریار وایە، بۆ وەی نەمرین، نەخنکێین، نەکوژرێن، دەبێ بەردەوام لە قۆناخی گێڕانەوەدا بین.

گێڕانەوە (Narration) رەنگە هەموو هەوڵی چیرۆک خەونێ بێ، ئینسان بەردەوام رابێنێتەوە جارێکیتر تا زەمانێکی دوور. ئێستاش لەم سەدەیەدا ئەگەر زۆر کەس دەڵێن باوی گێڕانەوە نەماوە، بەڵام لە چکۆڵەترین هەواڵی سەرجادەی بەرەبەیان کە دەچی قسەیەک بۆ هاورێکەوت دەگێڕیتەوە، لەوەی منداڵێک شتێک بۆ منداڵێک دەگێڕێتەوە، لەوەی ژن قسە لەگەڵ مێرد ئەکا، لەوەی رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما قسەت لەگەڵ ئەکا، هەموو ئیشی بە گێڕانەوەیە، بە شێوەیەک لە شێوەکان ئێمە گەمارۆ دراوین بە چیرۆک، بێ ئەوەی ئاگامان لە خۆ بێ، لەوەی کە منداڵەکانمان ئەخەوێنین بۆ ئەوەی بنوێ چیرۆکێکی بۆ ئەگێڕییەوە. تا بەیانی هەڵدەستێ یەکەم قسە بۆی دەکەیت، شتێکی بۆ دەگێڕیتەوە بۆیە نەک لێرە، لە رۆژهەڵات، لە رۆژئاوا، لە هەموو شوێنێ ریوایە نامرێ، دواجار خەونی چیرۆک ئەوەیە ئەو گەمارۆیە تا ئەبەد بەردەوام بێ. گەورەترین هێزی ئینسانی بۆ ئەوەیە کە خەیاڵ نەمرێت.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: کاک شێرزاد چۆن پێناسەی جیهانبینی چیرۆکی سەردەمی کوردی دەکەی، چیرۆکی ئیمڕۆی کوردی تا چ ڕادەیەک کەوتۆتە ژێر کاریگەرێتیی بارودۆخی سەردەمەکەی خۆت؟

**شێرزاد حەسەن**: دەبێ من ئامارم لەبەر دەست بێ، ژمارەم لەبەر دەست بێ، ئەمە زۆر زەحمەتە کە تۆ دەڵێی چیرۆکی کوردی، ئەبێ بیر لە هەموو پارچەکانی کوردستان بکەمەوە لە ئێران، لە بۆکان، هەتاکو دیاربەکر، تا دەگا بە هەولێر، تا دەگاتە سنە، تا دەگا نازانم بە کوێ. من کەم و زۆر ئاگام لە کوردستانی باشوورەوە، بەڵام ئەگەر قسەیەک لەسەر جیهانبینی بکرێ، چیرۆکی ئەم سەردەمە بێگومان لە سەرەتای دایە، ئەگەر بێت و بگەڕێینەوە سەر ئەفسانەکان، ئەگەر وا قسە بکەین کوردیش بەشدار بێ لە خوڵقاندنی، ئەفسانە هەواڵێک بووە بۆ تەفسیری ئەو چیرۆکانەی ئەو سەردەمە کە کەس دانەری نەبووە، جۆرێکە لە هەوڵدان بۆ تەفسیری واقعێک، یا وەڵامدانەوەی پرسیارێک کە زەحمەت بووە لە ڕێی مەنتیق و عەقڵەوە بە تەنیا وەڵام بدرێتەوە، لە پرسیار دەربارەی خیلقەت، تا دەگاتە پرسیار بەرامبەر مەرگ و ژیان، هەمووی هەوڵێک بوو، بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارێکی قورس لە رووی چیرۆک و ئەفسانەوە، بەڵام ئەگەر باسی چیرۆکی ئەم سەردەمە دەکەین من قەناعەتم وایە هێشتا ئێمە نەمانتوانیوە تەعبیر لە قۆناغە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ململانێی شار و گوند و ئەو گۆڕانە گەورە سیاسیانە بەسەر ئێمەدا هاتووە بکەین. چیرۆک و ڕۆمان ئەگەر بە شێوەی هاوچەرخانە پێناسەی بکەین، ناگاتە نیو سەدە کە گەیشتووە بە ئێمە. بۆیە زۆر زەحمەتە لەم زەمانە کورتەدا تۆ بڵێی تەعبیری دەکەم، من بە تەسەورم هەوڵێک هەیە و ئەکرێ ئێستا بڵێین هەندێ کەس، بەڵام بە ژمارە کەم، هەوڵی ئەوەیان هەیە کوڕی سەردەمی خۆیان بن. هەڵگری خەمی سەردەمی خۆیان بن، دەربڕی سەردەمی خۆیان بن، بتوانن لە کوێی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری و ئەخلاقییەکان ورد ببنەوە و چیرۆک و ڕۆمان بنووسن.

بەڵام دیارە لە بواری ڕۆمان، لە هەوڵێکی سەرەتایی داین. بەس ئەگەر مێژووی چیرۆک بگێڕینەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمان رەنگە ئێمە کەم بێنین، بەس، من ئەمەوێ یەک شتت پێبڵێم لە بواری ئەدەب و چیرۆک، بە تایبەتی کە تەمەنی درێژتر بووە، بە راستی ئەگەر سەیری بکەی بە درێژایی بەر لەعنەتی سیاسەت کەوتووە، بۆیە نەخزاوتە ناو پانتایی کۆمەڵایەتییەکان. سەیر ئەکەی ئەوانەی چیرۆکیان نووسیوە هەر یەکیان ڕۆژگارێک لە حیزبێکدا ئیشیان کردووە و سیاسەت و نەغمەی سیاسی و ئایدۆلۆژیا زاڵ بووە، بۆیە زۆر جار کە چیرۆکی کوردیم



خوێندۆتەوە، لێت ناشارمەوە، سەیرم کردووە پڕە لە دروشم. پڕە لە پیاوی سوپێرمەن. لە کاتێکدا دەوروبەری خۆم دەبینم پڕە لە خەڵکی تێکشکاو و نائومێد و هەرەسی گەورە و کەچی لەولاوە دەبینین کارەکتەری سوپێرمەن زۆرترە لە کارەکتەری تێکشکاو. رەنگە هۆی ئەوە بووبێ بەردەوام چیرۆکنووسی کورد، هەتا شاعیری کورد ویستوویەتی لە ڕێی کۆمەڵێک دروشم خەڵک هاندا بەرەو ئەوەی ئەگەر خەمێکی چینایەتی هەبووبێ لەسەر هەر مەسئەلەیەک، وەک ئەوان بیکەن، بە تایبەتی من دەبێ ئاماژەم بەو مەسئەلانە بێ کە چیرۆکی کوردی بە دەوریدا خولاوەتەوە؛ یا دیدێکی ناسیۆنالیستی بووە یا چینایەتی. بەڵام بارکراو بە ئایدۆلۆژیایەکی رەسمی کە رەنگە ئەوانە ئەندامی حیزب بوون و لە ژێر کاریگەریی حیزب کە زۆربەی چیرۆکنووسی کورد لە «دایکی» ماکسیم گۆرکییەوە دەستی بە خوێندنەوە کردووە کە نموونەی باڵای «پاول» بووە. بەڵام ئایا «پاول» دەکرێ نموونەی باڵای کارەکتەرێک بێ بۆ من؟

ئەوەیە کە ئەمن ئەپرسم چیرۆکنووسی کورد دەبێ بایی چەند قودرەتی خوێندنەوەی کۆمەڵگای خۆی هەبێ و لەو خەمە کۆمەڵایەتییانە نزیک بێتەوە؟ بیریشمان نەچێ چیرۆک ئیشکردنە لەسەر کەسی فەرامۆشکراو، لەسەر کەسی تەنیا، لەسەر کەسی پەراوێزکراو، لە کۆمەڵگای بەشەری. فرانک ئۆکۆنر کە چیرۆکنووس و رەخنەگرێکی ئیرلەندییە، زۆر کتێبێکی جوانی هەیە لەسەر «دەنگی تەنیا»[17]، چیرۆکێ تاریف دەکا کە باسی پاڵەوانێکی تەنیا دەکا لە شوێنێکی دیاریکراو، لە زەمانێکی کورتدا، بە نەغمەیەکی دیاریکراو، دواجاریش یەک ئەسەری دیاریکراو بەجێ دێڵێ. هەمووی یەک، یەک... دواجار هاتووە و باسی کەسانی پەراوێز و فەرامۆشکراو دەکا.

کەچی ئێمە هەمیشە ئەو کارەکتەرانە، مەسەلەن نموونەی پاڵەوانی بووە جەنگاوەربوون و سەیر دەکەی زۆرجار نە خوێنی هەیە، نە گۆشت، نە دڵداری دەکا، تەنیا شۆڕشگێڕە و بەس (!!) دەیجا من ئەمەوێ ئەوە بڵێم من قەناعەتم وایە چیرۆکی کوردی تا قۆناغێکی زۆر لە تەمەنی خۆی بەر لەعنەتی سیاسەت کەوتووە، نموونەیەکی زیندووت بدەمێ؛ مامۆستا برایم ئەحمەد «ژانی گەل» دەنووسێ، رەحیمی قازی «پێشمەرگە» دەنووسێ، نازانم سەیریکە حەتا ناوی ڕۆمان و چیرۆکەکان زۆربەی سیاسین. مەسەلەن حەسەنی قزڵجی من زۆر مێرمنداڵ بووم خوێندمەوە، سەیرم کرد، خەمێکی چینایەتی هەیە. بەس خۆی هونەری تیایە، جوانی تیایە، بەڵام ئەکرا لەو خەمەوە بترازێ بەرەو خەمیتر بەرەو مەسەلەی زاتی، شۆڕبوونەوە بە ناو زاتی

---

17 - الصوت المنفرد

ئادەمییەت بە تەنها و شۆڕبوونەوە بۆ ناو زاتی خۆی وەکو نووسەرێک، چونکە من لە سەرەتاوە کە دەستم پێکرد لە خۆمەوە دەستم پێکرد، چۆن کەس بە قەد خۆم خۆم ناناسێ، بۆیە قەناعەتی من وایە ئێمە نەمانتوانیوە کۆی ئەم غەمە سیاسی و رامیاری و با بڵێین کۆمەڵایەتی و ئەو گێژەنەی تێیکەوتووین وەکو خۆی بتوانێ لە چیرۆکدا بەرجەستەی کەین و دایڕێژین. لەبەر ئەوەی کە تەمەنەکە کورتە و وەک گوتم ئەبێ ساڵانێکی زۆر تێپەڕێ تا ئێمە ئەو نەخشەیە بخوێنینەوە، بە وردی رەخنەی لێبگرین، بۆیە مامۆستا برایم ئەحمەد لە خەمی سیاسییەوە دەستپێدەکا. مامۆستا برایم ئەحمەد وەک جیمس جۆیز، وەک مارکیز، لە ئەرکی گەورەی رۆمانی بزانیایە دەیتوانی کودەتای شتی گەورەتر بکا. بەڵام دەبینی دواجار کەسێک لە ناو خەمە سیاسییەکانەوە دێ بۆ ژانی گەل. من ئێستاش دەیخوێنمەوە سەرسامم پێی، بەڵام بۆچی ئەو ئەکەوێتە دوای خەمی سیاسییەوە و ئەدەب فەرامۆش دەکا. هەمیشە ئەدەب و هونەر لای ئێمە پاشکۆی سیاسەت بوون. بۆیە هەر لە بازنەی ئەو خەمانەدا خولاوەتەوە. نەیتوانیوە دزکە بکا بۆ پانتاییەکی کە زۆر پانتایی فەرامۆشکراوە.

**عەبدولخالق یەعقووبی: لە «گەڕەکی داهۆڵەکان»دا مرۆڤی کورت بەرەو رووی باوکی مێژوویی خۆی کردۆتەوە، ئەو باوکەی بە درێژایی تەمەنی خۆی دەسەڵاتی بە گەورەترین و گرینگترین ئامرازی چەوساندنەوەی عەقڵی کوردی بەکارهێناوە، ئەمە لایەنێکی پرۆسەی پووکانەوەی عەقڵانییەتی کوردی بووە و هەیە. بەڵام پێتوا نییە بەشێکی هەرە گەورەتری ئەم پرۆسەیە لە دەرەوەی سنوورەکانی دەسەڵاتی ئەم باوکە بێ؟ وەک زلهێزەکانی ئیستعمار با بڵێین وەک نموونە کە بەو پیلانە چەپەڵە نهێنی و جارجار ئاشکرایانەیان بۆ شێواندنی گەورەیی عەقڵی کوردی دەستیان وەشاندووە؟ پێتوایە «لۆزان» بۆ نموونە لە «گەڕەکی داهۆڵەکان»دا تەنیا ئاماژەیەکی زۆر تێپەڕ بێ بۆ دەستنیشانکردنی باوکی دەرەوەی سنوورەکانی ناو چیرۆکی کوردی؟**

**شێرزاد حەسەن**: با من لە دوا تێبینیدا ئەوە بڵێم لۆزان باوکێکی هەیە قەسابە، یانی خوێن دەڕێژێ، مەڕ و بزن سەردەبڕێ، دڵڕەقیش بووە. لەگەڵ منداڵەکەی خۆی کە ئەبێ بە قوتابی لە «سۆربۆن» و لەوێشدا ئاماژەم کردووە. ئەو لەت و پەت کردنە پێوەندی بەوەوە هەیە، کە ناتوانێ جووت بێ لەگەڵ لۆزان، لەت و پەت بووە، چەندین پارچەی ئەم عاشقە، ئەم کوردە، رەنگە زۆر کەس لەگەڵ ئەم چیرۆکە نەبێ، چونکە وا هەست دەکەن بە هەندەسەیەکی عەقڵی دامڕشتووە. لە راستیدا من لە ژێر هەڵچوونێکا نووسیومە، بەڵام بەدەر نییە لەو ئەندازەسازییەی کە هێندێک لەو برادەرانە حەتا بەختیار عەلی کە یەکێک لەو چیرۆکانە بوو لەسەری راوستا،



ئەیگوت هەست دەکەم شتەکان ئیتر ئەوەندەی ناخودئاگاهی تۆ قسە دەکا لێرە کردوویەتی ناڵێم نەیکردووە، بەڵام تێبینییەکی هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین داڕشتن، یەعنی تۆ پێشتر خۆت بۆ ئامادەکردووە هەندەسەسازیت بۆ کردووە وەک چۆن ساختمان هەیە، ئاپارتمانێک دروست ئەکەی، پێشتر نەخشەیەکت هەیە بۆی. رەنگە من هەردووکیانم بە یەکەوە کرد بێ، لە حەقیقەتدا بۆ وەی راستگۆ بم. بەڵام بیرمان نەچێ ئایا باوکسالاری، بە هەر زوانێک پیاوسالاری، تا ئێستا لە رۆژئاواش ئەو سیستمە نەمردووە، نەفەوتاوە، لاواز بووە، ئا، بەڵام بەو مانایە نییە مردبێت، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژووی خۆی بەر ئەو لەعنەتە کەوتووە. بۆیە ئێمە نین بە تەنیا گیرۆدەی ئەو باوکسالارییە بین، بۆیە لە حەقیقەتدا زۆر کەس بە هەڵە لە من گەیشتووە وا دەزانن من نەخۆشییەکم هەبووە لەگەڵ باوکی خۆم، لەبەر ئەوەی باوکی من پۆلیسێکی دڵڕەق بوو، ئەزیەتی منی داوە، من بە هیچ شێوەیەک باسی باوکی خۆم ناکەم، رەنگە من کەڵکم لە باوکم بینیبێ، بەس باوکی من نموونەی باوکێکی دەکرێ سیاسی بێ، بۆ نموونە، ئەکرێ سەرۆکی حیزبێ بێ، ئەکرێ ئەفسەرێک بێ لە ناو سوپایەک، ئەکرێ ئەو نموونەی مامۆستایەک بێ لە پۆلدا. من بە داخەوە کە منداڵ بووم ئەو دڵڕەقییەی باوکمم هەستپێکرد، لە قوتابخانەش، لە مامۆستاکەمدا هەستم پێکرد، وەختێک بووم بە سەرباز لە ئەفسەرەکەدا هەستم پێکرد، من لە حیزبێکدا کارم نەکردووە لە ژیانما، بەڵام هاوڕێی خانەخوێم ئەبینی کە کوژران و مردن. هێندێکیان ئەبینم چەندە زەلیلن لە بەردەم سەرۆک حیزبەکان، دواجار من سیستمێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی ئەبینم کە ناوی باوکسالارییە. بیرمان نەچێ لێرەدا من قسەم نییە لەسەر ئەوەی باوکێک دڵڕەقە لە خێزانەکەی، هەر باوکێکی کورد لە ماڵەکەی خۆیدا بە منەوە، لە منەوە بیگرە دەکرێ بە شێوەیەک لە شێوەکان دڵڕەق بێ لەگەڵ فەرزندەکانی، لە ساتەوەختێک لە ساتەکانی ژیانیدا، ئەمەش خوڵقێکە، ئەمەش نەریتێکە، رەنگە پشتاوپشت هاتبێ. بەڵام من لێت ناشارمەوە. بەڵێ دواجاریش پێوەندی ئێمە لەگەڵ دەوروبەر، لەگەڵ هێزە گەورەکانی دنیا، حەتا لەگەڵ هێزی ناوچەیی پێوەندییەکی مێ بە نێر بووە. پێوەندییەکی کۆیلە بووە بە ئاغا، ژێردەستە و سەردەستە، چەوسێنەر و چەوساوە، بەڵام ئەوە ئەو حەقیقەتەمان لێ نەشارێتەوە کە سیستمێکی لەناوخۆدا هەیە یارمەتیدەری ئەو زەلیلییەیە - رستەیەکی «رایشم» بیرناچێ دەڵێ، هیتلەر دروست نەدەبوو ئەگەر ملوێنەها سەربازی ئەڵمانی خەسی و گیرکن نەبوونایە. پرسیارەکە لێرەدایە، کێیە کە دواجار ئەسڵەن باوکێک دروست دەکا؟

فرۆید رستەیەکی زۆر ترسناکی هەیە. بیرت دێنمەوە ئەڵێ دەبێ خودا کێ بێ، جگە لەوەی کە درێژکراوەی ترسێکە لە باوکی خۆت، بەهەر حاڵ قسەم لەسەر ئەوەیە ئایا سیستمێک هەیە؟ بەڵێ رۆژئاواش لە قۆناغێکدا گیرۆدە بوون، زیاتر لەمڕۆکە، بەڵام لەگەڵ یەک دنیا گۆڕانکاریی رامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەمانی دەسەڵاتی کڵێسا و شۆڕشی پیشەسازی، و دیارە هۆی زۆرە بۆ هەڵتەکاندنی خێزانی وا پەتریاکی. بەڵام کۆمەڵگای کوردی، بۆ نموونە دەقاودەق ئەمڕۆکە تێیدا دەژین خێزانێکی پەتریاکییە. هیچ کەسێک نییە لە ناو کورددا ئەمڕۆ خێزانێکی پەتریاکی نەبێ. هیچ خێزانێ، خانەوادەیەکی کوردی نییە، خێزانێکی پەتریاکی نەبێ. من قسەم لەسەر ئەوەیە کە بەردەوام ئەوە چەوسانەوە بەرهەم دێنێ. بەردەوام زەلیلی و ترسنۆکی بەرهەم دێنێ. ئێمە لە بواری سیاسی لە کوردستانی باشوور کە ئەمڕۆکە هیچ ئیرادەیەکی سیاسیمان نییە، زۆر پێوەندیدارە بەوە، بەو خەساندنەوەی بە درێژایی مێژوو باوکەکان کردوویانە، باوکەکان مەبەستم باوکە سیاسییەکانە، ئەحزابە، باوکەکانی ناو ماڵەکانیش بێ، با بچووکی کەمەوە، دیسانەوە بۆیە من هیچ جیاوازییەک نابینم لە باوکی خانەوادەیەک کە خێزانەکەی پێنج کەسن یا چوار کەسن یا دوو کەسن و یا بەقەد کۆمەڵگای کوردی. من ئەڵێم ئێمە هاوشانین بە زۆر خەڵکیتر لە رۆژهەڵات. بەڵام ئەوندەی خۆم دەخوێنمەوە، ئەبینم گیرۆدەی دەستی ئەم جۆرە سیستەمەین. بەڵێ هێزە ئیقلیمییەکان وەکو پێم گوتی ئەوان یارمەتیدەرن، بەڵام دەرەوە و ناوەوە هەر دووکیان لەژێر هەمان سیستەمدا کار دەکەن. بۆیە کارەکەی ئێمە قورسە، ئیتر کەواتە تۆ دوو باوکت هەیە، دە باوکت هەیە، چەند باوکت هەیە، یانی ئیتر ئەوە حەقیقەتێکە رەنگە لە ماڵێک کە یەک باوکت هەیە تەحەمول بکرێ، بەڵام کە بوو بە دوو باوک و سێ باوک یا براش دەوری باوکی بینی. ئێمە گرفتەکەمان ئەوەیە ئەگەر لە خانەوادەیەکەوە بچین بۆ دنیا، دەبینی دنیا بە ناوی شارستانییەتەوە هەڕەشەت لێدەکا و ئەزیەتت دەدا و مافەکانت دەخوا و بەڵام لەو لاشەوە سەیر ئەکەی خۆشت یارمەتیدەری بووی لەوە، یا خۆشت بزاڤێکی ئەوتۆت نەبوو کە هیچ گومانێک لەو سیستەمە بکا کە لە ناو خۆدایە کە پێی دەوترێ باوکسالاری. رەنگە ئێمە رازی بین بە باوکی کوردی چۆن هیچ نەبێ ئەڵێین باوکێکە غەیرە نییە، بەڵکو باوکێکی کوردییە، بەڵام قۆناغێکیتر دێتەوە دەبێ گومان لەو باوکە کوردییە بکەین، کە بە راستی ئێمە نیمانە، تا ئێستا ئەو گومانە، لەبەر ئەوەی باوکی کوردییە، کە ئەڵێ رازی بی پێی لەبەر ئەوەی باوکی کوردییە، نەخێر ئێمە کارێکی باش ناکەین.



**عەبدولخالق یەعقووبی: سەرتاپای گەڕەکی داهۆڵەکان چیرۆکی شارە، واتە با بڵێین زۆربەی کەسایەتییەکان لە ئابڵۆقەی هێرشی کێشەی شاری بووندان. چیرۆکی کوردی بۆ ئاوا درەنگ هاتە ناو جەرگەی جیهانبینی شارەوە؟ ئایا هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەر کۆمەڵگای کوردی یان بۆ ناوخودی دەقەکان؟**

**شێرزاد حەسەن:** نا، بێگومان من بۆ خۆم لە گوند نەژیاوم، بەڵام هات و چۆی گوندم کردووە، رەنگە چەند شەو و رۆژێک و چەند مانگێک لەناو گوندێکا بوویم. بەس ئەوە ناکاتە ئەوەی من لەبەر ئەوەی لە شارێک گەورە بووم. وامکردووە، بە قەناعەتی من ئێمە ئەگەرچی لە شارین، بەڵام هەموو شارەکانی کوردستان گوندی گەورەن، هەرچەند هێندێک کێشەی تازەمان بۆ پەیدا بووە. رەنگە هۆی ئەوە بگەڕێتەوە بۆ هاتنی جۆرێک لە کۆمەڵگای مەدەنی و هێندێک لە خەمی تازە و کێشەی تازە پەیدا بووە بۆ شاری کوردی. بەڵام هیچ شارێکی کوردی ناتوانی بڵێی شارێکە لە بەرلین دەچێ، لە لەندەن دەچێ، ئێمە شاری وامان نییە، شاری وا گەورە و پڕ لە هەرا. بە پێچەوانەوە ئێستا کەلتوورێک هەیە کە من هەستی پێدەکەم. ئەویش کەلتووری هێرشی گوندە بۆ ناو شار و ئێمە ئەگەرچی لە شارەکان دەژین، باشە هێشتا هەر هەموومان بە خوڵق و بە ئەتوار و بە تەسەورمان شاری نەبووین. رەنگە پێوەندییە ئابوورییەکان یا پێوەندی بەرهەمهێنان گۆڕا بێ لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێک، لە کشتوکاڵەوە بۆ شێوازێکیتری بەرهەمهێنان، بەڵام بیرمان نەچێ تاسەر ئێسقان، هێشتا ئێمە لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا دەژین، بە هەموو جۆرێک لە روانین و رەفتارمان بۆ دنیا. مەسەلەن «گەڕەکی داهۆڵەکان» چیرۆکی تێدایە پەیوەندی بە شارەوەیە، یا بۆنی شاری لێدەکرێ، هەڵبەت من لەبەر ئەوەی لە شار ژیاوم ئەتوانم خەمی ئەو دەوروبەرەی خۆم باس بکەم، بەڵام رەنگە رەگ و ریشەی ئەو کەسانەی کە من باسیشیان دەکەم یەکێک لە هیلاکییەکانی ئەوان ئەوە بێ کە هێشتا لەو کەلتوورە رزگاریان نەبووە کە پێی بوترێ کەلتووری گوند. کەلتوورێک کە کەسێکی گوندنشین یا کرمانجێک کە دێتە ناو شارێک ناتوانێ هەستی پێ بکا، تێی بگا، ململانێی لەگەڵ بکا، لە ناویدا بژی، مەسەلەن بۆ نموونە لە «گوڵی رەش»دا من لە بیرمە باسی خوڵقی کابرایەک دەکەم کە چەمکی شەڕەف دێتەپای، چەمکێ کە زیاتر چەمکێکی گوندییە. من لە گوند بووم لەوێ سەختگیری هەیە، بەڵام نابینی لە شار وازی لێهێنرابێ، بۆیە کە شاری گەورە دروست دەبێ ئەبێ خوڵقی تازە بێنێت بۆ خۆی. بەڵام ئایا ئێمە شاری وامان هەیە. لە بنەبڕ جیاوازییەکی ئەوەندە گەورە لە بەینی شار و گونددا دروست کردبێ، لە بەینی رەفتاری ئینسانی شاری؟ بەڵام بیرمان نەچێ

من له «گەڕەکی داهۆڵەکان» باسی metamorphis کە پێی دەڵێن مەسخ کردووە. بە تەسەوری من دەکرێ ئەمە چیرۆکێک بێ کە تۆ خۆشت وەرتگێڕاوەتە سەر فارسی ئەکرێ بڵێی کوردییە، عەرەبییە، باسی مەسخە، بەڵام من خۆم بەسەرم هات بە منداڵی. کافکاش هەیەتی لە قالۆنچەکەدا مەسخ بوونی ئادەمی، «تووتیستان» ئەکرێ لە کۆمەڵگای بەشەریدا، راستە من باسی کورد دەکەم لەم قۆناغە هەمووی ئەبێ بە تووتی و ئەوە لە رۆژهەڵات و لە دنیادا هەیە بۆیە ئەکرێ بڵێم «تووتیستان» هەموو دنیایە و ئێرەشە.

ئەگەر لە قۆناغێکی مێژووییش بێ هەر هەیە، بەڵام من قەناعەتەم وایە لە رۆژئاواش، لە شوێنێک لە شوێنەکان، ئەکرێ تووتیستان بێ، ئەگەرچی لە دەزگایەک بێ. ئەگەرچی سیستمی بیرکردنەوە لە رۆژئاوا گۆڕاوە، بەس من هەست دەکەم لە زۆربەی سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری ئێمە تووتییەکان زۆرترن. بەڵام لە رۆژئاوا بازنەی ئەم تووتیستانە کەمتر بۆتەوە، لەبەر ئەوەی قودرەتی قسە کردن هەیە، لەبەر ئەوەی فەردانییەت پەیدا بووە. تاکە کەسێتی individuality ئەوەی کە پێی دەڵێن شتی تاکەکەسێتی، ئێمە ناتوانین قسەی لەسەر بکەین، نیمانە، چۆن لەبەر ئەوەی فەرد دروست دەکا، تاک دروست دەکا، لە رۆژئاوا ئەوە دروست بووە، بۆیە دەکرێ یەکێک لە مێگەل لادا، هەزاران کەس لە مێگەل لادا. بەس تۆ لە کۆمەڵگای کوردی لە مێگەل لادەی، جێت نابێتەوە. ئەساسەن ئەگەر حیزبی نەبیت زۆر جاران پیاو نیت! دەوڵەتێک دێ دەڵێ تۆ لە ناو حیزبی مندا نیت، کە واتە تۆ خایینی! بە خەیانەتکار تەعامولت لەگەڵ دەکا؛ بۆیە من قسەم لە سەر ئەوە نییە، بەڵام ئەگەر بێت و بگەڕێمەوە سەر حەسەن قزڵجی ئەبینم لەبەر ئەوەی لە ناو گوند ژیا زۆر جار بە جوانی، جوانتر لە وانی تر، قۆناغی دەرەبەگی رەسم کردووە. (ئەڵێم رەسمی کردووە)، بەڵام من ناتوانم وەک حەسەن قزڵجی باسی کارەکتەرەکانم بکەم، گوندنشین بن؛ لە بەر ئەوەی من درۆ دەکەم. لێرە من دوا رۆمانم «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان» رەنگە دە دوانزە ساڵ نووسیومە. ترسی ئەوەم هەیە ئایا، چونکە مەقتەعێکی تێدایە باسی دەرەبەگایەتی، قۆناغی دەرەبەگایەتی دەکا، من ترسم لێنیشتووە ئایا عاقڵانە تەعبیرم لەو قۆناغە کردووە یان نا، رەنگە پێویستیم بەوە بووبێ لەگەڵ چەندین پیرەمێرد و خەڵک و خزم و ناسیاو چووبووم و ژیابووم و کارەکتەرەکانم دیبێت و تێڕامان و خوێندەوەی قووڵم بۆ قۆناغی دەرەبەگایەتی کردبێت، یەعنی مەبەستم ئەوەیە ویستوومە زۆر شت بزانم لە سەر ئەو قۆناغەی باسم کردووە مەسەلەن پێدەشتی هەولێر، چۆن بووە شوێنەکە هەولێرە، بەڵام دەکرێ بۆکانیش بێ. دەکرێ سابڵاغی-ش بێ، دەکرێ



دیاربەکریش بێ، دەکرێ لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوودا شارێک بێ لە شارەکانی ئینگلیستان. ئەو شتەی من ئەمەوێ لەوێدا باسی بکەم چەمکی شەڕەفە دیسان، چەندە قورسە بۆ وەی پەیوەندی هەیە بە کولتوور،بە ئایین، بە زۆر شت. بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم ئایا چەند چیرۆکنووسی کورد هەیە، کە تەعبیریان لە قۆناغی شار کردبێ یا کارەکتەرەکانیان شارین. ئایا توانیویانە وەکو خۆی رەسمی بکەن، نەک وەکو خۆی کۆپی بکات. یەعنی بە تۆی بگەیەنن ئەم رووداوانە حەقیقەتن و لە شارێک روودەدات.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **تۆ چ بە دەقی چیرۆک و چ بە دەقی ئاسایی پشتیوانی لە بزووتنەوەی فێمێنیسم دەکەی. ئایا کۆمەڵگای کوردی بە تەواوی ریشە و پێشینە مێژووییەکانی خۆیەوە کە ئێستا بەشێکە لە واقعی ئەم کۆمەڵگایە توانا و تاقەتی وەرگرتنی دەقاودەقی فێمێنیسمی رۆژئاوایی هەیە؟ ئایا لێرەوە هەست بەوەی ناکەی فێمێنیسم دەبێ خۆی لە کۆشی دەنگ و داوای ژنی کوردەوە سەرهەڵبدا و چەکەرە بکا و باڵا بکا؟**

**شێرزاد حەسەن**: بە کورتی رەنگە سەرەتا بۆ من ئیحساساتێ بووبێ، یانی ئەوەی کە ئەوینی ژنی کورد لە دایکمەوە هەتا خوشکەکانم دەگرێتەوە، ئەگەر من شتێکم لە بواری نووسین لە چیرۆکدا یا لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان یا لە هێندێک نووسیندا باس کردبێ، سەرەتا هەستکردن بوو بە شتێک. بەڵام دوایی ئەبێ بە فکر، دێی مێژووی ئافرەت دەخوێنییەوە. بە درێژایی مێژوو هەست دەکەی چەوساوەتەوە. من قەناعەتم وا نییە دەقاودەق بتوانین ئەو بزاڤانەی لە رۆژئاوا دەربارەی فێمێنیسم هەیە بگوێزرێتەوە ئێرە. من قەناعەتم وایە کە پیاوان، ژنان، ئەوانەی خۆ بە فێمێنیست دەزانن، ئەوانەی خۆیان بە مافپەروەری ژن دەزانن، پێویستە زۆر عاقڵانە لەگەڵ دەوروبەری خۆیان تەعامول بکەن، ئەگینا هەڵەی گەورە دروست دەبێ کە بازی گەورەی تێدەکەوێ، کە خەونی گەورەی تێدەکەوێ، بە درۆ دەردەچێ، پووچەڵ دەبێتەوە. بۆیە من ناڵێم ئێمە سازش بکەین لە سەر ئەو مەسەلەیە. بەڵام هەر کەس خۆ بە فێمێنیست ئەزانێ ـ لە نێر یا لە مێ ـ دەبێ زۆر عاقڵانە دەوروبەری خۆی بخوێنێتەوە و هەر هەنگاوێک دەنێ، راستە دەیەوێ ئەو بزاڤە بەرەو پێشەوە ببات، بەس ئەگەر بێت یەک هەڵەی تاکتیکی یا ستراتیژی بکات هەموو ئەو خەونە ئەدۆڕێت. ئێمە هەمانە لە کوردستانی باشوور هەیە بەو بانگەشەیە توانیوێتی سەدان کەس لە خۆی بتۆرێنێ کە دەکرا ئەو سەدان کەسە لە خۆی کۆ بکاتەوە. بۆیە هەر بانگەشەیەک زێدەڕۆیی تێدابێ یا لە دەرەوەی واقع بێ یا بە بێخوێندنەوەی ئەو اقیعە، ئەو کەلتوورەی خۆی بێ، زەرەر دەدا نەک قازانج، بۆیە دەکرێ تۆ

هەموو بزاڤەکانی فێمێنیسم لە رۆژئاوا بخوێنیتەوە، بزانی ئەوان چۆن کاریان کردووە. بیرمان نەچێ فێمێنیسم ئێستاش جێی پرسیار و گومانە لای زۆر کەسی خوێندەوار، هەندێک بە مەترسی دادەنێن. هەندێک بە زێدەڕۆیی دەزانن. هەندێک بە واقعی نابینن، بەڵام تازە رۆیی، ئیدی ژنان لە رۆژئاوا قسەیان هەیە، رەئیان هەیە، جاری وایە گەیشتۆتە حەددی زێدەڕۆیی لە تەعامولی رەدتکردنەوەی توخمی پیاو وەک توخم، بەڵام بزاڤەکە ئاکامی زۆر گەورەش، زۆر جوانیشی بووە، کە وای کرد ئیدی چیتر ئافرەتەکان لە کونی ژوورەوە نەبن، حەقیان هەبێ قسە بکەن، حەقیان بێ بێنە دەرەوە. هەر بینینی ئافرەت لە سەر جادە، لە ساتەوەختی دوای جەنگی جیهانی دووەم شتێکی سەیر بوو. بەڵام کە هەموو پیاوان بچنە جەنگ، دەبێ کێ بێ کارەکان پڕ کاتەوە. کراسی کورت لە رۆژئاوا لە سەر ئەوە بوو کە ژنەکان کەوتنە ناو مەنگەنە و کراسەکانیان ئەوەندە درێژ بوو ماشێنەکان لوولی دەدانەوە، قووتی دەدان. ناچار بوون خاوەنکارەکان کراس کورت بکەنەوە بە ژنەکانیان، بۆیە چی تر ژن زامار نەبێ و نەمرێ. لە ناو ئاشەکانی ئەوێ یا لە ناو کارگەکانی ئەوێ کە ئیدی دوای ئەوەی جەنگی جیهانی کۆتایی هات چیتر باوی ئەوە نەما ژنان بگەڕێنەوە. لە بەر ئەوەی ملوێنەها کەس کوژران، ملوێنەها کەس ئیفلیج و سەقەت بوون، چیتر ژنان نەدەکرا بێنەوە ناو ماڵەوە، ئایا بە بێخوێندەوەی ئەم مێژووی جەنگە یانی من بۆ نموونە ئەمەوێ ئەوە بڵێم، واتە ئەگەر جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم نەبوایە، ژنان قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوو دوا دەکەوتن، لەوەی کە بێنە نێو کارگەکان و سەر جادە و داوای حەق و پارە بکەن و ببنە کارگەر؟ کە واتە من ناڵێم جەنگ شتێکی باش بووە، بەڵام لە دوا ئاکامدا وای کرد ژنان بێنە نێو کارگەکان و سەر جادە، چی تر نەچنەوە ماڵەوە، دوا جار بزاڤی ژنان پەیدا دەبێ، قسە لە حەقی دەکا لە سەر مافەکانی خۆی کە هاتۆتە ناو کارگە و هاتە ناو زانکۆ، چی تر ناچێتە ناو کونی ژوورەوە... باشە پرسیار ئەوەیە ئەگەر تۆ ئەم مێژووە نەخوێنیتەوە، دەکرێ بڵێی من هەمان حەقی ژنەکانی رۆژئاوام دەوێ لێرە؟ ئا لەم هەنووکەدا دەبێ وەک ئەوان بم، ئەمە ئەوپەڕی بەدحاڵی بوونە! بۆیە زۆر ئەستەمە، زۆر ترسناکە بێت کۆپی کراوی بزاڤێک بێ! هەر چەند پیرۆز بێ ئەم بزاڤە، هەرچەندە مەزن بێ، هەرچەند جێی خەونی من و تۆش بێ، بەڵام بێت و ئەگەر وردەکارانە، زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ نەکەین رەنگە لە جیاتی ئەوەی خێر بێتە پێشمان شەڕ بێتە رێمان.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **بگەڕێینەوە سەر چیرۆکەکانی خۆت. من وای بۆ ئەچم لە «تەنیایی» و «گوڵی رەش»دا کێشەکان پتر سایکۆلۆژین، رەوانناسییانەن، وەک بۆ نموونە**



**وردبوونەوە لە ناخ و رۆح و رەوانی قەیرە کچێکی تینووی ژیانی هاوبەش، یان زەینییەت و حاڵەتی رەوانیی پاڵەوانی «من و قالە و سەگەکەی پاوۆلۆف». بەڵام لە «حەسار» و «گەڕەکی داهۆڵەکان»دا وەرسووڕانێکی گەورە ئەبیندرێ، کێشەکان لە رەوان و ناخودئاگاوە دەگوێزرێنەوە بۆ ئەندێشە و خودئاگا. «چەڵەبی» چەوسێنەرێکی بەئاگایە، هەڵوێستی پاڵەوانی «لۆزان» هەڵوێستێکی فەلسەفییە، هەڵوێستێکی لە رووی ئاگادارییەوەیە، سەرەتای ئەم گۆڕان و وەرسووڕانە دەگەڕێتەوە بۆ کوێ و بۆ چی؟**

**شێرزاد حەسەن**: من قەناعەتم وایە تا دوا چیرۆکیش ئەگەر دوێنێ نووسیبێتم هەموو ئیش لە سەر دەروون ئەکەم. وا بزانم شۆڕبوونەوە و هەڵکۆڵینێکە لە ناو دەروونی کارەکتەرەکان، قەناعەتم وایە لە حەسار و لە کۆمەڵەی گەڕەکی داهۆڵەکان و گوڵی رەش هیچ کاتێ دەروون یا وەک سایکۆلۆژیستێک کە لە عەیادەکەی خۆی، دەیەوێ لە نەخۆشەکەی ورد بێتەوە نەهاتووە! بەڵام کاری بە چیرۆک نییە. رەنگە لە رێی وەک گوتم گێڕانەوە، فرۆید نەخۆشەکانی دائەنا کە نهێنییەکانی خۆیان بگێڕنەوە، ناوی لێ نا «چارەسەر کردن لە رێی قسەکردنەوە». یا لە رێی درکاندنی نهێنییەوە. دوایی ناوی لێنا «شیکاریی دەروونی» (التحليل النفسی) کەواتە دیسانەوە لە رێی گێڕانەوە و چیرۆکەوەیە ئەتوانم هەموو نهێنییەکانی خۆم بدرکێنم. شتێک لە مندا، گرێییەک لە مندا دەکرێتەوە. قەناعەتی من وایە من بۆ خۆشم وەکو نووسەر چ بۆ کارەکتەرەکانیش، یا چ بۆ خوێنەریش هەر هەموومان بە یەکەوە ئیشمان لە سەر کارەکتەرێکە، دنیایەکە، فەزایەکە کە ئەکرێ پڕی لە نهێنی پەنهان و دنیایەکی پەنهان بێ و پڕ بێ لە نهێنی لەغز. دوا جار من قەناعەتم نییە لە هیچ یەک لەوانەدا من لە دەرەوەی سایکۆلۆژیا ئیشم کردبێ، قەناعەتم وایە دوورکەوتوومەتەوە لەو خەونەی خۆم کە جۆری بیرکردنەوەم بووە بۆ ئینسان. لە لای من زۆر گرینگ نییە وەسفی ژوورەکەم، بەڵام ئێستا ورد بمەوە لە رووی دەروونییەوە زۆر بایەخ بەوە دەدەم، من و تۆ بۆ وا دانیشتووین؟ بۆ بیر دەکەینەوە؟ بۆ قسە دەکەین؟ بۆ باسی دەروون دەکەین؟ من و تۆ دیارە ئەمانهەوێ نهێنییەک بدرکێنین. لە یەکتری تێبگەین! قەناعەتیشم وایە هیچ کەسێک نییە پێویستیی بە دەروونزانی نەبێ. پێویستی هەموو کەسێکە لە پەرستارێکەوە، تا دەگاتە سەربازێک، تا دەگاتە ئەفسەرێک، تا دەگاتە مامۆستایەک، دواجار ئەمە نووسەریش کاری پێیەتی، چونکە مادام کۆمەڵێک بوونەوەری هەیە لە سەر کاغەز کارەکتەری هەیە، ئەبێ زۆر وردەکارانە بۆی بچێ ئەگەر گۆڕانێک هەبێ، بازێک هەبێ لە کارەکانمدا تەنها ئەوەیە. من لە سەرەتادا کەم و زۆر بە تایبەت لە «تەنیایی»دا ئیشم زۆر لە

سەر واقیع کردووە وەکو خۆی، نەک وەک کۆپیکراو. هەر دەبێ هونەری تێدابووبێ ئەگینا چیرۆک نەبوون. بەڵام کەمێکی لەو دواییەدا بەرەو فەنتازیا چووم، ئەویش بە پشت بەستن بەوەی کوردیش خاوەنی خورافاتی خۆیەتی، خاوەنی ئەفسانەی خۆیەتی، خاوەنی خەیاڵی خۆیەتی. وەک وتم فەنتازیا موڵکی مارکیز نییە، موڵکی کافکا نییە، موڵکی سۆفۆکلیس نییە، موڵکی هیچ کەسێک نییە، موڵکی ئادەمیزادە لە سەر عەرز، بۆیە من قەناعەتم وایە ئەگەر گۆڕانێک هەبێ پەیوەندی بەوەوەیە لە کۆی خوێندنەوەی مەعریفەتێک ئەگەر هەبووبێت من کۆم کردبێتەوە خوێندنەوەم کردبێ بۆ میراتی خەڵکیتر لە بواری هونەر و ئەدەب و زانست و هەموو لقەکانی مەعریفەتدا. بۆیە من نامەوێ وا بڵێم «چەلەبی» بێ یا ئەوەی کە بەردەستی دەکا تا دەگاتە بە پاڵەوانەکەی لۆزان، نازانم، یا هەر کامێک لەوانە من کارم لە سەر هەڵکۆڵینە و لە سەر رۆحی ئەم کارەکتەرانە، بەڵام لە «گەڕەکی داهۆڵەکان»دا دەبینی یان لە وانەی کە تۆ باستکردن، بڕێکی زۆر لە فەنتازیا هەیە هەر جیاوازییەکە لەوەدایە، بەڵام فانتازیایەک نزیکم کاتەوە لەو واقیعە، چونکە وەختێک فانتازیا تەنها بۆ فانتازیا بێ، بۆ خەیاڵسازی بێ، بۆ خەیاڵخۆشی بێ، لەو کابرایە ئەچێ دەیهەوێ سەرخۆش بێ، تەنیا بۆوەی حاڵەتێک بە حاڵەتێک بگۆڕێ، بەڵام لە دوا ئاکامدا کە بەخەبەر دێتەوە بە ئاگا بێ، هەر خۆیەتی بەرامبەر گرفتەکانی خۆی. ئەو بە مەستی و سەرخۆشی، خۆی و دنیاکەی لە بیر بکا، بەڵام دواجار وەئاگا دێتەوە دەبینێ هیچ نییە، هیچ نەگۆڕاوە، وەک خۆیەتی، من کارم بەوە نییە خەڵکێک مەست بکەم بۆ مەستکردن. بەڵکو ئەگەر هێنامە ناو ئەم فەزا پڕ لە فانتازیا و خەیاڵە دیسانەوە رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ ناو واقیع. مارکیز ئەڵێ: ئەگەر تۆ لە ئەمریکای لاتین بژیت ئەزانی ئەو قسانەی من هیچ سیحرێکی تێدا نییە. بەڵکو ژیان بۆ خۆی پڕە لە سیحر، پڕ لە فانتازیایە، پڕ لە خەیاڵە. جۆرەها شت دەقەومێ کە تۆ ئەسڵەن خەیاڵت بڕ ناکا. بۆیە زۆر جار خەیاڵ لە واقیع تیژترە یا لە واقیع واقیعترە یا باڵێکە، سیمرخێکە ئەتفڕێنێ بەرەو ئەو فەزایانەی کە ئەتگەڕێنێتەوە سەرزەمینی واقیع بۆ جارێکیتر... بۆیە قەناعەتی من وایە من هەرگیز لە هیچ لەو نووسینانە دوور نەکەوتوومەتەوە لە شتێک کە پێی دەڵێن دەروون، یا رۆح. من وای دەبینم.

**عەبدولخالق یەعقووبی: کاک شێرزاد پرسیارێکی دیکەم هەیە بۆچی زمان سەرەکیترین رەگەز یا با بڵێین ئامرازی چیرۆکە؟ دوا بە دوای ئەو ئایا چیرۆکی کوردی خۆی بە جوانیناسیی زمانەوە خەریک کردووە بە گشتی تا ئەو شوێنەی کە جەنابت لە جوگرافیای چیرۆکی کوردی**



**ئاگاداری، و پێتوا نییە یەک لەو هۆیە گرینگانەی کە زۆربەی چیرۆکە کوردییەکان فتۆکۆپی ورد و درشتی یەکترین پێوە ماندوونەبوونە بە زمان؟**

**شێرزاد حەسەن**: نەخێر، ئەگەر لە دوا کۆپلەی پرسیارەکەت یا لە دوا رستەی پرسیارەکەتەوە دەست پێ بکەم بە راستی ئەدەب کاری لە ناو زوبانە. فکر کاری لە ناو زوبانە. لە دەرەوەی زوبان شتێک نییە پێی بوترێ فکر، یانی ئەمە شتێک نییە، سادەترین پێناسە، سادەترین حەقیقەتە، کە ئێمە بیزانین. بۆیە ناتوانی لە ناو ئەدەبدا زمان فڕێ دەیتە دەرەوە، بڵێی من شتێکم هەیە ناوی زوبانە. شتێکم هەیە ناوی مانایە، شتێکم هەیە ناوی رستەیە، بەڵام شتێکم هەیە جیاواز لە رستە. ئەمانە هەموو وەکو خوێن و گۆشت بە یەکەوەن. من ناوەڕۆکێکی جوانم هەیە، بەڵام لە قاڵبێکی ناشیریندا. یانی ئەبێ ئەو ناوەڕۆکە جوانە قاڵبێکی جوانی بۆ خۆی دۆزیبێتەوە. من خۆشم تا ئێستا نازانم چۆن ئەو زوبانە دەسازێنم. ئەگەر لای تۆ چیرۆکی من لە رووی زمانەوانییەوە تۆکمە و پەرداخ بێ و جوان بێ، ئەوە بزانە من چاک ژیاوم لەگەڵ کارەکتەر، وردەکارانە بیرم لەو شوێنە کردۆتەوە، لەو زەمانە، لە ململانێ، لە گرێچنەکەی، لە هەموو ئەو رەگەزانەی کە ئێستا من بۆت باس بکەم درێژن یا زۆرن، هەر هەمووی بە یەکەوە. پێم گوتی ساختمانێک دروست ئەکەم، ئیقاعێک ئەدەم بەو چیرۆکە، دوا جار جوانیی چیرۆکەکە لە یەک شوێندا، لە یەک رەگەزدا نییە. لە بیرمان نەچێ لە کۆی ئەو رەگەزانەدا هەیە کە تێکەڵ دەبن. ئیتر تۆ نازانی سیحرەکەی ئایا بە تەنها زوبان بوو یا نا، خۆ زۆر کەس هەوڵی ئەوە دەدا جۆرێک لە شیعرییەت بنوێنێ بە دەستکرد، بە درۆزنانە. بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵنەچووە لەگەڵ بابەتەکەی خۆی، عەشقی لەگەڵ ئەو ناوەرۆکە نەبووە، مانایەکی نییە لە پشت ئەو قسانەی خۆیەوە. جیهانبینی نییە، وەک کیمیاگەرییەک کە H2O دەکاتە ئاو، بەڵام ئەگەر دوو رەگەزەکە لێکجیاکەیتەوە شتێکی کەن، چین ئەوەی کە رۆحی ئەو چیرۆکە ساز دەکا لە سەر کاغەز، چی وای لە من کرد دوای خوێندنەوەی زۆربا، چەندین ساڵ دوای بیست ساڵ، ئێستاش لەگەڵما ئەژین، چییە ئەو زۆربایەی کە لە سەر کاغەزە دەبێ سیحری زۆربا لە کوێ بێ، لە هەموو ئەو شتانەدا بوو کە لەو رۆمانە بە من گەییشت. بۆیە شتێک بە قەناعەتی من پێی بڵێین تەنها جوانکاری زوبانەوانی، بەسە بۆوەی چیرۆکێک نەجات بدا راست نییە، راستە زمان ئامرازی سەرەکی یا پردی سەرەکی یا عەرەبانەیەکە هەموو ئەو شتانەیتر ئەگوێزێتەوە، بەڵێ راست ئەکەی کۆی ئەو شتانەی لە ناو زوباندایە، بەس کۆی ئەو شتانە ئەگەر هەماهەنگییەکی تێدا نەبێ، بڕوا ناکەم هیچ بە هیچ بکات و ئەگەر پرسیارەکەشت وا بوو کە بەڵێ بەر ئەوەی

چیرۆکی کورد، ئەگەر تۆ وای دەزانی ژمارەیەکی زۆری کۆپیکراوە لە یەکتر، نەک لەبەر ئەوەی ئەوان کارەکتەرەکانیان لە یەک دەچێ، بەڵکو نووسەرەکان جیهانبینییەکان نە بۆ خۆی، نە بۆ مەرگ، نە بۆ ژیان، نە بۆ سێکس، نە بۆ هیچ یەک لە چەمکەکان کە لە دنیادا پەیدابوون و پەیدا دەبن نەبووە. بۆیە ئەگەر قەناعەتێکم هەبێ ئەویش ئەوەیە کە وەختێک دەنگەکان لە یەک ئەچن ئەوە بزانە لە پشتەوە لە بیرچوونەوەیەک یا بێدەستەڵاتییەک هەیە لەبەردەم بەرهەمهێنانی مانایەکی تازە بۆ بوون و نەبوون.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **ئاوڕێکی خێرا بۆ سەر ڕەوتی چیرۆکنووسی کوردستانی ئێران. من پێموایە ئێمە لەم دیو درەنگ دەستمان پێ کرد. بەڵام زوو خۆمان پێگەیاند. هەڵبەت ڕەنگە خوێندنەوەی چیرۆکی فارسی کە ئەزموونێکی زۆر پڕ و تێر و تەسەلە لەم خۆ پێگەیاندنە خێرایەدا بێشوێن دانان نەبووبێ، بەڵام گرینگی کارەکە لەوە دایە ئەم شوێن دانانە نەبۆتە هۆی چاولێکەری و لاساییکردنەوە. ئەم ڕەوتە تا ئەو جێگایەی کە خوێندبێتتانەوە ئاسەوارەکانیان، شوێنەوارەکانیان چۆن دەبینی و وەک ئاواتیش چ ئاواتێک ئەخوازی بۆ ئەم ڕەوتە؟**

**شێرزاد حەسەن**: ئەگەر من وردەکار بم، من خەونم ئەوە بوو جارێکیان و لە داهاتوو ئومێدەوارم ئەو خەونەم بێتە دی. ڕەنگە من ڕەخنەگر نەبم، ئەو کەسە نەبم کە رام هەبێ لە سەر ئەوەی بڵێم classification یان نەخشەیان بۆ بکەم هەر یەکە و لە خانەی خۆی دابنێم و ئیتر من نمرە و پلە بدەم بە خەڵکیتر چۆن ئەنووسن، من تاکە تێبینییەکەم ئەوەیە کە لای ئێمە درەنگ ئاشنا بووین بە فانتازیا، بەوەی کە کوردیش لەو بڕە زۆرەی کە خەیاڵ هەیەتی لە حەکایەتە کۆنەکانی بەرئاگردان تا ئەوەی دەگا بە ئەفسانەکان و خەرافەت و حیکایەت و ئیدی، ئەو چیرۆکە خەیاڵییانەی لە چیرۆکی جندۆکە و پەرییان دەست پێ دەکا ئێمە ئەوەمان فەرامۆشکرد، لەبەر یەک هۆ، ئەویش ئەوە بوو لای ئێمە قۆناغێکی درێژ لە کوردستانی باشوور، بیرۆکە یا قوتابخانەیەک کە بە ناوی قوتابخانەی ریالیسمی سۆسیالیسم، هەر شتێ کرێکار و یا با بڵێین ڕەهەندێکی چینایەتی تیا نەبوایە ڕەهەندێکی وەک سەرەتا گوتم ناسیۆنالیستی تیا نەبوایە، یا لە پشتەوە بانگەشەیەکی سیاسی نەبوایە بۆ هێزێک، بۆ لایەنێک کە هانی بدات بۆ شۆڕش و هەڵگەڕانەوە، بەڵکو زۆر جار جێی گومان بوو. بیرت نەچێ ساڵانێکی زۆر لە تەمەنی من، من جێی گومان بووم لەبەر ئەوەی باسی کۆمەڵێک کارەکتەری فەرامۆشکراوم دەکرد و هێندێک لە هاوڕێیانی منیش وابوون. ئەمن ڕۆژگارێک لە کوردستانی خۆمان «گۆران بابە عەلی» کە یەکەم جار چیرۆکێکم برد و بۆم بڵاوەکردەوە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ. یا ڕێبوار حەمە



ڕەحیمێک یا عەتا محەمەدێک یا چەند ناوێکیتر کە ئێستا ناتوانم من هەموویان ناو بەرم. بەڵام ژمارەیەک لە نەوەی دوای من یا بەختیار عەلی وەکو ڕۆماننووسێک من بۆچی خۆشمویستن، لەبەر ئەوەی بڕێکی زۆر لە گەڕانەوە بۆ ئەو ئەسڵە، بۆ ئەو ڕەگ و ریشەیە کە ئێمە لە قۆناغێکدا چیرۆکنووسانی کورد فەرامۆشیان کردووە، ئەویش ئیشکردن لە ناو فانتازیا، لە ناو ئەوەی کە ئیدی سیحر لە خوێنەر ئەکەی بۆ وەی بتبا لەگەڵ خۆی ڕاتکێشێ. بەڵام دواجار هەر ئیش کردنە لە ناو واقیعییەت. بەڵام نەک بە موفرەداتێک، بە ڕستە و دەستەواژەیەک کە بار کراوە بە کۆمەڵێک ڕەمزی ئایدۆلۆژی. لێرە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەوەی من دڵم پێی خۆش بوو و بۆ من گرینگ بوو کە ئەوان توانییان بۆ ئەو ڕەگ و ریشەیە بگەڕێنەوە. سەیر ئەکەم گەمەیەک هەیە، یارییەکی خۆش هەیە لە ناو فانتازیادا و نزیک بوونە لە کۆمەڵێک خەم، کارەکتەرکە ناکرێ بە تەنها بەر لەعنەتی سیاست کەوتبێتن. بەڵکو پانتایە کۆمەڵایەتییەکان خەریکە لە لای ئەوان دەستپێدەکا. باسی ئەو کارەکتەرە فەرامۆشکراوانە دەکەن کە لە کۆمەڵگای کوردی هەیە. پەراوێز کەوتوون، سەنتەر نین. بەڵام ئیدی ئەو کارەکتەرانە دەبێ ئیشیان لە سەر بکرێ. بەڵام ناشتوانم بڵێم نەخشەی چیرۆکی کوردستانی ڕۆژهەڵات نەخشەیەکە ئیتر ئێستا لە قۆناغی کامڵبوون دایە. بەڵکوو لای ئێمە و لای ئێوەش، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ کوردستانی باکوور زۆر جیاوازە. دیارە ئەم دوو بەشە توانیویانە زیاتر لەو هونەرە بچنە پێشێ. ئەوەندەی من شارەزاییم هەبێ ئەشزانم لە هەندێک لە یەکێتی شووڕەوی ئەوساکە لە ناو کۆماردا کوردەکان پەراگەندە بوون، من ئەزانم ڕۆمان و چیرۆک هەبوون. بەس هەموو ئەو شتانەی من لەوێ خوێندوومەوە سەرنجی منی ڕانەکێشاوە. بەڵام لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هێندێک ناو هەیە ڕامدەگرێ. هێندێک چیرۆک هەیە. بەڵام چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی واش هەیە بە هیچ شێوەیەک دەکرێ تۆ پەسندی بکەی، بەس لای من ئەو وێستگەیە نییە، من دڵخۆش بکا، بەڵکو زۆر بە تەقلیدی ئەبینم. بەو نەغمەیەی ئەبینم نەغمەیەکی تەقلیدییە لە چیرۆکی کوردی کە ئێمە لە پەنجا و شەستەکانا هەمانبووە. من نامهەوێ ناوی کەس بێنم، چونکە نەک لەبەر ئەوەی بترسێم، بەڵام ئەگەر جارێکی تر کە بە وردەکاری، بە نووسین توانیم قسە لە سەر ئەم حەقیقەتە ئەکەم کێن ئەوانەی تێپەڕیان کردووە و کێشن هێشتا چیرۆکیان نەنووسیوە، دیارە ڕەنگە ئەو چیرۆکانەی کە لای من تەقلیدین ئەوانەش یەک دنیا خوێنەری خۆیان هەبێ. من ناکرێ ئەوە ڕەتکەمەوە، چونکە زەوقی من سەنگی مەحەک نییە بۆ وەی بڕیار بدەم. بەڵام ڕەنگە من ئەو خوێنەرە بم لەززەت لەوە وەرنەگرم.

جا من قەناعەتم وایە ئەگەر بکرێ لە داهاتوودا ئەدەبیاتی فارسی یا زمانی فارسی، بە هەزاران داستان و چیرۆکی جوانکراوە بە فارسی کە نووسەری کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات زۆر عاقڵانە و زیرەکانە بتوانێ کەڵک لەو میراتە وەربگرێت. من دەرچووی بەشی ئینگلیزیم، بە ئینگلیزی جار و بارە ئەخوێنمەوە، بە عەرەبییەکەش زۆر باش ئەخوێنمەوە، بەڵام خەونی من لەم تەمەنەدا ئەوەیە ئێستا فێری فارسی بم، بۆیە هەست دەکەم پەڕتووکخانەیەکی زۆر گەورەتر لەوەی کە لە ئینگلیزیش هەیە (ئەوەی کە لای منە چونکە من دەستم ناگا بە کتێبەکانی کە بە ئینگلیزی دەرئەچن لەبەر زۆر هۆکار هەموومان دەیزانین، بەڵام خەونمە فێرە فارسی بم، تەنها دەستم بەو سەرچاوانەی فارسی بگا) من قەناعەتم وایە هێشتا نووسەرانی کوردستانی رۆژهەڵات تەمبەڵترن لەوەی کە من خەیاڵم بۆی دەچێت. دەبوایە زەیرەکتر بن لەوە، دەبوایە ئازاتر بن لەوە. ئەوە ئامۆژگاری نییە. ڕێنمایی نییە. هیچ کاتێ من ئەو کەسە نیم ئەوە بڵێم، بەڵام من ئەگەر لێرە بوومایە هەوڵم دەدا دەست بۆ هەموو ئەو سەرچاوانە بەرم. بۆیە ئێمە نووسەرمان هەیە لەو دیو کە فارسیزانە فەزایەکی گەورەی بۆ کراوەتەوە و یەکێک لەو کوڕە جوانانەی کە لە وڵاتی ئێمە، لە لای ئێمە کەڵکی لە زمانی فارسی وەرگرتووە بۆ خوێندنەوەی خۆی و پێگەیاندنی خۆی بەختیار عەلی بوو. لە بواری فکری مەریوان وریا قانع بوو، فارووق رەفیق بوو، رێبوار سیوەیلی بوو، رێبین ئەحمەد هەردی بوو، ئازاد بەرزنجی بوو. دەیانی تر سەیر دەکەی... کە ئەوان بۆ خۆیان دەستیان بەو سەرچاوانە گەیشتووە کە لە بواری فکر و ئەدەب توانیویانە قازانجی گەورەی لێ بکەن، خۆیانی پێ بگەیەنن. من قەناعەتم وایە ئەوەی کە من چاوەڕێی دەکەم لە نووسەرانی کوردستانی رۆژهەڵات هێشتا وەدی نەهاتووە، بەو مانایە نییە خوا نەخواستە ئەوان باش نین، بەس خەونەکەی من گەورەترە بۆ ئەوان. زەمان بەڕێوەیە. تۆ تەمەنێکی درێژت لە بەر دەما برۆ کەڵک لەو میراتە گەورەیەی دنیا بکە کە هەمووی کراوە بە فارسی، بۆیە من تەسەورم وایە هێشتا ئەگەر گرێی زوبانمان نەبێ، گرێی ئاغا و کۆیلەمان نەبێ، گرێی سەردەستە و ژێردەستەمان نەبێ، ئەتوانین کەڵک لە هەموو زوبانەکان وەربگرین بۆ خۆ پێگەیاندن.

**عەبدولخالق یەعقووبی: لە دیمانەکەی فەنەلاند و ئەو گوتارەی پێشکەشت کرد، لەوێ بۆمان دەرکەوت شێرزاد حەسەن خەمە سیاسییەکەی لە خەمە هونەرییەکەی کەمتر نییە. هەڵبەت ئەو خەمە سیاسییەی کە لە ئاکامدا دەچێتەوە سەر شەرەف و گەورەیی مرۆڤ، نەک دەستهەڵات ویستی و بەرژەوەندخوازی. چۆنە ئەو خەمە سیاسییانەت کاری نەکردۆتە سەر هەڵوێستی هونەری**



**چیرۆکەکانت؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ تۆ خەمی سیاسیشت هونەرییانە لە هەناوی خۆتدا پەروەردە کردووە؟**

**شێرزاد حەسەن:** هەموو شتێک تەسەورم وایە، کە ئەڵێم وەک بێوەژنێکە، تەنیایە و حەق بوو شوو بکاتەوە. قەیرە کچێک بۆ حەقی نەبێ لەماڵەکەی خۆیدا هاوار بکا بڵێ من حەزم لە مێردە. بە مانا تەقلیدییەکەی قسان دەکەم، ئێستا وەکو هونەر قسە ناکەم ئەگەر ئەو رستە زۆر سادانەی من ئێژم لە رێی چیرۆکەکانەوە لە رێی خەمی کوڕێکی تەنیا کە عاشقە، دۆڕاوە، هەموو ئەوانە سیاسەتن. دوا جار چونکە سیاسییەکانن، سیاسەتبازەکانن کە قەناعەتیان وایە رەنگرێژی هەموو ئەو کۆمەڵگایە لە دەستی ئەوان دایە، بۆیە تۆ کە شتێک ئەڵێی رات لە دنیادا نییە کە سیاسییەکان گۆیە دروستیان کردووە. جا ئەو سیاسییانە کێن شتێکی ترە. من ترساوم هەمیشە لەوەی کە هونەر بار بکەی بە ئایدۆلۆژیایەک رۆح بکوژێ، جوانی بکوژێ، زۆر جار ئەوەیە کە تۆ ئایدۆلۆژیایەکت هەبێ پڕی کەی لە دروشم بە ناوی بانگەشەکردن بۆ ئینسان و سەرکەوتنی ئینسان و پاشەڕۆژ و بە ناوی خەمی چینایەتی یا ناسیۆنالیستی، نەتەوەگەری. ئەگەر زۆر هونەرمەندانە کار لە سەر ئەوانە بکەی زەرەری گەورەت لێئەدا و لە قۆناغێ لە قۆناغەکان ئەدەب و هونەری ئێمە پڕ بوو لەو جۆرە دروشمبازییە. با بڵێم بانگەشەکردن بۆ شتێک کە هەموو بارگاوی بوو بە ئایدۆلۆژیا، راستە من خەمێکی وا روون و بەرجەستە و ئاشکرام نییە بڵێم ئەو خەمە سیاسییە، بەڵام من هەر رستەیەک، هەر شتێکم گوتبێ، ئەگەر سیاسەت رێکخستن بێ، با وای ناو بنێین، رێکخستنی کۆمەڵگا بێ، هەوڵێک بێ بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا، وەختێک من گومان لەو رێکخستنە دەکەم، گومان لەم بارە کۆمەڵایەتییە دەکەم، وەختێک قسە لە سەر کارەکتەرێک دەکەم دوا جار قسەکردن لە سەر دنیای سیاسەتە بە ناڕاستەوخۆ بە شێوەیەک کە لە قاڵبی هونەردا بێ. بۆیە من قەناعەتم وایە مارکس کە دەستی پێکرد سەرەتا شاعیرێکی رۆمانسی بوو. با بیرمان نەچێ من قەناعەتم وایە خەونی شاعیرانەی مارکس لە کتێبەکەیدا لە سەرمایەدا هەیە. چۆنە ئەویش ئەوەیە با بڵێین دنیایەک بە دنیایەک بگۆڕییەوە. ئەو ئەڵێ چیتر باوی ئەوە نەماوە ئێمە دنیا تەئویل کەین یا تەفسیر کەین. دەبێ بیگۆڕین. رەنگە خەونی شاعیر بێ دنیا جوان بێت، مارکس واز لە شیعر دێنێت لە رێی فەلسەفەوە دێ، دەیەوێ دنیا جوان بکات، بەڵام هەر کاری شاعیرێک دەکا. دوا جار، چونکە رستەیەکی شیعریم لە بیرە شاعیرێکی رۆمانتیکی ئینگلیزییە دەڵێ: ئەبوایە شاعیران رێکخەری دنیا بوونایە، سکینێر... دەروونزانێکی ئەمریکییە ئەڵێ: ئەبوایە دەروونزانەکان، دەروونناسان

سەردارانی دنیا بوونایە. لەوانەیە لەو لاوە کۆمەڵناسێک هەڵبداتێ: دەبوایە ئەوانەی لە کۆمەڵناسی ئەزانن دنیایان ڕێکبخستایە. لەوانەیە دەیان مەلا و فەقێ هەبن بڵێن: دەبوایە ئێمە دنیامان ڕێکبخستایە. لەو لایە کۆمۆنیستێک دەڵێ: دەبوایە من دنیام ڕێکبخستایە. هەموو کەسێک داوای ڕێکخستن دەکا. بەڵام وەختێک تۆ دێی لە ڕێی هونەر و ئەدەبەوە گومانێک لە ناو ئەو ڕێکخستنانە هەر هەمووی دروست دەکەی، ئەڵێی ئا لە ژێر ئەو سیستەمەدا ئینسان هێشتا ئازاد نییە، چەوساوەیە، هێشتا ئینسانی ماندووی تێدایە، تەنیایی تێدایە، وەڕەزی تێدایە، بێزاری تێدایە، کوژراوی تێدایە، مردووی تێدایە، کە واتە دیسانەوە تۆ گومانێک دەکەی لەو ڕێکخستنانە کە پێشتر قەناعەتیان بە تۆ کردووە، کە ئەبینی وەک ئەو دەریایەیە تۆ دانیشتووی لەبەردەمیا یا لە گوێی دەریایەک ئەبینی زۆر هێمنە، بەس لە ناو ئەو دەریایەدا دەیان نەهەنگ ماسی دەخوا، تۆ قسە لە سەر ئەو نهێنییانەی ناوەوە و ژێرەوە بکە و من قەناعەتم وایە هەموو جۆرە نووسینێک گومان کردنە لە خولقێکی یا لە وەزعێکی کۆمەڵایەتی قائیم.... ڕامیاری یا ئەخلاقی کەواتە مەترسی ئەوە لەوە دایە بە قەناعەتی من، کە تۆ لەو ئایدۆلۆژیایە ئەوەندە بارکراوی کە هەموو هونەرەکەت غەرقکەی لە کۆمەڵێک دروشم. من ئەگەر شتێکم گوتبێ زوو هەستم کرد ئەوە مەترسیدارە بۆ من. بۆ هونەر زەرەر لێدانە نەک قازانج و زۆر جاریش هێندێک کەس، سێکس یان نیشتمانپەروەری و ئەو شتانەی کە هەموو کەس فریو دەدەن گۆیا هەر کە باسی ئەوانەت کرد ڕەنگە خوێنەر بدزی بۆ خۆت. بەڵام دوا جار تۆ چەندە گەورەترین حەقیقەت بڵێی لە قاڵبێکی ناهونەریدا حەقیقەتێکی نەگەیشتووە، دەمرێ، وەکو خۆی نابێ بەس حەقیقەت ئەوەیە دەبێ بگوترێ لە بەرگێکی جواندا، ئەگینا حەقیقەتەکەت ناگا، ئەگینا گەورەترین حەقیقەت ئەتوانی بڵێی هەر حەقیقەتێکە لەم دنیایەدا، لە ناو چیرۆکێکدا لە ناو ڕۆمانێکدا لە ناو شانۆگەرییەکدا، بەڵام کە لە ناو قاڵبێکی یا لە ناو بەرگێکی ناشیریندا بوو دەمرێ.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **ئایا ڕەخنە خوێندنەوەی فەلسەفی یان شیکردنەوەی فەننی دەقە. مەبەستم لەم پرسیارە ئەوەیە کە پێتوا نییە «حەسار» زۆر فەلسەفییانە خوێندراوەتە و کەمتر لە باری تەکنیکییەوە شیکراوەتەوە؟ ئایا ئەوە کز کردنەوەی لایەنی تەکنیکی حەسار نەبوو، چونکی حەسار بەر لەوەی ئەندێشەیەکی کوردی تێدا بێ ڕۆمانێکی کوردی بوو؟**

**شێرزاد حەسەن**: لەوانەیە لەو خوێندنەوانە ناوەڕۆک، شیتەڵکردنەوەی لایەنێ لە لایەنەکانی وەکو ئەوەی باسمانکرد چ مانایەک، چ چەمکێک، چ فکرێک، چ تێمێکە؟ هەموومان ڕێککەوتووین لە سەر ئەو باسی باوکسالارییە کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ڕامیارییە هەتا دوایی، بەڵام دوا جار ئەگەر لایەنی تەکنیکت مەبەست بێ، ئەو کەسانەی کە ئەو نۆڤلێتەیان خوێندۆتەوە لەبەرئەوەی ئەوەندە لە ناو فکردا ئیش دەکەن مەبەستیان بووە لەو لایەنەوە لێی بکۆڵنەوە، کەسێ کە لە ناو ڕستەسازی ڕەنگە ئیش بکا، لە ناو ئیقاعی دەقێک لە ناو ماناکانی دەقێک یا لە ناو دۆزینەوەی فڕ و فێڵەکانی تەکنیکی، ئەوەی تۆ باست کرد، بۆیە تۆ ناتوانی هیچ شتێک بسەپێنی لە سەر ڕەخنەگرێک کە بۆ چی لایەنێک لە لایەنەکان فەرامۆش دەکا؟ ڕەنگە ئەو پتر بەو لایەنە بوێرێت، بەڵام دیارە خەونی هەموو نووسەرێک ئەوەیە کە دەقێک وەکو خۆی حەقی پێ بدرێ! ئایا تەنها ئەمن مانایەک، ناوەڕۆکێک، تێمێک، چەمکێک، فکرێکم هەیە یا هونەرێکیش هەیە لەو دیو ئەو دەقەوە، چونکە چی تر باوی ئەوەش نەماوە تۆ بڵێی ناوەڕۆک و شکڵ، ڕەنگە جوانی ئەو ڕۆمانە یا ئەو نۆڤلێتە ئەگەر جوان بووبێت لەوەدا بووبێ کە ڕاستە مانایەکی هەیە لە پشتی ئەوە، بەڵام دوا جار لە بەرگێکی هونەریدا گوتراوە. بەس کە تۆ لایەنێک بە جوانی دەخوێنییەوە دیسانەوە بایەخێک دەدا بەو دەقە، بۆیە ئەکرێ هەر نەشخوێندرێتەوە. لە دیدگایەکەوە کەسێک نەبێ ڕەخنەی لە سەر بکا، ئەوە بەسە بۆ وەی پەساپۆرت بێ بۆ ئەو دەقە کە ئەتوانێ جێی خۆی بکاتەوە و بڕوا سەفەر بکا، بۆیە نابێ تۆ سەغڵەت بی بۆ وەی وەختێک ڕەخنەگرێک پەیدا دەبێ هیچ حەقێکت ناداتێ، هەموو حەقەکانت لێ دەستێنێتەوە، یان کەسێک دێ تەواو حەقی خۆییت دەداتێ بۆ وەی ئەسەرێک، جوانییەک لە لای بە جێ دەمێنێ کە پێی دەگا هیچ قودرەتی نییە لە سەری قسە بکا*.

گوڵانی ١٣٧٨

ئابریل ١٩٩٩

---

* پوختەیەک لەم وتووێژەم وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی و لە بەشی فایلی گۆڤاری گوڵستانەی ژمارە ٥٣، کە تایبەتم کردبوو بە شێرزاد حەسەن، بڵاوکرایەوە.
گوڵستانە یەکێک لە هەرە بەناوبانگترین گۆڤارە ئەدەبییەکانی ئێرانە کە پتر سەرنج بە ئەدەبی بیانی دەدات. دیارە ئەم وتووێژە پێشتر سەر لەبەری لە گۆڤاری سروەدا بڵاو ببۆوە.

# رەهەند و روانینەکانی رەخنەی ئەدەبی

## لەگەڵ رەهبەر مەحموود زادە

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئایا گوتاری رەخنەی ئەدەبی مۆدێرنە؟ ئایا رەخنەی ئەدەبی وەک بزاڤی رۆشنگەری یان وەک چەمکی رۆشنبیری، گەرپانێکی تایبەت بە جیهانی مۆدێرنە؟

**رەهبەر مەحموود زادە**: گوتاری رەخنەی ئەدەبیی مۆدێرن، مۆدێرنە. ئەم قسەیە، ئەو مانایە دەگەیەنێ کە گوتاری رەخنەیی پێش مۆدێرنیشمان هەیە. پێموایە ئێوەش لەگەڵ من کۆکن کە پێشینەی سوننەتی رەخنەی ئەدەبی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتوون و بۆچوونەکانی. بۆ نموونە شیکاریکردنی چییەتی ئەدەب بە هۆی تیۆری جیهانی ئایدیالەکان و بە نزمتر دانانی شیعر و بە بەرزتر دانانی چیرۆک بۆ دەبێ بۆچوونێکی مۆدێرن بێ؟ بەڵام حاشا لەوە ناکرێ کە بە هاتنە کایەی تیۆرییە رەخنەییەکانی مۆدێرن، تیۆرییەکانی کۆنیش بە چاوێکی تازەوە تەماشایان دەکرێ.

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە ئەگەر تیۆرییە ئەدەبییەکان وەکو تاک چاویان لێبکرێ (نەک وەکو رایەڵە و کۆیەک لە تیۆرییەکان، یان وەکو قوتابخانەیەکی رەخنەیی) لەوانەیە ئێمە لە مێژووی تیۆریی ئەدەبدا، تووشی هەندێک تیۆری هەڵوەشانەوە بێین، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانم پێت بڵێم هیچ قوتابخانەیەکی رەخنەیی هەڵوەشانەوەمان نییە. تۆ ئەمڕۆش بۆت هەیە سەتاسەت لەسەر بنەمای بووتیقای ئەرستۆییەوە، خوێندنەوەت لەسەر دەقی جۆراوجۆر هەبێ، راستە زۆر قوتابخانەی رەخنەیی، ئەمڕۆ رمێنیان لە جاران کەمترە، بەڵام کەمبوونەوەی هەرمێن جیایە لە هەڵوەشانەوە. بۆیە ئێمە ئێستاش لەگەڵ ئامادەبوونی هارووژێنەر و زەق و زۆپیی تیۆری مایمێسیسی ئەرستوو لە رەخنەی ئەدەبی مۆدێرندا بەرەو رووین.

هەڵبەت ئەم تیۆرییە کۆنانە دەبێ وەکو پاژێک لە رایەڵەی هزری رەخنەیی، لەگەڵ پاژەکانی دیکەی هزرەکەدا بتوانن خۆ رێکبخەن و لە ناو رایەڵەکەدا بتوانن جێگایەکی شیاو بدۆزنەوە. بەم چەشنە دەتوانین بڵێین بیری مۆدێرن توانیویەتی باسە کۆنەکانی رەخنەییش بێنێتە ژێر رکێفی خۆی. ئەگەر بەم شێوەیە بڕوانینە مەسەلەکە، دەکرێ بڵێین گوتاری رەخنەی ئەدەبی، مۆدێرنە.

لە بارێکی دیکەشەوە دەکرێ داکۆکی لە مۆدێرن بوونی گوتاری رەخنەی ئەدەبی بکەین. پێموایە یەکەم جار لەلایەن بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە زاراوەی «پیشەسازیی ئەدەب» رۆنرا. ئەگەر وەکو کاڵایەکی بەرهەم هاتوو چاو لە دەقی رەخنەیی بکەین، ئەوەدەم



دەتوانین بڵێین کە ئەم کاڵایانە مەشمولی یاسای (عرضه و تقاضا) دەبن. ئەمڕۆ لە جیهانی مۆدێرندا، هەر بەم شێوەیە کە ئەدەب بە گوێرەی داخوازییەکی بەربڵاوەوە بەرهەم دێ، رەخنەی ئەدەبیش لەم داخوازییە بەربڵاوە، بێبەری نییە. کەواتە دەکرێ بڵێین بەرهەم هاتنی بەلێشاوی کاڵای دەقی رەخنەیی، لە چوارچێوەی پیشەسازیی ئەدەبدا، تایبەت بە جیهانی مۆدێرنە.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئەو خاڵانەی گوتاری رەخنەی ئەدەبی لە گوتاری ئەدەبی جیا دەکەنەوە چین؟ ئەو شوێنانەی ئەم دوو گوتارە یەک دەگرنەوە کامانەن؟

**رەهبەر مەحموود زادە**: وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بەوەی لە چ روانگەیەکی رەخنەییەوە بۆ بابەتەکان بڕوانین. مادام خۆمان بە دەربەست نەزانین رێ و شوێنی رەخنەی بنەماشکێنانە رەچاو بکەین و بۆ نموونە بە گوێرەی پرەنسیپەکانی فۆرمالیزم یان پێکهاتەخوازی بۆ دەق و رەخنەی ئەدەبی بڕوانین، دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە لانی کەم بە کردەوە جیاوازییەک لە نێوان ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیدا هەیە. بەپێی ئەم روانینە، ئەدەب جیهانی تایبەت بە خۆی هەیە و رەخنەی ئەدەبیش، جیهانێکی جیاوازی تر بۆ خۆی دەستەبەر ئەکا. بەڵام رەخنەی بنەماشکێنانە، ئەم سنوورە دەسڕێتەوە و رەخنەی ئەدەبی بە جۆرێک لە جۆرەکانی بەرهەم هێنانی ئەدەبی دەناسێ.

لە گوتاری رەخنەیی پێش بنەماشکێنی، دیارترین خاڵی جیاکەرەوەی رەخنەی ئەدەبی، لە ئەدەب، لایەنی زانستی بوونی رەخنەیە. لە پانتاییەکدا ئەگەر تۆ بتوانی باسی راستیی یان ناڕاستیی گوزارەیەک بکەی، باسی چۆنیەتی ئیسبات کردن یان بەتاڵکردنی تیۆرییەک بکەی، باسی سەرەتی تیۆرییەک بەسەر تیۆرییەکانی دیکەدا بکەی، بێگومان ئەم پانتاییە، کەش و هەوایەکی زانستییانە یان مەیلەو زانستییانەی بەسەردا زاڵە. گوتاری رەخنەیی بەر لە بنەماشکێنی ئاوا بوو.

بەڵام لەم پانتاییەدا، ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی، لە چیدا یەک دەگرنەوە؟ بە بڕوای من یەکگرتنەوەی ئەم دوو گوتارە لەوەدایە کە رەخنەی ئەدەبی، «لە بارەی ئەدەبەوە» دەدوێ. تۆ بڵێی گوتارێک لە بارەی گوتارێکی دیکەوە بدوێ، بەڵام راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، شوێنی لەم گوتارەی دیکە وەرنەگرتبێ؟

لەوانەیە ئێمە هەرگیز نەتوانین دیاری بکەین گوتارێکی مەیلە و زانستی چۆن دواجار سروشتێکی هونەری بۆ خۆی دەستەبەر دەکا، بەڵام ئەوە کە تەواو ناتوانین تێبگەین چۆن

گوتارێکی زانستی، دەبێتە خاوەنی سروشتێکی هونەری، نابێتە پاساوی رەتکردنەوەی هونەری رەخنە. بەڵگەشم بۆ ئەو بۆچوونەم ئەوەیە کە تەنانەت ئێمە ناتوانین بە تەواوی بە چۆنیەتیی هونەری بوونی دەقێکی هونەریش بزانین. بۆ نموونە کاتێک شیعرێکی جوانی نالی دەدەین بە ئێمە، دەتوانین زۆر فاکتەری وەک کێش و سەروا و ناسکیی وشەیی و مانایی بۆ دەسنیشان بکەین، بەڵام هونەری بوونی پارچە شیعرێکی جوانی نالی، پێموا نییە بارتەقای هیچ کام لەم فاکتەرانە بەرتەسک بێتەوە.

با ئەم بەشە کە لە وتارێکی رەوشتمەندی رەخنەیی هەڵبژێردراوە، پێکەوە بخوێنینەوە:

«هەموو شت بە زمان دەناسین، بەڵام زمان بە زمان نەبێ بە چیتر ناناسرێ. زمان بە تاقە شتێکی لە جیهاندا بکرێ بشوبهێندرێ، نوورە. چونکە ئێمە هەموو شتێک بە نوور دەبینین، بەڵام نوور بە نوور نەبێ نادیترێ. نوور خۆی رووناککەرەوەی خۆیەتی. رووناککردنەوەیەکی بەم تەرزە کە هەموو شتێک وەدیار دەخا. کەچی بۆخۆی شاراوە دەمێنێتەوە. ئەوە نوورە توانای بینینی گشت شتێکی بینراومان دەداتێ. بەڵام بە زمان هەرچی هی بیستنە، دەبیستین. زمان نووری گوێچکەکانمانە و بە تیشک خستنەسەر هەرچی بینراو و نەبینراوە، هەست و هۆش و ئاوەزمان بینا و زانا دەکا».

ئەم نووسراوەیە هی داریووش ئاشوورییە. لەوانەیە ئێوەش هەستتان بەمە کردبێ کە تروسکەیەک لەم دەقە خۆیا دەبێ کە گوزارش لە بوونی سروشتێکی هونەری دەکا. بەڵام ئێوە چۆن ئەم هونەری بوونە تەتەڵە دەکەن؟ توێژکارێک (محەمەد نەبەوی) تا رادەیەک هەوڵی داوە، هونەری بوونی ئەم دەقە بە گوێرەی پێکهاتەی موبتەدا۔ خەبەری دەقەکە، شی بکاتەوە، بەم شێوەیە کە لە زۆربەی رستەکاندا، موبتەدای رستە (بەتایبەت وشەکانی زمان و نوور کە زۆر دووپات دەبنەوە) خەبەری رستەکانی پێشوون و بەو چەشنە، رستەکان وەکو زنجیرەیەک تێکئالاون. بەڵام ئایا هونەری بوونی ئەم دەقە، بارتەقای ئەم تێکئالانە، بەرتەسک دەبێتەوە؟ من دەڵێم بەرتەسک نابێتەوە.

کە واتە باسەکەمان ئاوا کورت دەکەینەوە: لە رەخنەی ئەدەبیی بەر لە بنەماشکێنی، ئەو فاکتەرەی رەخنەی ئەدەبی لە ئەدەب هەڵداوێرێ، لایەنە زانستییەکانی رەخنەیە. بەڵام لەم بارەیەدا دەبێ چەند خاڵ رەچاو بکرێن:

یەکەم: بوونی لایەنی زانستی لە ناو رەخنە، بەمانای داماڵدرانی دەقی رەخنەیی لە لایەنی هونەری نییە.



دووهەم: لە دەقێکی رەخنەییدا، دەتوانین هەموو فاکتەرەکانی زانستی بوونی ئەم دەقە دەسنیشان بکەین و ئەگەرچی دەشتوانین هەندێک فاکتەری هونەری بوونیشی دەسنیشان بکەین، بەڵام ناتوانین هونەری بوونی دەق بارتەقای ئەم فاکتەرانە بەرتەسک کەینەوە.

سێهەم: ئەم بەرتەسک نەبوونەوەی لایەنی هونەری دەقی رەخنەیی، بارتەقای فاکتەرە بەرباسەکان، هاوسروشتە لەگەڵ دەقی ئەدەبی، چونکە لە دەقی ئەدەبیشدا، ئەگەرچی زۆر فاکتەر بۆ هونەری بوونی دەق دەکرێ دەسنیشان بکرێ، بەڵام بە شێوەیەکی میکانیکی ناتوانین بڵێین هونەری بوونی دەق هاوسەنگی ئا ئەم فاکتەرانەیە.

وەک باسمانکرد، کاتێک دەپەڕینەوە بۆ بواری رەخنەی بنەماشکێنانە، ئیتر سنوورێک لە نێوان دوو بەستێنی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیدا نامێنێتەوە هەتا ئێمە بە دوای جیاوازییەکان و هاوبەشییەکاندا بگەڕێین.

دریدا کە داهێنەری تێفکرینی بنەماشکێنییە، هاودەنگە لەگەڵ نیچە کە دەڵێ: حەقیقەت لەشکری مەجازەکانە. نیچە پێی وایە خوازە نابێ وەکو زینەتێک بۆ زمان چاوی لێبکرێ، زینەتێکی وا کە هەر لە ئەدەبدا بەکاردەهێندرێ. بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا سروشتی زمان، سروشتێکی خوازەییە. واتە لە فەلسەفە و زانستیشدا، ئێمە جگە لە بەرهەمهێنانی خوازە ـ باوەکو بە شێوەیەکی تێکچنراو و پێچەڵاوپێچیش بێ ـ کارێکی تر ناکەین. جیاوازییەکە لێرەدایە ئەدەب سروشتی خوازەیی بوونی خۆی ناشارێتەوە، بەڵام زانست دەیشارێتەوە.

من پابەندی ئەم شێوە تێفکرینە نیم، بەڵگەکەشم، بنەمایەکی پراگماتیستیانەی هەیە. لەڕووی عەمەلییەوە ئەوەی لە زانست دەکەوێتەوە، لە ئەدەب ناکەوێتەوە. بۆ نموونە زانست چ سروشتی خوازەیی هەبێ و چ نەیبێ، تەکنۆلۆژی لێ دەکەوێتەوە، کەچی ئەدەب بۆ نموونە چێژێکی زەوقی لێ دەکەوێتەوە.

نازانم لە کامە سەرچاوەی فارسیمدا خوێندۆتەوە دەڵێ: بۆچوونی دریدا لەمەڕ دەق و زمان و مانا، نموونەیەکە لە شتێک کە فارسەکان پێی دەڵێن ''مته به خشخاش گذاشتن''. لەوانەیە بتوانین ئەم زاراوەیە بە ''فوو لە دۆ کردن'' وەرگێڕین. دریدا لە راستیدا فوو لە دۆ دەکا. تۆ لەچەند لاپەڕەی رۆمانێکدا، لەوانەیە سەدان وشە بخوێنییەوە و لە خوێندنەوەی هەر وشەیەکیشدا، بە پازدانێکی خێرا لە دالەوە بۆ مەدلوول، زوو مانای وشەیەک لە مانای وشەکانی دیکە ببەستییەوە. دریدا دەڵێ هەرگیز پێوەندییەکی راوەستاو و یەکجارەکی لە نێوان دال و مەدلوولدا نییە. مەدلوولی هەر دالێک دواجار بۆ خۆی دەبێتە دالێکی

تازە کە پێویستی بە مەدلوولێکی تازە هەیە و بەم شێوەیە لە نێوان دال و مەدلوولێکی دوایی (کە بە بڕوای دریدا ئەم مەدلوولە دواییە بوونی نییە و هەر گریمانەیەکە و چیتر) زنجیرەیەکی بێبڕانەوە لە دال و مەدلوولەکانی تر هەیە. دیسان بۆ داوەریکردن لە سەر ئەم بۆچوونە، پەنا دەبەمە بەر ئاڕاستەیەکی پراگماتیستی. ئەگەر بۆچوونی گۆرین راست بایە، لە خوێندنەوەی یەکەمین وشەی رۆمانێکدا، تووشی هەزار زیلەیەک لە دال و مەدلوولەکان دەبووین کە هەرگیز نەماندەتوانی لە وشەی یەکەمەوە بپەڕینەوە بۆ وشەی دووهەم. ئایا بەڕاستی وایە؟

هەندێک لە بیرمەندان پێیان وایە فەلسەفە دەبێ وەکو چالاکییەکانی زمانی چاوی لێبکرێ نەک وەکو کۆمەڵێک تیۆری کە توانای کردنەوەی هەندێک گرێووچکەی مێتافیزیکی هەیە. من دەمهەوێ ئەم بۆچوونە، بە شێوەیەکی تر و بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا بەکاربێنم. بە بڕوای من ئەو بۆچوونەی دریدا ئەگەر وەکو چالاکییەکی زمانی لەبەر چاو بگرین، قسەی ئەو وەڕاست دەگەڕێ. تۆ دەتوانی کەسێک لە شوێنێک دابنیشێنی و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەرقاڵی بکەی؛ بەم شێوەیە کە فێری بکەی کاتێک وشەیەک دەبیسێ، مەدلوولێکی بۆ بدۆزێتەوە و دوایە ئەو مەدلوولانە بکا بە دالێک و مەدلوولێکی تری بۆ بدۆزێتەوە و هەر بەم شێوەیە بچێتە پێش. بەڕاستی هەتا کاتێک ئەو کەسە بۆ خۆی بڕیاری راگرتنی چالاکییەکەی نەدات، دەتوانێ درێژەی پێ بدا. لەڕاستیدا بڕیارێکی ئەوتۆ لە کاتی وتوویژی دوو کەسدا یان لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبیشدا بوونی هەیە. تۆ لە کاتی وتوویژدا بە بێ ئەوەی خۆت پێ بزانی، بڕیار دەدەی بە زووترین کات، دالەکان بە مەدلوولەکان بگەیەنی و وێکیان بێنیەوە. لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیشدا، راستە بە گوێرەی بڕیارێکیتر زنجیرەکە درێژتر دەکەیەوە و هەوڵ دەدەی وردبینانە و بە پارێزەوە لە دالەکانەوە بپەڕییەوە بۆ مەدلوولەکان، بەڵام دوا جار هەر وێکیان دێنییەوە. چونکە ئەگەر وا نەبێ، هیچ خوێندنەوەیەکت دەستەبەر نەکردووە.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **چ پێوەندییەک لە نێوان هزری فەلسەفی و هزری رەخنەییدا دەبینی؟ ئایا رەخنەی ئەدەبی بێ پەنابردنە بەر چەمک و واتا فەلسەفییەکان بوونی کارای دەبێ؟**

**رەهبەر مەحموود زادە**: هزری رەخنەیی، پێوەندییەکی گشتی و پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ هزری فەلسەفیدا هەیە. تێگەیشتن لە چۆنیەتیی پێوەندیی گشتی هزری رەخنەیی لەگەڵ هزری فەلسەفی، بەندە بە تێگەیشتنی سروشتی بەرخۆر بوونی (مصرف کننده بودن) رەخنە و تیۆریی ئەدەب. دیارە ئەم بۆچوونە لەسەر ئەو باسە دامەزراوە کە زۆربەی لکە زانستییەکان و زەمینە مەعریفییەکان، بەسەر دوو تاقمی هەراودا دابەش دەبن. تاقمی



یەکەم، زانستە بەرهەمهێنەکانن، واتە ئەو باسانەی کە نەک هەر خۆبژێون، بگرە پێداویستی زۆریەک لە باسە زانستی و مەعریفییەکانی دیکەش دابین دەکەن. تاقمی دووهەم، باسە بەرخۆرەکانن. واتە ئەو باسانەی بۆ دابینبوونی پێداویستییەکانیان، بە لێشاو کەڵک لە بەرهەمی زەمینە زانستی و مەعریفییەکانی دیکە وەرگرن و هەر ئەم کەڵک وەرگرتن لە بەرهەمی دیترانە کە دەبێتە هۆی بە کەڵک بوونیان و ئەگەر وا نەبێ بە جارێکی پەکیان دەکەوێ و لە باروبوو دەکەون. بۆ نموونە زانستی پزیشکی، زانستێکی بەرخۆرە، کەچی زانستەکانی فیزیۆلۆژی و بایۆلۆژی کە زانستی پزیشکی زۆریان کەڵک لێوەردەگرێ، زانستی بەرهەمهێنن. یان زانستی ئابووری بەرهەمهێنە و زانستی مودیرییەت بەرخۆرە.

دیارە رەخنە و تیۆریی ئەدەبیش بە بارێکدا، بۆ لای زانستی بوون دەشکێتەوە. دیارە من ناڵێم رەخنەی ئەدەبی زانستە، دەڵێم لایەنی زانستی تێدا بەدی دەکرێ. ئێستا ئەو پرسیارە لە ئێوە دەکەم. بە بڕوای ئێوە تیۆریی ئەدەب وەکو زەمینەیەک کە خاوەنی لایەنی زانستی بێ، زەمینەیەکی مەعریفی بەرهەمهێنە یان بەرخۆر؟ و ئەگەر هەر دووک وەسف لە بارەیدا وەڕاست دەگەڕێ کامەیان بە رێژەیەکی زیاتر و بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە بارەیدا وەڕاست دەگەڕێ؟

بە ئاوڕدانەوەیەکی سووک و خێرا لە مێژووی تیۆریی ئەدەب، بە سانایی دانی پێدا دەنێین کە تیۆریی ئەدەب، بە لێشاو کەڵکی لە بەرهەمی بوارەکانی تری زانستە مرۆڤییەکان وەرگرتووە و دانیشتووە و زۆر بەجی لە بەر راڵێی خواردوون و خۆی پێ قەبە و قەڵەو کردوون و ئا بەم شێوەیە هەڵیداوە و هەراش بووە.

بە جەسارەتەوە دەتوانم بڵێم زۆر کەم شۆڕشی زانستی ئەوتۆ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی علوومی ئینسانیدا روویداوە کە ئەم شۆڕشە کاریگەرێتی بەرچاوی لەسەر باس و خواسەکانی تیۆریی ئەدەب دانەنابێ. تۆ سەرنج بدە گوتاری مارکسیزم، رەخنەی مارکسیستی هێنایە ناو بەستێنی تیۆریی ئەدەبەوە. دیارە مارکسیزم تیۆرییەکی تایبەتە بۆ خوێندنەوە و شیکاری مێژوو کە هەر ئەم شیکارییە مێژووییە، راستەوخۆ تیۆریی ئابووری و سیاسی گونجاو و سازاو لەگەڵ خۆیشی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. هیچ حوکم نەبوو هەروەک چۆن خوێندنەوەی مارکسیستیی مێژوو، تیۆرییەکی تایبەتی سیاسیش لەگەڵ خۆی دێنێ، هەر ئاواش تیۆرییەکی ئەدەبی مارکسیستیش بەرهەم بهێنێ. کەچی ئێمە رەخنەی ئەدەبی مارکسیستیشمان هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە گەرەکمە بڵێم شیکاری مێژوویی بە پێوانەی مارکسیستی، لە پلەی یەکەمدا گوتارێکی سیاسی و ئابووری بەرهەم دێنێ و لە پلەکانی دواتردا کار دەکاتە سەر بواری

تیۆریی ئەدەبیش. هەر ئەم پێودانە لە گوتارگۆڕکێکانی دیکەشدا بەدی دەکەین. تیۆری فرۆید لە بەستێنی دەروونناسیدایە کەچی تیۆریی ئەدەب خۆی لێ دەکاتە برابەش و پشکی خۆی لێ دادەڕنێ. ئینجا دواتر لاکان تەعبیرێکی تر لە دەروونناسی فرۆید رادەنێ. شوێن وەرگرتنەکەی تیۆریی ئەدەبیش بە ئاوایەکی تر و بە تەرزێکی دیکە خۆی دەردەخا. ئالتووسێر دێت، رەخنە بە هاتنەکەی دەزانێ، دریدا دەپەیڤێ، رەخنە بەشی خۆی دەقۆزێتەوە.

ئێستا پێوەندیی گشتی رەخنە و فەلسەفەمان بۆ روون دەبێتەوە، وا نییە رەخنە بۆ هەموو داهێنانە فیکری و مەعریفییەکان لە بەرڕاوان راوەستێ، بەڵام خۆی لە بیری فەلسەفی نەبان بکا و فەلسەفەی پێ غەوارە بێ. هەروەکوو نموونەیەکی زۆر بەردەست، دەتوانین ئاماژە بە دیاردەناسی هۆسێرل بکەین کە لە باسوخواسەکانی تیۆریی ئەدەبدا جێگای خۆی هەیە، هەروەها گوتاری دریدایی لە بنەڕەتدا گوتارێکی فەلسەفییە و دەبینین دابڕانێکی تەواوی لە بەستێنی رەخنەی ئەدەبیدا پێکهێناوە و بنەماشکێنی، رەخنەی ئەدەبی تەواو بە ئاڕاستەیەکی تازەدا بردووە.

بەڵام ئەگەر لەو پێوەندییە گشتییە بترازێین، پێوەندییەکی تایبەتیتریش لە نێوان فەلسەفە و رەخنەی ئەدەبیدا لەگۆڕێدایە. بە درێژایی مێژوو، فەلسەفە بە دوو ئاڕاستەی بنەڕەتیی جیاوازدا کاری کردووە. لە ئاڕاستەی یەکەمدا پێداگری لەسەر لایەنی ئیسپاتگەرانەی تێفکرینی مرۆڤ کردووە. هەندێک لە فەیلەسووفان دەڵێن بۆچوونێکی بکرێ بسەلمێندرێ، شیاوی پشت پێبەستنە و ئەوەی بە شێوەیەکی ماقووڵ نەسەلمێندرێ، نابێ وەربگیرێ. لەبەرامبەر ئەم داگەڕانەدا، ئاڕاستەیەکی تری فەلسەفی پێیوایە مرۆڤ هەر بە تەنیا توانای رەخنەگرتن و رەتکردنەوەی بۆچوونەکانی هەیە.

هەر بەم پێیە، فەلسەفەی رەخنەگرانە هەر لە چاخی سوقراتەوە تا ئێستا، سوننەتێکی بەردەوام و بەربڵاوی فەلسەفی بووە. سوقرات و کانت بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە لە چیدا پێکەوە کۆ دەبنەوە؟ یان کەسێکی وەک پۆپێر، بەو هەموو ناکۆکییەی لەگەڵ بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی هەیە، لەچیدا لەگەڵیان هاوبەشە؟ بێگومان ئەم هاوبەشییە، لە پابەندبوون بە سوننەتی فەلسەفی رەخنەگرانەدایە.

بەڵام ئایا هەر لەبەر ئەوەی فەلسەفەی رەخنەگرانە هەڵگری وشەی رەخنەیە، یەکەوڕێ دەبێ بەم ئاکامە بگەین کە رەخنەی ئەدەبیش خزمایەتی دوور و نزیکی لەگەڵ ئەم شێوە تێفکرینە فەلسەفییەدا هەیە؟ هەموومان ئاگادارین کە وشەی رەخنە لە زاراوەی «رەخنەی



ئەدەب»دا مانایەکی زۆر بەربڵاوتری لە رەتکردنەوە و دژایەتی کردن هەیە. بۆ وەڵامدانەوەی تێروتەسەلی ئەم پرسیارە، پێویستمان بە پێشەکییەکی کورت هەیە.

ئەزموون (تەجروبەی) خوێندنەوە بێگومان هەڵگری بارێکی جوانیناسانەیە. ئەزموون جوانیناسانە پێویستی بە دروستکردنی پێوەندییەکی گەشبینانە و هاودڵانە لەگەڵ دەقی ئەدەبی هەیە. تۆ دەبێ خۆت بخەیتەنێو کەش و هەوای دەقەکەدا هەتا بتوانی دەقەکە «بچێژی» یان «هەستی پێ بکەی». تۆ ئەگەر هاملێت دەخوێنییەوە تەنانەت ئەگەر بتهەوێ داوەرییەکی بێلایەنانەشی لە بارەیدا بکەی، لە قۆناخی یەکەمدا دەبێ بتوانی لە ناو کەش و هەوای هاملێتدا «هەناسە بکێشی» و «چێشتەی بکەی»، ئەگەر نەڵێین پێویستە بچیە دە قاڵبی یەکێک لە کەسایەتییەکانەوە و لە روانگەی ویوە لە رووداوەکانی بڕوانی.

دیارە ئەوە لایەنێکی باسەکە پێکدێنێ. من پێموایە خوێندنەوەی رەخنەگرانە هەرگیز ناشێ سەداسەد بارتەقای تەجرەبەیەکی جوانیناسانە بەرتەسک بێتەوە. ئەو هۆکارەی لێرەدا رۆڵی هۆکارێکی هاوسەنگکەرەوە دەگێڕێ، داگەڕانێکە بۆ لای رەتکردنەوە و رەشبینی، بەڵام رەشبینییەکی تەکنیکی. لێرەدا من وەسفی تەکنیکی تەواو بە مانایەکی رەخنەیی بەکاردێنم و بەو داکۆکییەش دەمهەوێ رەشبینی تەکنیکی لەو رەشبینییە جیا بکەمەوە کە بۆ نموونە بناغەی لەسەر هێرمێنۆتیکی بەدگومانی دامەزراوە. لەسەر بنەمای هێرمێنۆتیکی بەدگومانی، بۆ نموونە رەخنەگرێکی مارکسیست دەیهەوێ پێگەی چینایەتیی هەندێک لە کەسایەتییەکانی ناو دەق بدۆزێتەوە و کێشە و ململانێی شاراوەی چینایەتی نێوانیان ئاشکرا بکا.

بەڵام رەشبینیی تەکنیکی لە روانگەیەکی بووتیقاییەوە دەیهەوێ لایەنە کزەکانی فۆرم و پێکهاتە و تەکنیکەکانی ناو دەق ئاشکرا بکاو ئا ئەم کردە رەخنەگرانەیە، لەگەڵ فەلسەفەی رەخنەگرانە خاوەنی بنەمایەکی هاوبەشن و لەوانەیە هەردووکیان بە ئاراستەی پاکەو کردن و داماڵیندا کار بکەن.

من پێموایە خوێندنەوەی رەوشتمەندانەی دەقی ئەدەبی، بەندە بە پێکهاتنی هاوسەنگیی گونجاو لە نێوان ئەزمون جوانیناسانە لە لایەک و مەیلی رەتکردنەوە و دیدی رەشبینانە لە لایەکیتر.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **تێگەیشتنی جوانیناسانەی دەقێکی ئەدەبی تا چ رادەیەک پابەندی تێگەیشتنی رەخنەگرانەی ئەو دەقەیە؟ چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان پەرچەکرداری جوانیناسانە و پەرچەکرداری رەخنەگرانە لە هەمبەر خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبیدا؟**

**ڕەهبەر مەحموود زادە**: لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا گوتم خوێندنەوەی ڕەوشتمەندانەی دەقی ئەدەبی بەندە بە پێکهاتنی هاوسەنگییەکی گونجاو لە نێوان ئەزمون جوانیناسانە لە لایەک و مەیلی ڕەشبینی تەکنیکی ڕەخنەگرانە لە لایەکی دیکە. ئێستا دەمهەوێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تازەیەت بە شێوەیەکی وردتر بەم گوتەیەدا بچمەوە.

بە گشتی هەر خوێندنەوەیەکی هاودڵانە و هارمۆنیکی دەقی ئەدەبی، خاوەنی لایەنی جوانیناسانەیە. لەوانەیە زاراوەی ''خوێندنەوەی هارمۆنیک'' پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر هەبێ. کاتێک دەقێک دەخوێنینەوە و هەر لە سەرەتادا ـ لەسەر بنەمای هەندێک هۆ و بەڵگە ـ بڕیار دەدەین ئاسۆی زانینمان لەگەڵ جیهانی دەقەکەدا لە هارمۆنییەکی تەواودا بێ و جگە لەمەش هەوڵ دەدەین هارمۆنی نێوان بەشە جیاجیاکانی دەقەکە بدۆزینەوە، دەکرێ ئەم خوێندنەوەیە، بە خوێندنەوەیەکی هارمۆنیک نێودێر بکەین.

زۆریەک لە تیۆریستەکان بە شێوەی جۆراوجۆر باسی ئەم بابەتەیان کردووە. گادامێر دەڵێ گوتاری ڕەخنەکارانە هەر لە بنەڕەتدا گوتارێکی جوانیناسانەیە. دەڵێن گادامێر هەموو کات خۆی لە بەکارهێنانی زاراوەی «تیۆریی ئەدەب»، لە مانایەکی بەرتەسکدا پاراستووە و لە جیاتی ئەو، وشەی poesisی بە مانای گوتاری جوانیناسانە یان بە مانای نرخاندنی بەرهەمی هونەری بەکارهێناوە. ئەو دەڵێ وتوویژی نێوان بەرهەمی هونەری و مرۆڤی ڕاڤەکار، تەنیا کاتێک ڕوودەدات کە ڕاڤەکار لە چوارچێوەی ڕێساکانی جوانیناسیدا بیر بکاتە و شوێنوەرگر بێ. (سەرنج بدەنە جەختی گادامێر لەسەر شوێنوەرگربوونی خوێنەر و شوێندانانی دەق لەسەر خوێنەر).

تیۆریستێکی دیکە بە ناوی جاناتان کالێر، باسی ئەسڵێک دەکا بەناوی «ئەسڵی هاوکاریی ئێجگار پارێزراو» (hyper-protected cooperative principle). کالێر دەڵێ ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی لە بەرهەمی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەمەیە کە دەقی ئەدەبی، پرۆسەی هەڵبژێردرانی تێپەڕاندووە. چونکە ئەم بەرهەمە، بۆ چاپ و بڵاوبوونەوە وەرگیراوە، هەڵسەنگێندراوە و ڕەخنەکاری کراوە و دووبارە چاپ بۆتەوە. کەواتە کاتێک خوێنەر ئەم بەرهەمە دەخوێنێتەوە، پێش گریمانەکەی ئەمەیە کە ئەم دەقە، دەقێکی شیاوی لێوردبوونەوەیە و دەبێ بە شێوەیەکی کەلێنپشکنانە بخوێندرێتەوە.

ئەم بۆچوونەی کالێر دەکرێ بە شێوەیەکیتر دەرببڕدرێ. دەقی ئەدەبی جۆرێکی تایبەت لە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ، کە ئەم سەرنجە، جیاوازە لەگەڵ ئەو سەرنجەی بە



دەقەکانی دیکە دەدرێ. کالێر دەڵێ کاتێک ئێمە یەکەمین ڕستەی کتێبێکی فەلسەفی کە ئەم کتێبە بۆ نموونە هی کواینییە، بەگوێرەی باوی نووسینی شێعر، جیا لەیەک و بە شێوەی بڕبڕ، بنووسین، خوێنەریش نابەئاگایانە وەکو شیعر دەیخوێنێتەوە.

شتێکی سەیر لەمەڕ بابەتی هەستیناسی ساکار بوونیەتی.

کەواتە خوێندنەوەی ئەدەب، جۆرێک لەسەرنج بۆ لای خۆی رادەکێشێ کە دەکرێ وەک سەرنجی ئەدەبی ناوی بنێین. هەر ئەم سەرنجە ئەدەبییە وات لێدەکا لە دێڕ بە دێڕی دەقێکی ئەدەبیدا بە دوای وردەکاری فۆرمیک یان ماناییدا بگەڕێی. بۆیە زۆر جار خوێنەر، وردەکاری ئەوتۆ دەدۆزرێتەوە کە لە ڕاستیدا نووسەر بۆ خۆی پێی نەزانیون. ئەم وردەکارییانە لە ناو میکانیزمی ئەو زمانەدا خۆیان حەشارداوە کە نووسەر بەکاری دێنێ. حوکم نییە نووسەر بە هەموو وردەکارییەکانی ئەو میکانیزمە بزانێ کە لە ناو زمان و شێوازە هەڵبژێردراوەکەیدا خۆیان حەشارداوە. نووسەر هەر بەتەنیا ئاگاداری بەشێک لەم وردەکارییانەیە.

بە بڕوای من ئەم ئەسڵەی کالێر باسی لێدەکا، لەچاو بۆچوونەکەی گادامێر، ئەرکێکی چالاکتر دەدا بە خوێنەر. چونکە گادامێر جەخت لەسەر شوێنوەرگرتنی خوێنەر لە دەق دەکا. کەچی کالێر باسی بڕیارێک دەکا کە خوێنەر بە ڕەچاوکردنی، چالاکانە دەکەوێتە سەرنجدانی دەق و لێوردبوونەوەی. بەڵام هەر دوو بۆچوونەکەی گادامێر و کالێر لە شوێنێکدا یەک دەگرنەوە کە ئەویش جەختکردنی هەردووکیان لەسەر خوێندنەوەی هارمۆنیکە.

هەندێک لە نووسەران ویستوویانە لایەنێکی تازە بدەن بە خوێندنەوەی هارمۆنیک کە بریتییە لە لایەنێکی ئێرۆتیک. لەم نووسەرانە، بەرچاوترینیان ڕۆلان بارتە. بارت دەڵێ ئەمن کاتێک زاراوەی «چێژی دەق» بەکاردێنم، هەوڵ دەدەم بە جەختکردن لەسەر وشەی چێژ، بانگهێشتنی وشەیەکی قەدەغەکراو و سانسۆرکراو بۆ بەستێنی ڕەخنەکاری بکەم. بارت دەڵێ تەنانەت هەندێک دەق هەن هەستێکی زیاتر لە چێژ دەخولقێنن. ئەم هەستە کە سەرووترە لە چێژ و خاوەنی لایەنی ئێرۆتیکە، کەیفە. بارت لە زمانی فەرانسەویدا بۆ دەربڕینی چەمکی کەیفکردن، کەڵک لە وشەی (Jouissance) وەردەگرێ کە جیاوازی هەیە لەگەڵ چێژ (Plaisie). بابەک ئەحمەدی کاتێک ویستوویە وشەی یەکەم وەرگێڕێتە سەر زمانی فارسی، کەڵکی لە وشەی «خۆشی» وەرگرتووە کە پێموایە مەبەستەکە ناپێکێ. ئەمڕۆ لە زمانی ئاخاوتنی فارسیدا، زاراوەیەک کەڵکی لێوەردەگیرێ، کە بۆ ئەو وشەی بارت بەکاریهێناوە، هاوتایەکی پڕ بە پێستە. ئەم زاراوەیە (حال کردن)ە. بۆ نموونە لەوانەیە کەسێک بڵێ: (با

خواندن این کتاب حال کردم). ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا بۆ دەربڕینی چێژی جینسی کەڵکی لێوەردەگیرێ. لە کوردیدا «کەیفکردن» ڕێک ئەم مانایە دەگەیەنێ.

هەر چۆنێک بێ، چ شوێنوەرگرتنی جوانیناسانەی گادامێر، چ ئەسڵی هاوکاریی ئێجگار پارێزراوی کالێر و چ خوێندنەوەی وێڕای کەیفکردن کە بارت باسی دەکا، هەموویان نموونەگەلێکن لە سەرەتی دان بە خوێندنەوەی جوانیناسانە. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەم خوێندنەوەیە، بەتەنێ، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی تەواوە؟ ئێوەش هەست بەمە ناکەن ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لاسەنگە؟ من پێموایە ئەگەرچی لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، ڕەچاوکردنی ئەم ستراتێژییانە پێویستن، بەڵام خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە، بارتەقای ئەم چەشنە خوێندنەوەیە بەرتەسک نابێتەوە. ڕەخنەگر لە بەرامبەر ستراتێژی هاوکاریی ئێجگار پارێزراودا جاری وایە ستراتێژی وەلانانی هاوکاری ڕەچاو دەکا.

لەم شێوە خوێندنەوەیەدا، ڕەخنەگر لە جیاتی ڕوانینێکی گەشبینانە، ڕوانینێکی ڕەشبینانە ڕەچاو دەکا. لە جیاتی نوقم بوون لە ناو کەش و هەوای دەق، مەودایەک لێی دوور دەکەوێتەوە و لە جیاتی خوێندنەوەی وردبینانە بۆ دۆزینەوەی شاکارە لە پەردوودا شاردراوەکان، خوێندنەوەیەکی کەلێنپشکنانە پەیڕەو دەکا. ئەگەر بکرێ بڵێین خوێندنەوەی جۆری یەکەم، خوێندنەوەی سەرخۆشانەیە، دەکرێ بڵێین خوێندنەوەی جۆری دووهەم خوێندنەوەیەکی لاسارانەیە.

جاری وایە ڕەخنەگر هێندە کارامەیە لە تاقە خوێندنەوەیەکدا هەر دوو ستراتێژی پێکەوە ڕەچاو دەکا و لە ئەنجامی ئەم چەشنە خوێندنەوەیەدا دەقەکە بە دیاردەیەکی حەجمدار و خاوەن قەبارە دەبینێ و جاری واشە لەوانەیە بە چەندین جار خوێندنەوەی لەسەر دەق دەبێ و هەر جارەیان ستراتێژییەک، لەم دوو ستراتێژییانەی باسیان لێکرا، ڕەچاو بکا و لە خوێندنەوەی دواییدا، ستراتێژییەکان تێکەڵ بکا. هەموو ئەو کەسانەی کاری ڕەخنەیان کردووە، بە ئاگایانە یان نابەئاگایانە، ئەم ئەزموونەیان تێپەڕاندووە. کەواتە ئەو قسانەی من، دەکرێ باری وەسفیشیان هەبێ و بۆیان هەیە باری دەستووریشیان هەبێ. ئەم گوتانە لە پلەی یەکەمدا وەسفین. واتە من چ ڕێ و شوێنێکی تازەی ڕەخنەگرانەم دانەهێناوە. هەر هێندەیە بە وردبوونەوە لەو شێوازانەی ڕەخنەگر لە کاتی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی دەقێکی ئەدەبی ڕەچاوی دەکا، شێوەی خوێندنەوەکەیم، وەسفکردووە. لە پلەیەکی خوارتردا دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی ئەزموونی ڕەخنەکاری دەقی ئەدەبییان نییە، ئەم قسانە لایەنێکی نۆماتیڤ یان



دەستووریشیان هەبێ. ئێستا ئیزنم پێ بدە بادەمەوە بۆ لایەنێکی دیکەی ئەم باسە. باسی ئەوەم کرد کاتێک ڕەخنەگرێک لە خوێندنەوەکەیدا، هاوکات دوو پڕەنسیبی هاوکاریی ئێجگار پارێزراو و وەلانانی هاوکاری، ڕەچاو دەکا، دەقەکە بە شێوەیەکی حەجمدار و خاوەنی قەبارە دەبینێ. من دەمهەوێ لەسەر خوازەی «حەجمدار دیتنی دەق» پێداگرم. تۆ لە تاریکاییدا، دیاردەکان یان بەدی ناکەی یان وەکو پەڵەیەکی یەکدەست دەیانبینی. کاتێکیش ڕووناکایی ئەوەندە زۆرە کە چاوت بەشەوارە دەخا، هەر ئەم پێودانگە لە گۆڕێدایە. بەڵام کاتێک نوورێکی ئاسایی هەیە، دیاردەکان بە خاوەن قەبارە و حەجمدار دەبینی و «سایە ـ ڕۆشنەکان»، لەنێوان تاریکایی ڕووت و ڕووناکایی ڕووتدا، زنجیرە پلەیەکی تاریک و ڕوونت بۆ ساز دەکەن.

من پێموایە ئەم بۆچوونە، تەنانەت لە حوکم دەرکردنی ساکاری ڕۆژانەشماندا سەبارەت بە چۆنیەتی خوێندنەوەی دەق، بەکاربوون و لە زەبربوونی خۆی دەسەلمێنێ.

با وای دابنێین کابرایەک دێ و سەر لەبەری دیوانی نالی دەخوێنێتەوە و هەموو ئەو دیوانە، بەیت بە بەیت وەکو یەک بە شاکار لە قەڵەم دەدا. بێگومان لە خوێندنەوەی ئەو کابرایە دەکەویە شک. بانگی دەکەی و بەتاقی دەکەیەوە. سەرەتا ئەم دوو بەیتەی خوارەوەی لە دیوانەکەدا بۆ دەخوێنییەوە:

***لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان***
***بەیانیدا سفیدەی باغی سێوان***
***لە خەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەر وەکو شێت***
***بە ڕووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان***

کابرا بە شاکاری دەزانێ. ئینجا ئەم دوو بەیتەی خوارەوەی هەر لەو دیوانە بۆ دەخوێنییەوە:

***لایەک زەبانییە لە سەروکاری نارە، نار***
***هەل من مزید، زوبانییە وەک ماری ئەژدەرە***
***لایێکی کەش لە جەننەت و ڕیزوان تەدارەکە***
***حۆری ئەوا بە مونتەزیری دێنە مەنزەرە***

کاتێک لێی دەپرسی ئایا لە جوانی و ناسکی و ڕەوانیدا، ئەم بەیتانەش هەروەکو ئەوانەی پێشوون، وەڵامت دەداتەوە بەڵێ وەکو یەک جوان و ناسکن! ئاخۆ بەرامبەر بەم خوێنەرە و بەرامبەر بەم شێوە خوێندەوەیە، رات چۆن دەبێ؟ بێگومان دەزانی ئەم خوێنەرە چاوی بە شەوارە کەوتووە.

یان دەبینی کەسێک هەموو شیعری هێمن، بە هوتاف کێشانێکی ناشاعیرانە لە قەڵەم دەدا. دیسان بانگی دەکەی و ئەم جووتە بەیتانەی خوارەوەی بە جیا بۆ دەخوێنییەوە:

***خـــاین، خوێـــڕی، درۆزن، بەدفـــەڕ، شـــەڕانی، سەرشـــۆڕ***
***پیـــاوکوژ، تاوانبـــار، ڕووڕەش، ناکـــەس، ملـــهوڕ، دیکتـــاتۆڕ***
***خەڵـــکی ئێـــران بـــەدەس تـــۆ کـــران زیندەبـــەگۆڕ***
***ئـــەوە تـــۆی لێـــت قـــەوماوە، دەریـــان پەڕانـــدووی هـــەی گـــۆڕ***

❀

***ئەگـــەرچی شـــەو درەنگـــە ســـاقی بـــۆم تێکـــە کـــەمێکی تـــر***
***کـــەوا ئەمـــشەو ســـەری هەڵـــدا لـــە ناخمـــدا خـــەمێکی تـــر***
***لـــەبادە ئـــەم ژەمـــە تێـــرکـــە مـــنی تینـــووی جگەرســـووتاو***
***بـــەچی دیـــارە کـــە دەبیبـــنم شـــەوێکی تـــر، ژەمێکـــی تـــر***

ئەگەر ئەم کەسە پێت بڵێ، ئەم دوو جووتە بەیتە، وەکو یەک ناشیعرن، لە بارەی خوێندنەوەکەیدا چ رایەکت دەبێ؟ بێگومان پێتوا دەبێ ئەم خوێنەرە لە تاریکاییدا بۆ دیاردەکان دەڕوانێ.

راستە هەندێ جار ئەوە دەقە وات لێدەکا یەکێک لەو دوو ستراتیژییە بە سەر ئەوی دیکەدا زاڵ بکەی، بەڵام ئەوە جیاوازی ئەو دۆخەی تۆ لە سەرەتای خوێندنەوەی هەر دەقێکدا، زاڵبوونی یەکێک لەم ستراتیژییانە، بێ ئەم لا و ئەو لا، قبووڵ بکەی.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئەگەر بمانەوێ رەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبی بخەینە دوو تای تەرازووی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنەوە، تۆ چۆنیان پێناسە دەکەی؟



**ڕەهبەر مەحموود زادە**: من پێموایە تیۆریی ئەدەب وەکو چوارچێوەیەک وایە کە رێزمانی چەندەها زمانی جیاجیا بۆ ئاخافتن لە ناو خۆیدا کۆ دەکاتەوە. بەڵام رەخنەی ئەدەبی وەکو وتووێژێکی تایبەتی وایە کە بە کەڵکوەرگرتن لە رێزمانی یەکێک لەو زمانانە، بەڕێوە دەچێ. کەواتە چوارچێوەی هەڵگری رێزمانەکان چوارچێوەیەکی گشتییە و دیالۆگەکەش، تایبەتە و لە ناو چنراوە (بافت)ێکی دیاریکراودا دەکرێ. تیۆریی ئەدەب کۆمەڵەی ئەو باسوخواسانە لە خۆی دەگرێ کە لە چاخی ئەفلاتوونەوە هەتاکو دەگاتە دریدا، لە بارەی چییەتی دەقی ئەدەبی و چۆنیەتی خوێندنەوەی هاتوونە ئاراوە. رەخنە بریتییە لە بەکارهێنانی یەکێک لەو تیۆرییانە بۆ خوێندنەوەی دەقێکی دیاریکراو. هەڵبەت دەبێ ئاماژەش بەمە بکەم کە زۆر جار ئێمە لە بەکارهێنانی مەجازیدا «رەخنەی ئەدەبی»، لە جیاتی «تیۆریی ئەدەب»یش بەکاردێنین و بۆ نموونە باسی «رەخنەی ئەدەبیی پێکهاتە خوازانە» یان «رەخنەی ئەدەبیی فێمینستی» دەکەین. دیارە ئەم کەڵکوەرگرتنەش، کەڵکوەرگرتنێکی چەسپاوە.

خاڵی شیاوی سەرنج لەم بارەیەدا ئەوەیە کە نە ئاخافتن بە بێزانینی رێزمان دەکرێ و نە رێزمانیش بە بێگەیشتن بە ئامانجی بەکارهێنانێکی تایبەت، سەنگ و زەنگێکی ئەوتۆی دەبێ.

لەم پێشەکییەوە دەتوانین بگەین بە دوو مەبەستی سەرەکی:

یەکەم: لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد کە تیۆریی ئەدەب وەکو بوارێکی لە خۆگری لایەنی زانستی، بوارێکی تەواو بەرخۆرە. ئەو سروشتەش، بێکەڵکی نەکردووە، بەڵکو زۆر هەڵسووڕ و بەکاریشی کردووە. بەڵام من پێموایە کاتێک رەخنە لەسەر بەرهەمێکی دیاریکراو دەنووسرێ ئەم دەقە رەخنەیە، ئەگەر دەقێکی سەرکەوتوو بێ، تایبەتمەندییەکی تەواو بەرهەمهێنەرانەی هەیە.

بەرهەمهێنەربوونی دەقی رەخنەیی لەگەڵ بەرهەمهێنەربوونی زانستەکانی گۆڕین جیاوازی هەیە، لێرەدا بەرهەمهێنبوون بەندە بەلایەنی هونەری و ئەدەبی دەقی رەخنەیی و بە رێژەیەکی زۆر کەمتریشەوە بەندە بەو کەڵکەی بۆ هەندێک بواری زانستی وەکو زمانناسی دەیبێ.

هەر بەرهەمێکی هونەری، بە حوکمی ئەوەی هونەرییە، شوێنەوارێکی بەرهەمهێنەرە. لە بیرمان بێ کاتێک ئەرستۆ جۆرەکانی حیکمەت دابەش دەکا، بێجگە لە حیکمەتی نەزەری و حیکمەتی عەمەلی، باسی حیکمەتی بەرهەمهێنیش دەکا کە هونەرەکان دەگرێتەوە.

لێرەدا بەرەورووی پێویستی سازبوونی جۆرە هاوسەنگییەکی دیکە لە دەقی رەخنەییدا دەبینەوە، لایەنی ئەدەبی و هونەری دەقی رەخنەیی، لە رووی بەرهەمهێنەربوونەوە، قەرەبووی بەرخۆربوونی تیۆریی ئەدەب دەکاتەوە.

دووهەم: رەخنە دەبێ بپەرژێتە سەر ئەو فەردانییەت و تاکایەتییەی دەقێکی ئەدەبی دیاریکراو هەیەتی. تیۆریی ئەدەب بە حوکمی ئەوەی خاوەنی لایەنێکی زانستییە، تاکایەتی دەقەکان، بە قازانجی دۆزینەوەی یاسا و رێسا گشتییەکان لەبیر دەکات. تیۆریی ئەدەب لە بەرزترین ئاستی لێکۆڵینەوەکانیدا، بە نیازی روونکردنەوەی چەمکی «ئەدەبییەت»ە، واتە ئەو جەوهەرەی، کە هەموو دەقە ئەدەبییەکان پێکەوە کۆ دەکاتەوە و لە دەقە غەیرە ئەدەبییەکانیان هەڵدەوێرێ، دیارە چەمکی وەک ئەدەبییەتیش هەر بەتەنیا، زۆر لەوە دەرهەستتر و ئینتزاعیترە کە بتوانێ بە شێوەیەکی کۆنکرێت و ئیئزیمامی، باسێک لەسەر دەقێکی دیاریکراو بکا کە هەر بە تەنیا لە بارەی ئەم دەقە دەسنیشان کراوەدا وەڕاست بگەڕێ. ئەوەی راست بێ من پێموایە ئێمە خراپ لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم چەمکە گشتییانەی تیۆریی ئەدەب گەیشتووین.

ئەدەبییەت ئەگەر چەمکێکی گشتی بێ و لە هەموو دەقە ئەدەبییەکاندا وەبەر چاو بکەوێ، لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا، بە کۆدێکی تایبەت دەدۆزێتەوە کە ئەم کۆدە تایبەتە، پێودان و مەرجەکانی ئەم دەقە جیای دەکاتەوە لە کۆدی دەقەکانی دیکە. رەخنەگر لە کاتی نووسینی رەخنە، خەریکی دۆزینەوەی ئەم کۆدە تایبەتە لەناو چنراوەی دەقە دیاریکراوەکەدا دەبێ. دیارە باسەکانی تیۆریی ئەدەب، زۆر لەوە گشتیترن کە بپەرژێتە سەر دیاریکردنی دانە دانەی ئەم کۆدانە کە ئەدەبییەتی دەقەکانیان پێ ئاشکرا دەبێ. بەڵام تیۆریی ئەدەب ئاڕاستە گشتییەکانی ئەم شێوە کۆد دۆزینەوەیەمان پێ نیشان دەدا. بۆ ئەوەی قسەکانم بە بێبەڵگە نەکردبێ، بە هێنانەوەی نموونەیەک پشت راستیان دەکەم.

دیارە یەکەم جار فۆرمالیستەکانی رووس بوون کە ئەم پرسیارە بنەڕەتییەیان هێنایە ئاراوە کە چ هۆکارێک دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی غەیرە ئەدەبی جیا دەکاتەوە. وەڵامی وان لە قۆناخی یەکەمدا، «ئەدەبییەت» بوو. ئەوە ئەدەبییەتی دەقێکی ئەدەبییە کە ئەم دەقە لە دەقەکانی تر هەڵدەوێرێ. بەڵام ئەم وەڵامە هێشتا وەڵامێکی قەناعەتهێن نییە، چونکە جارێ دیار نییە ئەم ئەدەبییەتە چییە کە لەناو دەقی ئەدەبیدا هەیە؟ بۆیە فۆرمالیستەکان پرسیارێکی تازەتریان هێنایە گۆڕێ چ هۆکارێک لە دەقی ئەدەبیدا دەبێتە هۆی وەدیهاتنی



ئەدەبییەت؟ وەڵام، ناسیاوی سڕینەوە بوو، زمانی دەقی ئەدەبی بە پێچەوانەی زمانی ئاسایی، زمانێکی شەفاف نییە و ناسیاوی لێ سڕدراوەتەوە، بەڵام دیسان دەکرێ پرسیار بکرێ ناسیاوی سڕینەوە چۆن لە ناو دەقدا جێبەجێ دەبێ. ئەم جارە وەڵامی وان ئەوە بوو، کە بەکارهێنانی زۆری تەکنیکە ئەدەبییەکان و سەنعەتە زمانییەکان، ئەدەبییەت دەبەخێشتە دەقی شیعری، بۆ نموونە شیعری کلاسیک هەم کێشدارە و هەم سەروادار، کەواتە ئەدەبییەت دەدا بە شیعر و لە دەقی غەیرە ئەدەبی جیای دەکاتەوە، بەڵام کاتێک فۆرمالیستەکان ویستیان هەر ئەم پاساوە بۆ ئەدەبییەتی دەقی چیرۆکیش بەکاربێنن، تووشی گرفتبوون، چونکە سەنعەتە زمانییەکان بەو خەست و خۆڵییەی لە شیعردا کەڵکیان لێوەردەگیرێ، هەرگیز لە چیرۆکدا دەکار ناکرێن، هەر وەکو ئاماژەیەکی روونکەرەوە، دەڵێم خۆ لە چیرۆکی کلاسیکدا، نە لە کێش کەڵک وەردەگیرێ و نە لە سەروا، کەواتە ئەدەبییەتی دەقی چیرۆک نابێ بەند بێ بە بەکارهێنانی بەلێشاوی سەنعەتە زمانییەکان، ئەدی ئەدەبییەتی چیرۆک بەندە بە چ هۆکارگەلێک؟ فۆرمالیستەکان، جیاوازبوونی گەڵاڵە لە داستان، بە هۆی ناسیاوی سڕینەوە و لە ئەنجامدا بە هۆی ئەدەبییەتی دەقی چیرۆک دەزانن. لە چیرۆکێکی پۆلیسیدا، ئەگەر داستانەکە چۆن روویداوە بە گەڵاڵەش هەر ئاوا رێکبخرێ، گێڕانەوەکە، کێشێکی ئەوتۆی نابێ، بەڵام عادەتەن گەڵاڵەکە وەها رێکدەخرێ هەتا بەو جیاوازییەی کە لەگەڵ رەوتی واقیعی رووداوەکان هەیەتی، خوێنەر پتر بخاتە دڵەڕاوکێ و پرسیارکردنەوە.

ئێستا من دەمهەوێ ئەنجامێکی زۆر گرینگ لەم باسە وەربگرم، وەک دیارە سەرەتای باسەکەمان، بابەتی ئەدەبییەت بوو. بەڵام کاتێک بە جیا هاتینە سەر دەقی شیعر و دەقی چیرۆک، دیتمان کە لەناو هەر کامیاندا، ئەدەبییەت بە جۆرێکی تایبەت وەڕاستگەڕا. لە شیعردا بە هەندێک تەکنیک و سەنعەتی زمانی و لە چیرۆکدا بە هەڵبژێررانی گەڵاڵەیەکی هونەری، من پێموایە ئەم رەوتە لەوە زیاتریش دەتوانێ درێژەی هەبێ. دابەشکردنی دەقە ئەدەبییەکان بەسەر دەقی شێعری و دەقی چیرۆک، دابەشکردنێکی زۆر گشتییە، هەرچی خەسڵەتە تایبەتییەکانی دەقێک زیاتر وەدیارکەوێ و رێژەی تاکایەتی دەقەکە، زیاتر بێتەوە، چۆنیەتی وەڕاستگەڕانی سروشتی بنەڕەتی ئەدەبییەت لە ناو دەقدا، شێوەیەکی تاقانەتر بو خۆی دەستەبەر دەکا، بۆیە دەڵێم ئەدەبییەت لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا، بە هۆی کۆدێکی تایبەتەوە دەسنیشان دەکرێ.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئایا رەخنەگر تەنیا پردی پێوەندی نێوان دەق و خوێنەرە یان بۆشی هەیە دەست لە تێڕوانینەکانی خوێنەر وەربدات و تەنانەت هەندێ جار هەڵیانوەشێنێتەوە. ئایا رەخنەگر، جیهانی ئەدەب راڤە دەکات یان دەیگۆڕێ (ئاماژە بە قسەکەی مارکس). ئایا رەخنەگر نەخشەی رابردوو دەخوێنێتەوە یان گەڵاڵەداڕێژی داهاتووە؟

**ڕەهبەر مەحموود زادە**: بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە کۆتایی پرسیارەکەوە دەست پێدەکەم. رەخنەگر، جیهانی ئەدەب بە راڤەکردنەکەیەوە یان بە گوتەیەکی تەواوتر بە رەخنەکارییەکەیەوە دەگۆڕێت، بە دەربڕینێکی تر بە بڕوای من، نووسینی دەقێکی رەخنەیی لەسەر دەقێکی ئەدەبی، عەینی گۆڕینی ئەم دەقەیە. دیارە ئەگەر ئێمە وەکو «نووسراوەی سەر کاغەز» بڕوانینە دەق (وەک ئەو روانینەی رەخنەگرانی قوتابخانەی رەخنەی نوێ بۆ دەقیان بوو) ناتوانین راستیی ئەم بۆچوونەی گۆرین بسەلمێنین. بەڵام لە راستیدا، دەقی ئەدەبی زۆر بەربڵاوترە لەوەی هەر بە تەنیا وەک نووسراوەی سەر کاغەز چاوی لێ بکرێ، تۆ دەقێکی وەک $t_1$ت لەبەر دەستدایە و رەخنەیەکی سیستماتیکی وەک $c$ لەسەر دەنووسی، دوای نووسرانی رەخنەی $c$ لەسەر دەقی $t_1$، ئەم دەقە ئیتر دەقەکەی پێشوو نییە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بووە بە $t_2$. من دەڵێم ئەو «بوف کور»ەی ئەمڕۆ لەبەر دەستی ئێمەدایە، هەمان ئەو «بوف کور»ە نییە کە سادق هیدایەت لە هیندستان نووسی.

دیارە ئەم دەربڕینە، دەربڕینێکی خوازەیی نییە، کە بمانەوێ بە هۆیەوە تەمسیلێک بۆ کاری نووسینی رەخنە بدۆزینەوە. زماناسێک بە ناوی هالیدەی دەڵێ، دەقی ئەدەبی، بە درێژایی زەمان، هەندێک دەقی دیکە (کە ئەو ناوی «دەقی ئەقماری» یان «دەقی پەیڕەو»یان لەسەر دادەنێ) لە ناو خۆیدا کەڵەکە دەکا، ئەم دەقانە بریتین لەو راڤە و شەرح و رەخنانەی لەسەر دەقە ئەدەبییەکە نووسراون. هالیدەی دەڵێ ئەگەر بمانەوێ بزانین دەقی ئەدەبی چۆن خاوەنی ئەو مانایەیە کە هەیەتی و چۆن ئەو بایەخەی هەیەتی وەدەستی هێناوە، دەبێ لە تەتڵەکردنەکانماندا (explanation)، حیساب بۆ بۆچوونی کەسانی دیکەش لەبارەی مانای دەق و ئەو بایەخەی هەیەتی بکەینەوە، ئەو پێیوایە هەرچی دەقە، بێجگە لە دەقە کڵێشەییەکان، ئۆبژەیەکی تێکچنراوە. دەقی ئەدەبی لە زەماندا پەرە دەستێنێ و هەندێک لایەنی تازە بە لایەنەکانی زیاد دەبێ و دەبێتە خانەخوێی هەندێک دەقی تر کە ئەگەر ئەم نەبوایە ئەوانیش بوونیان نەدەبوو. ئا لێرەدایە کە من پێموایە هەڵەیە ئەگەر بڵێین رەخنەگر پردی نێوان دەق و خوێنەرە، چونکە لەم روانینەدا وا دانراوە کە ئاسۆی مانایی دەق و



تێگەیشتنی خوێنەر هەر کامەیان بوونێکی سەربەخۆیان هەیە و رەخنەش بوونێکی سەربەخۆی دیکەی جیا لە هەر دوو بوونی گۆرین هەیە و دەبێتە پردی پێوەندیی نێوان دەق و خوێنەر.

بە بڕوای من رەخنە، گۆڕان بە سەر ماهییەتی دەقی ئەدەبیدا دێنێ و هەر بۆیە رەخنەکان بە درێژایی زەمان دەبن بە بەشێک لە دەقە ئەدەبییەکە، دەقی ئەدەبی بریتییە لە نووسراوەی سەر کاغەز بە ئیزافەی هەموو ئەو دەقە رەخنەییە کاریگەرانەی لەسەری نووسراون.

حەز دەکەم ئەم سروشتەی رەخنەی ئەدەبی، لە بارێکەوە لەگەڵ سروشتی علوومی تەبیعی هەڵسەنگێنم. لە علوومی تەبیعیدا، زانایان بە دوای دۆزینەوەی تەتڵەکردن بۆ دیاردەکانن، دیارە لەبەر ئەوەی دیاردەیەک دەکرێ زیاتر لە تەتڵەکردنێکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوان دواجار بە شێوەیەکی زانستی کاری هەڵبژاردن لە ناو تەتڵەکردندا بەڕێوە دەبن و باشترین تەتڵەکردن هەڵدەبژێرن. بەم کارە دەڵێن ئیستنتاجی باشترین تەتڵەکردن ( Inference to the best explanation). لە بواری علوومی تەبیعیدا، عادەتەن هەڵبژاردنی یەکێک لە تەتڵەکردنەکان، بە مانای وەلانانی تەتڵەکردنەکانی دیکەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەقی ئەدەبی هەندێک دەقی پەیڕەو ـ کە بریتین لە شەرح و راڤە و رەخنە ـ لەخۆی دەگرێ، بە درێژایی زەمان هەندێک تەتڵەکردن لەناو خۆیدا کەڵەکە دەکا. کەواتە دەکرێ بڵێین لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا، هەموو کات تەتڵەکردنە تازەکان، لەسەر تەتڵەکردنەکانی پێشوو دادەمەزرێن.

ئەم گۆڕانەی رەخنەگر، بەسەر دەقی ئەدەبیدا دێنێ، جیاوازە لەو گۆڕانەی فەیلەسووفێکی مارکسی دەیهەوێ بەسەر جیهانیدا بێنێ. مارکس دەیگوت فەیلەسووفان بەر لە من هەر بەتەنیا بە نیازی لێکدانەوەی جیهان بوون، من دەمهەوێ جیهان بگۆڕم، کەواتە ئەو بڕیارەی مارکس، چۆنیەتی فەلسەفەکەشی دیاری کرد، بەڵام کاتێک رەخنەگر، رەخنەیەک لەسەر دەقی ئەدەبی بەرهەم دێنێ، بڕیار بدات یان نا، پێی خۆش بێ یان پێی خۆش نەبێ، گۆڕانی بەسەر دەقە ئەدەبییەکەدا هێناوە و کردوویە بە دەقێکیتر. لە روانینی مارکسدا، گۆڕینی جیهان، شتێکی جیا لە راڤەی جیهانە. بەڵام لە رەخنەی ئەدەبیدا، راڤەی دەق، عەینی گۆڕینییەتی. کەواتە رەخنەگر لەیەک کاتدا، نەخشەی رابردوو دەخوێنێتەوە و گەڵاڵە داڕێژی داهاتووشە.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **ئەگەر ئەرکی تەئویل دۆزینەوەی مانای بەرهەمی ئەدەبی بێ، ئەرکی رەخنە دەشێ چی بێ؟ ئایا تەئویل خۆی پاژێکە لە کاری رەخنەیی یان رەخنە بەشێکە لە کاری تەئویل؟**

**ڕەهبەر مەحموود زادە**: تەئویل بەشێکە لە کاری ڕەخنەی ئەدەبی، ئەگەر دەق ڕاڤە هەڵگر بێ، زەحمەتە ڕەخنەیەکی باش لەسەر ئەم دەقە بنووسرێ، بە بێ ئەوەی ڕاڤەیەکی باشمان لە دەق لەبەر دەستدا هەبێ، بەڵام ئەوە شێوازی ڕەخنەیە بۆت دیاری دەکا ڕاڤە تا چ ڕادەیەک لە ڕەخنەکەتدا دەوری دەبێ، لەوانەیە لە نووسینی ڕەخنەیەکدا، ئامانج، بە دەستەوەدانی ڕاڤەیەکی تازە و ڕێتێچوو بێ، لەوانەیە لە ڕەخنەیەکی دیکەدا لەسەر بنەمای ڕاڤەیەکی دەسنیشانکراو، بتهەوێ لەسەر هەندێک لایەنی فۆرمێک و پێکهاتەیی دەق قسە بکەی، حوکم نییە لەم شێوە ڕەخنەی دواییدا، ڕاڤەکەش هی خۆت بێ، ئەگەر لە بیرتان بێ لە زمان هالیدەیەوە گوتمان سروشتی دەقی ئەدەبی بە چەشنێکە کە بە درێژایی زەمان هەندێک دەقی پەیڕەوی دیکە لەناو خۆیدا کەڵەکە دەکا. ئەگەر کەسێک ڕاڤەیەکی پتەوی لەسەر دەقێکی ئەدەبی نووسیوە، تۆ دەتوانی لەسەر بنەمای ئەم ڕاڤەیە، بۆ نموونە ڕەخنەیەکی فۆرمالیستی یان پێکهاتەخوازانە لەسەر دەقەکە بنووسی. جاری واش هەیە تۆ ڕاڤەیەکی خۆت دەکەیە بناغەی هەندێک تەتڵەکردنی ڕەخنەکارانە. بەڵام ئەم ڕەخنانەی هەر بەتەنیا دەیانهەوێ لێکدانەوە و ڕاڤەیەک لە دەق رابێنن، ئیتر ئەمڕۆ وەک نموونەی ڕەخنەی بەهێز ناناسرێن، لە کاتی کار کردن لە بواری لێکدانەوە و ڕاڤەدا، ئێمە لەمەڕ «چی گوتن»ەوە پرسیار دەکەین. دەق دەڵێ چی؟ بەڵام ئەو ڕەخنانەی بە دوای تەتڵەکردنی بووتیقایی دەکەون، لەسەر «چۆن گوتن» قسە دەکەن، کاتێک دەپرسی بۆ ئەم دەقە فلانە تایبەتمەندییە یان فیسارە کارکردەی هەیە، بۆ وەڵامدانەوە ناچارەکی دەبێ باسی چۆن گوتن بکەی. کەواتە ڕاڤەی هێرمینۆتیکی دەتوانێ نوختە دەسپێکێک بێ بۆ تەتڵەکردنی بووتیقایی.

ئێستا ئێمە زۆر چاک دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە باس و خواسی جۆراوجۆری کۆمەڵناسانە و دەروونناسانە و سیاسی و فێمینیستی و ڕەگەزی و... چۆن دێنە ناو هەرێمی ڕەخنەوە. ئەم باسانە بە دوو شێوەی جیاواز دێنە ناو باسوخواسی ڕەخنەییەوە:

یەکەم: لە کاتی ڕاڤەکردنی هێرمینۆتیکیدا

دووهەم: لە کاتی تەتڵەکردنی بووتیقاییدا

کەواتە هەر لەسەر بنەمای ئەم باسانە ئێمە دوو پرسیار دێنینە گۆڕێ و هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدەین.

ئەو باسانەی پێوەندییان بە جیهانی دەرەوەی ئەدەبەوە هەیە، چۆن دزە دەکەنە ناو ڕاڤە و لێکدانەوەکانی دەقی ئەدەبی؟



جاناتان کالێر دەڵێ هەرچی لێکدانەوەی دەقە، دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە «ئەم دەقە لە بارەی چیدایە؟» خاڵێکی شیاوی سەرنج ئەوەیە کە کالێر دەڵێ وەڵامی ئەم پرسیارە نابێ وەڵامێکی زێدە ئاشکرا و بەڵگەنەویست بێ، بۆ نموونە کەسێک پرسیار دەکا: «دەقی هاملێت لە بارەی چیدایە؟» ئەگەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێین «دەقی هاملێت لە بارەی شازادەیەکی دانیمارکیدایە» ئێمە نەمانتوانیوە یان نەمانویستووە بێینە ناو کایەی لێکدانەوە و ڕاڤەوە، بەڵام هەموو ئەم وەڵامانەی خوارەوە، نموونەی لێکدانەوەی تایبەت لە بارەی دەقی هاملێتن.

- دەقی هاملێت لە بارەی هەڵوەشانەوەی نەزمی جیهانی ئێلیزابێتدایە.
- دەقی هاملێت لە بارەی ترسی پیاوان لە هەوەسی جینسی ژناندایە.
- دەقی هاملێت لە بارەی شیاوی پشت پێبەستران نەبوونی نیشانەکانە.

هەر کام لەم وەڵامانە، باسەکەت بۆ بوارێکی تایبەت ئاڕاستە دەکەن. وەڵامێک باسەکە بۆ بەستێنی کۆمەڵناسی ئاڕاستە دەکا، وەڵامێکی تر، دەرگای باسوخواسی دەروونناسانە دەخاتە سەر پشت و...

من بە داکۆکی کردن لەسەر ئەم بۆچوونەی کالێر، دەمهەوێ بە شێوەیەکی نوێ دەریببڕمەوە، کاتێک کالێر دەڵێ وەڵامی ئێمە نابێ بەڵگەنەویست بێ، لە ڕاستیدا پێمان دەڵێ وەڵامی ئێمە نابێ لە قاڵبی گوزارەیەکی تەحلیلی یان شیکراو (analytic)دا بدرێتەوە، بەڵکو دەبێ زانیارییەکی تازەی لەمەڕ جیهانەوە لە خۆی گرتبێ، واتە لە قاڵبی گوزارەیەکی تەرکیبی یان لێکدراو (synthetic)دا بگوترێ.

گوزارەی شیکراو، شتێکی تازەت پێ ناڵێ و چەمکی مەحموول لە ناو چەمکی مەوزووعدا هەیە و بە شیکاری چەمکی مەوزووع دەگەی بە چەمکی مەحموول، بەڵام لە گوزارەی لێکدراودا، مەحموول، چەمکێکی سەربەخۆ لە چەمکی مەوزووعی هەیە.

ئێستا بۆچی گوزارەی «دەقی هاملێت لە بارەی شازادەیەکی دانیمارکیدایە» گوزارەیەکی شیکراوە؟ چونکە لە ڕاستیدا هەمانبێژی یان تۆتۆلۆژییە، تۆ هەر لە خوێندنەوەی یەکەم لاپەڕەکانی دەقی هاملێتدا دەزانی کە ئەم دەقە لەبارەی شازادەیەکی دانیماریکیدایە، کەواتە ئەم ڕستەیەی گۆرین لەڕاستیدا ئاوای لێدێ:

«دەقی هاملێت کە لەمەڕ شازادەیەکی دانیمارکییە، لەبارەی شازادەیەکی دانیمارکیدایە»

وەڵامەکانی دیکە بۆیان هەیە بە شێوەی خوارەوە بنووسرێنەوە و دیارە زانیاری تازەیان لەخۆ گرتووە:

ـ دەقی هاملێت کە لەمەڕ شازادەیەکی دانیمارکییە، لە بارەی هەڵوەشانەوەی نەزمی جیهانی چاخی ئێلیزابێتدایە.

ـ دەقی هاملێت کە لەمەڕ شازادەیەکی دانیمارکییە، لە بارەی ترسی پیاوان لە هەوەسی جینسی ژناندایە.

کەواتە بۆ ئەوەی بزانین راڤەکە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوا، سەرنج لە چەمکی مەحمووڵەکە دەدەین. دیارە بۆ نموونە مەحمووڵی «لە بارەی هەڵوەشانەوەی نەزمی جیهانی چاخی ئێلیزابێتدا بوون» لە جیهانی باسوخواسەکانی کۆمەڵناسانە، یان سیاسییەوە خواستراوە.

هەڵبەت لێکدانەوەکان هێندە ساکاریش نین بارتەقای رستەیەک بەرتەسک بنەوە، رەخنەگرێکی مارکسی بۆ دەربڕینی ئەم گوتەیە کە «فلانە دەقە لە بارەی کێشەی چینایەتیدایە» لەوانەیە لە روونکردنەوەی چۆنیەتیی پێوەندیی ژێرخان و سەرخان و هەروەها چۆنیەتیی پێوەندیی تێز و ئانتیتێز و سەنتێز و قسەکردن لە بارەی رەوتی بزاڤی مێژوو و زۆر شتی تریشەوە دەست پێ بکا و دوای شرۆڤەیەکی تێر و تەسەل، دواجار بگا بەم رستە باسکراوە.

ئێستا دەبێ وەڵامی پرسیاری دووهەم بدەینەوە: ئەو باسانەی پێوەندییان بە جیهانی دەرەوەی ئەدەبەوە هەیە، چۆن دزە دەکەنە ناو تەتڵە کردنی بووتیقاییەوە؟

لەم باسانەدا قسە لەوە دەکرێ چۆن پێکهاتەکانی دەرەوەی دەق، شوێن دادەنێنە سەر پێکهاتەکانی ناو دەق. بۆ نموونە ئەگەر تۆ پێت وابێ میکانیزمی شیعر، شوێن وەرگرتوو لە میکانیزمی ئەو پرۆسە نابەئاگایانەیە کە لە کاتی خەونبینینیشدا دەسەڵاتدارن، لەبەر ئەوەی لە بۆچوونەکانی فرۆیدتدا خوێندۆتەوە هێندەک ئەسڵی وەک تێکگوشراویی و شوێنگۆڕکێ و ئەسڵی ئەندێشەی وێنەیی بەسەر مێکانیزمی خەوندا زاڵن، کەواتە دواجار لە ناو شێعریشدا بە دوای وەڕاستگەڕانی ئەم ئەسڵانە دەکەوی. یان لە پێکهاتەخوازی رسکانەییدا ( genetic structuralism)دا تۆ بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێی کە چۆن ئاڵوگۆڕی ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان، شوێن دادەنێنە سەر پێکهاتەی دەقی ئەدەبی. بۆیە دەڵێین ئەم باسانە دوو جەمسەرین، جەمسەرەکەی تریان هەرچی بێ، جەمسەرێکیان دەچێتە ناو دەق و چۆنیەتیی دەقگرتنی فۆرم و پێکهاتەی ناو دەق، هەر لەبەر ئەوەیە کە بۆ نموونە ئەگەر



کەسێک هەر بە تەنیا لە باسوخواسەکانی دەروونناسیدا شارەزا بێ و شارەزای باسەکانی دەقناسانە نەبێ، ناتوانێ رەخنەیەکی دەروونناسی لەسەر بەرهەمێکی ئەدەبی بنووسێ. یان بیرمەندێکی مارکسی هەرچەندە لە شیکاری مارکسی بزانێ، دواجار دەبێ ئەزموونێکی باشی ناسینی دەقی ئەدەبیشی هەبێ.

من پێموایە لەم پێودانەی دووهەمدا، واتە کاتێک رەخنەگر دەیهەوێ لە چۆنیەتی شوێندانانی فاکتەرەکانی دەرەوەی دەق لەسەر داڕشت و پێکهاتەی دەق بکۆڵێتەوە، راڤە بە شێوەیەکی ئاڕاستەمەندتر لە خزمەتی رەخنەدایە، لە پێودانی یەکەمدا، کاتێک باسەکانی دەرەوەی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی بۆ لێکدانەوەی دەق بەکاردەهێندرێن، لەوانەیە باسەکە هێندە لە بابەتی دیکە ورد بێتەوە کە دەقەکەی لەبیر بچێتەوە و بە کردەوە بیکا بە پەراوێز.

سێپتەمبەری ٢٠٠٥

خەرمانانی ١٣٨٤

# عەقڵی مۆدێڕن و کۆمەڵگای کوردی

## لەگەڵ ڕێبوار سیوەیلی

**عەبدولخالق یەعقووبی: پێم خۆشە وەک پرسیاری یەکەم هەندێک لەو کەڵکەڵانەی کە پێموایە نەک هەر بۆ من، بەڵکو سەرجەم بۆ کۆمەڵگای کوردی و مرۆڤی کورد بە نیسبەت لەگەڵ جیهانی مۆدێڕنی ئەورۆ بە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانی لە ئارا دایە باسی بکەم، ئێمەی کورد وەک مرۆڤێکی رۆژهەڵاتی بە درێژایی مێژوو، بە ساتەوەختی ئێستاشەوە، جۆرە شەرمێکمان لە شک کردووە، کە رێگای پێ نەداوین بەردەوام بەردی گومان و دڕدۆنگی بخەینە گۆمی مەندی حەقیقەتە زاڵە باڵادەستەکانەوە، ئەم حەقیقەتانەی کە زۆرتریان ساختەی دەستێکی باوکانە بوون، لە شێوە تێڕوانینی ئێمەی رۆژهەڵاتیدا رەسەنایەتی دراوە بە لایەنی نەگۆڕی و مەندبوونی دیاردەکان و ئەم تێڕوانینە بە جۆرێک لە جۆرەکان حاشاکردن بووە لە بزاڤ و گەڕیان و گۆڕانکاری، کەچی لە رۆژئاوا و لە فیکری مرۆڤی قۆناغی رۆشەنگەری ئەوەی رەسەنە، زەمان و حەڕەکەت و گۆڕانە، واتە بە لەعنەت کردنی راوەستان و مەندی. بەڕاستی دەبێ چی بێ ئەو هۆکارانەی کە دوو رێگای نەک هەر جیاواز، بەڵکو دژواریشی خستە بەردەم ئەو دوو جەمسەرە فیکرییە. کامانەن ئەو دەلیلانەی کە رۆژئاوای گەیاندە بەردەم شۆڕشی فەڕانسە و شۆڕشی پیشەکاری و جیهانی مۆدێڕن و کۆمەڵگای مەدەنی و چەمکی لیبڕالیسم و رەفتاری دیموکراتیک و گوندی جیهانی، کەچی ئێمەی پاڵپێوەنا بەرەو توندوتیژیی ئایینی و حکوومەتی تۆتالیتێر و کۆمەڵگای عەشیرەتی و خووخدەی دیوەخانی و هتد...؟**

**ڕێبوار سیوەیلی:** خۆ بە دوورگرتن لە گومانداری، لەشک، خەسڵەتی ئەو کۆمەڵگایانەیە و لەگەڵیا خەسڵەتی ئەو مرۆڤانەیە کە بێ متمانەن بە خۆیان. بێ متمانەیی مرۆڤ بە خۆی، ئی مرۆڤ و شارستانییەتێکە کە خۆی لە شک، لە گومانکردن، لە دوودڵی بە دوور دەگرێ، ئێمە لێمان تێک نەچێ، مرۆڤێک کە بڕوای بە یەقین هەیە مرۆڤێکیشە کە لە هەمانکاتدا بێ بڕوایە بە مەوقعییەتی شارستانی و رۆڵی خۆی لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا کە تێیدا دەژی، ئەو مرۆڤە هەمیشە بەدووی پشتیوانێکی نەگۆڕدا دەگەڕێ کە ئەو بتوانێ لەسایەیدا بەو ئارامییە بگات، کە پێویستی پێیەتی، بۆوەی خۆی بەدوور بگرێ لە هەموو گۆڕانکارییەک و خۆی بەدوور بگرێ لە هەموو بزاڤێک کە ئەو بەرەو قۆناغێکی دیکە دەبات، یا گۆڕانێک لەودا دروست دەکا،



بەپێچەوانەوە مرۆڤی گوماندار مرۆڤێکی بێ ئۆقرەیە، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤێکە پرسیاری هەیە، مرۆڤێکیش کە پرسیاری هەیە، دنیا وەک ئەوەی کە هەیە قەبووڵ ناکا، بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە جیهانی دەوروبەری و خۆشی بکاتە ئەو جیهانەی کە ئەو پێویستی پێیەتی، بیکاتە ئەو جیهانەی کە ئەرزشی ئەو وەک مرۆڤێک تێیدا پارێزراوە. ئالێرەوە تەماشا ئەکەین مێژووی گومانکاران، مێژوویەکە پڕ لە چەوسانەوە، مێژوویەکە پڕ لە تۆمەت بارکردن، لە کاتێکدا مێژووی یەقینکاران مێژوویەکە پڕ لە دڵنیایی و زۆرجار پڕ لە ئارامییەکی گێلانە و مێژوویەکە لە ناکۆکی بەدەرە، لە کاتێکدا لە پرسیار خاڵییە. لە کاتێکدا، مێژوو کاراکتەری خەڵکانی گوماندار یا شارستانیەتە گوماندارەکان، مێژوویەکە کە هەمیشە پرسیارکردن داینەمۆ و ئینرژییەک دەدا بە ئەو مرۆڤە و ئەو کۆمەڵگایە تا خۆی تازە بکاتەوە، بەدبەختانە ئێمە لەناو ژیارێکدا چاو هەڵدێنین کە زیاتر لەوەی پرسیارهەژێن بێت پرسیارکوژە، قەدەری ئێمە وەک مرۆڤی ئەم دەڤەرە بەوە دەستنیشانکراوە کە لە کۆمەڵگایەکدا بین بەرلەوەی لە دایک ببین هەموو ئەو رێچکە ژیانەی، ئەو قۆناغەی دەبێ پێیدا تێپەڕین لە پێش ئێمەوە، چەندین نەوە بە پێی کۆمەڵێک یاسای نووسراو و نەنووسراو دەستنیشانیان کردووە، تەنها رێگایەک لەبەردەمی ئێمە ئەوەیە کە بە باشترین شێوەی مومکین بۆ ئەو کولتوورەی ئێمە تێیدا پەروەردە بووین و لەسەر ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین، بتوانین ئەو یاسایانە - نووسراو و نەنووسراو - پڕاکتیک بکەین بۆ ئەوەی کە ئەو دڵنیاییەش بەدەست بێنین کە کۆمەڵگا خۆی پێمان ئەبەخشێ. بێگومان ئەوە کێشەی زۆری بۆ مرۆڤی دەڤەری ئێمە دروستکردووە، کە مرۆڤێکە لە بونیادی کاراکتەری خۆیدا یەقین دەچێندرێ، لە خیلالی پرۆسەیەکەوە کە ئێمە هەم ئەتوانین بە پرۆسەیەکی شارستانی ناوی ببەین و یەقین خوازەکانە و هەم ئەتوانین بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیشی ناوبەرین کە مرۆڤ تێیدا وەک تاکەکەس بەو شێوەیە پەروەردە دەکرێ کە هەمیشە پرسیارەکانی خۆی وەدوا بخا و هەمیشە دەست لە حەزە هەنووکەیی و ئێستاییەکانی خۆی هەڵبگرێ و هەمیشە لە چاوەڕوانی زەمەنێک دابێ کە بەهەر حاڵ لەو زەمانەدا ئەو وەکو جەستە بوونی نییە، وەکو رووح بوونی نییە. تەنیا زەمەنێکی خەیاڵکراوە، تەنیا زەمەنێکە کە تێیدا موژدەیەکی پێبەخشراوە، بەڵام هیچ نە موژدەبەخش دیارە و نە ئەو مرۆڤانەش کە ئەو موژدەیەیان وەرگرتووە، ئێمە لە بەینی ئەم دوو ئاراستەیەدا قەدەرێکی یەقینگەرا و پرسیارکوژ، قەدەرێکی لە هەمانکاتدا فەردانییەت کوژ دەستنیشانی رێچکەی ژیانمانی کردووە و پێموایە هەر ئەوەش بۆتە هۆی وەدواکەوتن و بە دڵگرتنی ترس لە هەموو

شێوازێکی مۆدێرنیزاسیۆن، ئەمەش هەم لە کایە زانستییەکانماندا و هەم لە کارکتەری شەخسیماندا ڕەنگیداوەتەوە.

ئێمە هەردەم بە پێی ئەو ساختار و پێکهاتە زەینییە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ دنیای دەوربەریشماندا ئەکەین، کە دیسانەوە پێداگرتن دەبێ لەو یەقینگەراییە و خۆ بە دوورگرتن بێ لەو گوماندارییە. لە ڕاستی مرۆڤی ئەم دەڤەرەی ئێمە، مرۆڤێکی وایە کە بە دوای سوورپرایز و ئەوەی کە پێی دەڵێن موفاجەئەدا ناگەڕێ. ئەو شتەکان پێشتر دەزانێ و پێشترشتەکانی پێ تەڵقین کراوە، ئەم جۆرە مرۆڤە چاوەڕێی گۆڕانی وای لێناکرێ، یا خۆناکرێ، بڵێین گۆڕان لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا نابێتە بزووتنەوەیەکی هەمە لایەنە. هەر بۆیەشە تازەگەرکان لەو کۆمەڵگایەدا هەمیشە مرۆڤی تەنیان، هەمیشە مرۆڤی بە پەراوێزکراون و هەمیشە ئەو تاکە کەسانەن کە بە چاوێکی نامۆ تەماشایان ئەکرێ، لە بیریشمان بێت خەسڵەتی گومانکاران و خەسڵەتی بێگانەکان لەیەکەوە نزیکە. گومانکارەکان لە هەمانکاتدا بێگانەشن، بێگانەکان لە هەمانکاتیشدا ئەوانەن کە لە دەرەوە هاتوون، بە میعیار و پێوەرەکانی ئەو شوێنەی تێیدا دەژین، هەر بۆیەشە بە چاوێکی تایبەتیش تەماشایان دەکرێ. ئێمە ئەگەر بڕوانینە مەسەلەن بزووتنەوەیەکی وەکو «سووفەستاییەکان»ی یۆنان بەوردی ئەو کێشە فکرییەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەوان لە کۆمەڵگای یۆنانیدا بە جۆرێک لە پەراوێزدا بوون، لە کاتێکدا کە هەڵگری پرۆژەیەکی گەورەی هیومانیستانەن. لەهەمانکاتیشدا لە ناو مێژوودا پەراوێز دەکرێن دەتوانم بڵێم ئەو چارەنووسە، چارەنووسی هەموو کەسێکە، کە دەیهەوێ پرسیار بکا، هەموو کەسێک کە لە گۆمی یەقینەوە دەیهەوێ بچێتە ناو دەریای پرسیار کردن، بۆ خۆی جۆرێکە لە جورئەت، لە تەحەمول کردنی ژیان وەک ئەوەی ئەیەوێ ئینسان بژی. یەقین جۆرێکە لە خوولانەوە لە بازنەیەکدا، وەک ئەوەی کە حەیوان بە شێوەیەکی گشتی پەسندی دەکات. حەیوان کائینێکە ناتوانێ پرسیار بکا، لەبەر ئەوەی کە لە بازنەیەکدا کە سروشت بۆی دەستنیشان کردووە دەسووڕێتەوە و ئیتر قەدری ئەو، کۆتایی ژیانی، لە سەرەتای ژیانییەوە دیارە و سەرەتای ژیانیشی هەنگاوی یەکەمە بۆ گەیشتن بە کۆتایی ئەو ژیانە. لە کاتێکدا ئینسان بە هۆی توانایییەکی بنەماییەوە کە عەقڵە دەتوانێ خۆی لەم بازنەیە ڕزگار بکا. بەڵام بۆچی ئینسانی ئەو دەڤەری ئێمە ئەم وزە سروشتییەی خۆی بەکارناهێنێ؟ ئەوە کۆمەڵێ بەڵگە و کۆمەڵێ ڕێگر هەن لەبەرابەر ئەو بەکارهێنانی عەقڵەدا، کە پێموایە لە هەمانکاتیشدا، ڕێگرن لەبەردەم خۆ تازەکردنەوەی ئەم مرۆڤەدا.



**عەبدولخالق یەعقووبی: ئێمە وەک مرۆڤی کوردی مۆدێڕن کێشەیەکمان هەیە بەناوی خوێندنەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەریت (ترادسیۆن) یان سوننەت، ئێمە حاشا لەوە ناکەین کە کورد ڕاستە پێشینەیەکی بووە، کە ڕەنگە لەگەڵ سەرهەڵدانی مەعریفەیەکی پرسیارکەر دژایەتی کردبێ، بەڵام لە هەمانکاتیشدا خاوەنی سوننەتێکین کە لەوانەیە کۆمەڵێک خاڵی باش و بە هێزیشی تێدابێت کە شایانی ئەوە بێ بیانخوێنینەوە و لێکیان بدەینەوە، بۆ نموونە لە بواری ئەدەبیاتدا ئەگەر ئێمە کەسێکی وەک نالی ـ کە جەنابیشت کتێبێکت لەسەر نووسیوە ـ لەبەر چاو بگرین، شیعری نالی بۆ ئەوڕۆی ئێمە سوننەتێکە شایانی خوێندنەوە، تەنانەت ئەگەر ئێمە بمانەوێ قۆناغێک لە قۆناغەکانی شێوە ڕۆشنبیریی سەردەمی نالی دەستنیشان بکەین ناچارین پشت ببەستین بە خوێندنەوەی شیعرەکانی نالی، ئێستا ئەو کێشەیە لە ئارادایە کە ئێمە دەشێ چۆن ڕووبەڕووبوونەوەیەکمان لەگەڵ سوننەت هەبێ؟ ئایا ئەگەر قەرارە لێکدانەوەیەک لەسەر سوننەت بکەین ئەو لێکدانەوەیە میکانیکی بێت یا دیالیکتیکی؟ ئەگەر نەفی و حاشاکردنێک لە گۆڕێدایە، ئایا حاشاکردنەکەمان میکانیکی بێت یا دیالیکتیکی؟ ئایا سوننەتی کوردی لەگەڵ عەقڵی ئەوڕۆی ئینسانی کورد ئەو وزە و تواناییەی تێدایە کە دیالۆگێک، وتووێژێک سازبێ لە نێوان ئەو دوو عەقڵە و لەو وتووێژەشەوە کۆمەڵێک خاڵی باش و بە سوود وەدەست بێ؟**

**ڕێبوار سیوەیلی**: من بۆ خۆم بڕوام وایە، کە مۆدێڕن دژ یا نەفیکەرەوەی سوننەت نییە، بەڵکو نەفیکردنەوەی ئەو تێڕاونینەیە کە سوننەت بۆ خۆی هەیەتی. لەهەمانکاتیشدا، ئەو تێڕوانینەیە کە سوننەت هەم لێوەی سەریهەڵداوە و هەم دەیهەوێ بشیپارێزێ. مۆدێڕنیتە لەو شوێنە لە سوننەت جودا دەبێتەوە کە تێکشکێنەرە، پرسیار لە سوننەت دەکات، بەڵام ڕەتی ناکاتەوە، من پێموایە ئالێرەوە ئەگەر بڕوانینە تێڕوانینی مەسەلەن چەند هەنگاوێکی، کە بۆ ئەدەبی کلاسیکی نراوە، کە ژمارەشیان زۆر کەمە، بەبڕوای من ئەوە نوێنەرایەتی کردنێکی باشی مۆدێڕنیتە نییە، کە ئێمە ئیدیعای ڕەتکرنەوەی سوننەت بکەین، بەقەدەر ئەوەی کە مۆدێڕنیتە خۆی ئەو تێڕوانینە، ئەو چوارچێوەیە بۆ سوننەت قایل نابێ کە سوننەت دەیهەوێ هەر تێیدا بمێنێتەوە. کەواتە مۆدێڕنیتە شتێکە لەهەمانکاتدا لە دەرەوەی سوننەت و لەیەک کاتیشدا بە پشتبەستن بە تێڕوانینێکی تایبەت بۆ سوننەت سەرهەڵدەدا، بە تایبەت لە بواری فیکری و ئەدەبیدا. ئێمە ناتوانین هیچ خوێندنەوەیەکی مۆدێڕنانەمان هەبێ بەپێی مێتۆدی نوێ، بۆ نموونە شیعری کلاسیکمان یا کولتووری سوننەتیمان، ئەگەر لە هەمانکاتیشدا پێیەکمان لە

سوننەتدا نەبێ، کەواتە ئەو پێوەندییە، پێوەندییەکی دیالیکتیکییە، کەواتە ئەو پێوەندییە، پێوەندییەکە کە ئەگەر سوننەت کانییەک بێ کە بۆی هەیە لە فەسڵێک لە فەسڵەکاندا وشک بکات، خوێندنەوەی مۆدێرنیتە بۆ سوننەت تەبدیل کردنی ئەو کانییەیە بە دەریایەک یان بە رووبارێک چۆن؟ بەوەی کە تۆ ناوت نا دیالۆگ یا گفتوگۆ لەگەڵ کردن، خوێندنەوەی مۆدێرن بۆ سوننەت خوێندنەوەیەکە یا وا چاکە خوێندنەوەیەک بێ لە ئیعتراف کردن بە پشکۆی ژێر خۆڵەمێشێکەوە کە لە سوننەتدا هەیە، سوننەت بە تەواوی مانایەکی مردوو نییە، بەڵکو یەکەیەکی خۆپارێزە، موحافیزەکارە، چۆن ئێمە بتوانین سوننەت لەو رۆحە خۆپارێزانەی رزگار بکەین و بە پێی سەردەم و ئیمکانییەتەکانی ئێستا ئاسۆیەکی تازە بۆ ئەو پرسیارانە دەستنیشان کەین، کە لە تێکستە تەقلیدی و سوننەتییەکانی ئێمەدا هەیە؟ ئەمە پێوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە چەندە راستگۆین لەگەڵ ئەم دیدەدا کە ناوی دیدی مۆدێرنە بەرەو سوننەت، یەکەم خاڵ، ئەم دیدە بەبڕوای من دیدێکی نەفیکەرەوە نەبێ، بەڵکو دیدێکی پێوەندی ئامێز بێ، دیدێک بێ کە لەسەر بنەمای گفتوگۆ کردن لەگەڵ رابردوودا دامەزرابێ، وەختێک ئێمە گفتوگۆ لەگەڵ رابردوو ئەکەین و سوننەت بەشێکە لە رابردوو، مەعنای ئیعترافە بەو رابردووە، من پێموایە ئالێرەدایە کە عەقڵانییەتێک سەرهەڵدەدا کە مەبەستی وەدەنگ هێنانی رابردووە نەک نەفیکردنەوەی. هەر لێرەش دایە کە ئەم عەقڵانییەتە، عەقڵانییەتێکی پێوەندخوازانەیە نەک تۆتالیتاریانە. عەقڵانییەتی تۆتالیتارانە ئەوەیە کە پێوەندی دەبەستێ لە پێناوی سڕینەوەدا، لە کاتێکدا عەقڵانییەتی چالاک یا رەخنەگرانە دەیهەوێ رابردوو وەدەنگ بێنێ لە پێناوی فراوانکردنی ئێستادا، ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە، کە ئێستای ئێمە هەمیشە لەچاو ئایندەیەکی کە دادێ، ئێستایەکی بەرتەسکە، کە ئێمە دەزانین ئایندە بەهەر حاڵ گۆڕانێکە، حاڵەتێکیتری مۆدێرن بوونە بە نیسبەت ئێستاوە. ئێمەش وەک مرۆڤی پرسیارکەر و رەخنەگر وەک مرۆڤێک کە تەنیا نایهەوێ لە بۆتەی ئێستادا سەقامگیربێ دەیهەوێ ئایندەسازیش بێ. لە مێژووی عەقڵی مۆدێرندا هەمیشە گەرایشێکیش هەیە بۆ دروستکردنی ئایندە و گەرایشێکیش هەیە بۆ خوێندنەوەی رابردوو، کەواتە ئەم خاڵە جەوهەرییە کە لە یەک کاتدا ئێمە پرسیار لە سوننەت دەکەین، لەهەمانکاتیشدا ئەو پشکۆی ژێر خۆڵەمێشانە دەگەشێنینەوە بۆ رووناککردنەوەی ئەم ئێستایەی خۆمان و لە پێناوی دروستکردنی ئایندەیەکدا کە مومکینە ئێمە تەنیا شانازییەکمان بۆ بمێنێتەوە. کەواتە من بە هیچ شێوەیەک پێم وانییە کە مۆدێرن بوون بازهەڵدانە بەسەر سوننەتدا، یا رەتکردنەوەی کوێرکوێرانەی



سوننەتە، ئەوەندەی کە بە دەنگ هێنانی سوننەتە، بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئێستامان لە پێناوی شتێکیتردا کە خەونەکان و یۆتۆپیاکانی ئێمەیە کە ئەشێت پێوەندییان بە ئایندەوە هەبێت. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە نە سوننەت بۆ هەمیشە دەتوانێ وەک سوننەت بمێنێتەوە، نە مۆدێرن بوونیش دەتوانێ بۆ هەمیشە بەرەهایی مۆدێرن بمێنێتەوە. سوننەت ناتوانێ لەبەر ئەوەی شتێک هەیە ناوی مۆدێرنە، مۆدێرنیش پێوەندی لەگەڵ سوننەت بەرقەرار دەکا و ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەنگ هێنانەوەی سوننەت. هەروەها لەحزەی ئێستاش ناتوانێ دەستەبەری مانەوەی ئەم لەحزەیە وەکو لەحزەیەکی مۆدێرن بکا لە چاو ئایندەدا، واتە زۆر ئاساییە کە لە ئایندەدا وەک سوننەت چاو لە کارەکانی ئێمە بکرێ، لە کاتێکدا ئێمە خۆمان ئێستا پێمان وایە کاری مۆدێرن دەکەین.

کرانەوە، دروستکردنی فەزایەکی گفتوگۆ، خۆ بە دوورگرتن لە عەقڵییەتی تۆتالیتارخوازی و ئامرازگەرایانە بە بڕوای من ئەو هەنگاوانەن یان ئەو پرەنسیپانەن کە رەخنەگری جیددی یا ئینسانی بیرکەرەوە رزگار ئەکەن لەوەی حوکمی موتڵەق و رەها بدات، خۆ بەدوورگرتنیش لە رەهاییگەریی، خۆ بەدوورگرتنە لەو یەقینخوازییەی کە باسمانکرد، لە هەمانکاتیشدا هەنگاونانە بۆ دنیای پرسیارکردن و بۆ دنیای گۆڕین و شوێندانەر کە پێوەندی بە قسەکانی پێشووەوە هەیە.

**عەبدولخالق یەعقووبی: باشە ئێستا با ئەو پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە هەر لە بنەڕەتەوە مۆدێرن بوون، کە ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە کە دەشێت لە ساتەوەختی ئێستادا بیکەین بەپرۆسەیەک و کاری لەسەر بکەین بۆ خوێندنەوەی سوننەت، چ شوناسێک هەڵدەگرێ؟ واتە بەڕای جەنابت ماهییەتی مۆدێرنییەت و مۆدێرن بوون لە چیدایە و نیسبەتی مۆدێرن بوون لەگەڵ ئێمەی مرۆڤی کورد، لەگەڵ ئێمەی نووسەر و رەخنەگر و رۆشنبیری کورد چۆنە؟ بەوتەیەکیتر ئایا وا هەیە مۆدێرن بوونی ئێمە لە ئێستادا بە نیسبەتی سوننەتی تایبەتی خۆمان لەگەڵ مۆدێرن بوونی رۆشنبیرێکی بیانی بە پێشینە و سوننەتی تایبەت بە خۆی جیاوازی هەبێت؟ لە رێگای ئەم پرسیارەوە دەمهەوێ وەڵامی ئەو پرسیارانەش بدەینەوە، کە هەندێ کەس پێیان وایە مۆدێرن بوون لە قەوارەی کۆمەڵگای کوردیدا دەبێت ماهییەتێکی تایبەتی کوردیشی هەبێت و مۆدێرن بوون بە شێوەیەکی بیانی رەنگە بەقیمەتی دەقاودەق وەرگرتنی کۆمەڵێک چەمکی بیانی تەواو بێت کە لەگەڵ رووحییەت و راستەقینەی کۆمەڵگای کوردی و ئینسانی کوردی نەخوێنێتەوە، ئێوە لەو بارەیەوە چۆن شوناسێک دەدەن بە چەمکی مۆدێرنییەت؟**

**ڕێبوار سیوەیلی**: ڕەنگ بێ ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی تەندروستانە قسە لەم بابەتە بکەین و بیبەستینەوە بە پڕۆژەی تاکەکەسیی ڕۆشنبیری کوردییەوە من پێموایە سێ خاڵی سەرەکی دەبێ لە ڕۆشنبیردا هەبێ کە ئەو دەکەنە مرۆڤێکی مۆدێرن، ١ـ من پێموایە کە ڕۆشبیر بە تایبەتی کەسێکی کە لە کایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا کاردەکات دەبێ پڕۆژەیەکی هەبێت کە من ناوی دەنێم پڕۆژەی خۆناسین. یانی فەردانییەتی ئەو دەبێ موشکیلێکی مەعریفی بێت لەبەر دەمیدا، دەبێ خۆ دروستکردن، خۆ بەفەرد کردن، ئەوەی کە خاوەنی خودێک بێت، بابەتێک بێ بۆ فیکری ئەم مرۆڤانە، کەواتە ئەوەی کە ئێمە خود بکەینە بابەتێک بۆ فکر ئەمە خاڵێکی زۆر جەوهەرییە بەلای منەوە کە لە هەمانکاتیشدا هەم کارکردنە بە فیکری مۆدێرن، هەم خۆ مۆدێرنیزەکردنیشە لەسەر ئاستی دروستکردنی تاکایەتییەوە، چونکە لە بیرمان نەچێ، یەکێ لە خاڵە هەرە جەوهەرییەکانی فیکری مۆدێرن بەرگری کردنە لە تاکایەتی و فەردانییەت و ئەو شتەی کە پێی ئەوترێ (تـشخص) ، بەکەس بوون، پڕۆژەیەکە کە ئێمە لەگەڵمانا لە دایک نابێ، بەقەدەر ئەوەی دەبێ بە پرۆسەیەکی دوور و درێژی خۆبەکەس کردندا پێیدا تێپەڕێ و بەبڕوای من ئەو پڕۆژەیە بەر لەوەی پڕۆژەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بێت پڕۆژەی تاکە کەسە وەک ڕۆشنبیر. ناکرێ ئێمە، خود، دروستکردنی خود، تاکایەتی خۆمان نەکردبێ بە پڕۆژە و ئیدعا و بانگەشە بکەین بۆ گۆڕان لە ژیانی ئینسان یان لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا، چونکە ئەگەر خودێکی بەتاڵ بێ ناتوانێ کاریگەرییەکی هەبێ لەسەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا، واتە خود دەبێ خودێکی تۆکمە بێ، ئەبێ خاوەنی ئیرادەیەکی تایبەت بە خۆی بێ، دەبێ تێگەیشتنی هەبێ لەسەر چەمکەکانی وەک ئازادی و سەربەستی، ئەمجار دەتوانێ خودێکی کارا بێت، کە کاریگەرێتیشی هەبێ لەسەر پرۆسەکانی کۆمەڵگا. خودی بەتاڵ خودێکە کە لە هەر کاتێکا مەترسی ئەوەی هەیە تێکەڵ بەجەماوەری خەڵک ببێتەوە، و ئێمە لە پرۆسەی شکڵگیری ڕۆشنبیری خۆماندا دەیان جار ئەو ئەزموونەمان هەیە، بۆ نموونە ئەزموونی شەڕەکانی ناخۆ تەنیا لە مەیدانی جەنگدا ڕوویان نەداوە، بەڵکو لە نووکی قەڵەمی ڕۆشنبیرەکانی ئێمەشەوە وزەی خۆیان وەرگرتووە، وزەی مەعنەوییان وەرگرتووە، ئەگەرچی زاراوەی مەعنەوی بۆ ئەو مەبەستەی ئێمە ڕەنگ بێ کەمتر دەست بدا، بەڵام بەشداریکردنی ڕۆشنبیرانی ئێمە لەو شەڕە دوابەدوای یەکانەدا و ستایشکردنی جەنگ بەشێک بووە لە پڕۆژەی ڕۆشنبیری کوردی، بەڵام دەبێ تێبگەین ئەوە ڕۆشنبیرییەکە کە خاوەنی خودێک نییە بتوانێ ڕووبەڕووی هەموو ئەو دیاردانە بێتەوە کە زیان بە کۆمەڵگای مرۆڤ دەگەیەنن و ڕێگا لەبەردەم



دروستبوونی چالاکیی کۆمەڵگا و پەروەردەبوونی مرۆڤی تەندروست ساز بکا. کەواتە هەر شکڵگیریی ڕۆشنبیری ئێمە و کائینێک بەناوی ڕۆشنبیر لە وڵاتی ئێمە بۆ خۆی دەلیلێکە لەسەر ئەوەی کە بە خودبوون و بەکەس بوون یەکێک نەبووە لە پڕۆژە بنەماییەکانی ڕۆشنبیری کوردی. خاڵی دووەم پێموایە ئەم تاکە کە خودێتی خۆی کردۆتە پڕۆژەیەک ئەبێ ئاگابێ و هۆشیار بێ بەو بەستێنە مێژوویی و کولتوورییەی کە خۆی تێیدا دەژی، ئالێرەدایە کە کێشەی سوننەت و مۆدێرنیتەش سەرهەڵئەدا، ئینجا لێرەدایە کە کێشەی سوننەت و مۆدێرنیتە دەبێتە جێی پرسیارێک بۆ ئەم خودە هۆشیارەی کە دەبێ خودبوونی خۆی لە پێشدا یەکەم پڕۆژەی بێ.

هۆشیاری بەرانبەر بە بەستێنێکی مێژوویی و کولتووری لە هەمانکاتیشدا هۆشیارییە ئەگەر ڕەخنەگرانە بێت. کەواتە مەرجمان هەیە بۆ جۆری هۆشیارییەکە. هۆشیارییەک بێت لەسەر بنەمایەکی ڕەخنەگرانە و پرسیارئامێزەوە لەو بەستێنە مێژووییەی کە ئێمە تێیدا دەژین، بۆ ئەمەشیان دیسان بەڵگەیەک دێنمەوە لە بارەی مێژوونووسیی کوردیدا، ئێمە تا ئێستا بەدەگمەن، هۆشیارییەکی ڕەخنەگرانەمان لە نووسینەوەی مێژووی خۆماندا بەکار بردووە، هەمیشە خوێندنەوەمان بۆ مێژوو نۆستالێژییانەی تەسلیمئامێز بووە، کە تێیدا دەبێ ئەو شتەی ناو مێژووی کوردە بە پاکی و پوختەیی و بێگوناه بخرێتەڕوو، خاڵێکی هەرە جەوهەری بووە. نموونەی ئەو خوێندنەوەیەمان نەک هەر لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێ، بەڵکو ناگا بە ژمارەی پەنجەی یەک دەستیش، ئێمە لەو گەڕایشە خاوەن دەسەڵاتەی ناو مێژووی کوردیماندا، یەک جۆر تەماشای مێژوومان کردووە، ئەویش ئەوەیە کە میللەتێک هەیە ناوی کوردە و ئەو میللەتە مێژوویەکی هەیە و مێژووی ئەو میللەتە پڕە لە بەڵگەی بێگوناهییەکانی ئەم میللەتە. مێژوونووس وای بیرکردۆتەوە، کە ئەو وەک حەقیقەتزانێک ئەیهەوێ ئەم ڕەوتە، ئەم ئاراستە مێژووییەمان بۆ ڕوون بکاتەوە و هیچیتر ئەویش لەسەر ئەساسی چەند بەڵگەیەکەوە کە دیسان بە مرووری زەمان ئەو بەڵگانە دەکەونە ژێر پرسیارەوە، هەروەکو مەتنێکیتر دەبێ تەئویلی تایبەتیان بۆ بکرێ، ئەم خاڵە وای کردووە کە هۆشیاریمان لە ناو ئەو بەستێنە و ئەو زەمینە کولتوورییەی تێیدا ئەژین، هۆشیارییەکی ڕەخنەگرانە نەبێت، خاڵێک لێرەدا ئەوەیە، کە ئێمە ڕەخنە وەکو جۆرێک لە دوژمنایەتی کردن تێگەیشتووین، وەکو بەکەم گرتنی تێگەیشتووین، پرۆسەی ڕەخنە لای ئێمە نەبۆتە پرۆسەیەکی فیکری، تەحلیلکردن، هەڵسەنگاندن و ئەنجام بەدەستەوە هێنان، بەڵکو وشەی ڕەخنە هەمیشە هاومانای سووکایەتی و... بووە، کەواتە ئەم

مرۆڤەی کە دەبێ خودێکی هۆشیار بێت و ئەم هۆشیارییە دەبێ پێوەندییەکی رەخنەگرانە بە ئێستا و رابردووی مێژوویی و کولتووری و ژیاری خۆیەوە دەستنیشان بکا، ئێمە بەداخەوە لە پرۆسەی شکڵگیریی رۆشنبیریی کوردیدا ئەمەشمان زۆر کەمە، هەر بۆیە ئەو کەسانەش کە بەم ئاراستەیە کاردەکەن دیسان دەبنەوە ئەو کەسانەی کە کۆمەڵگا بە بەدگومانیان دەزانێ.

کەواتە دەمهەوێ ئەوە بڵێم کە هۆشیاربوونێکی رەخنەگرانە بەرانبەر بە بەستێنێکی مێژوویی بۆ خۆشی بەشێکە لە مۆدێڕن بوون. لە ناو کایەی رۆشنبیریدا ئەمانە لێکپساو نین، بۆوەی مۆدێڕن بین دەبێ خاوەنی خودێک بین، دەبێ ئەو خودە، ئەو پڕۆژەیە لەسەر بناغەی تێڕوانینێکی رەخنەگرانەوە بێ، کەواتە لێرەدا رەخنە و مۆدێڕنیتە لێکدی نزیک دەبنەوە، یانی رەخنە دەبێتە یەکێ لە مەرجەکانی مۆدێڕن بوون. ئەو مرۆڤەی کە پێویستە ئاوا هۆشیارییەکی رەخنەگرانەی هەبێت بەرانبەر بە فەزای مێژوویی خۆی دەبێ چاوی کراوەش بێ لە ئاست مێژوویەک، و شارستانییەتێک لە بازنەیەکی گەورەتردا کە بازنەی مرۆڤایەتییە، یانی تەماعمان هەبێ بۆ وەی بەشداری بکەین لە دروستکردنی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا. یانی مرۆڤی مۆدێڕن کەسێکە کە نە ناسنامەی تاکایەتی خۆی تینوێتی دەشکێنێ، نە ناسنامەی قەومی و نەژادی خۆی، بەڵکو هەمیشە هەڵپەی ئەوەی هەیە کە خۆی لە بەستێنێکی گەورەتردا، لە بازنەیەکی گەورەتردا ببینێتەوە کە بازنەی مرۆڤایەتییە، ئالێرەدایە کە بە مرۆڤایەتی کردنی خودێک سەر هەڵدەدا. من تەنیا وەختێک دەتوانم کە خودی خۆم وەک بوویەکی جیهانی بخەمە روو و بەشداری بکەم کە لەناو بەستێنی مێژوویی خۆشمدا بووبم بە پڕۆژەیەک، پێموایە ئەو سێ خاڵە، سێ خاڵی زۆر جەوهەرین کە بەداخەوە ئەگەر رۆشنبیری کوردی یەکەمیانی کردبێ دووهەمیان بۆی بۆتە قەبر و ئیتر نەیتوانیوە لە ناسنامەی ناسیۆنالیستی خۆی، خۆ دەربازکا و ئەمەش بۆتە رێگر لەبەر دەم ئەوەی، کە ئەو تەماعی هەبێ بۆ بەشداریکردن و تەماعی هەبێ بۆوەی، کە مێژووی کورد بە شێوەیەک بخوێنێتەوە کە لەهەمانکاتدا کە مێژووی بە قوربانی بوونی ئێمەیە، مێژووی بەشداریکردنی ئێمەشە لەناو بەستێنێکی جیهانی و ئینسانگەرایانەدا، ئالێرەدایە کە ئێمە نرخی مرۆڤێکی وەک نالی مان بۆ دەردەکەوێ کە یەکێکە لەو رۆشنبیرانەی کە ئەتوانین بڵێین هەوڵدانی زۆرکارا و بنیشیەیی هەبووە لەڕێی دروستکردنی گوفتەمانێک یا «دیسکۆرس، discourse»ێکی شیعرییەوە، کە لە ئاستی تاکایەتی، تاقیکردنی فەردانییەتی خۆی بۆ ئاستی ئەتنیکی (قەومی) خۆی، دواجار بپەڕێتەوە بۆ ئاستێکی بەرفراوانتر کە بە بڕوای من لای نالی هەوڵدانێک هەیە بۆ بەرهەمهێنانی هیومانیزمێک



یا مرۆڤخوازییەک، بەپێی هەلومەرجێکی کوردیانە، نازانم ئەو قسەیە لە رووی زانستییەوە تا چەندە راستە، بەڵام لە شیعرەکانی نالیدا بەڵگەی زۆری ئەوە هەیە کە نالی کەسێکی لێبووردەیە، هەڵگری مودارایەکی شیعرییە، شیعر لای ئەو هەڵکردنە لەگەڵ مرۆڤدا، هەڵکردنە لەگەڵ خوددا، هەڵکردنە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا و هەڵکردنە لەگەڵ مێژوویەکیشدا کە ئەو تێیدا ژیاوە. ئەو نموونەیە لە ئەدەبیات و مێژووی فیکری ئێمەدا زۆرکەم دووبارە بۆتەوە و ئەمەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چوارچێوە پرسیارکوژەی، کە تێیدا ناهێڵێ مرۆڤی تاک سەرهەڵبدا و ناهێڵێ دیدێکی رەخنەگرانە دروست بێ بۆ خوێندنەوەی رابردوو و ئێستای خۆمان. دیدێکی پرسیارکوژ باوی هەیە و ئەم دیدەش بۆ خۆی دەبێتە قەبرێک کە ناهێڵێ مرۆڤی رۆشنبیری ئێمە تەماحی دیدێکی ئینسانگەرایانەی هەبێ، ئەم دەردە هەر تەنیا ئێمەی نەگرتووە، بەڵکو دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری ئەو رۆشنبیرانەشی گرتۆتەوە کە لە ناو بەستێنی مێژوویی خۆرهەڵاتیانەدا دەژین، بۆ نموونە عەرەبەکان، ئەوان لە ئاستی زۆر گوتاردا توانیویانە زۆر لەو کێشانەی رێگری مەعریفەن بپەڕنەوە و چارەسەریان بکەن، بەڵام لە بەردەم کێشەی بوونەوەرێکی وەک کورددا ئەوان دیسان لە ناو ئەو قەبرە ناسیۆنالیزمگەرایانەی خۆیاندا گیر دەخۆنەوە و ئێمە لەوێدا کە دەبێ هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر بە ئینسانی کورد و کێشەی کورد ببینین تا بۆشمان دەرکەوێ کە رۆشنبیری ئەوان لە کام بازنەدا قەتیس ماوە. بەهەمان شێوە پێموایە رۆشنبیرانی فارس زمان گیرۆدەی یەکێک لەو بازنانەن و دەبێ کارەساتەکان بەسەر میللەتانی وەک کورددا رووبدەن و ئێمە بێدەنگی ئەوان هەست پێبکەین، بۆچی کێشەی مرۆڤی کورد نەبۆتە کێشە بۆ رۆشنبیری فارس؟ ئەمە بۆ خۆی پرسیارێکە. بەڵام ئێمە بەر لەوەی ئەوان تۆمەت باربکەین بەو پرسیارە دەتوانین ئەوانی پێبخوێنینەوە.

**عەبدولخالق یەعقووبی: ئێستا وەکو چۆن کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی تێپەڕیندایە لە دنیایەکی نەریتی و سوننەتییەوە بەرەو دنیای مۆدێڕن، دیارە هەر بەو نیسبەتەش زیهنییەت و هزر و بیر و ئەندێشەی ئینسانی کوردیش لە قۆناغی تێپەڕین دایە، لە دنیایەکی سوننەتی بەرەو دنیایەکی پێش مۆدێڕن یا مۆدێڕن، ئەم تێپەڕینە دیارە جۆرێک سەر لێشێواوی و قەیران دەخاتە شوناس و بیر و ئەندێشەی ئینسانی کوردەوە، من پێموایە ئەگەر ئێمە وەک کۆمەڵگایەکی جیهانی سێهەمی جارێک بە نیسبەتی رۆژئاوا دواکەوتوو بین بە نیسبەتێکیتریش واین، چونکە بەردەوام لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێک دەوڵەتی ناوچەییدا بووین، بە نیسبەتی ئەو دەوڵەتە ناوچەییانەش دیسان هەر جیهانی سێهەمین، یانی مرۆڤی کورد لە چاو مرۆڤێکی فارس یا لەچاو مرۆڤێکی تورک**

**یا لە چاو مرۆڤێکی عەرەب بە دوو قات زیاتر جیهانی سێهەمییە، جارێک جیهانی سێهەم بە نیسبەتی رۆژئاوا، جارێک جیهانی سێهەم بە نیسبەتی دەوڵەتە ناوچەییەکان. ئەمە وای کردووە کە ئاستی پارچە پارچە بوون و لێکترازانی وجوود و ماهییەت و شوناسیی ئینسانی کورد زیاتر بێت، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە بۆ ساخکردنەوەی ئەو شوناسە شێواوەی کە دەسەڵاتە زاڵەکان، چ رۆژهەڵات کە وەک شەرق ناسی ئێمەی ناساندووە و چ ناوچەییەکان کە وەک بەشێک لە سەروەت و سامانی خۆیان ئێمەیان ناساندووە رۆشنبیری کورد دەبی پڕۆژەی مۆدێڕن بوون لە کوێوە دەست پێبکا؟ ئایا خوێندنەوەی ئێمە دەبێت وەک خۆت ئاماژەت پێکرد لە خودناسییەوە دەست پێبکات؟ ئایا لە پەنا بردن بۆ چەمکەکانی دنیای دەرەوە دەست پێ بکات؟ ئەگەر بمانهەوێت پڕۆژەی رۆشنبیری کوردی، پڕۆژەیەک بێت کە بتوانێت لەو دەرفەتە کەمەی کە هەیەتی بە جۆرێک لە جۆرەکان تەجرەبە تاڵەکانی رابوردوو دووپات نەکاتەوە، بەڵکو بە شێوەیەک رێگایەکی تازە بگرێتەبەر لە ئاستی پڕۆژەی رۆشنبیری دەبێت چ ئاراستەیەک بگرێتەبەر؟**

**رێبوار سیوەیلی**: بێگومان وەک خۆت ئاماژەت پێکرد هەوییەتی ئێمە یا شوناسی ئێمە ئەگەر بووبێتە شوناسیش، شوناسێکە بە هەتیوی و شوناسێکی چەند پارەیە و ئەمەش کێشەی زۆر گەورەی بۆ ئێمە دروست کردووە. لە راستیدا ئەبێ ئێمە بپرسین بۆ شوناسی ئێمە شوناسێکی چەند پارەیە؟ کێ و چ زرووفێکی زەمانی و مەکانی لە چەندپارەیی کردنی شوناس و کاراکتەری ئێمەدا رۆڵی بینیوە؟ من پێموایە چەند هۆکارێک لە پارچە پارچەکردنی شوناسی ئێمەدا رۆڵیان هەیە. هەندێک لەو هۆکارانە ئەسڵەن لە بناغەدا بەرنامەی سیستماتیکانەی ئەویتر بوو، بۆ ئەوەی شوناسی ئێمە بکاتە شوناسێکی چەند پارە. ئەگەر ئێمە لەوێوە دەست پێ بکەین کە کوردستان یەکەمین یا کوردەکان یەکەمین میللەتی یا نەتەوەی یا گرووپی ئەتنیکی بەپێی ئەو سەردەمە نزیک بوون لە دەوڵەتی ئیسلامییەوە، هەر لە سەرەتای خۆیەوە، لە سەردەمی فتووحاتەوە، تەماشا ئەکەین ئیتر پرۆسەی بەخشینی شوناسێک بە کورد بۆتە بەشێک لە پڕۆژەی عەرەبە موسوڵمانەکانی سەرەتا، عەرەبە موسوڵمانەکانی سەرەتا کە کوردیان بینیوەتەوە وەک رێگرێک لەبەردەم فتووحاتدا هەوڵیان داوە کە شوناسێکی تایبەت بدەن بە کورد تا لەو رێگەیەوە دەستەمۆی بکەن، ئەو شوناسەش بە عەرەب کردنی کورد بووە، ئەوە ئەو شوناسەیە کە عەرەبە موسوڵمانەکانی سەرەتا، گەڕیدەکان، مێژوونووسەکان، جوغرافیزانەکان ئەکەونە خەملاندنی دیسکۆرسێک یا گوتارێک کە بە پێی ئەو گوتارە ئەسڵ و



رەسەنی کورد ئەگەڕێتەوە بۆ سەر عەرەب، لەو رێگەیەوە ئێمە دوای ماوەیەک، دوای سەدەکانی ناوەڕاست بە کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست تەماشا ئەکەین ئەم پڕۆسەیە لەوەی کە پڕۆسەیەک بێ‌ئەویتر بەسەرمانا فەرزی بکات دەبێتە پڕۆسەیەک کە ئەمجا بۆ خۆمان قەبووڵی دەکەین. لە یادداشتەکانی مەئموون بەگی کوڕی بێگەبەگی پادشای شارەزوورەوە کە چەند ساڵێک پێش نووسینی شەرەفنامە نووسیونی، هەتاکو شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی، هەتاکو مەلا مەحموودی بایەزیدی، هەتاکو مێژوونووسانی سەدەی بیستەممان، ئێمە کارمان لەسەر ئەوە کردووە کە کەسایەتی و رەگ و ریشەی ئەم میللەتەی کە کوردە بیگێڕینەوە بۆ سەر عەرەب، کەواتە لە پڕۆسەی بەعەرەب کردنەوە کە ئەمە دیارییەکە ئەویتر پێمان دەبەخشێ تا ئێمە خۆمان نەبین، یانی خاوەنی ئەو زاتە نەبین کە تیایدا منی کوردی دەخەملێ، پرۆسەکە تەبدیل دەبێ بە پرۆسەی خۆ بە عەرەبکردن. ئەنجام ئەم منە بەتاڵ دەکرێتەوە، کە بەتاڵ دەکرێتەوە بێگومان جێگای هەر شوناسێکی کەی تیا ئەبێتەوە کە ئەویتر پێت ئەبەخشێ، ئەویتر یەکەم جار منی کوردی بەتاڵ ئەکاتەوە بۆ ئەوەی منی خۆی یا موسوڵمان بوونی خۆی گەورەتر نیشان بدا لەوەی کە هەیە، لەڕێی بچووککردنەوەی منی کوردییەوە، وردە وردە ئەم منە کوردییە ئەوەندەلاواز دەبێ و ئەوەندەهەست بە دڵنیایی دەکا لەوەی کە بەڵێ، بەرژەوەندییەکانی پارێزراون تەماشا دەکەین تا خۆی دەکەوێتە سەر ئەوەی خۆی بە عەرەب بکات. هەر خۆی ئەو شوناسە وەربگرێت و بە شوناسی راستەقینەی خۆی بزانێ، کە ئەویتر لە بناغەدا پێی بەخشیوە، ئەوە پارە بوونێکیتری شوناسی ئێمەیە، ئەوەم لەبیرچوو کە پێت بڵێم بەر لە هاتنی ئیسلام شوناسی ئێمە ئەگەر ئایینی زەردەشتی، ئایینی چەوساوەکان بووبێ تا فەترەی ساسانیش، تا ئەوەی کە لە دەوڵەتی ساسانیان ئیتر ئەبێتە ئاییني رەسمی دەوڵەت و شکڵە توودەییەکەی خۆی لە دەست دەدا، شوناسی ئێمە لەسەر بناغەیەکی زەردەشتیانەوەیە، بەڵام بۆ کورد لە لەحزەیەکدا واز لە زەردەشتییەت ئەهێنێ؟ چونکە ئیتر ئەیەوێ لە هەوڵی شکڵگیری شوناسێکی تایبەت بە خۆی دابێ. ئیسلام ئەم موژدەیەی پێدا، بەڵام موسوڵمانە سەرەتاکان دیسانەوە شوناسی کوردی پارە ئەکەنەوە، پارچە پارچەی ئەکەنەوە یانی دووری ئەخەنەوە لەوەی کە خۆی بێ، بەڵکو شتێکی پێ ئەبەخشن کە خۆی نییە.

کورد دیسان لە مەئموون بەگەوە، لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە خۆی ئەکەوێتە سەر ئەوەی کە شوناسی خۆی پارچە پارچە بکا و ئەم پارچە پارچەکردنە ئەتوانم بڵێم هەتا سەدەی

بیستیش لە بواری مێژوونووسیی ئێمەدا بەردەوامی خۆی هەیە، ئێمە چەندین سەرچاوەمان هەیە، کە تیایدا ئەسڵ و نەسەبی کەسایەتییە ناودارەکانی کورد دەگێڕنەوە سەر یەکێک لە کەسایەتی یا سەرداره موسوڵمانە عەرەبەکان یا ئەیگێڕنەوە سەر بنەماڵەیەکی عەرەب و لێشمان تێکنەچێ شەرەفخان گەرایشێکی بە فارس کردنی هەیە، بنەماڵەی خۆی بۆ نموونە دەباتەوە سەر گۆشاسبی بیستەمین پادشای فارس، لە کاتێکدا کەسێکی وەکو مەلا مەحموودی بایەزیدی گەرایشێکی بە تورک کردن یا بە عەرەبکردنی بەدەوی هەیە، یانی کورد دەباتە سەر عەرەبە بەدەوییەکان، ئەو عەرەبانەی کە لە ناوچوون. بەم شێوەیە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتە رەسمییەکانی ئەم ناوچەیە ئەوە دیسان قۆناغێکی دیکە و هەریەکەیان بە پێی توندوتیژی دیکە دەوڵەتی مۆدێڕنی ناسیۆنالیست کە لەم ناوچەیەدا دروست ئەبن ئەوانیش دیسان لە چەند پارەکردنی شوناسی کوردییا رۆڵێکی راستەقینەیان دەبێ، عەمەلەن من دەمەوێ بڵێم کە کورد وەک کائینێک، وەک مرۆڤێک بواری مۆدێڕن بوونی بۆ نەماوەتەوە، یەعنی هەموو ئەو زەمینانەی لە ژێر پێهێناونەتەدەر کە تیایدا کورد دەتوانێ کائینێکی مۆدێڕن بێ، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ ئێمە دروست کردووە. ئێمە لەڕووی عەقڵی و فیکرییەوە یەقینڕێژکراوین یەقینڕێژکرابێ . وەختێک عەقڵ و فیکرت یەقینڕێژکرابێ ئیتر هەر لیباسێکی کە لەبەرکەی وانموود کردنە. بۆ نموونە ئەگەر لیباسی مۆدێڕنی لەبەرکەی و ئیدعای مۆدێڕن بکەی وانموودکردنە و ئیدعایەکە بۆوەی کە تۆ ئەتەوێ مۆدێڕن بی ئەگینا لە بناغەدا تۆ زەمینەکانت لێ سەندراوەتەوە. ئەوەی کە هەیە کۆمەڵێ هەوڵدانە، کۆمەڵێ هەوڵدانە لە بەشە جیاوازەکانی ئەم هەرێمەدا، ئەم پانتایە جوغڕافییەدا کە کوردستانە و، ئەم دەنگانەش بێگومان رووبەڕووی کێشەی زۆر گەورە دەبنەوە، رووبەڕووی تۆمەتی زۆر گەورە دەبنەوە.

ئەو دەنگانەی کە پێشتر باسم کردن ئەگەر ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێمەدا کۆمەڵێک دەنگی مۆدێڕن هەبن یا کۆمەڵێک دەنگ هەبن، کە بیانەوێ جیاواز لە ئەو بەستێنە مێژووییەی خۆیان تیا ئەژین و ئەو بەستێنە کولتوورییەی کە زاڵە، کار بکەن، بە بڕوای من هەر تەنیا ئیدعا کردن بۆ مۆدێڕن بوون و بەکارهێنانی چەمک و زاراوەی وەرگێراو یا وەرگێڕاو یا با بڵێین داهێنراو لەلایەن ئەو کەسانە و ئەو دەنگانەوە بەس نییە. بەلای منەوە مۆدێڕن بوون لە هەمانکاتیشدا قەبووڵکردنێکی ئەخلاقیانەی ژیانی مۆدێڕنە. ناکرێ ئێمە چەکدار بین بە فیکری مۆدێڕن، بەڵام لە ئاستی ئەخلاقی کۆمەڵایەتیدا، لە ئاستی پێوەندییەکانماندا و لە ئاستی رەفتاری رۆژانەماندا سوننەت دووپات بکەینەوە. من لەگەڵ ئەوەدا، کە ستایشی هەموو دەنگە مۆدێڕنەکانی ناو



ڕۆشنبیریی کوردی ئەکەم، لەگەڵ ئەوەدا کە پشتیوانی تەواوی ئەو کارە فیکریانە دەکەم و جێی خۆشبەختیمنن، بەڵام گلەییەکی یا با بڵێین رەخنەی توندیش ئاراستەی هەر کەسێک دەکەم کە بەناوی مۆدێڕنەوە بە چەمکەکانی مۆدێڕن قسە ئەکا، بەڵام ناتوانێ رەفتاری مۆدێڕنانەی هەبێ.

ئێمە وەک مرۆڤ هەریەکەمان ئەتوانین خاوەنی هەڵەی خۆمان بین و بکەوینە ناو بازنەیەکەوە کە زەحمەت بێ بە بێ جەریمەدانی زۆر، باجێکی زۆر، لێی دەربچین، بەڵام خاڵی جیاوازی لە بەینی دیکتاتۆرییەتی ڕۆشنبیر یا هەڵەی ڕۆشنبیر و هەڵەی جەللادێکدا ئەوەیە کە ڕۆشنبیر ئەگەر هەڵەیەکیش بکا زیانمەندی یەکەم خۆی دەبێت، بەڵام جەللاد وەختێک هەڵە دەکا زیانی هەڵەکەی خەڵقانی دیکە ئەگرێتەوە. ئالێرەدایە کە دیوارێک هەیە یا جیاکارییەک هەیە لە بەینی ئەوەی کە ڕۆشنبیر هەڵە بکا یا هەر کەسێکی کە هەڵە بکا. هەڵەی ڕۆشنبیر هەڵەیەکی قورسە و قورساییەکەی تەئسیرێکی خراپی دەبێ لە سەر خەڵکدا و ناکرێ ئێمە چەکدار بین بە چەمکە نوێیەکان، بەڵام بە زیهنیەتێک لە ژیانی رۆژانەماندا، لە ماماڵەماندا لەگەڵ خوێندکاران، لە ماماڵەماندا لەگەڵ هاوسەرەکان، لەگەڵ منداڵەکان، لەگەڵ ئەو شەقامەی پیا تێئەپەڕین، لەگەڵ درەختەکان، ناکرێ ئێمە تەقلیدیانە رەفتار بکەین.

لە بواری گروپ، ئێمە ئەمڕۆ ئەبینین هەر ڕۆشنبیرە مۆدێڕنەکانی ئێمەن کە بوونەتە چەندین گروپ، هەر ڕۆشنبیرە مۆدێڕنەکانی ئێمەن کە ناتوانن کاری هاوبەش پێکەوە بکەن، هەر ڕۆشنبیرە مۆدێڕنەکانی ئێمەن کە ئەتوانن قسە لەگەڵ یەکتر نەکەن، هەر ڕۆشنبیرە مۆدێڕنەکانی ئێمەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەتوانن عەزیەتی رۆحی نەوەی نوێ بدەن، هەر لە ناو ڕۆشنبیرە نوێکانی ئێمەدایە جۆرێک لە لووتبەرزی و جۆرێک لە با بڵێین شانازی کردنی بێ سنوور بە خۆیانەوە هەیە، بە بڕوای من ئەمە پارادۆکسێکە لە زاتی ئینسانی ڕۆشنبیردا، ئەگەر خودێک خودێکی کامڵ بێت و خودێک خۆی رزگار کردبێ لە هەموو ئەو شتانەی لە ئەو هێزانەی کە ئەیانەوێ ئەو خودە بەتاڵ کەنەوە، بە بڕوای من دەبێ ئەو خودە لە ڕۆشنبیرا تەحقیق بووبێ، بەڵام نائومێدانە دەڵێم کە ئێمە کاری جوان دەکەین، بەڵام ئەو هاوئاهەنگییەی کە پێویستە کار و بەرهەم گرێ بداتەوە بە شەخسییەتی نووسەرەوە زۆر زۆر کەمە و ئەوە یەکێکە لەو کێشە ئەخلاقیانەی کە ڕۆشنبیری مۆدێڕنی ئێمە، هەر تەفسیرێکمان هەبێ بۆ مۆدێڕن، پێوەی دەتلێتەوە، رەنگبێ ئەوەش بەس بێ بۆ ئەوەی ئەنگیزەی بەردەوامی خۆناسیمان لا دروست کاتەوە، ئەنگیزەی بەردەوام خۆدروستکردنمان لا دروست بکات، وەکو

فەردێک، وەکو ئینسانێکی سەربەخۆ، چونکە خۆ دروستکردن شتێک نییە ئێمە بڵێین لە میانەی قۆناغێکی تەمەندا خۆمان دروست ئەکەین و ئەمجار ئەڕۆین پڕۆژەکانی ترمان جێبەجێ دەکەین.

پڕۆژەی خۆدروستکردن پڕۆژەیەکە تا مرۆڤ هۆشیاری کار بکا، عەقڵی کار بکا، دەبێ بەردەوامیش بێ لە سەری، بۆیە لە هەمانکاتا کە من هەوڵدانە جدییانەی ناو کایەی ڕۆشنبیری و دروستبوونی ئەو گوتارە تازانەی ناو ڕۆشنبیری کوردی دڵخۆشم دەکەن، ئەوندەش ڕەفتاری هەڵگرانی ئەم گوتارە دەمخاتە بەردەم جۆرێک لە تەئەمول و ئەوەشم بۆ ئەسەلمێنێ کە پارادۆکسێک لە زاتی ئەم کەسەدا هەیە، مەعریفە نەیتوانیوە، مەعریفەیەکی ئەخلاقیانە بێ و ئەخلاق پەی نەبردووە بە بازنەی مەعریفی.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **باشە کاک ڕێبوار ئێمە ئێستا لە مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردیدا جۆرێک کایە کردنمان بە هەندێک چەمکی مەعریفی هەیە، هەروەک خۆشت ئاماژەت پێکرد کۆمەڵێک گرووپی لێکجیاواز جیابوونەتەوە بۆوەی کە کار بکەن لەم پانتاییەدا، بەڵام بەراستی پێوەندیی نێوان ڕۆشنبیری مۆدێرنی کورد و مەعریفە چۆن دەبینی؟ ئایا ئەو پێوەندییە، ئەو پێوەندییە تۆکمەیەیە کە دواجار کەڵەکەکردنی مەعریفە ببێتە هۆی قووڵبوونەوە بە ناو ڕەهەندەکانی مەعریفەدا، یان نا، زۆرجار وا هەست دەکەین کە ئەو کەڵەکەکردنە هەر لە ئاستی کەڵەکەبوونێکی ئەندازەیی و ڕێژەییدا دەمێنێتەوە، پێتوا نییە ئەو کایانەی کە ئەورۆ بە ناوی مۆدێرنخوازی دەکردرێت زیاتر کایەکردن بێ بە چەمکەکانی مەعریفی وەک رووکەشی چەمکەکان، یان لە ڕاستیدا کایەکردنێکی جیدی بێ بەو چەمکە مەعریفیانە بۆ خوێندنەوەی گۆشە نووتەکانی بوونی مرۆڤی کورد، کۆمەڵگای کورد، مێژووی کورد، بە ڕاستی ئێمە تا چەندە زیانمان بینیوە لەوەی کە وەک خۆت باست کرد لە بری پێوەندییەکی قووڵی مەعریفی زیاتر ئەمە پێوەندییەکی رووکەشی مەعریفییە، گەلێ جار پێوەندی عاتیفیمان هەیە بە مەعریفەوە، بە فیکرەوە ئەوە تا چ ئاستێک ئەورۆ ڕۆشنبیری کوردی تووشی گیروگرفت کردووە؟**

**ڕێبوار سیوەیلی**: مۆدێرنبوون شتێک نییە ئێمە بەر لە داهێنانێکی مۆدێرنانە ئیدعای بۆ بکەین، دەنا هەر وەکو ئیدعایەک دەمێنێتەوە، هەر لە مێژووی مۆدێرنبوونیشدا بە ئەسەرێک، بە تەرزێک لە تەفەککور وتراوە تەفەککوری مۆدێرن کەواتە هەمیشە شوناسەکە دوای



ئەنجامدانی کارەکە هاتووە، کەچی لای ئێمە بە پێچەوانەیە، لای ئێمە ئیدعاکە لە پێشەوە دێ، بێ ئەوەی ئێمە بەرهەمێک ببینین.

یەعنی بەرهەمەکە خۆی نابێتە ئەوەی سەرنجی ئێمە رابکێشێت و بڵێ ئەم بەرهەمە، زیهنییەتێکی مۆدێرن بەرهەمی هێناوە، بەڵکو هەر زەینییەتەکە خۆی بەر لەوەی بەرهەم سەرهەڵدا ئیدعای مۆدێرنبوون دەکا، بەرهەممان هەیە هێشتا لە چاپخانە نەهاتووەتە دەرەوە، یا بەرهەممان هەیە هێشتا دەسنووسە و پاکنووسنەکراوە یان بەرهەممان هەیە هێشتا نەنووسراوە و لە زێهنی نووسەر دایە، بەڵام ئیدعای زۆر گەورەی بۆ دەکرێ بەر لەوەی ئەم بەرهەمە ئەسڵەن وجوودێکی ماتریاڵی هەبێ، وجوودێکی بەرجەستەی هەبێ لە ناو ئەو بەستێنەدا کە پێویستە ئەو بەرهەمەی تێدا بخولقێنێ، بۆیە ئەمەش من دەبەستمەوە دیسان بەو بونیادە زێهنییە تەقلیدی و سوننەتگەرایەی کە ئینسانی کوردی پێ پەروەردە کراوە.

حەز کردن لە جۆرێ لە بە خۆدا هەڵکوتن و لەم رێگەیەشەوە دوورخستنەوەی هەموو پرسیارێکی رەخنەگرانە لەوەی کە ئێمە چی دەکەین، لە راستیدا ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەی ناو ڕۆشنبیری ئێمەیە کە ئەوەندەئیدعای تیایە ئەوەندە کردەوەی تیا نییە، ئەوەندەی کە ئێمە ئاراستە فیکرییەکان، کەسایەتییە فیکرییەکان، کتێبەکان و زاراوە مۆدێرنەکان بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەوەندە قووڵ بوونەوە و شۆڕبوونەوەمان نییە بە مانای فەلسەفی و کارکردییەکانی ئەو چەمک و مەفاهیمانەدا، ئەوەندە ڕۆڵمان نییە لە گواستنەوەی مەعریفە لە بەستێنێکەوە بۆ بەستێنی خۆمان، ئەمەش ئەوەی لێ سەوز دەبێ کە جۆرێک لە پاشاگەردانی سەرهەڵبدا، ئەوەندەی لە هەر شارێکی کوردستان ئیدعای مۆدێرن هەیە بڕوا ناکەم لە هیچ یەکێک لە شارە هاوشێوەکانی وڵاتانی دراوسێی ئێمە یا خود با بڵێین هەتا جیهانی خۆرئاوادا بەو شێوەیە ئیدعا هەبێت، بۆ نموونە ئێمە چەندین ئیدعامان هەیە لەسەر پۆل ریکۆر، لەسەر میشیل فۆکۆ، لەسەر جاک دریدا بە بێ ئەوەی بەرهەمە ئەساسی و بنەماییەکانی ئەم ڕۆشنبیر و بیریارانە بە جیدی خوێندرابنەوە.

ناڵێم وەرگێڕدرا بن، چۆن مەرج نییە، ئەشێ ئێمە گرووپێک لە ڕۆشنبیرانمان هەبێ ئەو زمانە بزانن کە بتوانن لە رێی زمانی دووهەمەوە ئاشنا ببن، بەڵام ئیدعایەکە زۆر گەورەترە وەک لەوەی کە لە هەر شوێنێکی دیکەی ئەو دنیایەدا ئیدعا هەیە بۆ دروستکردنی ئینتیمایەک لەگەڵ ئەم جۆرە تەفەککورەدا.

جا بۆیە لێرەوە ئێمە ئەتوانین ئەمە بکەین بە پێوەر، ئایا ئەم جۆرە بەرخوردە توانیویەتی ببێتە ئیرتباتێکی مەعریفی یا تەنیا ئیڕتیباتە لە پێناوی شتێکی دیکەدا کە هەرچییەک پێناسەی بکەین، بەهەر حاڵ مەعریفە نییە، یەعنی چونکە یەکێک لەو خاڵە جەوهەرییانە کە لە ئیڕتیباتی مەعریفیا هەبێ جارێ ئەو مەعریفەیە دەبێ مەعریفەیەکی عەقڵانی بێت و دواجار ئێمە ئەزانین کە مەعریفەی عەقڵانی لە هەمانکاتا مەعریفەیەکە رەخنەگرانەیە، کەواتە هیچ وەختێک ئیدعا کردن یا با بڵێین خۆ بە مۆدێرن لە قەڵەم دان، ئەگەر لە هەمانکاتیشدا بریتی نەبێ لە دروستکردنی ئیڕتباتێکی مەعریفی وەکو ئیدعا ئەمێنێتەوە و ئەو پاشاگەردانییە ساز دەکا کە هەموومان بە شێوەیەک لە شێوەکان بە دەستێوەی دەناڵێنین، ئێمە خەڵقانێک ئەبینین کە لەیەک کاتدا دەتوانێ فۆکۆیی بێ، دریدایی بێ، ڤیبەری بێ، ئاڵتۆسەری بێ، پۆپەری بێ. چەندین شوناسی مەعریفی بۆ خۆی دیاری بکا. بەڵام لە یەک شوێندا ناتوانێ ئیڕتباتێکی مەعریفیانەی ئەم سەرچاوە فیکریانە دروست بکا لەگەڵ خۆیدا و لەگەڵ ئەو کێشانەدا کە ئەو لە کۆمەڵگای خۆیدا پیانەوە دەتلێتەوە و پێویستە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، هەر بە کۆمەکی ئەم سەرچاوە فیکریانە، ئەمە ئەم کێشەیە کە بە بڕوای من چ لەم دیو، چ لەو دیو، ئێمە بە دەستێوە دەناڵێنین و ئەمەش پاشاگەردانییەکی دروست کردووە، خاوەن گۆڤار و دەستگا ئەدەبی و فیکرییەکانیش لەم مەسەلەیەدا بەوەی کە پێوەرێکیان نییە بۆ ئەوەی چ شتێک بڵاو بێتەوە، چ شتێک بڵاو نەبێتەوە لێشاوی بابەتی لاواز روو لە چاپ بوونە، چۆن ئێمە حوکم بدەین بەسەر بەرهەمێکدا کە فیکرییە و بەرهەمێک کە ناتوانێ فیکری بێ، ئەم پێوەرە نییە و ئەمەش ئەتوانین بڵێین ئەو شتە چاکانەی بڵاو دەبنەوە مرواریيەکانی ناودەریان، بۆ نموونە من لەم سەفەرەمدا لە شارە جیاوازەکانی ئەم بەشەی کوردستان چەندین کەس و چەندین گرووپم بینیوە کە هەر یەکەیان بە شێوەیەک لە شێوەکان هەڵگری پرسیاری جوانن، پڕۆژەی جوانن کە ئەوە هەمووی جێی دڵخۆشییە.

خاڵێک کە زۆر سەرنجی راکێشام ئەوەیە کە خوێندنەوەیەکی جیدی هەیە بۆ هەندێ گۆڤاری وەک رەهەند و گۆڤاری ئازادی و ئەو جۆرە گۆڤارانەی کە لەو دیودا لە واقیعدا هەڵگری پڕۆژەی فیکری زۆر جیدی بوون، خاڵە سەرنجڕاکێشەکە بۆ من لەوەیایە کە چۆن تۆ شەرعییەتی مەعریفی خۆت لە پڕۆژەیەکی وەک رەهەندەوە بە دەستئەهێنی، بەڵام ناتوانی ئەم مەعریفەیەی کە لەوێوە بە دەستی دێنی بە کارییێنی بۆ ئیرتیبات بەرقەرارکردن لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەرت، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی کەتیا ئەژی و بۆچی تۆ وەختێک فلان نووسەر



کە پێی موعجیبی ئەیخوێنیەوە، بۆ ئەمە نابێتە بەشێک لە بیرکردنەوەت، ئەوە بۆ من بۆتە پرسیارێک.

بەراستی ئەوە بۆ من وا دەکا بڵێم کە هەر تەنیا بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کە ئێمە بە ئاراستەیەکی فیکری یا ئاراستەیەکی ئایدۆلۆژی یا فەلسەڤی سەرسامین بەس نییە، بۆوەی کە توانیبێتمان لە باڵاتردا، بۆ ئیڕتباتێکی مەعریفی کە ئەو ئیڕتیباتە مەعریفییە هەموو رەفتار و هەموو کردار و ئەخلاقیات و تەفەککوری ئێمەش بگۆڕێ. ناکرێ ئێمە بۆ نموونە ئینتیمامان بۆ پڕۆژەی گۆڤارێکی وەکو رەهەند بێ، بەڵام لە نووسینماندا ئەو خاڵانە رەچاو نەکەین، کە ئەشێت لە نووسینی نووسینەکانی ئەو پڕۆژەیە یا لە ناو ئەو پڕۆژەیە سەری هەڵگرتبێ. یانی ئەگەر پڕۆژەی گۆڤاری رەهەند، پڕۆژەیەکی مۆدێرنی وابێ کە شایانی ئەوە بێ رێچکە دەستنیشان کا و چاوی لێبکرێ بە بڕوای من ئەو چاولێکردنە لە هەمانکاتیشدا ئەبێ چاو لێکردنێک بێ لەو خەمە ئەخلاقیانەی کە لە ناو ئەو پڕۆژەیەدا بەرجەستە بوون و رەنگیان داوەتەوە.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: لەم بەشەی وتووێژەکەماندا کاک رێبوار، پێم خۆشە هەندێک لەسەر کارەکانی خۆت بدوێین و کۆمەڵێک پرسیار بێنینە ئاراوە، هەڵبەت بە داخەوە من هەندێک لە کارەکانتم نەدیتووە و نە خوێندۆتەوە، بەڵام پێم خۆشە لە کتێبی «دنیای شتە بچووکەکان»ەوە دەست پێ بکەین، ئەوەی راستی بێت لەم کتێبەدا ئەتۆ بە شێوەیەک لە شێوەکان گۆڕانکارییەکت لە دیدی زاڵی نووسینی کوردیدا بەدیهێنا. ئەگەر تا بەر لەم کتێبە، بەر لەم شێوە دیدە بۆ نووسین، حیکایەتی نووسینی کوردی حیکایەتی گێڕانەوەی بابەتە دیار و ئاشکرا و گەورەکان بوو، بەڵام لە کتێبەکەی جەنابتەوە و لە دنیای شتە بچووکەکانەوە تۆ حیکایەتەکەت گۆڕی بە گێڕانەوەی حیکایەتی شتە بچکۆڵەکان و دیاردە وردەکان و ئەو شتانەی کە رەنگە لە پەراوێزەکاندا شار درابێتنەوە. بەڕاستی چۆن بوو کە جەنابت پێت وابوو بیری کوردی و فیکری کوردی ئەو بۆشاییەی تێدایە کە تا ئێستا سەرنجی رانەکێشراوە بۆ لای دنیای شتە بچکۆڵەکان و دنیای شتە بچکۆڵەکان شایانی ئەوەن کە باسیان لێ بکرێت و بخوێندرێنەوە؟

**رێبوار سیوەیلی**: خاڵی یەکەم، هاوڕێی ئازیز، من پێموایە ئەوە دیدی ئێمەیە کە شتەکان بە بچووک دەبینێ یا بە گەورە، شتەکان لە خودی خۆیاندا وەک ئەوەی کە هەن گەورە و بچووک نین، لە رووی ئەرزشەوە هەر یەکەیان ئەرزشی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە گۆشەنیگای نووسەرە کە

دەتوانێ لە شتە بچووکەکاندا شتێکی گەورە بدۆزێتەوە و لە شتە گەورەکانیشدا عونسوری بچووکی و بەو شێوەیە کەوا تەقابولەکە لای من لە نووسینی ئەو کتێبەدا لەوێوە نەبووە، کە هەندێک شت بچووکن و هەندێ شت گەورەن، بەڵام بەشەکەی تری پرسیارەکەت کە بە لامەوە زۆر گرینگە ئەوەیە کە چی بۆتە هۆی ئەوەی من بەو شێوەیە بنووسم، هەڵبەتە من داوای لێبووردن دەکەم، هیچ ئیدعایەکم نییە بۆوەی کە ئەم کتێبە توانیبێتی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکا کە ئێوە ئاماژەتان پێداوە، بەڵام زۆر بە سادەیی پێت بڵێم ئەم کتێبە لە وەختێکا من ئیشی لەسەر ئەکەم لەسەر ئەم کۆمەڵە وتارە، کە هەموو زێهن و هەموو خەیاڵگەی رۆشنبیری ئێمە، یان بەشێکی زۆر زۆری سەرقاڵە بەوەی کە وەڵامێک بۆ ئەو قەیرانانە بدۆزێتەوە کە سیاسەت و حزبایەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرهەمی هێناون و ئەم کێشانەش زۆربەی وزەی رۆشنبیرانی ئێمە و وزەی تەحلیلی شرۆڤەیی رۆشنبیرانی ئێمەی بە لای خۆیدا راکێشاوە. من وەک جۆرێک لە بەرپەرچدانەوەی ئەوەی کە زێهنی رۆشنبیر نابێ لە دەرەوەی خۆیەوە ئاراستە بکرێ و هەموو وزەی هەر لەو پانتاییەدا سەرف کا بیرم لەوە کردەوە، کە دەشێ ئێمە بە جۆرێکی کەش مێژووی کۆمەڵگای خۆمان بنووسینەوە، دەشێ ئێمە حیکایەتی دیکە لەسەر کۆمەڵگای خۆمان بەرهەم بێنین و دەشێ وەزیفەیەکی دیکە، ئەرکێکی دیکە بدەینە پاڵ نووسین کە لە هەمانکاتدا بەرهەمهێنەری مەعریفەیەک بێ و بەرهەمهێنەری جوانیناسی و جۆری دیکەش لە جوانیناسی بێ لە بواری نووسیندا.

لێت ناشارمەوە نووسین لەسەر شتە بچووکەکان، وەکو خۆت فەرمووت شتە بەپەراوێزکراوەکان، لەسەر حاڵەتە دەگمەنەکان ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی کە نووسین هەمیشە مێژووی شتە گەورەکان بووە و بەدەنگهێنانی شتە گەورەکان بووە یا ئەوە ئیقتداری حاڵەتی شتەگەورەکان بوون کە نووسینیشیان راپێچ کردۆتە ژێر خزمەتی خۆیانەوە. بەڵام لە شوێنێکدا نووسین دواجار ئەیەوێ ئاراستەیەکی دیکە بۆ خۆی دەستنیشان بکا کە پێم وابێ تا ئەندازەیەکی کەم من توانیبێتم لە هەندێ وتاری ئەو کتێبەدا ئاوڕ لەو شتانە بدەمەوە کە نووسەری کورد تا ئەو کاتە بۆی نەبوونە خولیا، یا با بڵێین زۆر کەم ئاوڕیان لێدرابۆوە و بێگومان خەسڵەتی ئەم نووسینەش تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەمە نووسینێکە کە مەعریفەی عەقڵانی و حیساب تێکەڵ دەبێ تیایدا، ئێمە دەستپێکردنمان هەیە و فراوانکردنی بازنەیەکمان هەیە، دواجار داخرانی ئەم



بازنەیەمان هەیە، لەم جۆرە نووسینانەدا و لە هەمانکاتیشدا ئەو بەرهەمە هەوڵدانێکیشە بۆ خۆدەربازکردن لەو عەقڵییەتە رۆژنامەییەی کە بە گشتی لە هەندێ نووسینی وەک نووسینی کورتە وتاری کوردیدا زۆر باو بووە و من هەوڵم داوە کە ژانری وتار رەهەندێکی دیکەی پێ زیاد کەم، ئەویش رەهەندێکی جوانیناسانە بێت. وتار لە یەک کاتدا مەعریفەشمان تێبگەیەنێ، بەڵام لە هەمانکاتیشدا چێژێکی جوانیناسانەمان پێدەبەخشێ.

چەندە من لەم کێشەیەدا سەرکەوتوو بووم یان نا، نازانم، بەڵام ئێستا کە بیری لێئەکەمەوە و پێموایە ئەو کتێبە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە خۆدەربازکردن و نووسین دەربازکردنێک بووبێ لەو ئیقتدارەی کە فەزای سیاسی سەپاندبووی بەسەر نووسینی کوردیا. ئەڵبەت من بەبێ ئیدعا دەڵێم کە ناڵێم ئەو کتێبە زۆر گوڕانی گەورەی دروست کردووە، بەڵام بە هەر حاڵ هەوڵ دانێک بوو بۆ من.

پەیگیری ئەم هەوڵدانەم، لە بەرهەمێکی تردا کردووە بە ناوی «نەتەوە و حەکایەت» کە ساڵی پار (٢٠٠٢) چاپ بووە، یانی مەبەستم بووە کە جۆرێکی دیکە لە شیکڵی وتار بەرهەم بێنم کە جیاواز بێ لەوانەی ئێمە لە رۆژنامە و لە هەندێک لە گۆڤارەکان ئەیخوێنینەوە.

ئەمانە لێکۆڵینەوە نین بە قەدەر ئەوەی وتارن، بەو مانایەی کە هەڵگری سوننەتێکی تایبەتن بۆ وتارنووسی بەو مانایەی کە هەڵگری رەهەندێکی جوانیناسانەن لە بواری نووسیندا، بێگومان خوێندنەوەی کەسێکی وەکو «والتێر بنیامین» فەیلەسووفێکی ئەڵمانی، ئاگاداربوونم لە هەندێ کاری وەک «ژۆرژ باتای» رەنگبێ دەوری سەرەکیان هەبووبێ لەوەی کە من بتوانم لە چەمکەکانی ئەوان بیر بکەمەوە یا چەمک و تێڕوانینەکانی ئەوان کەڵکەڵەی ئەو جۆرە نووسینانە لای من بڕەخسێنن و بە هەر حاڵ لە رووی مەعریفییەوە بنیامین لەو کتێبەدا «دنیای شتەبچووکەکان» رەنگدانەوەیەکی زۆر دیار و ئاشکرای هەیە، چ بەوەی من راستەوخۆ بیروڕاکانیم گواستۆتەوە، چ بەوەی کە بیروڕاکانیم شیکردۆتەوە، فراوانم کردووە و مەسەلەن یەک دێڕم وەرگرتووە و دوایی لەم دێڕەوە من چوومەتە ناو دنیایەکی تایبەتەوە، یا بەوەی کە بیرم بە تەرزە فیکری بنیامینی کردبێتەوە.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **کاک ڕێبوار جەنابت دیارە ئەم کتێبەت ئەو کاتە نووسی کە لە ئەورووپا دەژیای، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە تا چەندە کاریگەرێتی ژیانی فیکری ئەورووپایی پێوە دیارە، بە وتەیەکی تر تا چ ئاستێک فیکری ڕۆژئاوا بۆ زێهنییەتێکی ڕۆژهەڵاتی و قەڵەمی نووسەرێکی ڕۆژهەڵات بووە هۆی ئەوەی کە بۆ نموونە لەم کتێبەدا باس لە جەستە بکرێت، کە دەزانین تا ئەوکاتیش لە ڕاستیدا جەستە زۆر کەم نەچووبووە نێو قەوارەی نووسینی کوردییەوە؟**

**ڕێبوار سیوەیلی**: جەستە لەم کتێبەیا لە هەندێ لە وتارەکانیا ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، ئەمە دیمەنێکی تەلەفزیۆنی و ڕاگەیاندنە کە دەبێتە هاندەر و کەڵکەڵەی ئەوە ئەخاتەسەر من کە باس لە دەست بکەم و ئەرکەکانی دەست، ڕەمزییەتی دەست و دەست وەکو بەشێک لە جەستە. لە وتارێکی تردا نیگای «ئەویتر» ئەبێتە هۆی ئەوەی من باس لە چاو بکەم، نیگای ئەویتر وەک هێزێک کە منی تاراوگەیی بە جۆرەیەکی تایبەت دەبینێ، کە لەو تایبەتمەندییەدا جۆرێک لە چەوسانەوە و ستەمکاری ئەبینییەوە، ئەمە ئەبێتە ئەنگیزەی ئەوەی من گرینگی بدەم بە چاو و ئەو ئامرازانەی کە لە ناو مێژووی تێکنۆلۆژیادا درێژکراوەی چاو وەکو لێنز، وەکو چاویلکەیە، وەکو دووربین، وەکو ئامێری وێنەگرتن و ئەوانە. کەواتە ئێمە جارێک لە جەستەوە ئەچینەوە بۆ ناو لایەنەکانی ترەوە و دێینەوە ناو جەستە، مەسەلەن لە دیمەنی یەکەمدا دیمەنێکی سیاسیانەیە کە ڕائەگەیەندرێ و ئێمە دێین باس لە دەست ئەکەین وەک بەشێک لە جەستە و ڕەمزییەتی دەست و دەست لە ناو کولتوورە جیاوازەکاندا، لە کاتێکدا لە دووهەمیاندا ئەوە نیگای ئەویترە کە وامان لێ دەکا باس لە جۆرێ ستەمکاری لە ئاستی نیگا و نیگا کردن ببێتە کێشەیەکی مەعریفی لەو وتارەدا. وتارێکی تر، کە من ناچارم کتێبەکانم بفرۆشم و لە هەمانکاتیشدا کتێبەکانم ئەبێ ساخ کەمەوە و بیانفرۆشم، وتاری «کتێبەکان، هاوڕێکان، مەرگ و بیرەوەری» دەنووسم، یەعنی خودی ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە هەموومان لە بەشێک لە قۆناغی ژیانماندا ناچار ئەبین کە کتێبەکانمان زایە بکەین، بیانفرۆشین، بەڵام ئەمە چۆن ئێمە هەڵیگێڕینەوە، ئەم کردە ڕۆژانەییە چۆن هەڵیگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە مەعریفیانە کاری لەسەر بکەین، بۆیە لەوێدا تۆ تەماشا ئەکەی پێوەندییەک دروست ئەبێ لە بەینی کتێبەکان، لە بەینی هاوڕێکان و لە بەینی مەرگ و بیرەوەریدا، ئەوە لە هەمانکاتیشدا



یادهێنانەوەی مەرگێکی دیکەشە، مەرگی باوکمە، کەواتە لەم کتێبەدا ئەگەر تازەییەک هەبێ ئەوەیە شتە زۆر تایبەتییە شەخسییەکان، حیسییەکان تەبدیل دەبن بە بابەتێکی مەعریفی و فیکری، چەندە من لەم پڕۆسەیەدا سەرکەوتوویيم بە دەستهێناوە، نازانم، بەڵام بێگومان وەکو ئێوە ئاماژەتان پێدا نووسینی ئەو کتێبە بێ کاریگەری نەبووە لەو فەزایەی کە من تیا ئەژیام، جا ئەو فەزایە بێگومان ژیانی کولتووری و ژیانی کۆمەڵایەتی وڵاتێکی ئەورووپاش بووە.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **جەنابت لە کارێکی دیکەتدا کە دیارە لەو کارە دەگمەنانە بوو، کە لە پانتایی نووسینی لێکۆڵینەوەی کوردیدا هاتە ئاراوە کتێبێکت نووسی لە سەر نالی و بە شێوەیەکی مۆدێڕن هەندێ لە قەسیدەکانی نالیت خوێندۆتەوە، من پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بە ڕستەیەکی دریدا بکەم و پاشان لە ڕێگەی ئەم ڕستەیەوە پرسیارێک بێنمە ئاراوە، دریدا لە شوێنێکدا دەڵێ، مانا لەگەڵ ئەو سیستەمە وزە و توانایانەی کە تاکەکەسی نین دەق دەگرێ و شکڵ دەگرێ، مانا هیچ پێوەندییەکی بە شوناسی شەخسییەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو پانتاییەی کۆمەڵێک وزەو توانا پێوەندی هەیە کە ڕەنگە ئەم وزە و توانایانە شەخسی نەبن، بە وتەیەکی تر ئەوە کێشە و ئاوقابوونی ئەو هێزە ناشەخسیانەیە کە تەئویل دەخوڵقێنێ، دریدا لە سەر ئەوە پێ دادەگرێ کە ئەو قسەیە بە مانای ئەوە نییە کە هیچ مەبەستێک بۆ سەرهەڵدانی ئەو دەقە لە ئارادا نەبووە، بەڵکو ئەوەی کە دواجار بۆ ڕاڤەکە کاریگەرێتی هەیە ئەو هێزە ناشەخسییانەن کە لە نێو دەقەوە سەرهەڵدێنن. من پێموایە لەم کتێبەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان جەنابت ئەو شێوە دیدە دریداییە بۆ خوێندنەوەی نالی بەکاردێنی، یانی پێتوایە نالی ئەو نالییەیە کە لە ناو دەقدا بوونی هەیە، نالیی دەرەوەی دەق نالییەک نییە کە بۆ تۆ سەرنجڕاکێش بێت، بۆیە بۆ نموونە خوێندنەوەی تۆ بۆ قەسیدەی مەستوورە خوێندنەوەیەکە کە لە دیدێکی ئاکادیمیکی سوننەتی کە بێگومان جۆرێک سەرسوڕمان بەدیدێنێ کە ئایا بە ڕاستی ئەمە نالییە، قەسیدەی مەستوورەت بە شێوەیەک خوێندۆتەوە کە لەگەڵ ئەو هێزە غەیری شەخسییانەی ناو دەقەکەوە ڕووبەڕووبوویتەوە و هەر بۆیەش خوێندنەوەیەکی تازەیە بە نیسبەتی خوێندەوەکانی پێشووی نالی، پرسیارەکە ئێستا ئەوەیە بەڕاستی تۆ چۆن بوو کە پێت وابوو نالی ڕاستەقینە نالییەکە کە دەبێ لە ناو دەقەکانەوە بۆی بڕوانین، ئەو غوربەتەی کە نالی لە قەسیدەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم» هەیەتی**

**غوربەتێکە کە تۆ هان دەدا بۆ خوێندنەوەیەکی مۆدێڕن لە سەر دەقێک کە لە کۆمەڵگایەکی سوننەتیدا خوڵقاوە و لە زیهنییەتێکی کەموزۆر حوجرەییەوە سەریهەڵداوە؟**

**ڕێبوار سیوەیلی**: ماوەیەکی زۆر لە ناو مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیی ئێمەدا تاقە جۆرێک لە خوێندنەوە ئەوە بوو کە ئێمە بەر لەوەی باسی دەق بکەین ئەبێ باس لە داهێنەری ئەم دەقە بکەین و داهێنەری دەق لە هەمانکاتدا بێژەری دوایین حەقیقەتەکانیش بوو لە سەر دەق، بە مانایەکی تر داهێنەری دەق یەزدانی دەق بوو، کە لەوێدا ئەو توانیبووی خەسڵەتێکی موقەددەسانەش بە دەق ببەخشێ، کە دەق ئیتر زمانێکی تایبەت بە خۆی نەبێ و زمانی دەق لە هەمانکاتدا زمانی نووسەر یا بەرهەمهێنەری دەق بێ، ئەمە وای کرد کە بەشێکی زۆر لە دەقە کلاسیکییەکانی ئێمە هەر لەم چوارچێوەیەدا تەماشایان بکرێ کە موفەسیری ئەم جۆرە دەقانە بەو دەقانەیان ڕەوا دەبینی و ئەمەش ئەو کێشەیەی بۆ ئێمە دروستکرد کە دوای ساغبوونەوەی دیوانی شیعری کلاسیکە گەورەکانمان و دوای ئەوەی کە زانیمان ئەم شیعرە لە ڕووی ماناییەوە وامان پێدەڵێ و ئەم وتەیە ئەو مانایە دەبەخشێ، ئیتر کاری ئێمە بوو بە خوێنەرێک کە دەتوانین داهێنەر لەم دەقانەوە هەڵبێنجین، بەڵکو ئێمە ئەتوانین تەنیا ئەم مانایەی کە نووسەر مەبەستییەتی دیسانەوە تێکرار بکەینەوە. کاری یەکەمی ڕەخنەگرێک کە بیەوێ بە دیدێکی مۆدێڕنانەوە لە دەق بڕوانێ، جا هەر گرایشێکی خوێندنەوەی ڕەخنەیی بێ، ئەوەیە کە نەبێتە دووبارەکەرەوەی ئەو مانایەی کە ڕەخنەی سوننەتی بە دەقی ڕەوا بینیوە، بەڵکو بتوانێ دەق هەم لە ئەو ئیقتیدارەی کە نووسەر هەیەتی ڕزگار بکا و هەم لەو سوننەتە ڕەخنەییە چەقبەستووەش ڕزگاری بکا، کە دەسەلاتێکی پەیدا کردووە و هەموو دەقەکان بە یەک چاو دەخوێنێتەوە، کێشەی من لە سەرەتای سەرەتادا ئەوە بوو کە نالییەک بخوێنمەوە کە تایبەت بێ بە خۆم، مانایەک لە دەقی نالیدا بەرجەستە بکەم کە من لێیتێدەگەم، بە بێ ئەوەی گوێ بدەمە ئەو باسانەی کە لە ناو مێژووی ڕەخنەی ئێمەدا نالییان پێ دەخوێندرێتەوە، بە مانایەکی تر من چۆن بتوانم لە ئەنجامی خوێندنەوەی مانایەکی تایبەت بۆغوربەتی نالی باس لە غوربەتی ئێستای خۆم بکەم، یا باس لە تاراوگە بوونی ئێستای خۆم بکەم، یا باس لەو مانایە بکەم کە من لە ئێستای خۆمدا بۆ شوێن، بۆ زەمان و مەکان و مێژوو و بۆ جوانی دەیبینم و هەستی پێئەکەم، چۆن بتوانم من هەواڵێک لە مێژووشدا بۆ ئەم جۆرە تێڕوانینە بدۆزمەوە. دەقی نالی بە هەموو مانایەک دەقێکی کراوەیە، یانی دەقێکە کە خۆی ئەدا بە دەست چەندین خوێندنەوەوە و لە هەر سەردەمێکدا وەڵامدەرەوەی کۆمەڵێ پرسیاری جیددی بێ کە بە پێی



ڕەخنەی سوننەتی دەقی نالی لە دیوانی نالیدا کۆتایی پێهاتووە. ئیتر تا ئەوێ بڕ دەکا و ئەوە ئاخرین حەقیقەتەکانە لە سەر ئەو مانایانەی کە نالی بەرهەمی هێناون، بەڵام تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی جیددی بۆ دەقی نالی تێڕوانینێکە کە پرسیارەکانی نەک لە سوننەتێکی تەقلیدیی ڕەخنەی ئەدەبییەوە وەردەگرێ، بەڵکو لە ئێستاوە پرسیار ئاراستەی دەق دەکا، هەر هەمان پرۆسەی کە ناوت نا ئیعتڕاف کردن بە سوننەت، خودی ئەم ئیڕتبات بەرقەرارکردنە تەئمینکەری ئەوەیە کە ئێمە دەقێکی کە مێژوو ناوی ناوە دەقی سوننەتی بکەین بە دەقێکی ئێستایی لە ڕێی ئەو پرسیارە ئێستاییانەی ئاراستەی ئەکەین. پرسیارێک کە ئەم دەقە ئەشێ بتوانێ وڵاممان بداتەوە لە نەتیجەی ئەم وەڵامەوەیە کە ئێمە ڕابردووەکان بانگهێشتن دەکەین بۆ ئێستا و ئەمە ئەو پرۆسەیەیە کە «پۆل ریکۆر» ناوی ئەنێ «هاوچەرخانە کردنی» ڕابوردو لە ڕێی ئەو پرسیارانەی ئێمە کە ئێستا دەیانکەین لە ڕابوردوو، ئێمە ڕابووردوو نەک هەر وە دەنگ دێنین، بەڵکو بانگهێشتنیشی ئەکەین بۆ ئێستا و بەو مانایە مرۆڤەکانی وەکو نالی دەبنە مرۆڤی هاوچەرخ و بەو مانایە ئێمە ئەو دیدە مێژووییەیان لە سەر هەڵدەگرین کە نالی لەم ساڵە لە دایک بووە و لەم ساڵەدا مردووە، ئەمە ئەوەیە کە ڕەخنەی سوننەتی دەیکا، ڕەخنەی سوننەتی لەناو چوارچێوەیەکی مێژووییدا شیعری نالی سەقامگیرکردووە، یەعنی ژیانی نالی لە هەمانکاتیشدا چوارچێوەی مانایی شیعری نالی پێکدەهێنێ، بەڵام خوێندنەوەیەکی تەئویلگەرانە بۆ شیعری نالی ئەوەیە ژیانی نالی وەک شەخسێک تا ئەندازەیەک مەبەستمانە، بەڵام ئێمە مانەوەی نالیمان وەک مانا، وەک گوتار پێویستمان پێیەتی کە ببێت بە بەشێک لە ئێستامان، چونکە ئێستامان لەوە بەرتەسکترە کە بتوانین تیایدا ئاسوودە بین، بۆوەی تیایدا ئاسوودە بین دەبێ لەگەڵ ڕابوردووەکانی کە لە هەمان چوارچێوەی بەرتەسکانەی خۆیاندا ژیاون و ئەوانیش وەڕەز بوون لە ئێستای خۆیان، ئێمە بتوانین ئەم دوو وەڕەزبوونە، ئەم دوو پرسیارکردنە لەگەڵ یەکتری هاوتا کەینەوە و جۆرێک لە پێوەندییان لە نێواندا دروست بکەین، ئەم پەیوەندییە هەم نالی گەورەتر و ڕوونتر و بەرفراوانتر پێشان دەدا و هەم دنیای ئێمەش لەو بەرتەنگی و خەفەقان و تەنگەنەفسییەی خۆی ڕزگار ئەکا، ئەمە تەنیا چێژێکە کە ئێمە ئەتوانین لە دەقی سوننەتییەوە وەریبگرین، کەواتە خاڵی جەوهەری لە لای من ئەوە بوو کە نالییەک بهێنمە ناو ژیانی خۆمەوە، نەک مەعناکانی ژیانی خۆم بسەپێنم بە سەر نالیا، بەڵکو بە ماناکانی نالی فراوانییەک لە ناو ژیانی خۆمدا دروست بکەم و ئەمەش پێویستی بە کەرەسەی ڕەخنەیی، بە کەرەسەی شیکردنەوە و شیتەڵکاری هەیە، کە ئەوە حیکایەتێکی ترە، بەڵام ئەنگیزەی

ئاوڕدانەوەی من لە نالی ئەوەیە کە، یەک: بەرپەرچی ئەو دیدە مێژووییە بدەمەوە کە تیایدا شیعر سەقامگیر دەکا، دوو: ئەو کلێشانەی کە شیعری «مەستوورە»، شیعری «هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر» و ئەمانە بتوانم ئەم پووپاییەی ناو ئەم دەقانە رزگار بکەم لەو بازنەیەی کە سوننەتە تەقلیدییەکانی رەخنەی ئەدەبی بۆیان دەستنیشان کردووە، ئەوەش پێویستی بەوەیە کە من هەڵبژاردەیەک بکەم بە ناو دەقەکانی نالیدا، دەقی نالی لەوە بەرفراوانترە کە ئێمە بتوانین لە یەک بەرهەمدا هەموو قسەی خۆمانی لە سەر بکەین، بەڵکو دەبێ ئێمە قسە کردنمان لە سەر نالی قسەی هەمیشەیی بێ و گفتوگۆ کردنمان لە سەر نالی یەکێک بێ لە ئەرکەکانی هەر نەوەیەک کە پێیوایە پرسیاری هەیە و پێیوایە کە دەقی ئەدەبی دەقێکی کراوەیە.

**عەبدولخالق یەعقووبی: کاک رێبوار، نالی وەک یەکەم شاعیر کە بیهەوێت قوتابخانەی شیعری گۆرانی بەجێبێڵێت و روو بکاتە قوتابخانەیەکی شیعری سۆرانی و ئینجا لە قەوارەی کلاسیکی عەرووزیدا زمانێکی پاراو و تا رادەیەک کوردییەکی پەتی و لە هەمانکاتدا بەکارهێنانی کۆمەڵێک واژەی عەرەبی و کایە پێکردنیان لە نێو رێساکانی رێزمانی کوردی بەڕاستی چی مەبەست بووە؟ ئەم پرسیارە دوو جەمسەری لێ دەبێتەوە: ئایا نالی ویستوویەتی تەنها وەستایەتی و شارەزایی و لێزانی و پسپۆڕی خۆی لە بواری شیعری کلاسیکی عەرووزیدا بنوێنێ، وەک زۆر شاعیری کلاسیک کە تەنها ئەمەیان مەبەست بووە، یان نا ئەوەی کە نالی ویستوویەتی بە تەئکید شێعری کوردی بە جۆرێک لە قوتابخانەیەکی تازەدا تاقی بکاتەوە و لە هەمانکاتیشدا پێ دابگرێ لە سەر کۆمەڵێک چەمکی نیشتمانخوازانە بە پێیرووحییەتی ئەو سەردەمی دەسەڵاتی کوردی کە دیارە دەسەڵاتێکی میرنشینانە بوو. ئایا لە پشت ئەوەوە فیکر و فەلسەفەیەک یا خود گوفتمانێک لە ئارادایە کە نالی ویستوویەتی لەو رێگایەوە زەقی بکاتەوە؟**

**رێبوار سیوەیلی**: من وەڵامی ئەو پرسیارە ئاوا ئەدەمەوە کە لە بەردەم نالیا، ئێمە لە بەردەم جیهانبینییەکی شیعریداین، بە مانایەکی تر، شیعر پوختەی تێڕوانینی مرۆڤێکە کە نالییە، بۆ مرۆڤ، بۆ سروشت، بۆ ئاژەڵ، بۆ گەردوون، یەعنی وەختێک ئێمە ئەڵێین جیهانبینیی شیعری نالی، کە ئەم جیهانبینییە زمانێکی هەڵبژاردووە کە زمانی شیعرە و ئەم شیعرە لە هەمانکاتدا هەڵگری تێڕوانینێکی بەرفراوانە بۆ ئەو رەهەندانەی کە باسم کردن، هەر بۆیەش ئەتوانین ئێمە بڵێین جیهانبینیی شیعری نالی و زەحمەتە ئێمە بڵێین جیهانبینیی



شاعیرێکی دیکەی کلاسیکی کورد، چونکە ئەو جیهانبینییانە هەموویان ئاراستەیەک لە ئاراستەکانی تەسەووف و دەسەڵاتی ئایینی یا دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی یا دەسەڵاتی رۆشنبیری زاڵە بە سەریاندا، بەڵام لای نالی ئێمە جیهانبینییەکی سیستماتیک ئەبینینەو، کە تێڕوانینێکی تیایە، کە تەئەمولی تیایە دەربارەی ئینسان، تەئەمولی تیایە بەرانبەر بە حەیوان، کە تەئەمولی تیایە بەرانبەر بە سروشت، سروشتی ماتریاڵی و کە تەئەمولی تیایە بەرانبەر گەردوون و دنیای مێتافیزیکی، کەواتە رووبەڕووبوونەوەمان لە بەردەم نالیدا رووبەڕووبوونەوەیەکە لە بەردەم جیهانبینییەکی شیعریدا. خۆشبەختانە ئەتوانین بڵێین بۆ یەکەم جارە کە شاعیرێک، شیعر هەر تەنیا نابێتە رەنگدانەوەی حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی مەسەلەن فەنای ئیلاهی یا نابێتە حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی تەئسیرگوزاری بۆ کارەساتێکی کۆمەڵایەتی، نابێتە حاڵەتێک رەنگدانەوەی لیقای مورید لەگەڵ شێخەکەیدا، بەڵکو شیعری نالی بریتییە لە تەئەحموول کردنێکی سیستماتیکیانە لە کۆمەڵێ رەهەندی گەورە، کە ئەم رەهەندانە بە درێژایی مێژوو هەم خولیای فیکر، هەم خولیای فەلسەفە و شیعریش بوو، بە مەعنایەک نالی بەرجەستەکەری بیروڕایەکی بەرفراوانترە لەو بیروڕایەی کە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی هەر لە شیعرا دەریان بڕیوە، ئەوان بیروڕاکەیان دوا جار لە ئاستێکدا کۆتایی پێدێ. بەڵام نالی ئەتوانین بڵێین بیروڕاکانی لە ئاستێکدا کۆتایی پێنایە. بەڵکو چەندین ئاست بە خۆیانەوە دەگرن، بۆ دەربڕینی ئەم جیهانبینییە نالی پێویستی بە تێڕوانینە بەرانبەر بە زمان و رۆڵی زەمان لە گەیاندنی ئەم جیهانەی ئێمەدا.

لە بەر ئەوەی نالی کەسێکە کە هەوییەتی کورد بوونی خۆشی بە لاوە گرینگە، هۆشیاری ئەم شاعیرە ئەگاتە ئەوەی کە ئەبێ ئەم جیهانبینییە لە ناو زمانێکدا بەرجەستە بێ کە زمانی خۆیەتی، کە زمانی ئەوە، کە نزیکترین پێکهاتەیە لە خودی خۆیەوە، ئەو دێڕە شیعرەی کە تیایدا هەم ئاماژە بە زمان و هەمیش بە هۆشیاری ئەوە دەکا کە ئەو بۆچی زمانی کوردی هەڵدەبژێرێ، هەم ئاماژە بە مانای جیهانبینی خۆی دەکا، رەنگبێ یەکێک بێ لەو بەڵگانەی کە ئەم بیروڕایەی ئێمەی لە سەر دروست دەکرێ: «کەس بە ئەشعارم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە» هۆشیارییەکە ئەلێرە دایە «خۆکردییە» چییە ئەمن وەختێک کارێکی خۆکردی ئەکەم کە هۆشیاریم هەبێ بە گرینگی ئەو کارە، مەبەستێکم هەبێ، کە ئەو مەبەستە، ئەو خەونەی من بێنێتە دی کە هۆشیارییەکەم ئەیەوێ کاری بۆ بکا، «کەس بە ئەشعارم نەڵێ خۆ کوردییە» یانی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا مەیهێننە خوارەوە، «خۆ» لە زمانی کوردیدا شتێکە کە ئێمە

بمانەوێ شتێکی پێ بێنینە خوارەوە ئەڵێین «جا خۆ ئەوە...» ئەم هاتووە ئەم دەربڕینە کۆمەڵایەتییە تەقلگیلەرایەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بڵێ ئەوەی من ئەیکەم ئەوە نییە کە ئێوە مەبەستانە، رەنگە ئەو ئێوەیە ئێوەیەکی وەهمیش بێ، رەنگە ئەو گوتارەی نالی بێ بەرانبەر بە گوتاری سەردەستی عەرەبی و فارسی کە ئەو دوو زمانە هەردووکیان زاڵ بوون لەو کاتەی شیعری کوردیا و دەرچوون لەو دوو گوتارە، ئیتر ئینجا بڵێم خۆ ئەمە شیعر نییە، چونکە کوردییە، ئەو ئەڵێ ئاخر ئەمە خۆکردییە «هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا ئەکا» کەواتە شیعر بەرجەستەکردنی مەعنایە، کە ئەمەش ئەو شتەیە کە من ناوی ئەنێم جیهانبینی شیعری لە نالی کە هەڵگری تەئەمولێکە بۆ ئەو رەهەندانەی کە پێشتر باسم کردن. خەسڵەتێکی دیکەی زمانی کوردی بۆ نالی ئەوەیە کە نالی کەسێکە لە خەمی ئەوەشدایە کە زمان بەر لەوە تەعریفێک هەبێ بۆ وەی «ناسیۆنالیسم» چییە یا «قەوممەداری» چییە، ئەو لە زمانی کوردی ئەو رەکیزەیە دروست دەکا کە ئێمە پێویستمان پێیەتی، بۆ تەعریفکردنی روانگەی ناسیۆنالیستی یا روانگەی قەومیانە، کە واتە ئەمە حەساسیەتی شاعیرێکە بەرانبەر بە زمانێک کە تا ئەو کاتە زمانێکی رۆژانەییە، بەڵام زمانێکی کیتابی نییە، ئەمە جگە لەوەی کە نالی کەسێکە ئەیەوێ بمێنێتەوە، نالی کەسێکە نایەوێ ژیانی شیعری ئەو یەکسان بێ بە ژیانی ماتریاڵیانەی ئەو، یا ژیانی جەستەییانەی ئەو، نالی وەک مرۆڤێکی هۆشیار دەزانێ لە تەمەنێکدا لە دایک بووە و لە تەمەنێک کۆتایی پێدێ، بەڵام ئەو نایەوێ تەمەنی شیعریش هەمان مەودا وەربگرێ. ئەیەوێ تەمەنی شیعری زیاتر ریشەدار بێ، زیاتریش بمێنێتەوە، بۆیە لە زمانی کوردیدا پانتاییەک، مەساحەیەک دروست دەکا کە مانەوەی ئەو دەستەبەر بکا لە ناو مێژووی ئایندەدا، بەڵگەشمان ئەوەیە کە شیعری نالی راستە لە ناو ئەو چوارچێوە زمانییەدا لە دایک بووە کە شیعری عەرەبی و فارسی پێ نووسراوە، بەڵام شیعری نالی تا دێتە سەر هەر روونتر ئەبێتەوە، یەعنی زیاتر ئاڕایشێک بە خۆیەوە دەگرێ کە بەرمەبنای تواناکانی زمانی کوردی دروست بووە، یەک دێڕت بۆ دێنمەوە رەنگبێ بەڵگەی ئەوەمان بۆ بخاتەڕوو کە من زۆر جار پێموایە کە ئەم دێڕە ئەکرێ زۆری لە سەر راوەستی، بگەڕێی بۆ شتی عەرەبی و فارسی و بگەڕێ بۆ قوەتی زمانی کوردیش لەو شیعرەدا:

*کانی دەزێن بە ئاو و درەخت ئاوسن بە با*

*شایی بەهارە، بولبولە داماد و غونچە بووک*



سەیری ئەم پاقژبوونەوەی زمانە لە چاو هەندێک شیعری دیکەدا، سەیری ئەم شەفافبوونە کە لە هەمانکاتیشدا هەڵگری خەسڵەتەکانی ئەو جیهانبینییەیە، پێموایە جیهانبینی لەوێدا ئەبێتە جیهانبینییەک کە شەفافییەتی خۆی هەبێ و ئەم شەفافییەتە بتوانێ تەعبیرێکی زمانی بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئێمە دەڵێین کە نالی یەکێکە لەو کەسانەی کە دەتوانین لە ئەنجامی قسە کردنمان لە سەری باس لە زۆر شتی دیکە بکەین. باس لە دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بکەین، کە شیعر بناغەکەی بێ، باس لە ستایشکردنی سروشت و بوونەوەرەکانی سروشت کەین. باس لە حەساسییەتی شاعیرێک بکەین کە لە یەک کاتدا نەک خەمی خۆی دەخوا، بەڵکو خەمی هەموو ئینسانێ ئەخوا، جا پێموایە ئەوە ئەو ئەنگیزانە بن کە ئەشێ شاعیرێکی وەکو نالیان هان دابێ بۆوەی ئاوڕ لە زمانی کوردی بداتەوە و زمانی کوردی بکاتە گۆڕەپانی مانەوەی شیعریانەی خۆی. لە کاتێکا ئێمە ئەزانین نالی وەک شاعیرێک باش هۆشیار بووە بەرانبەر بە مەرگی خۆی، بەڵام بەرانبەر بە شیعری خۆی ویستوویەتی ئەو مانەوەیە دەستەبەر کا و هەر ئەم دەقانەیشن کە بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ ئێمە کە بتوانین باس لە هەڵێنجانەوەی جیهانبینییەک بکەین کە بە جیهانبینی شیعری نالی بەناوبانگە.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: فۆکۆ باسی دوو جۆر «من» دەکات. دوو جۆر «من» لە یەکتری جیا دەکاتەوە، منێکی دیکارتی کە منێکە نامێژوویی، منێکە دەیهەوێ زیهنییەتی خۆی لە دیاردەکانی دەرەوە بە شتێکی جیاواز و جودا بزانێ، و منێکی «کانتی» کە منێکی مێژووییە، منێکە کە تێکەڵ بە رووداوەکانی دەوروبەری خۆیەتی، منێکە کە لە نێو جەنگەی ساتەوەختی ئێستایدا دەژی. ئەگەر لە رێگای ئەو پۆلێنبەندییەوە خۆمان بە ناو جیهانی شیعری نالیدا بکەین، دەبینین نالی بە پێچەوانەی زۆر شاعیری کلاسیکی و بە پێچەوانەی دیدی زاڵی شیعری کلاسیکی زۆر جار خۆی لە ئاست رووداوە مێژووییەکانی سەردەمی خۆی نەبان نەکردووە. بۆ نموونە بۆ من ئەمە پرسیارێکی گرینگە کە چۆنە شاعیرێکی کلاسیکی وەکو نالی دنیای شیعرەکانی بەر لە غوربەتی و دوای غوربەتی زۆر جیاوازن، چۆنە نالی کاتێ کە غوربەتێکی مێژوویی بەسەردا دێت و ناچارە وڵاتی خۆی بەجێبێڵێت وەک شاعیرێکی کلاسیکی لە بەرانبەر ئەم غوربەتە مێژووییەدا هەڵوێست ئەگرێت و قەسیدەی «قوربانی تۆزی رێگەتم» ئەنووسێ، ئەمە پرسیارێکی گرینگە، کەچی تۆ ئەبینی لە شیعری شاعیرانی باڵادەستی کلاسیکی فارسیدا کە دیارە نالی عەرووزەکە و قاڵبەکە و قافییەکەی لەوان وەرگرتووە ئەم دیدە نابیندرێ، بۆ وێنە حافیز وەک باڵادەسترین

**شاعیری کلاسیکی فارسی بەردەوام باس لە منێک ئەکا، کە ئەو منە منێکی ئەزەلییە، بە وتەیەکی دیکە هەمان منی دیکارتی- نامێژوویییە:**

**من ملک بودم و**

**فردوس برین جایم بود**

**آدم آورد در این دیر**

**خراب آبادم**

**تەواوی هەوڵەکانی حافیز بۆ گەڕاندنەوەی شان و شکۆ و گەورەیی منی مرۆڤە بۆ ئەو منە ئەزەلییە، گەڕاندنەوەی شوێنی مرۆڤە بۆ ئەو شوێنە ئەزەلییە کە بەهەشت بێ، ئەمە بە رای جەنابت چ پێناسەیەک وەردەگرێ لە شیعری نالیدا کە نالی ویستوویەتی وەک شاعیرێکی کلاسیکی لە ناو بارودۆخی مێژووییدا بمێنێتەوە و ئایا ئەوە نابێ بە بەڵگەی ئەوەی کە لە ئاستی گوتاردا نالی داماو و با بڵێین وابەستەی گوتاری شیعری کلاسیکی نەبووە، بەڵکو بۆ خۆی بەرهەمهێنەری جۆرە گوتارێکی تایبەت بووە لەو قۆناغەی شیعری کلاسیکی کوردیدا؟**

**ڕێبوار سیوەیلی**: ئەو ناسنامە چەند پارەیەی کە پێشتر باسمان لێوە کرد، وتمان ئەو ناسنامەیە «ئەویتر» بە ئێوەی بەخشیوە و دواجار ئێمە قەبووڵمان کردووە، لە رەخنەی تەقلیدی ئێمەشدا رەنگدانەوەی خۆی هەبووە، بەو مانایەی کە رەخنەی تەقلیدیی ئێمە هەمیشە باوکی مەعریفی بۆ شاعیرە گەورەکانی وەکو نالی دروست کردووە، هەمیشە تەسلیم بووە، یەعنی لە پێشەوە تەسلیم بوو کە نالی وەک شاعیرێکی کورد لە سێبەری شاعیرێکی فارسی وەکو حافیز دایە. من پێموایە ئەمەش دیسان ئەم تێڕوانینەی دروست کردووە، دیسان هەمان خۆ بە کەمزانینە مێژووییەی کوردە لە ئاست ئەوانیتردا، لە یەک کاتدا کە شتی هاوبەش زۆرە لە نێوان نالی و شاعیرە کلاسیکە مەزنەکانی ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتدا، بەڵام جیاوازیش هەیە، ئەم جیاوازییە نابێ لە بەر ئەوەی هەموویان لە مەنزوومەیەکی ئیسلامیدا یا لە رووی تەکنیکییەوە هەمان تەکنیکیان بەکارهێناوە فەرامۆش بکەین و لە پێش چاوی نەگرین، نالی وەک شاعیرێک، وەک تاکە کەسێک، وەک کوردێک، تایبەتمەندی سەربەخۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە شیعری شاعیرانی دیکەی خۆرهەڵات، بەڵێ نالی خوێندەوارێکی باشی شیعری پێش خۆی بووە و ئەمەش رەنگدانەوەی هەیە لە هەموو ئەو تەکنیکە بەرزەی لە شیعری نالیا هەیە، بەرز لە



چوارچێوەیی کلاسیکییەکەیدا، بەڵام لە هەمانکاتیشدا نالی سەربەخۆیی خۆی پاراستووە هەر وەکو چۆن هەندێ لە شاعیرانی دیکەی ئێمەش سەربەخۆیی خۆیان پاراستووە، کەواتە پێبەخشینی باوکێکی شیعری بە نالی و قەتیسکردنی لە چوارچێوەی سێبەری شاعیرێکی وەک حافیزدا جگە لەو خۆ بەکەمزانینەی کە رەخنەگرە سوننەتییەکانی ئێمە پێوەی موبتەلا بوون هیچ شتێکی ترمان پێ نابڕێ، لە بەر ئەوەی خۆمان لەو بەکەمزانینە رزگار بکەین و بۆ ئەوەی گرینگی نالی لە چوارچێوەی شیعری کلاسیکیماندا بەو خسوسیاتانەی کە جیای دەکاتەوە لە شاعیرانی دیکەی کلاسیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەبێ خۆمان لەو دیدە رزگار بکەین، بەوەی کە بێین دەقی نالی، نەک بە بەراورد بەو شاعیرانە، بەڵکو لە خۆیدا تەماشا بکەین.

یەکێک لەو خاڵە جیاوازییانەی کە جەنابت ئاماژەت پێدا ئەوەیە کە نالی کەسێکە پێیەکی لە خاکدا و پێیەکی لە سەر عەردی شوێنی ژیانی مرۆڤەکان چەقیوە و هەندێ جاریش لە هەندێ قەسیدەکانیا یا بە شێوەیەکی گشتی چونکە ئەو مرۆڤێکی ئایینییە، مەلایەکە، شێوەی بیرکردنەوەی ئایینی زاڵە بە سەر شیعرەکانیا، بەڵام نەبووەتە هۆی ئەوەی دەستنیشانی جیهانبینی شیعری ئەو بکا، ئەو تەنیا هەر قەسیدەی ئایینی نەگوتووە بگرە ئەو زۆربەی شیعرەکانی هەڵوێستگرتنێکی ئاشکران لەو زەمین و زەمانەی کە تێیدا ژیاوە و تا رادەیەکی زۆریش ئەمەی وەک پەرچەکردارێکی ناڕەزاییانە بە کار هێناوە و شیعری کردۆتە ئەو پانتاییەی کە تیایا ناڕەزایەتی رەخنەگرانەی نالی رەنگی داوەتەوە بەرانبەر بەو رووداوانەی کە روویان داوە. قەسیدەی «قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مروور» لە راستیدا هەر قەسیدەیەک نییە کە تیایدا سکاڵای نالی یا نۆستالژیای نالی رەنگی دابێتەوە و بە قەدەر ئەوەی ئەوە مەحکووم کردنی کردەوەی ئەوی تریشە، نالی پرسیار دەکا لەوەی کە ئایا چی رووی داوە دوای کۆچی ئەو، دوای جێهێشتنی، ئەو شوێنانەی کە ئەو جێی هێشتوون، یا بە شێوەیەکی سروشتی جێی هێشتوون، ئەو حوزوورێکی زێهنی زۆر روونی هەیە لە سەر هەر یەکێک لەو شوێنانە، بەڵام بوونی بێگانە و داگیرکردنی ئەو شوێنانە لە لایەن ئەویترەوە وا لە نالی دەکا کە گومانەکانی خۆی لە کردەوەی بێگانە لە شعرەکەدا بەرجەستە ببێ، یانی نالی چاوەڕوانییەکی لە «رۆمییەکان» یا لە هێزی داگیرکەر نییە کە بێ زیاتر ئاوەدانی بە شار و زێد و نیشتمانی ئەو ببەخشێ، بەڵکو هەمیشە لە قەسیدەکانیدا جارێک ئەمانگێڕێتەوە بەر یادەوەری خۆی کە تێیدا هەم گەنجەتی خۆشی بەیان دەکا و هەم روونی و ئاشکرایی ئەو مەوقعییەتە مێژووییانەش دەگێڕێتەوە، لە دێڕی دووهەم بە پێی زەینی من لە نێو بەیتی دوومی هەموو ئەو قەسیدەیەدا

هەم پەیی خۆیمان بە یاد دێنێتەوە کە ئێستای نالییە و هەم بەدگومانی خۆی یا گومانی خۆشیمان بەرانبەر بە کردەوەی بێگانە، وەختێک وڵاتەکەمانی داگیر کردووە، بۆ ئاشکرا ئەکەن، ئا ئەو گومان کردنە بۆ خۆی هەڵگری دیدێکی ئینتیقادی و رەخنەئامێزی نالییە بەرامبەر بەوەی ئەوانی تر چیان لە ئێمە دەوێ، نالی نەهاتووە بڵێ ئەرێ فڵان مزگەوتیان بەرز کردەوە، ئەرێ فڵان باخچەیان داهێنا، نەخێر، ئەڵێ ئەو باخچەی کە هەبوو وێرانیان کرد، کەواتە چاوەڕوانی نالی لە ئەوی تر ئەو چاوەڕوانییە بوو، ئەمەش هەڵوێستگرتنێکی زۆر جیدییە لەو گۆڕانکارییانەی کە لەو کاتەدا رووی داوە. ئەمە یەک شتیشمان پێدەڵێ، ئەڵێ کە ئێمە لە نووسینەوەی مێژووماندا مەرج نییە هەر تەنیا پشت بە ئەو مەتریاڵانە ببەستین کە لە سەر مێژوو حیسابن، بەڵکو ئەکرێ لە میانەی خوێندنەوەیەکی جیددی و وریایانەماندا بۆ شیعریش، بەشێک لە مێژووی خۆمانی لێهەڵێنجین و لە مێژووی هەڵوێست گرتنی نالی لە ئاست تێڕوانینی مرۆڤی کورد لە ئاست بێگانەدا وەختێک دێ وڵاتەکەت لێ داگیر دەکا دەتوانی زۆر شت وەرگری، کەواتە گوتاری نالی گوتارێکە کە تیایدا ئەو جیاواز بوونی خۆی بەرانبەر بە ئەویتر و کردەوەکانی ئەویتر تێیدا روون دەکاتەوە، نالی بەم مەعنایە میراتێکیش بۆ ئێمە بەجێئەهێڵێ، میراتێک کە جیایە لەو میراتەی لە سەردەمی نالی و پێش نالیا هەبووە، سەردەمی نالی تەسلیم بوون بووە بە گوتاری ئەویتر، لە کاتێکدا نالی دەیەوێت جۆرێک لە جیاوازی بەرقەرار بکا لە بەینی خۆی و ئەویتر، ئا ئەمە گرینگی نالییە و ئینسانگەرایی و مرۆڤدۆستی نالی. ئەلێرەدا دەرئەکەوێ بە بێ ئەوەی تەمایوز ببێتە هۆی رقبوونەوە لە ئەوی دیکە، بە بێ ئەوەی جیاوازی ببێتە هۆی سڕینەوەی ئەویتر، بە بێ ئەوەی دروستکردنی خاڵی جیاوازی بە مانای سڕینەوەی خاڵە هاوبەشەکان بێ لە بەینی نالی وەک کوردێک و ئەوانی تر وەک غەیرەکان.

ئەوەی کە هەر ئەم خەسڵەتەشە لە شیعر و لە جیهانبینی نالیدا وای لێدەکا کە تەنیا هەر نەبێ بە بەشێک لە مێژووی ئەدەبی ئێمە، بەڵکو ببێت بە بەشێک لە مێژووی ویژدانی ئێمەش. نالی میراتێکی بۆ بەجێهێشتووین یا خەزێنەیەکی بۆ داناوین، ئەوە ئێمەین چەند دەتوانین بەهرە لەم خەزێنەیە وەربگرین بە بێ ئەوەی تەقدیسی بکەین. نالی پێویستی بە پیرۆزکردن نییە بە قەدەر ئەوەی پێویستی بەوە هەیە تێی بگەین. ئەرکی نەوەی ئێمەیە کە بەو شێوە تەماشای نالی بکا.



**عەبدولخالق یەعقووبی**: لە دوابەشی ئەم وتووێژەدا گەلێک سوپاسی رۆشنبیر و نووسەری خۆشەویستی کوردستان ئەکەم، کاک رێبوار سیوەیلی بەرێز کە زەحمەتی قبووڵکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە.

**رێبوار سیوەیلی**: زۆر سوپاس، زۆر خۆشحاڵ بووم کە جگە لەوەی نووسین و بەرهەمی هەندێک لەو قەڵەمە جیددیانەی ئەم دیو ئەخوێنمەوە، بەڵام هەر بینینتان لە نزیکەوە جێی شانازییە، زۆر سوپاس... ■

خەرمانانی ١٣٨٢
سێبتەمبەر ٢٠٠٣

● ئەم وتووێژە لە جەنگەی سەفەری کاک رێبوار بۆ کوردستانی رۆژهەڵات و لە دوایین رۆژەکانی هاوینی ٢٠٠٣ و لەسەر داوای من ئەنجام درا.

# له چیرۆکی خۆماڵییه‌وه تا چیرۆکی جیهانی

## له‌گه‌ڵ حه‌مه‌که‌ریم عارف و عه‌تا نه‌هایی

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئێوە بۆ چیرۆک ئەنووسن؟ چیرۆک چی دەکا بۆ جیهان؟

**حەمەکەریم عارف**: پێموایە پرسیارێکی زۆر بەجێیە، بۆ چیرۆک ئەنووسم؟ رەنگە زۆر جار هەوڵێکی بێهوودەی لاواندنەوەی ناخی سەرگەردانی خۆم بێ، جۆرە هەوڵدانێک بێ بۆ مەعقوولییەت بەخشین بە ژیانی خۆم، دیارە ژیانی خۆشم وەختێ بەرجەستە دەبێ کە ئاوێتەی ژیانی خەڵک بێ، پێموایە چیرۆک وەکو دەق، وەکو دەقێکی داهێنراو، وەکو هونەر تەنیا یەک مەبەستی هەیە، ئەویش وەرگری هونەرییەتە بۆ ئەوەی روانینی ئینسان بۆ ژیان بگۆڕێ، ئینسانییەتی ئینسان زیاتر قووڵ بکاتەوە، یانی کارێکی وا بکا ئینسان زیاتر هەست بە ئینسانییەتی خۆی بکا، بە رادەیەک رازی نەبێ هیچ کەسێ ئینسانییەتی پێشێل بکا، یان داگیری بکا، یان بە هەر شێوازێ زەوتی بکا، ئەوانەی کە ئێستا لە خەیاڵمدا بن، هۆ بن بۆ ئەوەی هانم بدەن بۆ نووسینی چیرۆک، ئەم بابەتانەن دیارە پەلەقاژەیەکی تا رادەیەک بێهوودەش بێ بۆ وەدەسهێنانی جۆرە نەمرییەک، پێشم وایە هەموو هەوڵێکی رەوا بۆ وەدەسهێنانی نەمری هەوڵێکی حەڵاڵە، هەڵبەت ئەو نەمرییەش تەنیا لە چوارچێوەی کۆمەڵدا بەرجەستە دەبێ. ئیتر مەرج نییە ئەو کۆمەڵە ئەم کۆمەڵەی ئێستا بێ کە منی تیا دەژیم، رەنگە کۆمەڵێکی ئایندە، رەنگە لە ئایندەدا، رەنگە پەنجا ساڵیتر خەڵکانێک چیرۆکی من بخوێننەوە و ئینسانییەتی خۆیانی تیا بدۆزنەوە یان هەست بکەن لایلایەیەکی خۆشە بۆ سەرگەردانی  ئەوان.

**عەتا نەهایی**: هەموو ئەو فەرمایشتانەی کاک حەمە کەریم عارف رەوایە، ئەم پرسیارە کاتێک رووبەڕووی نووسەرێک ئەکرێتەوە، رووبەڕووی هونەرمەند و شاعیرێ دەکرێتەوە دەتوانێ دەیان هۆی ببێ بۆ نووسین کە بەشێکی ئەوانەیە کە کاک حەمە کەریم عارف ئاماژەی پێکردن.

بەڵام وەکو ئەزمون خۆم، بە لای منەوە نووسین تەقەللایەکە بۆ دۆزینەوەی خۆم. واتە با ئاوا روونی بکەمەوە من هەست دەکەم وەکو مرۆڤ لە سەردەمێکدا، لە ناو کومەڵگایەکدا، مرۆڤێکی پارچە پارچە بووم، مرۆڤێکی لەت و پەت کراوم، مرۆڤێکم هەر کوتێکم هەر پارچەیەکم لە شوێنێکە، واتە ئەگەر لێم بپرسن تۆ کێی؟ راستگۆیانەترین وەڵام بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە بڵێم نازانم کێم. چیرۆک ئەو دەروازە یان ئەو دەرفەتە



بووە، کە پارچەپارچەی خۆمی تیا بدۆزمەوە، خۆمی تیا کەشف کەم، لە هەر چیرۆکێکدا بەشێک لە خۆم ئەدۆزمەوە، بەشێک لە خۆم ئەبینم کە پێشتر ئەو بەشەی خۆمم نەناسیوە، ئەمەش وەک کاک حەمە کەریم ئەفەرمووێ، تەقەللایەکی مرۆڤانەیە، یانی من وەکو مرۆڤ مافی ئەوەم هەیە کە بۆ خۆم بگەڕێم، مافی ئەوەم هەیە کە بزانم کێم، چیم ئەوێ، راستە هەموو لایەنەکانی تری هونەر تەنانەت زانستگەلی ئینسانی ئەم دەرفەتە بۆ ئینسان دەڕەخسێنن کە راستییەکانی خۆی تیا بدۆزێتەوە، خۆی تیا بدۆزێتەوە، خۆی تیا کەشف کا، وەک بۆ نموونە دەروونناسی و هەموو لقەکانی تری زانست، بەڵام چیرۆک شتێکی ترە، یان رەنگە من پێم وابێ شتێکی ترە، من پێم وابێ راستگۆیانەترین هەڵوێستی رووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ خۆیا. چیرۆک بە لای منەوە ئەو لایەنەی بەرجەستەیە کە هەوییەت و شوناسی خۆمی تیا ئەبینمەوە و پارچەپارچەکانی دەروونی خۆمی تیا ئەدۆزمەوە نەک هیچیتر. ئەوەی کە خەڵک چی تیا دەبینن، چی تیا نەبینن، چۆن سەیری کەن، چۆن سەیری نەکەن، بەلای منەوە ئەمە کەم پێوەندی بە منەوە هەیە، ئەمە پێوەندی بەو خەڵکەوە هەیە کە ئەیخوێنێتەوە و ئەبێ ئەوان خۆیان راستی ئەو شتانە بدرکێنن، کە بۆچی چیرۆکی من ئەخوێننەوە یان نا، بۆچی نایخوێننەوە و پشتگوێی دەخەن.

**عەبدولخالق یەعقووبی**:پێموایە «رۆلان بارت» دەڵێ: **ئەدەب سازدان و تێکدانەوەی بەردەوامی شێواز و ماناکانە. پرسیاری من ئەوەیە چیرۆک چۆن ئەم ئەرکە وە ئەستۆ دەگرێ؟ چیرۆک چۆن گۆمی مەندی ئەم جیهانە کە پێکهاتووە لە شێواز و مانا دەشڵەقێنێ؟**

**حەمەکەریم عارف**: چیرۆک هەڵبەت وەکو دەقی هونەری و بابەت، هەر بابەتێ زمانی خۆی لەگەڵ خۆیا ئەهێنێ، دیارە ئەو بابەتە بە شێوەیەکی پەڕاکەندە لەناو ژیانا بوونی هەیە، تۆ وەکو هونەرمەندێ دێی لە رێگای وشەوە، بە زەبری وشە شێوازی تایبەتی ئەدۆزیتەوە. ئەو پەڕاکەندەییە، لە ناو ژیانتا هەیە، تۆ دێی لە نێو چیرۆکا مەعقوولییەتێک یان نەزمێکی پێ ئەبەخشی، ئەگەریش تەماشای ژیان بکەی، سەیر ئەکەی جۆرە پاشاگەردانییەکی تێدایە، یان جۆرە بێنەزمییەک لە ناو ژیانا هەیە.

بەڵام چیرۆکنووسێک کە دێ ژیان یا بابەتێکی زۆر زیندووی ژیان هەڵئەبژێرێ و هونەرییەتی پێئەبەخشێ، دەیەوێ ژیان لەو پەڕاکەندەییە یان لەو بێنەزمییە رزگار بکا. هەڵبەت ئەو کاتە خولقاندنی ژیانێکیتر، ژیانی ناو چیرۆک دەقاودەق ناکاتەوە شتێکی

هاوتای ژیانی ناو واقیع، بەڵکو رەنگە شتێکی گەورەتر بکا. رەنگە چیرۆک بتوانێ بڵێ بەڵگەنامەیەکی هەستی ئەو ئینسانەیە، یان جۆرە هەڵوێستگیرییەکی روانینی چیرۆکنووسەکەیە بۆ ژیان و ئەوجار کۆکردنەوەی ئەو پەراکەندەییە کە لە ناو ژیانا هەیە لە چوارچێوەی جۆرە هونەرێکا کە پێی ئەڵێن چیرۆک. هەڵبەت ئەگەر چیرۆک هونەرییەت وەرنەگرێ هەر وەک عەرزم کردن ئەوە چیرۆکەکەی چیرۆکێکی مردارەوەبووە یانی نابێ بە بەڵگەنامەیەکی هەست یان نابێ بەو مێژووە هەرە تایبەتییەی کە سبەی خوێنەرێک بیخوێنێتەوە و بتوانێ خولیای چیرۆکنووسەکە، دونیای ناو چیرۆکەکە وەکو بەڵگەنامەیەکی هەستبزوێن بێ کە هونەرییەتێکی تەواوی وەرگرتبێ بە رادەیەک ئارەزوومەندانە بێت کە خوێنەر خۆی لە پێستی هەڵوێستی نووسەرەکەدا ببینێتەوە و بەرخورد یا مامەڵە لەگەڵ دەق بکا.

**عەتا نەهایی**: ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە چ پێوەندییەک کە لە نێوان ناوەرۆک و شێوازدا هەیە، یان نووسەر چۆن کاتی داهێنان رووبەرووی ئەم پێوەندییە دوو لایەنەیە ئەبێتەوە، چۆن رووبەرووی ئەم بارودۆخە ئەبێتەوە، ئەگەر مەبەست ئەوە بێ با پێشتر لە زمان نووسەرێکی گەورە شتێک بگێڕمەوە کە دەڵێ شێوە یا فۆرم یا تەکنیک یان هەر جۆرێ ناوی بەرین ئاشکراکەری دید، دنیابینی و بۆچوونی خاوەنی بەرهەمەکە یان داهێنەرەکەیە، یانی ئێمە دەتوانین لە کلاوڕۆژنەی شێوەوە سەرشۆڕ بکەینەوە بۆ بینینی دنیای داهێنەرەکە. بە داخەوە من ئەتوانم ئەوە بڵێم لە داهێنانی کوردیدا بە عام، رەنگە کەسانێک بن وا هەڵوێست نەگرن، بەڵام بە عام جیاوازییەک دائەنێن لە نێوان شێوە و مانادا و بە جیا سەیری ئەم دوو دیاردە یان ئەم دوو چەمکە دەکەن کە ئەوەی راستی بێ بە بڕوای من سەیرکردنێکی هەڵە و دیکارتی-یە، سەیرکردنێکی ئیمرۆیانە نییە، بەڵکو خودی شێوە، خودی هەڵبژاردنی فۆرم و تەکنیک کە سەرجەم پێیدەڵێن شێوە، خۆی خوڵقێنەری مانایە، یانی وا نییە کە مانا جیا لە دەرەوەی ئەم هەڵبژاردنە، لە ناو ئەو مەیدانە دایە کە پێیدەڵێن شێوەی داهێنان. هەر وەک کاک حەمە کەریم عارف فەرمووی زمان لە چیرۆکدا رەگەزی سەرەکیی شێوەیە، دەی زۆر چاکە با ئەگەر بڕوامان بەوە ببێ کە مرۆڤ خۆی زادەی زمانە، واتە هەستی مرۆڤ، بیرکردنەوەی مرۆڤ، خەم و کێشە و شادی و هەموو شتەکانی مرۆڤ زادەی زمانە، رۆشنبیری مرۆڤ، فیکری مرۆڤ هەموو بە قەدەر زمانە، هەمووی لە زماندا لە دایک دەبێ، کەواتە ئەوەی چیرۆکنووس ئەیکا،



ئەوەی چیرۆک ئەیکا دەتوانێ لەو قەڵەمڕەوەی زماندا کە قەڵەمڕەوی شکڵ و فۆرمە و لەم قەڵەمڕەوە دایە کە مانا دەخوڵقێ و هەڵوێستەکان، بیرکردنەوەکان و رۆشنبیرییەکان لە یەک جیا ئەبنەوە، بە قەدەر مامەڵەکردنمان لەگەڵ زمان و شێوە و فۆرم هەڵوێست و بیرکردنەوە و فیکریشمان جیا ئەبێتەوە. جا ئەوەی کە من وتم بە داخەوە لە چیرۆکی کوردیا بە عام، لە داهێنانی کوردیا بە عام ئەم دوو رەگەز و چەمکە لە یەک جیا ئەکرێنەوە و بەها بە لایەنێکی ئەکرێ بدرێ و لایەنێکی تری پێشێل بکرێ یا فەرامۆش بکرێ، یا چیرۆکی وامان هەیە مانایەکی قووڵی ببێ، بەڵام شێوەیەکی سادە و ساکاری هەبێ یان شێوەیەکی خراپی ببێ، ئەمە بە باوەڕی من هەر ناگونجێ لە بوونی ماناشدا هەروەتر، مانا بە شێوەوە بەستراوەتەوە. لە چیرۆکدا هەموو شتێک بە شێوە و زمان و مامەڵە کردنی نووسەر لەگەڵ زمان و بە گشتی فۆرمەوە بەستراوەتەوە.

**عەبدولخالق یەعقووبی: ئەم وەڵامانەی ئێوە ئەم پرسیارە دێنێتە پێش، باشە کاتێک دەڵێن چیرۆکی کافکایی، واتە چیرۆکێک کە لە هەوای جیهانبینی کافکادا هەناسە بدا. بۆ نموونە یەک لە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جیهانە سزادانی مرۆڤە بەر لە دەستنیشانکردنی تاوانەکەی.**

**پرسیارەکە ئەمەیە بۆ لە جیهانی چیرۆکی کوردیدا دنیایەکی تایبەتی لەم چەشنە بە پێی فیکر و فەلسەفەی کۆمەڵگای کوردی نەخوڵقاوە؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ چیرۆکی کوردی لە فەلسەفە و ئەندێشەی تایبەت بە بارودۆخی مرۆڤی کورد بە دوورە؟**

**حەمەکەریم عارف**: لە پرسیارەکەی جەنابتەوە وا تێگەیشتم کە چیرۆکی کوردی لەوە ناچێت وەکو پێویستە هەڵگری ناسنامەی کوردی بێ، رەنگە ئەمە بۆچوونێکی تا رادەیەک راست بێ، ئێمە دەبێ ئەو حیسابە بکەین چیرۆک بەرەنجامی قۆناغی ئاڵۆز بوونی ژیانە. ژیانی کوردەواری تا ئێستا کە ژیانێکی سادە و ساکار بووە، ئەو ئاڵۆزییە گەورەیە کە چیرۆکی داخراو و تەمومژاویی کافکای تێدا بخوڵقێ، رەنگە ئەو کەش و هەوایە وەکو پێویست دروست نەبووبێ، رەنگە هێندێ هەوڵمان هەبێ لەم بابەتەدا، لای ئەم چیرۆکنووس یان لای ئەو چیرۆکنووس، هەوڵەکان لە باری هونەرییەوە سەرکەوتوو نەبن، بەڵام رەنگە ئەو جۆرە هەوڵانە بچنە خانەی لاساییکردنەوەیەکی واقیعی کوردەوارییەوە.

ئێمە وەكو میللەت، میللەتێكی بندەستین، تا وەكو ئێستا هەڕەشە لە مافی ئینسانیمان دەكرێ، هەڕەشە لە بوونی كۆمەڵایەتیمان دەكرێ، هەڕەشەی سڕینەوەی ئینسانیمان لێدەكرێ، كە هەموو ئەو هەڕەشانەمان لەسەرە وەكو ئینسان، وەكو كاردانەوەی ئینسانی خۆمان مەجبوورین هەموو سەنگەرەكانی خۆڕاگری بگرینەبەر. یەكێك لە سەنگەرەكانی خۆڕاگری بە رای من بۆ میللەتی كورد تاكو ڕۆژگاری ئیمڕۆ ئەدەبیات بووە، ئەدەبیاتیشمان كردووە بە سەنگەرێ، ڕەنگە بۆ سەردەمی خۆی زۆر حەڵاڵ بێت، ئەدەبیاتمان كردووە بە سەنگەرێك كە لە ڕێگای ئەوەوە هەست و نەستی ئینسانی و نەتەوەیی مرۆڤی كورد جۆش بدەینەوە و هانی بدەین بۆ خەبات كردن. بۆ ئەوەی ئەویش وەكو هەر ئینسانێكیتری ئەم جیهانە هەقی ژیانی هەیە، هەقی ئازادی هەیە، مافی دەربڕینی فیكری خۆی هەیە، ئەوجارە ئەوە هاوكێشەیەكی زەقە. هاوكێشەیەكە دیارە پێویستی بە جۆرە راستەوخۆییەك هەیە، لە نواندنی بەرامبەرەكەیدا. ئەمە بۆتە هۆی جۆرە سادەییەك یان ڕاستەوخۆییەك لە ئەدەبی كوردیدا بە دەقی شیعری و بە دەقی چیرۆكەوە، واتە ئەدەبیاتی ئێمە تا ڕادەیەك بۆتە ئەدەبی خۆڕاگری، تەنانەت بیرمان لێنەكردۆتەوە زەوقی چێژوەرگرتنی خوێنەری كوردیش پەروەردە بكەین. بیرمان لەوە كردۆتەوە هانی بدەین بۆ ئەوەی خەبات بكات، هانی بدەین دژی دوژمنی مادی و مەعنەویی خۆی بێ. بۆیە ئەو ئینسانە دەبێ دژی ئەم كۆمەڵە دوژمنە بوێستێ. دواندنی خوێنەر بەو زمانە تەمومژاوییە كافكاییەی جەنابت باسی دەكەی مەبەست ناگەیەنێ، لەم حاڵەتەدا چیرۆكنووسی كورد ناچار بوون جۆرە سازشێك بكەن، سازشەكە لەسەر حیسابی هونەرییەتی دەقەكان شكاوەتەوە. بۆیە سەیر ئەكەی دەقە ئەدەبییەكانی ئێمە ڕاستەوخۆییان تێدایە، سادەییان تێدایە، بە قەد سادەیی ژیانمان.

**عەبدولخالق یەعقووبی: هەڵبەت من مەبەستم ئەوە نەبوو چیرۆكی كوردی دەقاودەق جیهانی كافكایی بە خۆیەوە ببینێ. با نموونە بێنمەوە، بۆ وێنە لەم ڕۆمانە تازەیەی كاك عەتادا «گوڵی شۆران» تا ڕادەیەك جیهانێكی تایبەت بە فیكری كاك عەتام بە پێی كارەكانی پێشووشی كە بە وردی خوێندوومنەتەوە بەدی كردووە، بۆ وێنە لە ڕۆمانی «گوڵی شۆران»دا ئێمە دەتوانین تایبەتمەندییەكانی هەرە گەورەی جیهانی چیرۆكی كاك عەتا بدۆزینەوە. ئەویش خەیانەتی مرۆڤی كوردە بە خۆی. لە چیرۆكی «شەو قەڵای مێردە»دا ئەم**



**خەیانەتە لە پێوەندی نێوان مرۆڤەكاندا خۆدەنوێنێ و لە چیرۆكی «مەسخ»دا دەبێتە ڕەمزێكی مێژووی و تەواوی كومەڵگای كوردی دەگرێتەوە، مەبەستی من ئەوەیە، كە چیرۆكی كوردی بۆ پێناسەكردنی جیهانی مرۆڤی كورد پێویستی بەوە هەیە كە پانتاییەكی سەربەخۆی فەلسەفی بۆ خۆی بخوڵقێنێ، بە بڕوای من جار و بار ئێمە لە چیرۆكەكانی خۆماندا بە تایبەت لە تەكنیك و داڕشتندا تەنانەت لە بیر و بیرۆكەكانیاندا دەبینن كە زۆر لە مرۆڤی كورد دوور كەوتووینەتەوە.**

**حەمەكەریم عارف**: ئەمن پێموایە تۆ ئەگەر بكەویتە ژێر كاریگەرێتی ئەدەبیاتی دەوروبەر و دنیاشەوە ئەمە هەقێكی تەبیعی خۆتە، بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا نووسەر پێش ئەوەی نووسەر بێ خوێنەرە، كە خوێندنەوە مانای ئەوەیە لە سەرچاوەی هەمەجۆر شت ئەخوێنیتەوە. بتەوێ و نەتەوێ ئەم سەرچاوە هەمەجۆرانە لە لاشعووریا كەڵكەڵە دەبێ، ئیتر ئەو كەڵكەڵە بوونە لە شعوور یا بۆ جارێكی تر دێتە ڕەنگدانەوە، بەڵام ناسنامە بەخشین یان نەفەسی تایبەتی بەخشین بە ئەدەبیات، ئەوە دیارە جیهانبینی و خوێندنەوەیەكی قووڵتری پێویستە، ئەوەی كە جەنابت ئەیڵێی هەست بە غیابی ناسنامەی كوردی لە چیرۆكی كوردیدا دەكرێ، دیارە مەبەستت سەرتاسەری چیرۆكی كوردی نییە و هەر هەندێكیان وان، ئەمە زۆر ڕاستە. ئەمە خەوشەكەی، نوقسانەكەی دەگەڕێتەوە بو جۆری خوێندنەوەی نووسەر بۆ واقیعەكە، ئیتر واقیعێكی فەننی بێ یان واقیعی بەرهەمەكەی بێ، دەگەڕێتەوە بۆ غەیابی جیهانبینییەكی روون. ئەوەی كە جەنابت باسی دەكەی غەیابی ناسنامە بریتییە لە كەشفكردن، دیارە كەشفكردنی هونەری هەموو وەستاوەتە سەر ئەوەی خوێندنەوەی نووسەرەكە چەند دروستە بۆ واقیعی فەننی، بۆ واقیعی ئاسایی، جیهانبینی نووسەرەكە چەند جیهانبینییەكی تایبەتە. گەڕانەوە بۆ تایبەتمەندییەكانی خۆت و كەشفكردنی ئەو تایبەتمەندییانە و ئەوجار بەرجەستە كردنی لە قاڵبی هونەری گەورەدا، ئەوانە هەموو هۆن یا فاكتەرن بۆ ئەوەی چیرۆكی كوردی تووشی ئەو جۆرە ئیفلیجییەتە دەبێ كە لە هیچ بازاڕێكدا جێی نابێتەوە، دیارە ئەگەر ناسنامەی تایبەتی خۆی نەبێ، ئەگەر نەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی، نووسەرێكی كورد لە نووسەرێكی بێگانە زۆر چاتر میللەتی خۆی و واقیعی ژیانی خۆی ئەناسێ، كە ناتوانێ ئەمە بكا بە هونەر یا ئەو واقیعە بهونەرێنێ دیارە تووشی ئەو جۆرە پاشاگەردانییە دەبێ، تووشی ئەو جۆرە چیرۆكە

ئیفلیجانە دەبێ، بۆیە ئەوەی ئەیبینی جۆرە لاساییکردنەوەیەکی بەدەر لە واقیعە. من لەگەڵ لاساییکردنەوە یان لەگەڵ وەرگرتندا هەم بە مەرجێ تۆ نەفەسی خۆتی پێببەخشی، ئەگەر نەفەسی خۆتت پێبەخشی ئەوە مژدەبەخشێکی زۆر گەورەیە، نوقڵانە و مزگێنییەکی زۆر گەورەیە، نیشانەی ئەوەیە تۆ ئەتوانی زمانی کوردی وەکو کەرەستەیەک بێنی تەفاعولی پێ بکەی، لەگەڵ بەرهەمی فیکری و هونەری میللەتانی دی، کە گەیشتە ئەو ئاستە مانای ئەوەیە ئەتوانی خۆت بدۆزیتەوە، بەڵام ئەو جۆرە ئیفلیجییە کە هەیە ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خوێندنەوەی دروستی نووسەر بۆ واقیعەکە، بۆ نەبوونی جیهانبینییەکی روون بۆ لاساییکردنەوەیەکی دوور لە واقیع.

**عەتا نەهایی**: لە درێژەی فەرمایشتەکانی کاک حەمەدا وەکو ئێوە ئەفەرموون جیهانی کافکایی یانی جیهانی چیرۆکی چیرۆکنووسێک، یانی جیهانی مرۆڤ لە بارودۆخێکی تایبەتدا. ئێمە بۆچی دەڵێین کافکا خاوەنی جیهانی کافکایی، خاوەنی جیهانی خۆیەتی و بۆچی ئەم قسە گەورەیە ئەم وەسفە گەورەیە بۆ نووسەرێکیتر ناکەین، تەنانەت بۆ وێنە بۆ نووسەرە گەورەکانی سەردەمی کافکایش ناکەین. تەنانەت ناڵێین کامۆ خاوەنی جیهانی خۆیەتی، یا سارتر خاوەنی جیهانی خۆیەتی، بەڵام کافکا خاوەنی جیهانێکە کە پێی ئەڵێن جیهانی کافکایی، لەبەر ئەوەی کە کافکا مرۆڤ لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەبینێ، ئەم بارودۆخە بارودۆخێکی گشتی و ئینسانییە، بارودۆخێکە پێوەندی بەو ژیانەوە هەیە. ئەمە بە بڕوای من تەنانەت پێوەندییەکی بە خوێندەواریی کافکاشەوە نییە، یانی کافکا ئەو خوێنەوارییەی کە نووسەرانی هاوچەرخی خۆی بوویانە، ئەو ئاگادارییەی کە لە فەلسەفە بوویانە، ئەو ئاگادارییەی کە لە دەروونناسی و کۆمەڵناسی بوویانە، ئەو نەیبووە، بەڵام کافکا شتێکی تری بووە، یانی کافکا لەوپەڕی راستگۆییدا کە تایبەتمەندی هونەر و داهێنانە، لەگەڵ خۆیا وەک مرۆڤ رووبەڕوو بۆتەوە، یانی کافکا لە خۆی روانیوە و لە روانگەی خۆیەوە، لە روانگەی پێوەندییەکانی نێوان خۆی و کۆمەڵگاکەیەوە، کە کومەڵگایەکی بچووکی وەکو بنەماڵەیە، بەڵام ئەو راستگۆیانە بارودۆخی مرۆڤی لە هەلومەرجێکی تایبەتدا نیشان داوە، تەنانەت زۆر کەس دەڵێن بە شێوەیەک پێشبینی دنیای دوای خۆی دەکا، واتە دنیایەکی بەرفراوان، سیستمێکی بەرفراوانی سیاسی کە پێی دەڵێن سیستەمی توتالیتێر. چۆن ئەم پێشبینییە دەکا؟ دیارە من باوەڕم وایە کافکا توانیوێتی کەشف بکا، هەموو



نووسەرێکیش ناتوانێ کەشف بکا، بەو نیسبەتە کە کافکا دەبێتە خاوەنی جیهانی کافکا یانی نووسینی کافکا، چیرۆکی کافکا لە قۆناغی ئەدەبیاتەوە تێئەپەڕێ بۆ قۆناغی هونەرییەت، با ئاوڕێک لەم بەراوردەت بدەمەوە، لە چیرۆکی کوردیدا تەقەللاکان لە قۆناغی ئەدەبییەت دان، تەقەللاکان بە عام دەڵێم، وەکو کاک حەمە فەرمووی دیارە هەندێک شەیدایی و لاساییکردنەوە و بەهادان بە کۆمەڵێ شتی لاوەکیتر هەیە. بەڵام کە ئەپەڕینەوە بۆ قۆناغی هونەرییەت، یانی بۆ قۆناغی داهێنانی رەسەن، لەوێ ئیتر هیچی ئەمانە نییە، لاساییکردنەوە نییە، یانی ئەو چیرۆکەی ئێمە دەڵێین لاسایی دەکاتەوە و ناتوانێ چیرۆکێکی تەواو هونەری بێ، بەو نسیبەتە لە داهێنان دوور ئەکەوێتەوە. موشکیلەی سەرەکی چیرۆکی کوردی ئەوەیە کە نەیتوانیوە تا ئەمڕۆ بە عام بارودۆخی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکی وەکو کومەڵگای کوردیدا بدۆزێتەوە، ئەوەیە ئیتر خاوەنی چیرۆکێک نین پێی بڵێین جیهانێکی کوردی هەیە، لای هیچیان، لای هیچ کام لە چیرۆکنووسەکان بە عام جیهانێکی وا دروست نەبووە کە ئاوڕێکی راستگۆیانە و هونەرمەندانە و داهێنەرانە بداتەوە لە مرۆڤ لە بارودۆخێکی تایبەتدا کە پێی دەڵێن بارودۆخی ئێمرۆی کوردی.

مرۆڤی کورد ئێمرۆ لە کێشەیەکی زۆر سەیر دایە، لە لایەکەوە لە سەردەمێکدا دەژی کە پێی دەڵێن سەردەمی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن و ناتوانن لەم سەردەمەی دابڕێن و جیای بکەینەوە و لە ژوورێکی دابنێین و دەرگاکەی گاڵە بەین و لە لایەکی تریشەوە لە هەمانکاتدا لە کومەڵگایەکی پێشامۆدێرنی زۆر سوننەتی دایە، کومەڵگایەک بە هەموو تایبەتمەندییەکانی کومەڵگای دوو سنوورییەوە. ئێستا چیرۆکنووسێکی کورد چۆن رووبەڕووی ئەم ئاڵۆزییە دەبێتەوە و چۆن رووبەڕووی ئەم ئینسانە دەبێتەوە و چۆن سەیری خۆی وەکو ئینسانێک لە نێو ئەو کۆمەڵگایەدا دەکا، با بمێنێ، چونکی قامک ناخەینە سەر چیرۆکێکی تایبەت، بەڵام بە راست ئەوە دیارە چیرۆکی کوردی نەیتوانیوە جیهانێک بخوڵقێنێ کە بەو جیهانە بڵێین کوردی، ئەویش لە بازنەیەکی بچووکی ناوچەییدا وەکو کوردستان نەک لە بازنەیەکی گەورەی جیهانیدا وەکو چیرۆکەکانی کافکا.

**عەبدولخالق یەعقووبی: لێرەدا پێم خۆشە ئاوڕێک بدەینەوە لە هێرمێنۆتیک و کێشەی تەئویل لە چیرۆکدا. وەک چۆن دەقی چیرۆک بۆ خوێنەر دەبێتە سەرچاوەی راڤەکردنی ئەو چیرۆکە، سەرچاوەی نووسینی خودی چیرۆکەکەش بۆ نووسەر دیارە**

**زەینییەت و زمانی خۆیەتی، ئێستا با بڵێین ئایا منی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکدا و لە کاتی راڤەکردنی چیرۆکدا هەر تەنیا و تەنیا ئەو دەقە بە سەرچاوەی راڤەکردنی خۆم بزانم؟ ئایا خوێنەر ئەو هەقەی پێدەدرێ کە هەر لە روانگەی دەقەوە بڕوانێتە دنیای دەلالەت و ماناکان، یان نا، دەبێ ئاگاداری مێژووی زەین و زمانی نووسەریش بێ و هەلومەرج و بارودۆخی قۆناغی خوڵقانی ئەو دەقەش لەبەرچاو بگیرێ؟**

**حەمەکەریم عارف**: دەتوانم بڵێم دەق پردێکە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا، دیارە ئەم پردە دەبێ ئەوەندە جێی باوەڕ بێ کە نووسەر لە رێگای ئەو پردەوە کۆمەڵێ هەستی بگوازێتەوە بۆ لای خوێنەر. من پێموایە خوێندنەوەی دەق بەر لە هەموو شتێک بریتییە لە خوێندنەوەی واقیعێکی هونەری بە عەقڵییەتی چیرۆکنووس یان بە عەقڵییەتی سەرتاسەری ئەو رەگەزانەی کە بوونەتە مایەی دروستبوونی دەقەکە. راستە خوێنەر و بە تایبەتی رەخنەگر لەسەر حیسابی دەقێک دەقێکی تر دروستدەکا، لە یەک کەرەسەی داهێنەرانە و دەقسازیدا یەکدەگرنەوە. هەر دووکیان زمان بە کار دێنن، ئەمیان زمانێکی زۆر هونەری و ئەویان زمانێکی زانستی بەکاردێنێ بۆ کەشفکردنی مانا پەنهانییەکانی دەقی یەکەم. چونکە زمان بۆ خۆی ئاوسە بە مانای هەمەجۆر، جا وەرە تا زمانێک چڕ بکەرەوە بیکە بە دەقێکی هونەری، دیارە لەو حاڵەتەدا دەبێتە زمانێکی زۆر گەورەتر و چڕتر و ئاوستر بە مانا لە چاو زمانی ئاسایی کە بریتییە لە تێگەیشتنی یان هۆیەک لە هۆیەکانی تێگەیشتنی دوو مرۆڤ لە یەکتری، لەو حاڵەدا داهێنانەکە زمانێکی زۆر تایبەت بە خۆی هەیە، ئەتوانین بڵێین مێژوویەکی زۆر زۆر تایبەتە، هونەرێنەدراوە، ئەمجارە خوێنەرەکە دێ لەگەڵ ئەو دەقە رووبەڕوو دەبێتەوە، کلیلێکی پێیە، کلیلەکەی ئەویش بریتییە لە زمان، ئەمجار دێ ئەزموون روانین یا هەڵوێستی نووسەر دووبارە دەکاتەوە بۆ روانینی ژیان، جاری وایە ئەو تەجرەبەیەی نووسەر دەست نادا بۆ ئەو خوێنەرەی ئیمڕۆ، بۆ وێنە دە ساڵ لەمەو پێش چیرۆکێکت نووسیوە، راستە رەنگە تەکنیکی تیا بێ، رەنگە بتوانێ لە سەردەمی خۆی تێپەڕێ، یانی گەلێ دەقی ئەدەبی هەن لە دنیادا، هەزاران ساڵە ماون، ئێستاش تۆ ئەیخوێنیتەوە چێژیشی لێوەردەگری، بەڵام رەنگە روانینی ئەو چاویلکەیەی نووسەرەکە پێی روانیوەتە دنیا تۆ پێی رازی نەبی، بەڵام بۆ خۆ تەجرەبە کردن ئەوەیان هەقێکی سروشتی خۆتە کە بە چاویلکەی ئەو، تەجرەبەکە بخوێنیتەوە، بەڵام مەرج نییە تۆ قەناعەتی پێ بکەی و باوەڕت پێی هەبێ.



**عەتا نەهایی**: ئەوەی کە فەرمووت من پرسیارەکەتم بە دوو شێوە وەرگرت، یەکێکیان ئەوەی کە ئایا ئێمە کە چیرۆکێک ئەخوێنینەوە لە باری هەڵسەنگاندنەوە دەتوانین بڵێین چونکی ئەم چیرۆکە سەد ساڵ لەوە پێش نووسراوە، کەواتە دەبێ عەیبێک و ئیرادێکی هەبێ، من ئەمەوێ ئەوە بڵێم هیچ شتێک پاساو بۆ چیرۆک ناکا، یانی هیچ شتێکی مێژوویی کە بڵێ ئەم چیرۆکە بۆ ئەبێ ئیمڕۆکە چێژی لێنەبینین، ئیمڕۆکە بە باشی نەخوێندرێتەوە، بەڵام سەد ساڵ لەوە پێش بە باشی خوێندرابێتەوە و چێژی بەخشیبێ، مادام ئیمڕۆکە چێژ نابەخشێ، بە بڕوای من ئەوە ئیراد لە خودی چیرۆکەکە دایە، بەڵام بە شێوەیەکیتریش ئەگەر پرسیارەکە وەربگرین چیرۆک دەقێکە کە لە ناو زمانێکدا روو ئەدا، لە ناو زمانێکدا ئەخوڵقێ و لە فەزایەکی کولتووری تایبەت بە خۆیا ئەخوڵقێ، با زیاتری روون بکەینەوە، چیرۆکی کوردی چیرۆکێکە لە زمانی کوردیدا دەخوڵقێ، بە تواناکانی زمانی کوردی دەنووسرێ، بە کەموکوڕییەکانی زمانی کوردی دەنووسرێ، چەندە زمانی کوردی زمانێکی بەتوانایە، یان نا، چەندە زمانی کوردی زمانێکی بێتوانایە بۆ نووسین یا بۆ خەڵقی چیرۆک و لە فەزا و کەش و هەوایەکدا ئەو چیرۆکە لە دایک دەبێ و دەخوڵقێ، کە ئەو فەزا کولتوورییە، فەزای کولتووری کوردە، کە واتە ئێمە ناتوانین چیرۆک دابڕین لە زمان و کەش و هەوا کولتوورییەکەی، یانی ئەو وەختە ئێمە دەتوانین چێژی تەواو لە چیرۆکێ ببینین کە بە شێوەیەک ئاگاداری زمان و ئەو فەزا کولتوورییە بین، بەڵام ئەمە دیسان بەو مانایە نییە کە ئەگەر کەسێک ئاگاداری زمانەکە یا کەش و هەوا کولتوورییەکە نەبوو چێژ لەو چیرۆکە نەبینێ.

ئیمڕۆ باشترین چیرۆکە جیهانییەکان لەگەڵ وەیا کە چێژ بە هەموو خوێنەرانی دنیا ئەبەخشن، لە گەڵ ئەوەیا کە ئەخوێندرێنەوە لە هەموو دنیادا، بەڵام وەکو شوێنی لە دایکبوونیان ناخوێندرێنەوە، بۆ وێنە باسی چیرۆکی ئەمریکای لاتین بکەین، چیرۆکی ئەمریکای لاتین ئێمەش دەیخوێنینەوە، بەڵام چێژبینینی ئێمە و خوێندنەوەی ئێمە لە چاو خوێندنەوەی خەڵکی ئامریکای لاتیندا و ئەو خەڵکەی بە زمانی ئیسپانیۆلی قسە دەکەن و لەو فەزا کولتوورییەدا دەژین، کە چیرۆکەکەی لێ لە دایک بووە دوو جۆر خوێندنەوەیە، نازانم ئەوە چ تاڵە دەزوویەکە، چ سیحرێکە کە وا لە چیرۆک ئەکات کە دەبێ چێژ بە هەموو خەڵکی دەرەوەش ببەخشێ و لە هەمان حاڵدا چێژ بە خەڵکی شوێنی لە دایکبوونی خۆشی ببەخشێ. من شیعرەکانی حافز بە نموونە ئەهێنمەوە کە

ئەویش بەرهەمێکی هونەرییە. دیارە حافز وەختێک وەردەگێڕدرێتەوە بۆ زمانە ئەوڕوپییەکان چێژی بە هەموو ئەو دنیایانەی دەرەوە بەخشیوە کە وەرگێڕدراونەتەوە و دەخوێندرێنەوە، بەڵام ئەو شێوەی کە ئێمە حافز دەخوێنینەوە کە لەو کەش و هەوا فەرهەنگییەدا ژیاوین و ئاگاداری زمانی حافز هەین لەگەڵ ئەو شێوەی ئەوان، دوو شێوەیە، چێژ بردنی ئێمە چێژ وەرگرتنێکی زیاترە، بە دەلیلی ئەوەی ئێمە لە پشت وشە و رستە و زمانەکە بە عام ئەو فەرهەنگە ئەبینین کە ئەو وشەیەی تا ئیمڕۆ هێناوە و بارێکی مانایی داوەتێ و ئێمە ئەو فەزا کولتوورییە ئەناسین کە وای کردووە لە حافز فلان میسراعی شیعری یان فلان غەزەلی بخوێنینەوە و چێژی لێوەرگرین، نموونەیەکی رەنگە خراپم هێنابێتەوە. نموونەی شیعریم هێناوە نموونەی چیرۆکیشمان هەیە، بە رای من ناتوانین ئێمە چیرۆک داببڕین لەو بارودۆخە تایبەتییە کە تیا لە دایک بووە، وەک چۆن ناتوانین دایبڕین لە زمان و فەزا کولتوورییەکەی. ئەمەش بە مانای ئەوە نییە کە دیسان ناتوانین چێژی لێوەرگرین، بەڵام چێژ لێبردنەکە یا خوێندنەوەکە دوو جۆر چێژ لێبردن یا خوێندنەوەیە.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **ئەم پرسیارەم دەکەم بە دوو بەش، بەشێکی لە کاک حەمەکەریم عارف دەپرسم و بەشەکەی تری لە کاک عەتا نەهایی.**

**کاک حەمە ئەگەر لە جیهانی تایبەتی جەنابتدا چیرۆک بستێننەوە چت بۆ دەمێنێتەوە؟ کاک عەتا ئەی ئەگەر لە چیرۆکی جەنابت جیهان دەرهاوێژن چۆن؟**

**حەمەکەریم عارف**: پێموایە هەر بۆشاییەک کە دروست ببێ خۆی پڕ ئەبێتەوە، بەڵام من نازانم چم بۆ ئەمێنێتەوە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆ کە جۆرە ئاشقێنییەک لەگەڵ وشەدا دەکەم، ئیتر ئەو عاشقێنییە چەند تیا سەرکەوتووم، چەند تیا بە سەر سەرا کەوتووم، ئەمەیان دیارە قەزاوەت لە لای خوێنەر و لە لای رەخنەگرانە، بەڵام نووسینی چیرۆک یا مامەڵەکردن لەگەڵ وشەدا بە نیسبەت من کێشەیەکە. دیارە هەر مرۆڤێ کە کێشەیەکی بووە کێشەکە لە لای خۆشەویست بووە، ئاشقێنی لەگەڵ ئەو کێشەیە کردووە، ئەگەر ئەو کێشەیەی لێ زەوت بکرێ، دوو رێباز دەگرێتە بەر، یان تووشی نائۆمێدی و گۆشەگیری دەبێ، یان تووشی حاڵەتێکی تۆڵەئەستێنی زۆر گەورە ئەبێ، ئیدی نازانم ئەگەر ئەو جیهانی چیرۆکە یان ئەو کێشەیە لە من بستێندرێتەوە تووشی کام حاڵەتیان دەبم، رەنگە تووشی هەر دوو حاڵەتەکە ببم یان رەنگە ئینسان تەبیعەتێکی باشی هەیە رادێ لە



گەڵ هەموو جۆرە واقیعێکا، رەنگە رابێم لەگەڵ واقیعەکە، یان بڕیارێکی کێشە نووسین لەو حاڵەتەیا بۆخۆم دروست کەم، چۆن پێموایە ئینسان بە بێکێشە مومکین نییە، یانی هیچ کێشەیەکی نەبێ بۆ خۆی ناچارە کێشەیەک دروست بکا، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە سەرەداوێک بێ مەعقوولییەت بە ژیانی ببەخشێ، چونکە ئەگەر ئەو مەعقوولییەتەی نەبێ ناتوانێ هەڵکا لەگەڵ ژیانا، ئینسانیش بە تەبیعەتی زوو لەگەڵ شتەکان رادێ. ئەو حاڵەتەی کە جەنابت پرسیت ئەگەر ببێ بە ئەمری واقیع ئەو کاتە ئەو حاڵەتانە دێنە پێش، بەڵام بە نیسبەت منەوە چیرۆک و مامەڵەکردن لەگەڵ دنیای چیرۆکا کێشەیە و کێشە ساندنەوەش لە ئینسان کارێکی قورسە.

**عەتا نەهایی**: ئەوەی کە فەرمووت من پێموایە شتی وا مومکین نییە، یانی ناکرێ لە چیرۆکی من جیهان بسێندرێتەوە، ئەوە کە غەیری مومکینە، مەگەر ئەوەی کە چیرۆکم لێ بسێننەوە، ئەگەریش چیرۆکم لێ بسێننەوە، پێموایە ژیانم لە ئەوپەڕی بێماناییدا دەبێ، یانی ئەو کات هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژیانی خۆم و بەردێکدا، ژیانی خۆم و کوتەپەڕۆیەکدا نابینم.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **«گوستاو فلۆبێر» بە «گی دۆمۆپاسان»ی وت «ئەگەر رەسەنایەتییەک لە بەرهەمتدا هەیە بینوێنە و ئەگەریش هیچ رەسەنایەتییەکی تێدا بەدی ناکەی وەدەستی بێنە» ئێستا من هەر ئەم پرسیارە ئاراستەی چیرۆکەکانتان دەکەم، چیرۆکی ئێوە تا ئێستا چ رەسەنایەتییەکی نواندووە و دەیەوێ چ رەسەنایەتییەک وەدەست بێنێ؟**

**حەمەکەریم عارف**: بە نیسبەت منەوە چیرۆک و کاری داهێنان رەنگە نەک هەر بۆ من رەنگە بۆ گەورە نووسەرانی دنیایش بریتییە لە هەوڵ، تەنانەت من پێموایە گەورە نووسەرێکی وەک تۆلستۆی و داستایۆفسکی ئەمانەش هەوڵیان داوە، بەڵام هەوڵی ئەوان لە لووتکە دایە. منیش بۆ خۆم لە ناو ناوەندی نووسینی کوردیدا سووکە هەوڵێک، هەوڵێکی بچووکم داوە، رەنگە پێش هەموو شتێک هەوڵێ ئەوەم داوە ناسنامەیەکی کوردی بە چیرۆکەکانی خۆم ببەخشم، هەستیش دەکەم لە هێندێ چیرۆکمدا سەرکەوتووو بووم، یەعنی ئەگەر ئەو چیرۆکانەم ئێستا بکرێ بە زمانێکی غەیرە کوردی رەنگە خوێنەر هەست بەوە بکا لە ناوچەیەک و لە کەش و هەوایەکدا خولقاوە جۆرە خەسڵەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، پڕۆژەی دنیای چیرۆکی من ئەوەیە ئەو تایبەتمەندی و ناسنامانە،

ئەوەی تایبەتی کوردە لە چیرۆکەکانمدا رەنگ بداتەوە. ئیتر ئەوە هەوڵە، هەوڵیش مەرج نییە تیا سەرکەوتوو بی، بەڵام گرینگی هەوڵ لەوەدایە تۆ رێگا ئەگریتە بەر تا چەند رێگاکە ئەبڕی، چەندە نایبڕی، ئەمەیان زۆر گرینگ نییە، ئەگەری بە ئامانج، ناگەی بە ئامانج، زۆر گرینگ نییە، بەڵام گرینگە رێگاکەی بگریتە بەر، ئەوەی بە لای منەوە مەبەست بێ و خەم بێ بۆ چیرۆک ئەوەیە کە تایبەتمەندییە کوردییەکەی پێ ببەخشم.

**عەتا نەهایی**: لە چیرۆکدا بۆ خۆم دەگەڕێم، پێموایە ئەمە بە راستگۆییەوە ئەیڵێم، لە هێندێ چیرۆکدا هەست بەوە دەکەم هەنێ شتم دۆزیوەتەوە، هەنێ خۆشم دۆزیوەتەوە، لەتوکوتێکی خۆمم دۆزیوەتەوە،لەوانە رازیم، لە هەنێ چیرۆکیشدا کە پێموایە خۆمی کەم تیام، پێموایە دۆڕاندوومە. ژیانیش قومارە، جاری وایە پیاو ئەیدۆڕێنێ، جاری وا هەیە هەر هەموو ژیان ئەدۆڕێنی. بەڵام بۆئەوەی کە بینوێنی، یانی قسەی ئاییندە بکەین، هەموو هەوڵی خۆم ئەدەم کە خۆم باش وەدۆزم، شاکار بنووسم، کە چیرۆکێک بنووسم لەوپەڕیدا، دیسان دەیڵێمەوە، واتە لەو پەڕیدا خۆمی تیا ببینمەوە، لەو پەڕیدا خۆمی تێدا بناسم، لەو پەڕیدا پەی بە خۆم بەرم، خۆم کەشف بکەم، ئەگەر بتوانم چ باشتر، ئەگەر نەمتوانی ئیتر ئەوە هەموو ژیانم دۆڕاندووە. بەڵام ئەگەر بزانم کە ناتوانم، ئەگەر قەناعەت بێنم بەوەی کە ناتوانم، دەبێ واز بێنم لە نووسین. دیسان دووپاتی دەکەمەوە دەبمە کوتەبەردێک. دەبمە کوتە پەڕۆیەک. دەبمە تایەک پێڵاوی دڕاو، هەست بە بوون ناکەم، یانی دەبمە هیچ، هەموو شتێکم لە پێناوی چیرۆک دایە، هەموو شتێکم بۆ چیرۆکە و چیرۆکیش بۆ ناسین و کەشف و دۆزینەوەی خۆمە، جا ئەگەر من خۆم ئەدۆزمەوە، لە چیرۆکەکانی منا هەنێ خەڵکیش، کەم، تەنانەت دوو سێ کەس خۆیان ئەدۆزنەوە چ باشتر، ئەگەریش خۆیان نادۆزنەوە رەنگە خەم بخۆم، بەڵام کارەکەم راناوەستێ، مەبەستەکە دۆزینەوەی خۆمە، کەشفکردنی خۆمە، نیازم بەوە هەیە، من شەو و رۆژ لەگەڵ خۆما کێشەمە. شەو و رۆژ لە خۆم دەپرسم من کێم؟ من چیم؟ کوڕی کێم؟ بۆچی هاتووم؟ چیم ئەوێ؟ بۆ وام کرد؟ بۆ وا ناکەم؟ بڕوا بکە جاری وایە هەنێ کار دەکەم کە چل ساڵی تەمەنم ئەوەندەی ئەگەر نەڵێم چل ساڵەکەی، لەوەتی فامم کردۆتەوە پێم وابووە من قەت شتی وا ناکەم، ئەمە شتێک نییە من بیکەم. دەبینم نا، بەوپەڕی رەزایەتەوە، لە چل ساڵیدا من ئەوە دەکەم، جاری وایە لەوەتی فامم کردۆتەوە، سی ساڵە پێموایە من ئەوەم خۆش دەوێ، من ئەوە پێ خۆشە، من حەز



ئەکەم ئەوەم بکەم، لە چل ساڵیدا بۆ چرکەیەک، لە چیرۆکێکدا لە گۆشەی چیرۆکێکدا ئەیبینم، نا ئەو چل ساڵە وا نەبووم، من ئەوەم کە بە پێچەوانەوە نەک هەر ئەو شتەم خۆش ناوێ، نەک هەر حەز بەو شتە ناکەم زۆریشم نەفرەت لێیەتی، کەواتە کێشەی من کێشەی خۆناسینە، هەموو هەوڵێ ئەدەم خۆم بنووسم، هەموو هەوڵی خۆم ئەدەم باشترین دەق بنووسم، ئەگەر نووسرا چ باشتر، ئەگەریش نەنووسرا لەوە بە دواوە با پێم بڵێن کوتەپەڕۆ.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **من هەمیشە پێم وابووە چیرۆکی هونەری ئەو چیرۆکەیە خوێنەر دوای خوێندنەوەی هەست بەوە بکا پرسیارێک بە پرسیارەکانی تری پێشووی خۆی سەبارەت بە ژیان و جیهان زیاد بووە، بە بڕوای من چیرۆکی هونەری ئەو چیرۆکەیە کە وەڵام نەداتەوە، بەڵکو وەڵامەکان تێکبشکێنێ، کە وایە با بڵێین چیرۆکی هونەری ئەو چیرۆکەیە کە خوێنەر بە هەقدار بزانێ نەک «ئەرکدار»، هەقی تێفکرین، هەقی تێڕامان و هەقی گومان کردن. بەڵام ئێمە لە زۆر چیرۆکدا ئەبینین کە بە ئاشکرایی نووسەر دەیەوێ رێسایەکی تایبەتی با بڵێین ئایدۆلۆژیک بۆ خوێنەر دابنێ و هانی ئەدا لەو بەستێنەدا رێگا بگرێتە بەر، دیارە ئەم قسەیە لەگەڵ ئەوەی کە چیرۆک خاوەن پەیامێکی هونەری بێ دژوازی هەیە، دەیجا پرسیاری من ئەوەیە کە ئایا چیرۆک هەر لە بنەڕەتەوە دەبێ پەیامی هەبێ؟ یان ئەگەر پەیامی هەبێ ئەو پەیامە دەبێ چۆن بێ؟ لە چ قەوارەیەکدا بێ، باشە ئەگەر بە راستی چیرۆک دەبێ پەیامی هەبێ و چیرۆکی بێ پەیامان نییە، ئایا ئەو پەیامە نابێتە ئایدۆلۆژی ئەو دەقە و ئایا ئەو ئایدۆلۆژییایە نابێتە بەردی سەر رێگای داهێنان؟**

**حەمەکەریم عارف**: کاری داهێنان پێموایە لایەلایە یان هەوڵێکی هونەرییە بۆ رزگارکردنی ئینسان لە سەرگەردانی، ئینسان لە ژیانا بتەوێ و نەتەوێ بە شێوەیەک سەرگەردانە، دیارە هەقی خۆیەتی و حەڵاڵیشە بۆ ئینسان هەوڵ بدا، شێوازی ئینسانی بگرێتە بەر بۆ رەواندنەوەی سەرگەردانیی خۆی. بەڵام چیرۆک رەنگە بە شێوەیەکی یەکجار هونەری جۆرە هەوڵێک بێ یان جۆرە یارمەتیدانێکی خوێنەر بێ بۆ چۆنیەتی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی خوێنەر، بەڵام چیرۆک ئەوە نییە، بۆ وێنە بەرنامەی کار بۆ خوێنەر دابنێ یان رێنوێنی بکا. وەختێک خوێنەر گەیشتە ئاستی تێگەیشتن لە شتەکە،

ئەو کاتە بۆ خۆی بەرنامەی کار بۆ خۆی دائەنێ، بەڵام خۆ چیرۆک ئەگەر هیچ پەیامێکیشی پێ نەبێ ئەوە هونەرییەتی چیرۆک بۆ خۆی لە خۆیدا پەیامێکی هەیە، یانی ئەگەر گریمان هیچ پەیامێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی یا ئایدۆلۆژی نییە، ئەوە پەیامێکی هەیە ئەویش بریتییە لە هونەرییەتی دەقەکە، ئەم هونەرییەتە ئەبێ بە ئایدۆلۆژیا یان نا؟
من پێموایە ئەگەر بشبێ بە ئایدۆلۆژیا، ئەبێ ئایدۆلۆژیاکە تەعمیم بکا بە سەرتاسەری خەڵکدا، چونکە خوێنەر ئازادە بە چ کەرەسەیەک نهێنییەکانی ناو چیرۆک کەشف بکا.
من پێموایە دەقی هونەری لە ئایدۆلۆژیا بەدەر نییە، بەڵام ئایدۆلۆژیای هونەری، واتە بمانەوێ و نەمانەوێ ئایدۆلۆژیا یەکێکە لەو تەوقانەی کە چۆتە گەردنی ئینسان و مومکین نییە ئینسان بتوانێ لەو تەوقانە رزگار ببێ، بەڵام وەهم لە لای خۆی دروست دەکا کە رزگار بووە لەو تەوقانە، چونکی ئینسان بە بێ ئەو تەوقانە کە خراونەتە گەردنی یان خۆی ئەیخاتە گەردنی خۆی ناژی، هەست بە بۆشایی و بەتاڵی دەکا، هەست دەکا لە بۆشاییدا رەگ داناکوتێ. یەکیش لە تەبیعەتەکانی ئینسانیش ئەوەیە حەزی بە رەگ داکوتانە، رەگ داکوتانیش خۆی لە خۆیا کەڵکەڵەیەکی وەدیهێنانی نەمرییە. چیرۆکیش ئەوەیە یانی لە دوا ئەنجامدا ئەگەر هیچ پەیامێکیشی نەبێ ئەوە هونەرییەت و ئەدەبییەتی چیرۆکەکە بۆ خۆی پەیامی چیرۆکەکەیە.

**عەتا نەهایی**: من لە پەیام یا ئایدۆلۆژی ناگەم یان با بڵێم نازانم خوێنەر یان بەرامبەرەکەم چەمکی پەیام یان ئایدۆلۆژی چۆن وەردەگرێ، هەر کەسێک بە شێوەیەک. بە بڕوای من نابێ هیچ شتێک لە دەرەوەی چیرۆک بە سەر چیرۆکدا داسەپێ، هەرچی هەیە ئەبێ لە ناخی خۆیا بێ، دەی ئەگەر بڕوا بێنین کە چیرۆک رووداوێک، کردەیەکە کە لە بەشی هۆشیار و ناوشیاری زەینی مرۆڤدا روودەدا، کە باسی نووسەر دەکەن نووسەر وەک مرۆڤ خۆی خاوەنی ئایدۆلۆژیایە، خاونی دنیابینی خۆیەتی، خاوەنی هەستی خۆیەتی، هەنێ شتی پێخۆشە، رقی لە هەنێ شت ئەبێتەوە، هەنێ ئاوات و خەونی هەیە، هەنێ کێشەی لەگەڵ خۆیا هەیە، ئەوانە ئاگادارانە یان نائاگادارانە لە چیرۆکدا رەنگ دەدەنەوە. بەڵام ئەگەر ئەوانە بسەپێن بە سەر چیرۆکدا یانی چیرۆکنووس بە پێی خوێندەوارییەکەی بۆ ئیمڕۆ شتێکی وەرگرتبێ و بیر لەوە بکاتەوە چیرۆکێک بنووسێ کە ئەو شتە بدرکێنێ، ئیمڕۆ چیرۆکنووس پەیامێکی سیاسی بە هۆی خوێندنەوە یان بە هۆی بیرکردنەوەی یان بە هەر هۆیەکی تر وەرگرتبێ و بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن چیرۆکێ



دابڕێژێ کە ئەو پەیامە بدرکێنێ و ئەو پەیامە بە خوێنەر رابگەیەنێ بە بڕوایی من ئەوە داسەپاندنی شتەکانە لە دەرەوەی چیرۆکدا، بە سەر چیرۆکدا، ئەمن ئەوە بە ناڕەوا دەزانم.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: سپاس بۆ دەرفەت و دوانتان لە چیرۆک.... ■

سەرماوەزی ١٣٧٨
دیسامبری ١٩٩٩

● ئەم وتووێژە لە جەنگەی سەفەری شاندێکی فەرهەنگی کوردستانی باشوور بۆ کوردستانی رۆژهەڵات و لە شاری کرماشان و لەسەر داوای من ئەنجام درا.

# وەرزی دواندن

# رۆمانی کوردی و ئاریشەکانی

**بۆ رامان**

**رامان**: چۆن دەڕوانیتە ئاستی ڕۆمانی کوردی؟

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئەوەی ڕاستی بێت باسکردن لە ئاستی ڕۆمانی کوردی، واتە خۆ خستنە ناو مەترسی هەڵسەنگاندنێکی سامناکەوە، هەڵسەنگاندنێک کە دەشێت لەسەر بنەمای ئەو شکستانە دابمەزرێت کە ڕابردووی ڕۆمانی کوردی بە خۆیەوە دیتوویە و بە پێی ئەو لاوازییانە بێت کە ئێستای ڕۆمانی کوردی پێوەی دەناڵێنێ و بە لەبەر چاوگرتنی ئەو خەتەرانە بێت کە هەڕەشە لە داهاتووی ڕۆمانی کوردی دەکەن. هەڵسەنگاندن لە دۆخێکی وادا یانی دانپیانان بە مێژوویەک لە شکست و نوشوستی، نەک هەر لە بەشی بەرهەمهێنانی دەقی ڕۆماندا، بەڵکو لە تێگەیشتنی مانا و مەبەست و سەرجەم جیهانی ڕۆمانیشدا، بە مانای مۆدێڕنی خۆی وەک زەمینەیەکی پێویست بۆ نووسینی ڕۆمان. کاتێک ڕۆمان، بە مانای لۆکاچی خۆی، دەشێت ڕووخێنەری سەرلەبەری سوننەتە (ترادیسیۆنە)کانی پێشوو بێت، کەچی ڕۆمانی کوردی بە گشتی پارێزەری ڕۆح و گەوهەری سوننەتەکانی لەمێژینەن، چۆن نابێت دان بەم نوشوستییە دانەنێن؟! کاتێک ڕۆمان، بەمانای (هێرمان برووخ)ی خۆی، ناسینی پاژێکی نەناسراوی جیهانی بوونە، کەچی بەشێکی زۆری دەقەکانی ڕۆمانی کوردی هێشتاش لەسەر پیرۆزێتیی ئایدیاکان پێدادەگرن و لە پێناوی پاراستنی ئایدیالۆژییەکاندا شەڕ و کێشەیانە، چۆن ناکرێت ئاگاداری ئەم شکستە نەبین؟!

بەبڕوای من ڕۆمانی کوردی لەو ڕۆژەوە ئەم شکست و نوشوستیانەی وەک پەڵەیەک بەنێوچاوانەوە لکا کە، وەک ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی کوردی، هەر لە سەرەتاوە بەنێوی ئەدەبی بەرەنگاری، بوو بە سەکۆی پازدانی دروشمە نەتەوەخوازییەکانی فیکری سیاسیی کوردی، واتە سەرهەڵدانی دیاردەیەک کە دەیویست بە عەقڵێکی سیاسی دەقی ئەدەبی بخولقێنێت. کاتێک لە ڕۆماندا «سیاسەت» جێگا بە «ئەدەبییەت» چۆڵ بکات، کاتێک لە ڕۆماندا «کۆڵنەدەر» شوێنی «کەسایەتی» بگەڕێتەوە، کاتێک لە ڕۆماندا «مەنتقی هەڵکەوت» لە بری «مەنتقی داستانی» بەکاربێت، کاتێک لە ڕۆماندا «داسەپانی ڕای نووسەر» بەڕە لەژێر پێی «ئازادی دەنگی گێڕەرەوە (ڕاوی)» دەربێنێت، ڕۆمان بەر لە وەی جوانییەکی ئەدەبی بێت، بە حوکمێکی سیاسی دەردەچێت. بە کورتی دەمەوێ بڵێم تێکەڵاوکردنی ئاسۆکانی گوتاری سیاسی و گوتاری ئەدەبی لە ژانری ڕۆماندا دەبێتە هۆی مەرگی ڕۆمان، ڕۆمان ژانرێکی



سەرلەبەر ئەدەبییە و سیاسەت بۆی هەیە تەنیا وەک بابەتێک لە ڕۆماندا بوونی هەبێت، نەک وەک گوتارێکی باڵادەست کە بتوانێت دەنگی خۆی بەسەر دەنگی ئەدەبییەتی ڕۆماندا بسەپێنێت. بێگومان سیاسەت لە ڕۆماندا دەرناهاوێژرێت، بەو مانایەی سیاسەتیش پاژێکە لەو بوونانەی ڕۆمان دەخوازێت بیناسێت و لێی بکۆڵێتەوە، بەڵام خاڵی مەترسیدار لە خوێندنەوەی ڕۆمانی کوردیدا ئەوەیە کە سیاسەت دەیەوێ ئەدەب بناسێنێت، سیاسەت دەیەوێ جیهانی دیاردە و بوونەکانی کۆمەڵگای کوردی سەنگ و سووک بکات، سیاسەت دەیەوێ بەردی بناغەی یۆتۆپیای مرۆڤی کورد دابمەزرێنێت. ئەم هەوڵانەی سیاسەت بۆیان هەیە لە گوتارێکی رووتی سیاسیدا شوێنێکیان بۆ دیاری بکرێت، بەڵام کاتێک لەم شێوە زەق و ئایدیالۆژیکەی خۆیاندا بێنە نێو ڕۆمانەوە، ئەدەبییەتی ڕۆمان دەخەنە مەترسییەوە. هەڵبەت خوێنەر لێرەدا بۆی هەیە سیاسەت هەر بە مانای قامووسی خۆی وەرنەگرێت و تەواوی ئەو مەدلوولانەی تێدا ببینێت کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دژایەتی ئەسڵی ئەدەبییەت یان ڕۆمانییەتی ڕۆمان دەکەن.

لێرەدا بۆ ئەوەی مەبەستی خۆم لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە دەربڕیبێت و بەم بۆنەیەوە زیاتر لە ئاستی ڕۆمانی کوردی دوابێتم ئاماژە بە بیرۆکەیەکی گرینگی (واڵتر بنیامین) لەمەڕ پێوەندی نێوان هەقیقەت و بەرهەمی هونەری دەکەم. بنیامین دەڵێت، کاری هونەری بانگهێشتنێکە بۆ گۆڕانکاری، نەک بۆ دەرئەنجام، واتە بەرهەمی هونەری ناچارە شتێک تێکبڕووخێنێت بۆ ئەوەی نیشانمان بدات هەقیقەت لە کوێیە. خاڵی ناوەندی لەم بیرۆکەیەی بنیامیندا «ڕووخاندن»ە، وەکی دەڵێت: «خولڤاندن پێشبینییەکە بۆ ڕووخاندن.»

ئێستا پرسیاری من ئەوەیە، ئەگەر هەر لەم گۆشەنیگا تایبەتەی بنیامینەوە لەمەڕ پێوەندی نێوان هەقیقەت و ڕۆمانی کوردی، وەک بەرهەمێکی هونەری ـ ئەدەبی، بدوێین و باس لە ئاستی ڕووخێنەر بوونی ڕۆمانی کوردی و توانایی پەنجە خستنەسەر هەقیقەتی جیهان و مرۆڤی کوردی بکەین بە کام داهات و دەسکەوت دەگەین کەوامان لێ بکات لە هەمبەر ئاستی ڕۆمانی کوردی هەڵسەنگێنەرێکی گەشبین و خۆشباوەڕ بین؟! دیارە لەم بۆچوونەی بنیامیندا هەقیقەت چەمکێکی نەگۆڕ و داخراو نییە لە شوێنێکی تایبەت حەشار درابێت و ئەرکی ڕۆماننووس هەر ئەوەندەبێت ئەم شوێنە تایبەتە بدۆزێتەوە و هەقیقەت لە حەشارگەی خۆی بێنێتە دەرێ و بیخاتە بەرچاوی خوێنەر، بەڵکو لێرەدا هەقیقەت تەنیا پاش ڕووخاندن و گۆڕانکاری و ئینجا سەرلەنوێ خولڤاندنەوەوە بەرهەم دێت، واتە هەقیقەت چەمکێکە دەشێت دابهێنرێت، دۆزینەوەی هەقیقەت، واتە داهێنانی هەقیقەت. زمانی کوردی کاتێک لە توانایدا نەبێت لە دنیای

ئوستوورەیی سوننەت داببڕێت و تێکەڵ بە جیهانی عەقڵانییەتی سەردەم بێت، چۆن دەتوانێت ئاسۆی دەلالەتەکانی خۆی بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی ئینسان و بەرهەمهێنانەوەی پێوەندییەکی تازە لە نێوان هەقیقەت و هونەرەکەیدا بەرفراوان بکات؟ ڕۆمانی کوردی ئەوەندەی لە داهێنانی هەقیقەتی هونەریی ڕۆماندا دۆش داماوە، سەد ئەوەندەش لە رووخانی ئەو دیوار و پەرژینانەی کە لە ڕێگای رووخاندنیانەوە دەگاتە ئەمجۆرە هەقیقەتانە بێدەسەڵات و بێبڕشتە.

بێگومان هەموومان لەسەر ئەم رایە کۆکین کە لەدایکبوونی ڕۆمان هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی چاخی مۆدێڕنیتە، ئەو چاخەی سەرلەبەری گۆڕانکارییەکانی کولتووری و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕێنێسانس بەدواوە دەگرێتە بەر. کەوایە نووسینی ڕۆمان بە عەقڵانییەتێکی سەر بەچاخی مۆدێڕنیتە، واتە نووسینی ڕۆمان بە مانای دروستی خۆی، جا چ نووسینی ڕۆمانی کلاسیک بێت، چ ڕۆمانی نوێ (ئەو شەپۆلەی لە فەڕەنسە کەوتە ڕێ)، چ ڕۆمانی مۆدێڕن و چ ڕۆمانی پۆست مۆدێڕن. گرینگ ئەوەیە عەقڵانییەتی دژ بە چاخی مۆدێڕنیتە ناتوانێت بەرهەمهێنانی ژانرێکی ئەدەبی بە ناوی ڕۆمان دەستەبەر بکات. بۆیە ڕۆماننووسی کورد ناچارە لەوەی نەک هەر لە راز و رەمز و نهێنی و تایبەتمەندییەکانی عەقڵانییەتی سەر بە چاخی مۆدێڕنیتە ئاگادار بێت، بەڵکو هەوڵ بدات ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مەعریفەی خۆی لە سەرچاوەی ئەم عەقڵانییەتەوە هەڵێنجێت و بیرێژێتە ئاوەڕۆی ڕۆمانی کوردییەوە.

بەبڕوای من باسکردن لە ئاستی ڕۆمانی کوردی باسکردن لە مێژووی شکستەکانی ڕۆمانی کوردییە، ئەو مێژوویەی ئەگەرچی دوور و درێژ نییە، بەڵام شکستی زۆر قورسی بە خۆیەوە دیتووە، بۆیە من لێرە نەمتوانی دەربارەی ئاستی ڕۆمانی کوردی پرسیارم لێبکرێت و خۆ لە باسی ئاستی ناهونەری بوونی ڕۆمانی کوردی بپارێزم. پێموایە ڕۆماننووسی کورد بەر لەوەی گرفتی نووسینی ڕۆمانی بێت گرفتی ناسینی ڕۆمانی هەیە، کەوایە ئەم ئاستە ئەو کاتە دەگاتە سەر سنوورەکانی داهێنانی هونەریی ڕۆمان کە گرفتی ناسینی ڕۆمان چارەسەر کرابێت.

**ڕامان**: **ئایا ڕۆمانی کوردی توانیویەتی کەڵک لە ڕەوتە تازەکانی ئەدەبی جیهانی وەربگرێ و لە بەرژەوەندی ئەدەبی کوردی بەکاریان بێنێ؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئەوەمان لە بیر نەچێت بەرلەوەی کوردی بوونی دەقی ڕۆمانێک گرینگ بێت، ڕۆمان بوونی ئەو دەقە کوردییە گرینگە. زۆر زۆرمان دیوە ئەو جۆرە ڕەخنانەی کە بە واژە و ڕستەکانی ڕۆمانێک دادێنەوە و دەیسەلمێنن کە ئەم واژە و ڕستانە کوردی نین و لەم ڕێگایەشەوە حوکمی ناڕۆمان بوونی ئەو دەقە بەناو ناکوردییە دەردەکەن. سەرنج بدەن،



کە لێرەدا لە نێوان تایبەتمەندییەکانی زمان و تایبەتمەندییەکانی ڕۆماندا هیچ جیاوازییەک دانانرێت و بە عەقڵییەتێکی سینتاکسی و وشەییەوە لەسەر دیاردەی ژانرناسی داوەری دەکرێت، کەچی زۆر دەگمەنن ئەو ڕەخنانەی کە بێن لە ڕەگەزەکانی ڕۆمانییەتی ڕۆمانێک بدوێن و لە ڕوانگەیەکی بووتیقاییەوە لە ژانری ڕۆمان بڕوانن. ئەم شیکردنەوەیەم بە پێویست زانی لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕۆمانی کوردی بڕیارە سوودێک لە ڕۆمانی جیهانی وەربگرێت، ئەم سوودە لە بواری ڕۆمانییەتی ڕۆمانی کوردی دایە، نەک لە بەستێنی کوردی بوونی ڕۆمانی کوردیدا کەوایە کاتێک پێشنیاری ئەوە دەدرێ ڕۆمانی کوردی پێویستە لە ڕۆمانی جیهانی کەڵک وەربگرێ، ئەوانەی زوو هەڵدەچن و بەگژ ئەم پێشنیارە دادێنەوە و واشی پاساو دەدەنەوە گۆیا جیهانی ڕۆمانی کوردی و ڕۆمانی بیانی یەک ناگرنەوە و هیچ کامیان فڕیان بەسەر ئەویترەوە نییە ئاگاداری ئەم ڕاستییە نین کە ئەم تێکەڵاوییە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی ئەدەبییەتی ڕۆمانی کوردییە و دیارە یەکجار پێویستیشە، پێموایە ئەم بۆچوونە هەڵەیە تا ڕادەیەکی زۆر بۆتە بەرگر لەوەی ڕۆمانی کوردی بە باوەشێکی ئاواڵەوە ئەم ڕەوتە تازانەی ئێوە باسی دەکەن وەربگرێت و بە قازانجی خۆی بەکاریان بێنێت. ئەم دیدە هەڵەیە زۆر جار بۆ پاساو دانەوەی ئەم بۆچوونەی خۆی ئەم قسە زۆر دووپاتکراوەمان دەرخوارد دەدات کە ڕۆمان بەرلەوەی جیهانی بێت، دەشێت ناوچەیی (لۆکالی) بێت. لێرەدایە بۆمان هەیە لەم عەقڵانە بپرسین، باشە ناوچەیی بوونی ڕۆمان خۆی مەگەر نابێت پێشەکی لە بێژنگی ڕۆمانبوونی ڕۆمان درابێت؟! کەوایە خوێندنەوەی ڕۆمانی بۆ نموونە ڕۆژئاوایی و بەکارهێنانی خەسڵەتە باشەکانیان، بە شێوەیەکی داهێنەرانە لە ڕۆمانی کوردیدا چ دژایەتییەکی لەگەڵ هەوڵی ناوچەیی بوونی ڕۆماندا هەیە؟ ئەگەر «شێرزاد حەسەن» لە «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»دا دووربینی گێڕانەوە لە نێو یادەوەری بایز دادەنێت و لە خەون و خولیاکانی بایز دەدوێت و ئەگەر بەختیار عەلی لە «دوایین هەناری دنیا»دا لە دەنگی تۆمار کراوی سەر کاسێت بۆ زیاتر کردنی ژمارەی گێڕەرەوەکان و فرەدەنگ کردنی ڕۆمانەکەی کەڵک وەردەگرێت، ئەگەر عەتا نەهایی لە «باڵندەکانی دەم با»دا تەکنیکی گێڕانەوەی دوو توێژی (توێژی زەینی و توێژی زمانی) بەکار دێنێت، ئەمانە چ زەبرێک لە ناوچەیی بوونی ئەم ڕۆمانانە دەوەشێنن؟! ئەسڵەن ناوچەیی بوونی ڕۆمان یانی چی؟ ئایا ئەگەر خەونی مرۆڤێکی کوردت لە شێوەی تەکنیکی نوێدا بە باشی گێڕاویەوە، ئەو ڕۆمانە دەبێتە ڕۆمانێکی ناوچەیی و کوردی یان ئەگەر تەنیا جل

و بەرگێکی کوردیت کردەبەر و بە دەنگێکی گڕ و زمانێکی پەتی و پاراوی کوردی بیهێنیتە دوان؟!

بێگومان زۆرینەی ڕۆمانی کوردی، نەک هەر نەیتوانیوە لە دەسکەوتەکانی ڕۆمانی مۆدێڕنی جیهان کەڵک وەربگرێت، بەڵکو زۆرجار هەر لە بنەڕەتەوە پێملی ئەم تێکەڵاوی و کەڵک وەرگرتنەش نەبووە. تەجرەبە سەرەتاییەکانی ڕۆماننووسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێشاندەری ئەم هەقیقەتە حاشا هەڵنەگرەن کە هێشتا ڕۆمانووسی ئێمە ڕۆمانی ڕۆژئاوا بە بەشێک لە گەنجینەی ئەدەبی خۆی لە قەڵەم نادات، یان بۆی لە قەڵەم نادرێت، چ جای ئەوەی وەک بەشێک لە دەسکەوتەکانی خۆی بزانێت. دیارە ئەو ڕۆماننووسەی کە لە بواری مەعریفە بە گشتی و هونەری ڕۆمان بە تایبەتی ڕووت و ڕەجاڵ بێت و لەولاشەوە لەسەر ڕەوتە تازەکانی ڕۆمانی جیهانی لە بابەت فۆڕم و تەکنیک و زمان و... ئاگاداری نەبێت بەرهەمێک دەنووسێت کە زیاتر لەوەی بکەوێتە خانەی «مێژووی ئەدەب»ەوە دەکەوێتە خانەی «مێژووی فەرامۆشی»یەوە.

ڕاستە ڕۆمانی کوردی ئێستا ناوەناوە خەریکە ڕووی خۆی دەکاتە دەسکەوتەکانی ڕۆمانی جیهانی، بۆ نموونە کەڵک وەرگرتنی شێرزاد حەسەن لە دەسکەوتەکانی ڕۆمانی دەروونشیکاری جیهان و پشت بەستن بەو شێوە کەسایەتی خوڵقاندنەی کە لەسەر زانستی فرۆیدی دامەزراوە، بەکارهێنانی ئەسڵی «تێفکرینی ڕۆمانی» - زاراوەکە ئی میلان کۆندێرایە - و تواندنەوەی خوێندنەوەیەکی فەلسەفیی کۆمەڵگای کوردی لە نێو بۆتەی فۆڕمی ڕۆمان لە کارەکانی بەختیار عەلیدا، کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکەکانی گێڕانەوەی پۆستمۆدێڕنی لەسەر زمانی گێڕەرەوە (ڕاوی)یەک کە کەڵکەڵەکانی کەڵکەڵەی مرۆڤی کوردی سەردەمن لەلایەن عەتا نەهایی (هەڵبەت لە ڕۆمانە تازەکەیدا، واتە «باڵندەکانی دەم با»). دیارە ئەم بزاڤە بەرتەسک و سەرەتاییە بەس نییە بۆ ئەوەی بنەماکانی جوانیناسیی سوننەتیی ڕۆمانی کوردی گۆڕانکارییان بەسەر دابێت، بەڵکو پێویستە ڕۆماننووسی کورد بە چاوی جوانی ناسییەکی مۆدێڕنەوە لە جیهان و ئینسان و ژیان بڕوانێت، بە زەینێکی مۆدێڕن بنووسێت، «زەینی مۆدێڕن»یش دەستەواژەیەکی ئەبستراکت و خەسڵەتێکی میتافیزیکی نییە، ڕۆمانووسی کورد پێینەگا. ئەو رووماننووسەی بە زەینێکی مۆدێڕنەوە دەنووسێت یانی ڕۆماننووسێک کە لە ڕۆمانەکەیدا فرەدەنگی کەشف دەکات، لە ناخ و نەست و هۆش و یادەوەریی کەسایەتی دەکۆڵێتەوە، وەک هێڵێکی ڕاست و بێگرێوگۆڵ لە زەمان ناڕوانێت، دەنگی خۆی بەسەر



دەنگی کەسایەتییەکاندا ناسەپێنێت، لە بری ئەوەی تەنیا بە وەسفی دیمەن خوێنەر بخافڵێنێ، لە ڕێگای جووڵەی ڕووداوەکانەوە دەیخاتە نێو بەستێنی گێڕانەوەوە، ڕۆمان ناگەیەنێتە قۆناغی بە دەستەوەدانی دەرەنجام، کۆتاییەکی حەتمی و دەسنیشانکراو بۆ خوێنەر دەستەبەر ناکات و هتد. وەک دەبینن هیچ کام لەم ڕەگەزانە پیشاندەری جیهانی یان ناوچەیی بوونی ڕۆمان نین، بەڵکو نوێنەری دەنگی ڕاستەقینەی ڕۆمانن بە مانای ئەدەبیی خۆی.

**ڕامان**: **ڕۆماننووسی کورد چەند توانیویەتی فرە دەنگی بەکاربێنێ بێ ئەوەی تەکنیکی هونەری ئەم ژانرە بشێوێنێ؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە هەر لە بنەڕەتەوە لە دایکبوون و سەرهەڵدانی ڕۆمان، وەک ژانرێکی مۆدێڕن، لە پێناوی بوارپێدان بە دەنگە جۆراوجۆرەکان و جیهانە هەمەڕەنگەکانی بوونی مرۆڤدا بووە. کاتێک هێگێل دەڵێت، ئەسڵ و پرەنسیپی سەرەکی مۆدێڕنیتە هەوڵدانە بۆ زاڵبوون بەسەر سروشت یان هەمان ڕۆحی بەرهەست بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە خود یان هۆشیاریی ڕۆحی دەرهەستی خۆمان بناسین، ئەم قسەیە بە شێوەیەک ڕێگا خۆشکردنە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە لە گۆڕەپانی ئەدەبدا بوو بە بنەمای خوڵقاندنی ژانری ڕۆمان، چونکی ڕۆمانیش دەیەوێ بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕێگای دوان لە جیهان بە عام، بگاتەوە بە ئینسان. جیاوازیی قسەیەکی فەلسەفی وەک ئەوەی هیگل و هەوڵی ژانرێکی ئەدەبی وەکی ڕۆمان لەوەدایە کە ڕۆمان ئەم شێوە بۆچوونە لە نێو بۆتەی پێوەندی و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەرهەستی نێوان مرۆڤ و جیهاندا دەتوێنێتەوە، کەچی فەلسەفە هەر لە قاوغی بیری ئەبستراکت و دنیای دەرهەستی خۆیدا دەمێنێتەوە، بەم پێیە فرەدەنگی خۆی پاژێکە لە زات و گەوهەری ڕۆمان، تەنیا بەو هۆیە کە ڕۆمان مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە و تێکەڵاوی و پێکدادانی مرۆڤەکانە. کەواتە ئەگەر پێکهاتە (ساختار)ی ڕۆمانێک لەم خەسڵەتە سروشتییەی خۆی داماڵدرابێت، مانای ئەوەیە ڕۆماننووس بە هۆی نەشارەزابوونی لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان، ئەم گەوهەرەی لە ڕۆمانەکەیدا فەوتاندووە، یان با بڵێین ئەو شتەی کە ماڵی ڕۆمانە لە ماڵی ڕۆمان دەرکردووە. کە وایە ڕۆمان ناتوانێ ڕۆمان بێت ئەگەر فرەدەنگ نەبێت، ئەگەر ئەمە وەک خەسڵەتی ناوەکی بۆ ڕۆمانی لە قەڵەم بدەین، دەمێنێتەوە هەوڵی ڕۆماننووس کە تا چەندە لە دەستی بێت ئەم خەسڵەتە بپارێزێت و لە هەمانکاتیشدا لە ڕێگای کۆمەڵێک تەکنیک و تەمهید و فێڵ و فەرەجەوە گەشەی پێی بدات و لە نێو قالبی گشتیی ڕۆمانەکەیدا قاڵی بکاتەوە. ئەگەر بمەوێ مەبەستی خۆم زێتر بۆ خوێنەر شەنوکەو بکەم دەڵێم

فرەدەنگی خەسڵەتێک نییە لە دەرەوەی ڕۆمان بێت و بئاخنرێتە نێو چوارچێوەی ڕۆمانەوە و بەمجۆرە ڕەوایەتی ڕۆمان بە زێڕ و زەمبەری ئەم خەسڵەتە بڕازێتەوە، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانە، فرەدەنگی خەسڵەتێکی ناوەکی ڕۆمانە و پاژێکە لە گەوهەری ڕۆمان و خۆی لە ڕۆحی ڕۆمان دایە، ئەوە ڕۆماننووسە دەشێت لە ڕێگای ڕەفتاری خۆی لەگەڵ زمان و واژە و فۆڕم و تەکنیک و ماناوە ئەم تایبەتمەندییە بپارێزێت و ڕێگا نەدات بە هۆی جووڵانەوەی هۆکاری وەک تاکڕەهەندی یان مونیسمی زمانی و ڕای تایبەتی و تاکەکەسی و دۆگمی فەلسەفی و بیری ئایدیالۆژیکی خۆی ئەم خەسڵەتە بدۆڕێ و دواجار ڕۆمانەکەی لە ڕۆمانییەت بکەوێت. ئەگەر بمەوێ لە گۆشەنیگای ئەم پێناسەیەوە بۆ فرەدەنگی، هەڵوێستێک لە بەرامبەر ئەو پرسیارەی ئێوە بگرم دەڵێم ڕۆماننووس لە ڕۆماندا فرەدەنگی بەکار ناهێنێت، بەڵکو دەشێت فرەدەنگی لە زاتی ڕۆماندا کەشف بکات و ئینجا وەک تەکنیک کاری لەسەر بکات و تێهەڵکێشی پێکهاتەی ڕۆمانەکەی بکات. دیسان بە پێداگرییەوە دەڵێم ئەگەر ڕۆمان لەسەر چەند شاکۆڵەکەیەک ڕاوەستابێت، بێشک یەکیان خەسڵەتی فرەدەنگییە، بۆیە ئەگەر ئەم شاکۆڵەکەیە لەبنەڕەتەوە بوونی نەبێت، مانای ئەوەیە بەشێکی زۆر لە پێکهاتەی ڕۆمان تێکتەپاوە.

ئەوەی ڕاستی بێت ڕۆماننووسی کورد بە هۆی ڕەفتاری نەشارەزایانەی خۆی لەگەڵ پێناسە و پڕاکتیکی ڕۆمان هێشتا نەیتوانیوە قۆناغی دۆزینەوە و پەیبردن بە گرینگایەتیی فرەدەنگی ببڕێت. فرەدەنگی لای ڕۆماننووسی ئێمە زۆرجار بە مانای فرەجۆربوونی کەسایەتی یان لە ئاستە مەترسیدارترەکەیدا بە مانای فرەکەس بوونە. ئەم پێناسە ڕەمەکییانە دواجار پاساوی تەواوی ئەو دۆگمانە دەدەنەوە کە ڕۆماننووس بەسەر زەین و زمانی کەسانی ڕۆمانەکەیدا دایدەسەپێنێ. ئەم پێناسانە هەوڵدەدەن سەرلەبەری پێکهاتەی ڕۆمان و وجوودی کەسایەتی و قەومانی ڕووداو و ئاستی فیکریی ڕۆمانەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای ڕۆماننووسەوە.

لەم پێناسانەدا هیچ شوێنێک بۆ نەستی دەق و نەستی ڕۆماننووس نامێنێتەوە. هەرچی هەیە و نییە لە زەینی هۆشیار و ڕۆحی بەئاگای ڕۆماننووسدا کورت دەبێتەوە. ئینجا لە کردەوەی نووسینی ڕۆماندا ڕۆمانی کوردی نەیتوانیوە کەڵک لە کەرەسە فۆڕمی و تەکنیکە گێڕانەوەییەکان وەربگرێت بۆ ئەوەی فرەدەنگی لە پرۆسەی خوێندنەوەدا ڕەنگبداتەوە، بۆ نموونە ئەگەر ڕۆمانێک لەسەر یادەوەریی کەسایەتییەک لەنگەر بگرێت، ڕۆماننووس ناچارە هێڵی بەڕواڵەت ڕاست و بێگرێوگۆڵی زەمان تێکبشکێنێت و خۆی بەناو ڕەهەندە پڕپێچوپەناکانی نەستی ئەو کەسایەتییەدا بکات. لێرەدا ڕۆماننووسی شارەزا باش دەزانێ



خوێندنەوەی زەێنێکی هۆشیار و زەینێکی ناهۆشیار دوو دەنگی جیاواز بەرهەم دێنێ، بە وتەیەکیتر ئەگەر ڕۆماننووس بیەوێ زەینی هەر ئەم کەسایەتییە جارێک لە حاڵەتی هۆشیاری و جارێک لە دۆخی ناهۆشیاریدا وە دەنگ بێنێت بێگومان دوو شێوەی تەواو جیاوازی قسەکردن و لێدوانیش بەرهەم دێت کە هەرکامیان لە ڕێزمان و شێوە ئاخاوتن و تەنانەت واژەی تایبەت بە خۆیان پێکدێن. لەم باس و نموونەیەوە بەم ئاکامە دەگەین کە هەمیشە فرەکەسی فرەدەنگی بەرهەم ناهێنێت، واتە وا نییە بڵێین هەر کەسێکی ڕۆمان نوێنەری دەنگێکی ڕۆمانە. من لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەسەر «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»ی شێرزاد حەسەن نووسیومە و لە کتێبی «دەنگی بلوورینی دەق»دا بڵاوم کردۆتەوە ئەم قسەیەم لەسەر کەسایەتی هەمین کردووە، واتە شێرزاد توانیویەتی کەسێک بەدوو دەنگەوە بخوڵقێنێ، جارێک هەمینی نێو یادەوەریی بایز کە بە زمانی حەیران دەدوێت، جارێکیش هەمینی جیهانی واقیع کە بە زمانێکی ئاسایی و ڕۆژانەی خۆی قسان دەکات. هەڵبەت نموونەی باشی ئەو حاڵەتەشمان هەیە کە فرەکەسی بە واتای فرەدەنگی بێت، ئەویش ڕۆمانی «دوایین هەناری دنیا»ی بەختیار عەلییە. سێ «سەر یاسی سوبحەدەم» و سێ دەنگی جیاواز. هەر دەنگە و شێوە ئاخاوتنی خۆی. هەر دەنگە و شێوە فیکری خۆی و هەر دەنگە و چارەنووسی خۆی، ئەوە لە حاڵەتێکدایە کە سەر و مڕی هەوڵی فیکری ـ فەلسەفی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە کە بسەلمێنێ سەریاسەکان سەر بە نەوەیەکن هەرکام دواجار تووشی یەک کارەساتی هاوبەش دێن، بە یەک شێوە لە کاتی هاتنە دنیاوە غەدریان لێدەکرێت، بەیەک شێوە ژیانیان دەبێتە تراژیدی، بە یەک شێوە کۆمەڵگا و دەسەڵات لە خشتەیان دەبەن و... بەڵام ئەوە نابێتە بەرگر لەوەی ڕۆماننووس فرەدەنگی لە هەناوی ڕۆماندا پەلکێش نەکات و دواجار نەیخاتە نێو چوارچێوەی زمانەوە.

هۆیەکی دیکە نەیهێشتووە فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا خۆیا ببێت مونیسمی زمانیی ڕۆماننووسی کوردە، واتە ئەوەی ڕۆماننووس تاقە لەیەک گۆشەنیگاوە لە زمان دەڕوانێ: زمان کەرەسەیەکە بۆ گێڕانەوە. ئەم بۆچوونە پێیوایە زمان دیاردەیەکی هەمیشە ئامادە و لەبەر دەستە و هەر ئەوەندەی پێویستە بۆ گێڕانەوە لە کار بکرێت و ئیتر هیچ، بە تەعبیرێکی دیکە ئەم بۆچوونە پێیوایە زمان دەبێتە گێڕانەوە، زمان دەبێتە کەسایەتی، زمان دەبێتە کات و شوێن، زمان دەبێتە ڕووداو، زمان دەگۆڕێت و دەبێتە هەموو ئەم ڕەگەزانە بەو مەرجەی وەک ئامرازێک بەکار بێت. لە ڕۆمانی ئیمڕۆدا ئەو ڕەفتارە لەگەڵ زمان ڕەفتارێکە دواجار بەرد دەخاتە سەر ڕێگای وەدیهاتن و ڕەنگدانەوەی ئەسڵی فرەدەنگی، چونکی فرەدەنگی پێویستی

به رەفتارێکی زمانیی مۆدێرنە. لە ڕۆمانی ئیمرۆدا گێڕانەوەی رەوتی ڕووداوەکان خوێنەر بە هیچ کوێ ناگەیەنێت، وەک چۆن شەهریار مەندەنیپوور، چیرۆکنووسی هاوچەرخی فارس دەڵێت: ئەوەی شایانی سەرنجە گۆڕین و کردنی گێڕانەوەیە بە زمان، گۆڕین و کردنی ڕووداوە بەواژە، کەوایە کارکردن لەسەر فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا کە هێشتا زمانەکەی لە قۆناغی کەرەسەییدا ماوەتەوە دەشێت لەو شوێنەوە دەسپێدەکات کە زمان بووبێتە کێشە و ئامانج، نەک کەرەسە و ئامراز.

**ڕامان: لە کاتی نووسینی ڕۆمانی مێژووییدا، ئایا ڕۆماننووس ڕۆڵی مێژوونووسێ دەبینێ یان ئازادە لەوەی ڕووداوەکان بە شێوازی نوێ بگێڕدرێتەوە؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: میلان کۆندێرا لە کتێبی «هونەری ڕۆمان»دا کەڵکەڵەی لێک جیاکردنەوەی ڕۆمان و مێژووی هەیە. کۆندێرا دەڵێت: «مێژوونووس مێژووی کۆمەڵ دەنووسێتەوە نەک مێژووی مرۆڤ.» ڕۆمان مێژووی مرۆڤ دەنووسێتەوە، کەوایە با هەر لە سەرەتاوە ئەم گریمانەیەمان لەبەر چاوبێت کە ڕۆمان و مێژوو بە دوو ستراتیژی جیاوازەوە لەگەڵ مرۆڤ و جیهان بەرەو ڕوو دەبنەوە. کەوایە نە مێژوو دەتوانێت ڕۆمان بێت، نە ڕۆمان دەبێتە مێژوو. ئەم قسەیە بۆ پێوەندیی نێوان ڕۆمان و فەلسەفە، ڕۆمان و زانست و ڕۆمان و ئایین و هتدیش هەر ڕاستە. کەواتە ئەو شێوە پۆلێنکردنەی، کە پێیوایە هەندێ ڕۆمان فەلسەفین، هەندێ زانستی و... پۆلێنکردنێکە لق و پۆپێکی وەهمی لە درەختی ڕۆمان دەکاتەوە، کەچی ڕۆمان درەختێکە نەک هەر رەگ و ریشە بەڵکو لق و پۆپ و گەڵاکانیشی هەر لە ماکی ڕۆمانن. بۆیە پێموایە ڕۆمانی مێژوویی دەستەواژەیەکی دروست نەبێت، مەگین بۆ ئەو شێوە ڕۆمانە لە کار بکرێت کە لەسەر بناغەی گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی دامەزراوە، بەڵام ئەوەی گرینگە شێوەی هەڵسوکەوتی ڕۆماننووسە لەگەڵ ئەم ڕووداوە مێژووییانە. کەوایە ڕۆمان ناتوانێت لە ئاست مێژوو، وەک زەمینەیەک کە دەتوانێ کاری تێدا بکات، خۆ گێل بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا ناشتوانێ لە بەرامبەر خەسڵەتە تایبەتییەکانی مێژوو، کە بێگومان زۆر جیاوازن لە ئی ڕۆمان بێدەنگ بمێنێ، چونکی بێدەنگمانی ڕۆمان لە ئاست مێژوو یانی ئەستاندنەوەی تەواوی ئەو تایبەتمەندییانەی کە ڕۆمانێک دەکەنە ڕۆمان.

به بڕوای من ڕۆمان حاشا کردن نییە لە مێژوو بەو مانایەی ئاسەواری مێژوو و دیدی مێژوویی لە خۆی بسڕێتەوە، بەڵکو هەڵوێست گرتن و وەدەنگ هاتنێتی لە بەرامبەر مێژوو، بۆ نموونە ئەگەر گێڕانەوەی مێژوویی لەسەر بناغەی ئەسڵی بەها دانەری دوانە لێکدژەکان ( binary oppositions)، واتە چاک/ خراپ، زۆردار/ زۆرلێکراو، شۆڕشگێڕ/ دژی شۆڕش و... دامەزراوە، ڕۆمان لە هەمبەر ئەم ئەسڵە ئایدیالۆژیکەدا وەدەنگ دێت و هەوڵ دەدات پێکهاتەی ئەم شێوە ڕوانینە نارێژەیی خوازە لە ڕێگای کارکردن بە ڕێساکانی ڕۆمانەوە هەڵبوەشێنێتەوە. هەر بۆیە ڕۆمان ئەوەندەی پشت بە مێژوو دەبەستێ وەک ژێدەرێک بۆ لێدوان، ئەوەندەش حاشا لە مێژوو دەکات وەک ئەسڵێکی بەهادانەری رەها کە دەتوانێت باشترین و دوایین حوکم دەربکات. کەوایە لە ڕۆماندا مێژوو هەیە، بەڵام بە مانا و چەمکی تایبەت بە خۆی، ئەو مانا و چەمکەی وا لە خوێنەری ڕۆمان دەکەن کە هەر چەند لەوانەیە تەنانەت بتوانێت ئەو ڕووداوە مێژووییەی کە ڕۆمان ئاماژەی پێ دەکات لە کتێبە مێژووییەکاندا بدۆزێتەوە، بەڵام ئیتر هەرگیز ناتوانێت خوێندنەوەی ئەم ڕووداوەی لە ڕۆماندا، هەمان خوێندنەوەی کتێبە مێژووییەکان بێت. نموونەی زۆر باشی ئەم قسەیە دەتوانێت ڕۆمانی «کوشتارگای ژمارە پێنج»ی کۆرت وێنێ گات ـ ی ئەمریکی بێت. ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی کارەساتی مێژوویی بۆمبارانکردنی شارێکی ئەڵمانە، کەچی وێنێ گات لە ڕێگای تەکنیکی وەک تێکەڵکردنی زمانەکان، فلاش فۆڕوارد، کەڵک وەرگرتن لە زمانێکی تێکەڵ بە تەنز (Irony)، قەڵەمبازی زەمانی و... بە جۆرێک ئەم مێژووەی لە بۆتەی ڕۆمانییەتی ڕۆمانەکەیدا تواندۆتەوە کە خوێنەر پاش تەواوبوونی ڕۆمانەکە تازە دەزانێ کە ئەمە باسکردن لە ڕووداوێکی مێژوویی نییە، بەڵکو گاڵتەکردن و فشەپێکردنە بە کارەساتێکی مێژوویی و لەم ڕێگایەوە سووک و چرووک کردنی ئەو دەسەڵاتانەی ئەم کارەساتەیان خوڵقاند.

لە ڕۆمانی کوردیدا «دوایین هەناری دنیا»ی بەختیار عەلی ـ هەڵبەت دوو ڕۆمانەکەی پێشووشی بە هەندێک کەمی و زۆرییەوە ـ خوێندنەوەیەکی ڕۆمانیانەی بارودۆخی ئینسانی بە گشتی و سیاسی بە تایبەتی کوردستانی باشوورە. بە وتەیەکیتر بەختیار بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە چاوی لە ئاست مێژووی ئەم سەردەمەی کوردستان نەنووقاندووە و بگرە بە چاوێکی تیژبینانەشەوە پێیدا ڕوانیوە، بەڵام لە هەمانکاتدا گومان لەوەش ناکرێت کە بەختیار بە هیچ کلۆجێک لەم ڕۆمانەدا نابێتە پارێزەری مێژوو، نابێتە ئارشیوی ڕووتی ڕووداوەکانی مێژوو، بەو مانایەی ڕۆماننووس لە ڕێگای تۆمارکردنی ڕووداوێکی مێژوویی لە ڕۆمانەکەیدا، ئەم ڕووداوە لە فەوتان ڕزگار بکات. لە «دوایین هەناری دنیا»دا بەختیار مێژوو بەم مانایە ناپارێزێ هیچ، بەڵکو دەشیهەوێ بیخاتە بەردەم هەڕەشەی گومان لێکردن و لێپرسینەوەوە. ئەگەر مێژوو لە جەستە و ناسینی شەڕی ناوخۆ دەدوێت، ئەوە لە «دوایین هەناری دنیا»دا لە ڕۆح و بوونی ئەم شەڕە

دەکۆڵدرێتەوە. لەم ڕۆمانەدا هیچ چەشنە مانایەکی پیرۆز و حەتمی و ڕەها بۆ مێژووی ئەم شەڕە دەستەبەر ناکرێت. ئەو مانایانەی لەم ڕۆمانەدا بۆ شەڕی ناوخۆ بە دەستەوە دەدرێن و نادرێن ڕێژەیی و جێگای گومان و ناپیرۆز و ڕەخنەگرانەن. شەڕی ناوخۆ ئەگەر لە دەرەوەی «دوایین هەناری دنیا» سەیری بکەیت مێژووە، بەڵام ئەگەر لە ناوەوە لێی بڕوانی ڕۆمانە.

دواجار دەمەوێ بڵێم نەک هەر مێژوو، بەڵکو هەر بابەتێکی دیکەی وەک ئایین و زانست و ئەفسانە و کەلەپوور و... بۆ ڕۆمان حوکمی خواردنیان هەیە بو مرۆڤ. خواردن تا ئەو کاتەی لە دەرەوەی جەستەی مرۆڤ دابێت، خواردنە، کە مرۆڤ ئەم خواردنەی خوارد ئیتر خواردنەکە دەبێتە پاژێکی لێکدانەبڕاوی پێکهاتەی جەستەی مرۆڤ. ئەم خواردنە، کە لەم لێکچواندنەماندا حوکمی مێژووی هەیە، بەمجۆرە دەبێتە خوێن و گۆشت و بەز و پێشە و پێستی جەستە، واتە مێژوو دەبێتە واژە و زمان فیکر و فۆرم و پێکهاتەی ڕۆمان. جا ئەگەر بێین بەم پێناسەیە بۆ پێوەندیی نێوان ڕۆمان و مێژوو لە خەرمانەی کەم حاسڵی ڕۆمانی کوردی بڕوانین دەبینین هەمان دوانە لێکدژەکانی دیدی مێژوویی لەم پێوەندییەشدا دووپات بۆتەوە: مێژوو، ئاغا/ ڕۆمان، ڕەعیەت، مێژوو، نێر/ ڕۆمان، مێ، مێژوو، ڕۆح/ ڕۆمان، جەستە و...

گەورەترین ئەرکی ئێستای ڕۆماننووسی کورد ئەوەیە پێکهاتەی ئەم دوانە لێکدژانە هەڵبوەشێنێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی ئەمجارەیان ڕۆمان ببێتە باڵادەست و مێژوو ژێردەست، کە ئەمەش خۆی دۆگمێکی دیکەی دیدی مێژووییە، بەڵکو لە پێناوی ئەوەی هیچ چەشنە دەسەڵاتێک دوا حوکمی حەتمی بۆ هیچ کەس و هیچ شتێک دەرنەکات، پێموایە ئەم ئارەزووە ئارەزووی ڕۆمانیش بێت.

**ڕامان: زۆربەی ڕۆمانە کوردییەکان مامەڵە لەگەڵ پاڵەوانی ئەفسانەیی و سوپەرمانی دەکەن، بۆچی نەتوانراوە زیندەوەران و سروشت بە باشی تەوزیف بکرێتەوە؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: نووسینی ڕۆمان بێگومان زەینێکی مۆدێرن دەخوازێت. ئەو ڕۆماننووسەی نەتوانێت بیروباوەڕی چەقبەستووی سوننەتی و نەریتی لە وجوودی خۆی داماڵێت و تووڕی هەڵدات، دیارە ناشتوانێت بە ڕوانینێکی مۆدێرنەوە بارودۆخی ئینسانیی کەسایەتی ناو ڕۆمانەکانیشی بخوێنێتەوە و دواجار کەسایەتییەکی ئاسایی کە نوێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵگای ئینسانیی خۆی بێت بخولقێنێ. ڕاستە وەک چۆن «ئیان وات» لە وتاری «سەرهەڵدانی ڕۆمان»دا دەڵێت، ئەو سەرنجەی دەیداتە تاکەکەسێتی بەخشین بە کەسایەتی ڕۆمان، دەبێتە هۆی جیاوازیی قەتعی ڕۆمان لەگەڵ ژانرەکانی دیکە، بەڵام ئەم فەردانییەت و



تاکەکەسێتی بەخشینە بۆی نییە لە ڕێگای بە سوپەرمان و ئەفسانەیی کردنی کەسایەتییەوە بێت. کەسایەتی سوپەرمان بەرهەمهێنان، واتە گەڕاندنەوە و پاشەکەشێ کردن بە ڕۆمان بۆ سەردەمی عەقڵانییەتی ئۆستوورەیی، ئەو سەردەمەی مرۆڤ دەستکردی ئیرادەی هێزەکانی میتافیزیکی بوو، یان دەکەوتە بەر لەعنەتی هەمیشەیی خواکان و چارەڕەشی بەرگێک بوو، بۆ هەموو وەختەکان بە باڵای دەبڕا، یان بەزەیی خواکان وەک بارانی ڕەحمەت بەسەری دادەباری و هەتاهەتایە باڵادەست و نەمر دەژیا. لەو سەردەمەدا ڕەفتاری مرۆڤ دەبووە کێشانە و پێوانەی دادوەری کردن لەسەر مرۆڤ، مرۆڤ بەپێی هەڵسوکەوتی پاڵەوانانە یان فسۆسانەی خۆی لەگەڵ ژیان و ئینسانەکانیتر حوکمی لەسەر دەدرا، یان سوپەرمانی باڵادەست، یان مرۆڤی ئاسایی ژێردەست. میلان کۆندێرا پێیوایە ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی هەوڵدەدەن ئەم بۆچوونە هەڵبوەشێننەوە و بە دیدێکی تازە لە ڕەفتاری مرۆڤ بڕوانن و بدوێن. ئەو دەڵێ، تێگەیشتن لە مرۆڤ کارێکی گەلێک ئەستەم و بە بایەخترە لە دادوەریکردن لەسەر مرۆڤ، لەم ڕوانگەیەوە ڕۆمان بە سەرەتای گۆڕانکارییەکی گرینگ بۆ پێناسەی مرۆڤ بە هەموو ڕاز و نهێنی و تایبەتمەندییەکانییەوە لە قەڵەم دەدرێت. ڕۆمان ئازادییەکی دەستەبەرکراوی بە کەسایەتی بەخشی تا وەک مرۆڤ لە دایک بێت، وەک مرۆڤ بژیت و وەک مرۆڤیش بمرێت. پاڵەوانی سوپەرمانی بێگومان ناتوانێت پیشاندەری نیازە دەروونییە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ بێت، ئەم شێوە قارەمانە لە بری ئەوەی دەربڕی ڕاز و ڕەمزەکانی ئەزموونی ئینسانیی ژیان بێت، پیشاندەری کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندین کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سنوورداری مرۆڤ بەسەر ئەم قارەمانەدا دەسەپێت، ژیانی پاڵەوانی سوپەرمان ئەو ژیانە دەستکرد و ساختەیەیە کە خوێنەر لە جیاتی ئەوەی سەنگوسووکی بکات و لەم ڕێگایەوە تێیبگات، دەشێت بێ هیچ لێخوردبوونەوە و تاوتوێکردنێک دان بە گەورەییەکەی دابنێت و پەسندی بکات، جا ئێستا بیهێنینە بەر چاوی خۆمان، خوێنەرێکی لەم دەستە تا چەندە چەواشە دەکرێت و تا چەندە ڕۆحی پرسیارکردن و هەڵوێست گرتنی تیا دەکوژرێت.

وا دیارە لەسەر ئەم ڕایە کۆکین کە ڕۆمانی کوردی تا ئێستا ڕۆمانێکی سوپەرمانساز بووە و کەمتر توانیوێتی نوێنەری دیدێکی هونەری بێت بۆ کەسایەتیی مرۆڤی کورد و هەڵسوکەوتی ئەو مرۆڤە لەگەڵ جیهانی دەوروبەری. ئەگەر بمهەوێ لە هەندێ هۆکاری لاوەکی چاوپۆشی بکەم و هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم شێوە ڕەفتارە لەگەڵ کەسایەتی ڕۆمان بە چڕوپڕی باس بکەم لەم سێ خاڵەدا کۆیان دەکەمەوە:

١ـ له ئەدەبی کوردیدا ژانری ڕۆمانیش هەر له سەرەتای سەرهەڵدانییەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ڕاستەڕێی ئەدەبییەتی خۆی لایدا و بوو بە دەمڕاست و دارەدەستی بیری نەتەوەخوازی و ئایدیالۆژیی سیاسەتی کوردی، ئەم شێوە ڕوانینە بۆ نووسینی ڕۆمان، بەر لەوەی بیەوێ ڕۆمان بە مانا هونەرییەکەی بنووسێت، دەخوازێت پەیامێکی ناسیۆنالیستی یاخود سیاسی بە خوێنەری خۆی ڕابگەیەنێت، دیارە کەسایەتی لە ڕۆمانێکی وا دا بە دیدێکی پراگماتیستانە (بەرژەوەندی خوازانە)وە دەخولقێت، ئەو دیدەی پێیوایە مانای هەر گوزارە، گوتە، یاخود بەرهەمێک لە ڕێگای سەرجەمی دەسکەوتە وەدیهاتووەکانیانەوە دەزانرێت، واتە بۆ قبووڵکردن یان حاشاکردن لە مانا، دەشێت سەرنج بدرێتە دەسکەوتە کردەوەییەکانی، کەوایە لەم شێوە ڕۆمانەدا کەسایەتی بە پێی هەڵسوکەوتی تایبەتی سیاسی خۆی دەخولقێت، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە هەڵکۆڵینی زەین و دەروونی ئەو کەسایەتییە. لەم شێوە ڕۆمانەدا کەسایەتی سیاسی فەزای ڕۆمان دەخوڵقێنێت، نەک ئەوەی فەزای ڕۆمان ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کەسایەتییەکی لەم دەستە، هەر بۆیە زیاتر لەوەی فۆرم و پێکهاتە و جیهانبینی فیکریی ڕۆمان بۆ ڕۆماننووس گرینگ بێت، زەقکردنەوەی خەسڵەتە سوپەرمانییەکانی کەسایەتییەکی لەمجۆرە دەکەوێتە پێشەوە، دواجار لەم شێوە ڕۆمانەدا بە ئاشکرایی دەبینرێت سەرلەبەری ڕەگەزەکانی ڕۆمان دەبنە قۆچی قوربانی بۆ زەقکردنەوەی بە زۆری کەسایەتییەکی سیاسی یان بە گشتی ئایدیالۆژیک.

٢ـ خوێندنەوەی دەمارگرژانەی پێوەندییە ئینسانییەکانی کۆمەڵگای کوردی زۆرجار بۆتە بەردی سەر ڕێگای داهێنانی هونەریی ڕۆمانی کوردی، بۆ وێنە ئەو ڕۆمانەی لە پێوەندیی نێوان ئاغا و ڕەعیەتیان کۆڵیوەتەوە زیاتر لەوەی بەرجەستە کردنی بنەماکانی ئەم چەشنە پێوەندییە لە چوارچێوەی زمان و ناوەڕۆکی ڕۆمان دابێت دەستنیشانکردنی دەسکەوت و دەرکەوتە ئاشکراکانی ئەم پێوەندییەیە، ئەویش بە ڕۆحێکی تژی لە دەمارگرژی کە زۆجار تا ڕادەی لایەنگری کردنێکی زەق و زۆپی دژە هونەری لە لایەنێکی ئەم پێوەندییە دادەبەزێت. کەسایەتی لەمجۆرە ڕۆمانەدا لە سەرچاوەیەکی میتافیزیکی و باندەستی مرۆڤەوە دەدوێت، هیچ کردەیەکی نییە هەڵەی تێدا بێت و هیچ ئامانجێکی نییە پیرۆزی و پاکی تێیدا شەپۆلان نەدات. پاڵەوانی سوپەرمانی ڕۆمانێکی وا دەوری ڕێبەر و باوکی نەک هەر چینێکی کۆمەڵگا، بەڵکو زۆرجار سەر لەبەری کۆمەڵگا دەگێڕێت و هەموو کەسانی دیکەی ڕۆمان لە پێناوی ئەمدا گیان بەخت دەکەن و سەر دەبەخشن، بە وتەیەکی دیکە ڕۆماننووس ئەو هیرارکییەتەی (زنجیرە



پێگە) لە دەستەبەندیی کۆمەڵگای واقیعیدا تەجرەبەی دەکا، زۆرجار یان وەکو خۆی دەیگوازێتەوە بۆ نێو دنیای ڕۆمانەکەی، یان بە شێوەیەکی میکانیکی بەراوەژووی دەکاتەوە و دەیئاخنێتە نێو هەمبانەی ڕۆمانەکەیەوە. ئەو کەسایەتییە سوپەرمانەی لە پێناوی وەدیهێنانی دەسکەوتێکی ئایدیالۆژیکدا بخولقێت، زۆر زیاتر لەوەی مرۆڤ بێت بە مانای ئاسایی خۆی، داهۆڵێکی بێ ڕۆح و جەستەیە کە تەنیا بۆ چاوترسێن کردن قوت دەکرێتەوە، داهۆڵێکە نە بزەی دێتێ، نە فرمێسک هەڵدەوەرێنێ، نە بە دوای ئامانجێکدا دەگەڕێت، نە لە دوای شکستێک هەرەس دێنێت. بێگومان ئەم شێوە کەسایەتییەش خوێنەرێک دەخوازێت خۆی سوپەرمان بێت، لە دنیای وەهم و ئوستوورەدا بژیت، توانای بە وردی بیرکردنەوە و تێفکرینی نەبێت، زیاتر لەوەی جیهان بە ڕێککەوتنی نێوان مرۆڤەکان بزانێت، بە قەراردادی نێوان خواکانی لە قەڵەم بدات. بەرەیەک لە خوێنەرانی کوردی ئێستا ڕۆڵەی بە ئەمەگی ئەو جۆرە دەقانەن، ئەگەر پاڵەوانی ڕۆمان دەنگی دلێری نەبێت هەر لە بنەڕەتەوە حاشای لێدەکەن و تووڕی هەڵدەدەن. ڕۆمان بۆ ئەم بەرەیە پاراستن و پەرەستنی دەنگە دلێرەکانە، ئەو دەنگە دلێرانەی لە گەرووی تەنەکەیی سوپەرمانەکانەوە دێنە دەرێ.

٣ـ لەڕ و لاوازیی ئاستی فەلسەفیی زەینییەتی ڕۆماننووسی کورد بە شێوەیەکی ناخودئاگا کەسایەتی ساویلکەی پێ خولقاندوون. کەسایەتی ساویلکە بەو مانایەی تەنیا ڕووە دیارەکانی سیما و شوناسی ئەو کەسایەتییە دەبێتە پێناسی ئینسانیی ئەو و ئیتر ڕۆماننووس لە ئاست لایەنە زەینی و دەروونییەکانی بێدەنگی لێدێنێت. ئاشکراشە ئەو کەسایەتییەی کە تەنیا لەسەر بناغەی ئاکار و ڕەفتاری بەرهەستی خۆی دابڕێژرێت زیاتر ڕێی تێدەچێت بکرێتە سوپەرمان و پاڵەوانی ئەفسانەیی. وەک دەزانین لە حەماسە کۆنەکاندا، پاڵەوان، نەک بە هۆی بیروباوەڕی فەلسەفی ـ با ئەوەی ئەم لایەنە بە تەواوی لە یاد ناچێت ـ بەڵکو لە سۆنگەی ئاکار و ڕەفتاری سەیر و سەمەرە، یان سەرسووڕهێنەری ستایشت دەکرا و بە بوونەوەرێکی هەڵکەوتە و تاقانە لە قەڵەم دەدرا. لەم حەماسانەدا ڕەفتاری مرۆڤ سەلمێنەری هەقیقەتی مرۆڤ بوون. دیارە ڕەفتاری ئازایانە و چاوەڕوان نەکراو هەقیقەتی باڵای بەرهەم دێنا و ڕەفتاری سووکوچرووک و ئاساییش هەقیقەتێکی نزم و بچووک بوو. ڕاستە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆمانی کوردی لەگەڵ مرۆڤ جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەم شێوە هەڵسوکەوتەی حەماسە، بەڵام ڕۆمانی کوردی لە زۆر جێدا ئەگەر باسی هەقیقەتی مرۆڤیشی بە پێی بیروباوەڕ و زەینییەتی کەسایەتی و قارەمانی ڕۆمان کردبێت، بە شێوەیەکی هەقیقەتێکی هەمیشە بەهادار و هەتاهەتا نەگۆڕ کردووە. لە

ڕۆمانی کوردیدا، بۆ نموونە کەسایەتیی شۆڕشگێڕی کورد هەمیشە نوێنەری هەقیقەتی مرۆڤی کوردن، ئەو کەسایەتییە دەرەنجامی خوێندنەوەی فەلسەڤ ڕۆماننووسی کورد نییە بە مەنتقی ڕۆمان، بەڵکو دەسکەوتی ئەو بیرە تەسکەیە کە پێیوایە شۆڕشگێر دەشێت لە بری بیری فەلسەڤ لەشی پۆڵایینی هەبێت، لە جیاتی هزری ئینسانی ورەی پڵینگی بێت. ئاستی فیکری و فەلسەفیی ڕۆماننووسی کورد ئەوەندە دابەزیوە کە ناتوانێت بە چاوێکی مێژوویی و ڕێژەییبین لە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤی نێو گێژاوی ئەم ڕووداوانە بڕوانێت، بۆیە لە بری ئەوەی بە حوکمی، کۆندێرا گوتەنی، «عەقڵی ڕۆمان» بنووسێت، بە دەستووری عەقڵی شەخسی خۆی کۆمەڵێک پاڵەوانی سوپەرمان دەخوڵقێنێت تا باشتر بتوانێت مەبەستە ئایدیالۆژیکەکانی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت.

**ڕامان**: **ڕۆماننووسی کورد تا چەندە توانیویەتی لە سایەی گێڕانەوەدا کەڵک لە زمان وەربگرێت؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: گێڕانەوە بە سادەترین مانای خۆی یانی شێوەی بەرەوڕوو بوونەوەی ڕۆماننووس لەگەڵ دەقی ڕۆمانەکەی، یانی ڕۆماننووس بۆ دەربڕینی دەقەکەی چ ستراتیژییەک دەگرێتە بەر، لەکام تەکنیک و تەمهید کەڵک وەربگرێت، کەواتە گێڕانەوە سەروکاری لەگەڵ شێوەی دەربڕینە و بێگومان دەربڕینیش ناچارە بە دەروازەی زماندا بگوزەرێت. لە ڕۆماندا هەموو شتێک بە زمان و لە زماندا کۆتایی پێدێت، گێڕانەوەش وەک ڕەگەزێکی گرینگی ڕۆمان لەم ڕێسایە بەدەر نییە، گێڕانەوەیەکمان نییە لە دەرەوەی دەسەڵاتی زمان. کەوایە ڕۆمان بۆ ئەوەی ببێت بە گێڕانەوە و بگێڕدرێتەوە دەشێت لە نێو بۆتەی زماندا قاڵ بێتەوە. لێرەوە دەمەوێ بڵێم گێڕانەوە ناتوانێت کەڵک لە زمان وەربگرێت بەو مانایەی وەک کەرەسەیەک بۆ نواندن و خۆیابوونی خۆی بە کاری بێنێ. زمان ئامرازی گێڕانەوە نییە، بەو مانا سادە و ڕووکەشییەی کە هەر کات ئیرادە بکرێت و زمان بکەوێتە گەڕ، ئەوە گێڕانەوەی ڕۆمانیش دەستەبەر دەکرێت، چونکی لە زۆر دەقدا زمان کاری پێدەکرێت، بەڵام نابێتە گێڕانەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، لە ڕۆماندا، گێڕانەوە خۆی پاژێکە لە زمان، واتە ڕەگەزێکە سەر بە پێکهاتەی سیستەمی زمان، گێڕانەوە بۆی هەیە لە نێو ئەو سیستەمەدا کار بکات و شوێندانەر و شوێنوەرگربێت، کەوایە گێڕانەوە ئەگەر کەڵکێکیش لە زمان وەربگرێت، کەڵک لە ڕەگەز و پێوەندیی نێوان ڕەگەزەکانی نێو سیستمی زمان وەردەگرێت. وەک پێشتر گوتم لە ڕۆماندا هەموو شتێک دەبێتە زمان، هەموو شتێک دەچێتە ژێر دەسەڵاتی زمان. لە ڕاستیدا



دوایین شت و تەنیا شتێک کە ڕۆماننووس دەیخاتە بەردەستی خوێنەر زمانەکەیەتی، گێڕانەوە و کەسایەتی و گەلاڵە و فیکر و... هەموویان کێشەی تاکەکەسی ڕۆماننووسن لەگەڵ دەقەکەی، ئینجا کە سەرجەمی ئەم ڕەگەزانە لە ڕێگای هونەری ئاوێتەکاریی ڕۆماننووسەوە لە نێو سیستەمی زماندا یەکانگیر بوون و بوون بە زمان، ئەوە ئەم زمانە دەبێتە کێشەی خوێنەریش.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ باسی گرنگایەتیی گێڕانەوە وەک ڕەگەزێکی سەر بە/ نێو سیستەمی زمان بکەین، ئەوە دەتوانین بڵێین لە ڕۆمانی کوردیدا زۆرجار نەقڵکردن، وەسفکردن و شەرحکردن جێگایان بە گێڕانەوە چۆڵ کردووە. لە ڕۆمانی کوردیدا زۆرم دیتووە کۆمەڵێک ڕووداو بە دوای یەکدا ڕیز دەکرێن و پەیتا پەیتا دەگێڕدرێنەوە، کەچی گێڕەرەوە (ڕاوی) لەسەر چییەتی و چۆنێتیی هیچ کام لەو ڕووداوانە لەنگەر ناگرێت، لەسەر ناوک و کاکڵی ئەم ڕووداوانە قسە ناکات، لێیان ناکۆڵێتەوە و تێیاندا بیر ناکاتەوە، بە وتەیەکیتر لێرەدا ڕووداو نابێتە کێشە، ناتوانێت ببێتە کەڵکەڵەیەک لە نێو دەقی ڕۆمان و زەینی خوێنەردا، ئەم شێوە ڕەفتارە لەگەڵ گێڕانەوە، ڕووداو تەنیا دەگێڕێتەوە و هەر لە ئاستی پێوەندیی زمان بۆ ئەم گێڕانەوەیە کەڵک وەردەگرێت، واتە زمان لێرەدا بڕشتی بوون بە سیستەمی نییە، زمان نابێتە خاوەن دەسەڵات. شکستی گێڕانەوە لە ڕۆمانی کوردیدا تێنەگەیشتنە لە ڕاز و ئەفسوونەکانی زمان، تێنەگەیشتنە لە دەرەتان و دەرکەوتەکانی زمان.

زۆر کەم هەڵدەکەوێ ڕۆماننووسی کورد شێوە ڕەفتارێکی جوانیناسانەی لەگەڵ زمان گرتبێتە بەر، لە هەندێ ڕۆمانیش کە ئەم ڕەفتارە خۆیا بووبێت، بەرهەمێکی تەواو جیاواز کەوتۆتە بەرچاوی خۆێنەر. نموونەی پڕ بەپێستی ئەم قسەیە ڕۆمانی «دوایین هەناری دنیا»ی بەختیار عەلییە. لەم ڕۆمانەدا گێڕانەوەی ڕۆمان، واتە بیرکردنەوە لە ڕۆماندا، هیچ ڕووداوێک لەم ڕۆمانەدا نابینی بگێڕەوە لە ڕێگایانەوە بیر نەکاتەوە، نەبێتە خاوەن هزر و ئەندێشەیەک و بە شهوودێکی فەلسەڤ نەگات، باشە چی وا لە گێڕانەوەیدا دەکات کە منی خوێنەریش دواجار لە نێو زمانی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەوە بیر لە کۆمەڵگای کوردی و مرۆڤی کورد بکەمەوە؟ بەو مانایەی لە بری ئەوەی تەنیا دوای ڕەوتی بەسەر داهاتنی ڕووداوەکان و دوای دوایین چارەنووسی کەسەکان بکەوم بیر لە زات و گەوهەری فەلسەفیی ئەم ڕووداو و کەسانە بکەمەوە و بیانکەمە هەوێنی تێفکرینێک کە وەک شکڵی ڕۆمانەکە بەرەبەرە و ناوە ناوە، پاش بڕینی ڕێگای پڕ لە کەند و کۆسپی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جیهان، بیچم بگرێت. بەڕای من لەم ڕۆمانەدا نەک هەر گێڕانەوە، بەڵکو سەرومڕی پاژەکانی دیکەشی بوونەتە ماکی زمان و ئەو

شتەی وەک فیکرێکی تازە بە من دەگات، لە راستیدا، وەک زمانێکی تازە بە من دەگات. زمان لەم رۆمانەدا هەرایەکی گەورە دەنێتەوە و بەگژ گرفتەکانی ئەو جیهانەدا دێتەوە و لێی دەدوێت. «ئاندرێ تارکۆفسکی»، دەرهێنەری بەناوبانگی سینەمای رووسیا، جارێکیان گوتوویەتی: «هونەرمەند لە جیاتی تەواوی ئەو کەسانە قسان دەکات کە توانای قسە کردنیان نییە.» ئەوەی راستی بێت لەم رۆمانەشدا گێڕەرەوە لە جیاتی تەواوی ئەو مرۆڤە کوردانە قسان دەکات، کە توانای قسەکردنیان لەسەر دەسەلاتی کوردی، شەڕی ناوخۆی کوردی، خەیانەتی کوردی، برایەتی کوردی، عیشقی مرۆڤی کورد، نیشتمانپەروەریی مرۆڤی کورد، سەرگەردانی و ئاوارەیی مرۆڤی کورد و... نییە. خوێندنەوەی هەر رۆمانێکی لەم دەستە وەبیر ئەم قسەیەی لۆکاچم دەخاتەوە: «رۆمان، حەماسەی جیهانێکە خواوەند پێکی هێناوە و پاشان جێیهێشتووە.» ئەو شێوە حەماسەیە پێویستی بە گێڕانەوە و زمانێک هەیە دەرقەتی نواندن و خۆیاکردنی رۆحی ئەم تراژیدییە بێت، تراژیدیی جیهانی بێ خواوەند.

**ڕامان: زۆر لە چیرۆکنووسان پێیان وایە ژانری چیرۆک، پلیکانەی ژمارە یەکە، مەرجە بیبڕی، ئینجا دوای ئەوە نۆڤلێت بنووسیت، دواجار رۆمان. ئێوە ئەم هاوکێشە پلەدارە چۆن دەبینن؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئەم قسەیە زیاتر رێی تێدەچێ قسەی عەقلێکی ماتماتیکی بێت کە پێیوایە لە پێنج سێو تا دوو سێوت نەخواردبێت ناتوانی سێ سێو بخۆیت. ئەدەب ئەگەر هەڵگری رێسایەکیش بێت زیاتر بە پێی بڕیارە و کەمتر لە پێستی قسەی زانستی (یەک و یەک دەکاتە دوو)، یان خورافات (یەک کەمە، دوو خەمە، سێ خاترجەمە)دا دەگونجێت، ئەو عەقڵەی ئەم قسەیە دەکات وێدەچێ نەیزانیبێت هەرکام لەم ژانرانە تایبەتمەندی و زەرفییەت و دەرەتانی زمانی و فیکریی خۆیان هەیە و جیا لە یەک، ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن، بۆ نموونە، لەچاو رۆمان، کورتە چیرۆک مەودا و زەمینەی بۆ کارکردن لەسەر زەرفییەتە زمانییەکان زیاترە، یان لە بواری کاری فیکریدا رۆمان مەیدانەکەی لە کورتە چیرۆک خۆشترە، کەوایە هەر نووسەرێک بۆی هەیە بە جیا کار لەسەر ئەم ژانرانە بکات، بێ ئەوەی گوێ بداتە لۆژێکی «سەرەتا برایەتی خۆت بسەلمێنێ، پاشان داوای میرات بکە.» هەڵبەت با ئەوەش بڵێم ئەم قسەیە گریمان راستیش بێت، کە بە رای من نییە، هیچ بە خەرمانەی کاری رۆماننووسی و باسی رۆماننناسی زیاد ناکات، چونکی ئەم تیۆرییە رەمەکییە، ئەگەر وای دابنێین لەسەر سەد نووسەر تاقی کرابێتەوە و وەڕاست گەڕابێت، تەنیا ئەگەر تاقە نووسەرێک لێمان قوت بێتەوە و بە کردەوە ئەم تیۆرییە رەتبکاتەوە، ئیتر ئەوە بای فوودانەی تیۆرییەکەش بەتاڵ دەبێتەوە و



دەپووچێتەوە. بە داخێکی گرانەوە، رۆژ نییە ئەدەبی کوردی ئەم شێوە قسانەی تێدا نەکرێ، بۆیە، بە داخێکی گرانترەوە، زۆربەی فوودانەکانمان پووچاونەتەوە.

**ڕامان: ئێستا قسە لەسەر مەرگی رۆمان دەکرێت، تەکنۆلۆژیا و ئامێرەکان تا چەند توانیویانە خوێنەری رۆمان بدزنەوە بۆ خۆیان، تۆ چۆن لە مەرگی رۆمان دەڕوانیت؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: لە «لە دایکبوونی تراژیدی»دا نیچە دەڵێت: «هونەر، هەلێک بۆ ژیان دەڕەخسێنێت و شایانی ئەوەی دەکات تێیدا بژیت.» ئەم قسەیەی نیچە هەرچەند بە رواڵەت گەشبینانە لە دیاردەی هونەر دەڕوانێت، بەلام راستییەکی زۆر قووڵی لە هەناوی خۆیدا حەشار داوە: نەمانی هونەر یانی نەمانی ژیان، تیاچوونی هونەر، واتە تیاچوونی شان و شکۆی ژیان. لەم قسەیەدا نیچە مەرگی ژیان بە مەرگی هونەرەوە دەبەستێتەوە، ئەو رۆژەی هونەر زمانی لە گۆ بکەوێت، ژیان دەستەوستان دەبێت و دۆش دادەمێنێت، بێگومان ئەگەر مەرگێکی گریمانەییش بۆ هونەری رۆمان بێنینە بەرچاوی خۆمان، ئەوە کارەساتی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە: دەسەلاتی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیا بەسەر باوەڕەکانی مرۆڤ، زاڵبوونی مرۆڤ، زەینەکوێر و زمانە لاڵەکان بەسەر دەزگای بلاوکردنەوەی ئەدەب و زانست و مەعریفەدا، کپبوونی توانای ئارەزووکردن و خەون دیتن بۆ دوارۆژی ئینسان و ژیان و جیهان و... بەلام ئەو راستییەمان لەبیر نەچێتەوە کە هونەر لە زاتی خۆیدا کردەوەیەکی رەخنەگرانەیە. مەرگی هەر هونەرێک مەرگی کردەیەکی رەخنەگرانەیە، ئەگەر وای دەبنێین رۆمان بمرێت، بەشێکی زۆر لە رۆحی رەخنەگرانەی ئەدەب دەمرێت. ئەگەر رۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی سەر بنێتەوە و بۆ هەتاهەتایە ئاسەواری نەمێنێت، بێگومان دوابەدوای ئەو زەبروزەنگی ئایدیالۆژیک سەرهەڵدەدات، ئەو ئایدیالۆژییانەی مارکس گوتەنی «زانیاریی هۆشیاریی درۆیینن»، «ئایدیالۆژی دیاردەیەکی بەراوەژوو کراوی هەقیقەتی مێژووییە.»

هەرچەند پێموایە جیهان گۆڕەپانی ئەگەر و ئیمکانەکانە و هەموو شتێک بۆی هەیە بێت و نەبێت، بەلام بەش بە حاڵی خۆم لام ئەستەمە پێشبینیی مەرگی رۆمانم پێبکرێت. مرۆڤ، لە خەساوترین حاڵەت و سووکوچرووکترین شێوەشی دابێت، رۆحی رەخنەگرانەی هەر دەمێنێت، چونکی رۆحی رەخنەگرانە ستراتیژییەکە مرۆڤ بۆ مانەوەی خۆی لە ژینگەی ئینسانیدا کاری پێدەکات. مرۆڤ لە جیهانی ئەم سەردەمەدا بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە فەردانییەت و تاکە کەسێتیی (individuality) خۆی هەیە، پێویستی بەوە هەیە لە مرۆڤەکانی دیکە جیا بێتەوە و وەک «تاک» شوناسی تایبەتی خۆی هەبێت، وەک چۆن هابێرماس دەڵێت: «تاکە کەسێتی

هێزێکە لە توانەوەی یەکجارەکی [ئێمە لە «کۆ»دا] بەرگری دەکات.» هەر مرۆڤێک و لە رێگایەکەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم تاکە کەسێتی و شوناسە تایبەتە هەوڵ دەدات: سەرۆک لە رێگای دەسەڵاتەوە، جەللاد لە رێگای کوشت و برەوە، بازرگان لە رێگای بازاڕەوە ئەم راستییە دەروونشیکارییەش حاشای لێناکرێت سەرلەبەری ئەم کەسانە هەرکام بە شێوە و رێژەی تایبەت رۆحی رەخنەگرانەیان تێدا بەدی دەکرێت: سەرۆک لە ملنەدانی خەڵک بۆ دەسەڵات رەخنە دەگرێت، بازرگان لە خۆش نەبوونی بازاڕ رەخنە دەگرێت، رۆشنبیر لە ئاستی دابەزیوی فیکری جەماوەر رەخنە دەگرێت، لێرەدایە دەمەوێ بڵێم باڵاترین و جوانترین ئاستی ئەو رۆحە رەخنەگرانەیە، کە گوتمان هەرگیز لە مرۆڤدا کپ نابێت، لە کاری هونەریدا و لەم باسەمان لە نووسینی رۆماندا کۆ دەبێتەوە. بە رای من رۆمان نامرێت چونکی هەمیشە رۆحێکی رەخنەگرانە، رۆحی رۆماننووسێک، پەیدا دەبێت کە لە مرۆڤ بدوێت، رەخنە لە ژیانی مرۆڤ بگرێت، بۆ دواڕۆژی مرۆڤ ئارەزووی جوان و ئاواتی بەرز بخوازێت. ئەگەر بە قەولی هایدگێر: «هونەر هەقیقەت نادۆزێتەوە، بەڵکو نیسبەتێک لەگەڵ هەقیقەت دەخولقێنێت.» ئەوا رۆمانیش ناچارە ئەم نیسبەت و پێوەندییەی لەگەڵ هەقیقەت بەردەوام بێت و ببێتە پردی نێوان مرۆڤ و ئەو نادیارانەی کە وەک وردە هەقیقەت لە گۆشە و کەناری شەوی ئەم جیهانەدا کەوتوون و رۆماننووس بە دوایاندا دەگەڕێت و کۆیان دەکاتەوە و دەیانخاتە ژێر تیشکی مانگەشەوی زمان.

دەتوانم بۆ سەلماندنی ئەو راستییەی رۆمان نامرێت هۆیەکی دیکەش دەسنیشان بکەم. دیارە تاکەکەسێتی و ویستی تاکەکەسێتیش، بە شێوەیەک لە شێوەکان، تەنیایی بۆ مرۆڤ دێنێت. دەسکەوتی فەردانییەت تەنیا گەیشتن بە دەڤەری سەربەخۆیی و خۆبژیوی نییە بۆ مرۆڤ، بەڵکو کەوتنە نێو دنیای تەنیاییشەوە، تاکە کەسێتی مرۆڤی لە خەڵک جیا نەکردەوە هەر بەمانای ئەوەی تاقانە بێت، بەڵکو بە مانای ئەوە کە تەنیاش بێت. لێرەدایە دەڵێم داهێنانی هونەری، چ وەک نووسین، چ وەک خوێندنەوە، هەوڵێکە بۆ پێکهاتن و هەڵکردن لەگەڵ سیمای ساردی تەنیایی، تەنانەت تێکۆشانێکە بۆ ستایشی تەنیایی، وەک چۆن نیچە دەڵێت: «سەرلەبەری زەرتوشتی من هیچ نییە غەیرەز سروودی ستایشتی تەنیایی.» لای من رۆمان جوانترین شێوەی لاواندنەوەی ئەو تەنیاییە مەترسیدارەیە کە شکی تێدا نییە مرۆڤی کورد لە هەموو مرۆڤانیتر زیاتر تەجرەبەی کردووە، ئەگەر تەنیایی مرۆڤی رۆژئاوا تەنیا لە ئاستی شەخسی دایە، تەنیایی مرۆڤی کورد لە ئاستی دەستەجەمعیش دایە، ئەگەر تەنیایی مرۆڤی بیانی تەنیا لە کەڵکەڵەی «دەبێت و نابێت»دا چڕ دەبێتەوە، تەنیایی مرۆڤی کورد لە



مەترسی مان و نەمانیشدا چەقی بەستووە، تەنیایی مرۆڤی کورد تەنیا تەنیایی خۆی نییە، تەنیایی نیشتمانەکەشییەتی، تەنیایی مێژووەکەشییەتی، تەنیایی هەموو شتێکی دیکەشییەتی کە پێیوایە دەکرا تەنیا، یان لانیکەم بەم شێوەیە تەنیا، نەبوونایەن. رۆمان لە ساتەوەختێکی وا ئەستەمدا نامرێت. رۆمان لەم بارودۆخەدا بە گورتر دێتە مەیدان. هەنووکە رۆمان ئەگەر تەنیایی مرۆڤیش چارەسەر نەکات، لانیکەم دەیلاوێنێتەوە. رۆمان، لە زمان نیچەوە، بەم شێوەیە تەنیایی مرۆڤ دەلاوێنێتەوە: «ئەی تەنیایی! ئەی مەزڵی من، تەنیایی! دەنگت چەند خۆش و بلاوێن قسەم لەگەڵدا دەکات، لای تۆ هەموو شتێک دڵئاواییە و رووناکی لێرە کاتژمێرەکانیش هێورتر هەنگاو هەڵدێننەوە.»

لام ئەستەمە پێشبینی مەرگی رۆمانم پێبکرێت، وەک چۆن باوەڕ ناکەم رۆژێک مرۆڤ نەمێنێت، کەچی جوانی مابێت. ■

خەرمانانی ١٣٨١

سێبتەمبەر ٢٠٠٢

● ئەم وتووێژە یەکێک لەو زنجیرە وتووێژانە بوو، کە وەک تەوەری رۆمان لە گۆڤاری راماندا بلاو بۆوە.

# ئەدەبیات و چەمکی داهێنان

**بۆ کاروان**

**کاروان**: **دەقی ئەدەبی ئەمڕۆ پێویستە هەڵگری چ مانا و تێگەیشتن و دەلالەتێک بێت بە تایبەتی دەقی شیعری؟ ئایا دەبێ جوانی و گەورەیی شیعر وەک وەسیلەیەک بۆ گەیشتنە مەبەست و مەرامەکانی بەکاربهێنرێت؟ بەواتایەکی دیکە دەکرێ ئەرک و وەزیفە بخەینە سەرشانی دەقی ئەدەبی (شیعری)؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: لە راستیدا باسکردن لە ماناکان و دەلالەتەکانی دەقێکی ئەدەبی باسکردنە لە کێشەیەکی زۆر گرنگ کە پەیوەستە بەباسی ئەدەب وەک کێشەیەکی سەربەخۆ و لە هەمانکاتیشدا رەخنەی ئەدەبی کە هەوڵی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەلالەتەکانی دەقێکی ئەدەبی وەک بەشێک لە ئەرکی خۆی دەدا، ئەوەی راستی بێت ئەگەر ئەم پرسیارە رووبەڕووی منی تاکەکەس ببێتەوە بۆ ئەوەی بتوانم باس لە چلۆنایەتی و چەندایەتیی دەلالەتەکانی دەقێک بکەم، دیارە بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان ناکرێ وەک پێشنیارێک یاخود وەک رێکارێک باس لەوە بکەم کە دەشێ دەق هەڵگری چ جۆرە دەلالەتێک بێت، واتە دەستنیشانکردنی ئاستی مانایی یاخود ئاستی دەلالەتی بو دەقێک لە راستیدا لە ئەرکەکانی رەخنەگر یا شیکردنەوەی دەق نییە، بەڵکو رەخنەگر ئەو کەسەیە دوای ئەوەی کە دەق دەبێ بە دەق و دوای ئەوەی کە دەق دنیای دەلالەتەکانی خۆی شکڵ پێ ئەدات و بە دەستی خوێنەری ئەدات ئینجا بۆی هەیە کە بێت لە ئاستی دۆزینەوە و لە ئاستی کەشفکردنی ئەو دەلالەتانە هەوڵ بدات و رێگایەک بدۆزێتەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو دەلالەتانە، بۆیە باسکردن لەوەی کە دەبێ دەلالەتی دەق چی بێت و باسکردن لەوەی کە دەلالەتی دەق چییە دوو شتی تەواو لێک جیاوازن، ئەو عەقلانییەتەی کە بیەوێ دەستنیشانکەری جۆری دەلالەتی دەقێک بێت لە راستیدا عەقلانییەتێکە کە زێتر بەرەو بەئایدیالۆژیا کردنی ئەدەب یاخود دەقێکی ئەدەبی دەڕوات. بە وتەیەکی دیکە ئەو عەقڵەی کە بیەوێ بەردەوام خواستەکانی خۆی وەک پێداویستییەک بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی دەلالیی دەقێک بەسەر زەینییەتی نووسەران یا داهێنەرانی دەقدا بسەپێنێ عەقلانییەتێکە کە لە روانگەیەکی ستراتیژیکەوە دەڕوانێتە دەقێکی هونەری و ئەدەبییەوە، بە وتەیەکی دیکە عەقلانییەتی ستراتیژیک بەردەوام دەیەوێت دەق وەک کەرەستەیەک چاو لێ بکات، کە دەشێ ئەو کەرەستەیە دابینکەری ویست و خواستەکانی ئەو بێ، لێرەوەیە کە رێگایەک خۆشدەکەین بۆ وەڵامدانەوەی بەشی دووەمی پرسیارەکە، کە ئایا دەکرێت ئەرکێک بخرێتە سەرشانی دەقی شیعری، یاخود هەر دەقێکی ئەدەبی دیکە؟ ئایا



دەکرێ لە دەقی ئەدەبی بەو شێوەیە بڕوانین کە دواجار ببێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مەبەست و مەرامێکی تایبەتی. عەقڵی ستراتیژیک ئەو عەقڵەیە کە بەردەوام دابینکەری وەها خواستێکە، واتە عەقڵی ستراتیژیک پێیخۆشە ئەدەب بە ئایدیالۆژیا بکات، ئەو دەخوازێ کە ئێمە لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا، کە ئەو چوارچێوە تایبەتەش دیارە هەر ئەو جۆرە عەقلانییەتە دایدەڕێژێت کار بکەین و خول بخۆینەوە، کەچی عەقلانییەتێک کە لە روانگەی جوانیناسانەوە بو ئەدەب و بە تایبەت بۆ دەقی شیعری بڕوانێ هیچ کات بە دوای ئەوەدا ناگەڕێت کە ئەرکێکی تایبەت بخاتە سەرشانی هونەر، بە وتەیەکی دیکە ئەم عەقلانییەتە (کە من لێرە ناوی دەنێم عەقلانییەتی پەیوەندی) دەیەوێ ئەدەب بکاتە بەردەبازی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان، واتە ئەدەب وەک ئەو پردە چاولێبکرێت کە لەوێوە مرۆڤە جۆراوجۆرەکان بەتێفیکرینە جۆراوجۆرەکان، بەهەست و خوستە جیاوازەکان، بەیەک بگەن و لەسەر ئەو پردە ئەوەی کە هەیانە و نییانە بیگۆڕنەوە و جوانی بەیەکتر ببەخشن، کە لەڕاستیدا دەلالەتێک کە دەشێ دواجار هەڵی بگرێت دەلالەتێکە کە ئێمە وەک خوێنەر یا وەک رەخنەگر ناشێت دیاری بکەین، بەڵکو ئەو دەلالەتە ئەشێ وەربگرین و بیخوێنینەوە. لە ئاستی خوێندنەوە دایە کە ئێمە بۆمان هەیە خوێندنەوەی جۆراوجۆری خۆمان لە دەق بە دەستەوە بدەین، کە وایە لێرەوە بەو ئاکامە دەگەین کە دوو جۆر عەقلانییەت بۆ مەسەلە و پرسی دەلالەتی دەق هەیە: روانگەیەک کە پێیخۆشە دەلالەت دیاری بکات، روانگەیەک کە پێیخۆشە دەسەڵاتی خۆی بۆ دەستنیشانکردنی جۆری دەلالەتەکان بە دەستەوە بدات، روانگەیەک کە دەیەوێ ئەو دەلالەتەی کە لە دەقێکی ئەدەبییەوە وەدەستی هێناوە بیخوێنێتەوە بێ ئەوەی کە مەبەستی ئەوەبێت ئەو دەلالەتە رێک لەگەڵ بیروباوەڕی ئەو بگونجێت، کە لێرەدا دەبینین جۆرە عەقلانییەتێک زاڵە کە ئێمە پێی دەڵێین عەقلانییەتی پێوەندی، لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە، دەشێ پێی بڵێین عەقلانییەتێکی جوانیناسانە، یانی ئەگەر من بشمەوێ وەک ئەرک باس لە دەقێکی ئەدەبی بکەم لە ئاستی دەلالیدا دەڵێم دەق دەشێت دەلالەتێکی هەبێت کە ئەو دەلالەتە دواجار هەڵگری جوانی بێت، چونکە لە راستیدا مەبەست و نیازی هونەر لە دوایین وێستگەی هەوڵ و تەقەللای خۆیدا ئەوەیە کە جوانییەک بەدەستەوە بدات، ئەو جوانییەش خزمەتکاری هیچ چەشنە بیر و بۆچوون و ئایدیالۆژیایەکی تایبەت نەبێت، ئەوەندە بێت کە ئەدەبەکە وەک جوانی و لە ئاستێکی دەلالی خۆیدا بژیت. لێرەدایە دەبینین کە ئەرک یا ئامراز لەو مانا باوەی خۆی بۆ ئەدەب بەتاڵ دەبێتەوە و مانایەکی دیکە بەخۆی دەبەخشێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەرکی دەقی ئەدەبی و بە

تایبەتی ئەرکی دەقی شیعری کە من پێموایە ئەستەمترین ژانرە لە ناو ژانرەکانی ئەدەبدا، چ بۆ داهێنان، چ بۆ خوێندنەوە، چ بۆ تێگەیشتن و چێژوەرگرتن، لە راستیدا ئەوەیە، کە جوانی بخولّقێنێ، بۆیە لێرەدا لە نێو ئەدەبدا، لە نێو کایەکانی ئەدەب و هونەر و دەقەکانی ئەدەبیدا ئەرک و مانایەکی تەواو جیاوازی هەیە، لەو مانایەی کە بۆ نموونە لە ناو کایەکانی سیاسەت و لە نێو کایەکانی دەرەوەی ئەدەبدا هەیەتی.

**کاروان: ئەگەر ئێمە چاوێک لە رابردوو بکەین و مێژوو بخوێنینەوە دەبینین دەقی شیعری (بۆ نموونە لە ئەدەبی بەرەنگاریدا) کراوەتە وەسیلەیەک بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر بارودۆخێکی نالەبار کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە، یان لە رێگای شیعرەوە ئێمە زیاتر توانیومانە جەخت لەسەر ئەو شتانە بکەین، کە بوونەتە هۆکاری مانەوە و راگرتنی بیروباوەڕی نەتەوەییمان، بەلاّم لە رۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا ئایا دەتوانین ئەو شتە هەروا بهێڵینەوە؟ یا دەکرێ گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بە واتایەکی دیکە بە چ شێوەیەک دەبێ لە دەقی شیعری بڕوانین و ئەو ئەرکەی لەمەو پێش باسمانکرد، یان ئەو ئەرکە باوەی کە هەبوو نەخرێتە سەردەقی شیعری، بەلّکو تێگەیشتنێک بۆ دەقی شیعری بێتە ئاراوە کە خزمەت هەم بەدەق وەکو دەق بکات، هەم بە خوێنەر کە بتوانێ چێژی لێوەرگرێ، هەم بە شاعیر کە بتوانێ رۆڵێکی هەبێ لە رێگای نووسینی دەقەکانییەوە؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی:** لە بیرمان نەچێ ئەو شتەی کە ئێمە ناوی دەنێین ئەدەبی بەرەنگاری یا خود ئەو شیعرەی کە ئێمە ناوی دەنێین شیعری خۆڕاگری، دیارە کە پانتایەکی گەورەشی لە ئەدەبی کوردی و شیعری کوردیدا داگیر کردووە، لە زاتی خۆیدا دژواز و جیاواز نییە لەو مانا رەسەنەی کە ئێمە ئەتوانین بە ئەدەبی ببەخشین، بە وتەیەکی دیکە ناشێت ئەو حوکمە گشتی و رەهایە دەربکەین کە هەر ئەدەبێکی بەرەنگاری تەنها بە هۆی جۆری روانینی بۆ ئەدەب کە لە گۆشەنیگای بەرەنگارییەوەیە لەگەڵ ئەرکی جوانیناسانە و تێگەیشتنێکی داهێنەرانە بۆ ئەدەب دژوازی هەیە، چونکە دەکرێ ئێمە ئاماژە بە نموونەی زۆر باشیش بکەین لە ئەدەبی دنیادا هەر بە ناوی ئەدەبی بەرەنگاری ناوی زڕاوە، بەلاّم دواجار ئەدەبیشە، دواجار وەکو دەقێکی شیعری چێژ و جوانی خۆشی بە خوێنەر دەبەخشێ، بەلاّم کێشەی گرنگ لەوەدایە کە کاتێک ئێمە ئەدەبی خۆمان یا دەقی شیعری خۆمان بە هۆی بەرەنگاری بوونی ئەرکی سیاسی نەتەوەیی یاخود ئەرکێکی کە لەسەر شانی مرۆڤێکە، تای تەرازووی قورس بکەین و لەولای دیکەوە داهێنان و ئاستی داهێنانی دەقەکەمان بەخاتری ئەو بەرەنگارییە و



بەخاتری ئەو بارە سیاسییە بدۆڕێنین، واتە لێرەدا هاوکێشەیەک دێتە پێشێ کە ئێمە تا چ ئاستێک دەمانەوێ لەسەر دەستی چەمکی بەرەنگاری، یاخود لەسەر دەستی مەعریفەیەکی سیاسی شتێک بەناوی دەقی ئەدەبی بخولّقێنین، ئایا ئێمە بەنیازین لە رێگای تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ بەربەرەکانی و خۆڕاگری بەرهەمێکی ئەدەبی بخولّقێنین یا... نا، بێین لە دەروازەی بەرهەمێکی ئەدەبییەوە پەیامێکی رووتی سیاسی بەدەستەوە بدەین، یاخود بەبۆنەی دەقێکی شیعرییەوە بۆ دروشمێکی سیاسی پڕۆپاگەندە بکەین، ئەمە دوو شتی جیاوازن، ئێمە لە ئەدەبی دنیادا نموونەی زۆرمان هەیە، بۆ نموونە کارەکانی رۆماننووسی ئیتالّیایی ئینیاتسیۆ سیلۆنێ کە رۆماننووسێکی بەناوبانگە رۆمانی وەکو «نان و شەراب»ی نووسیوە، رۆمانی «ڕێبازی دیکتاتۆرەکان»ی نووسیوە و دەیان رۆمانی دیکەی بەناوبانگی دنیای نووسیوە، دەبینین لە زۆربەی هەرە زۆری کارەکانی ئەو رۆماننووسەدا جۆرە رۆحییەتێکی بەرەنگاریی خەڵکانی ئیتالّیای تێدایە بە نیسبەت مەسەلەی پاوانخوازی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، کەچی دواجار کە ئەو بەرهەمانە دەخوێندرێنەوە دەبینین شاکارێکی ئەدەبیشن، دەبینی کارێکن کە لە دنیای ئەدەبیشدا ناوبانگی خۆیان هەیە.

**کاروان: هەڵبەتە هەلومەرج و بارودۆخێک هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو نووسەرە لە بواری بەرەنگاریدا دەقێکی ئەدەبی بخولّقێنێ، بەلاّم ئەم دەق خولّقاندنە چەندە دەبێ لایەنی جوانکاری و ئەدەبییەکەی بپارێزێ و لە بۆتەی (هەروەک جەنابت ئاماژەت پێکرد) شیعار و دروشمداندا نەتوێتەوە. ئایا هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتوویی خودی دەقەکە، یا بۆ نووسەرەکە، یاخود بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵگا بۆ ئەو دەقە کە بتوانێ شتی تایبەتی و شتی هەمەلایەنە لەو دەقە وەربگرێ؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی:** لە راستیدا من سەرچاوەی سەرەکی بۆ بەخشینی جوانی بەدەقێکی هونەری لە نووسەرەکەی یاخود داهێنەرەکەیدا دەبینم، واتە راستە کە دواجار پرۆسەی خوێندنەوە و هۆکاری کەسێک بە ناوی خوێنەریش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر جۆری شیکردنەوە و تێگەیشتن و تەفسیرکردنی دەقەکە، بەلاّم ئەگەر پێشەکی نووسەر یاخود داهێنەری ئەو دەقە نەیتوانیبێت دەقێکی بە مانای راستی خۆی ئەدەبیمان پێبدات، رەنگە خوێنەر هەر لە یەکەم مەرجی داهێنانێکی ئەدەبی بێبەش بێت، تا دواجار بتوانێت خوێندنەوەیەک یا تێگەیشتنێکی ئەدەبیش لە دەقەکە بە دەستەوە بدات، بۆیە ئەو هۆکارانەی، کە جەنابت ئاماژەت پێکردن دیارە هەموویان دەستیان هەیە لەوەی کە دەقێک بتوانێ

سەرکەوتوو بێت، دەقێک بتوانێ نوێنەر و پیشاندەری دۆخی راستەقینەی سەردەمەکەی خۆی و واقیعی ئەدەب بە گشتی بێت، بەڵام ئەوەی کە لە راستیدا یەکەمین و گرنگترین سەرچاوەیە بۆ بەخشینی لایەنی داهێنەرانە بە دەقێکی ئەدەبی نووسەری ئەو دەقەیە، بۆیە تۆ ئەگەر نەتوانی نووسەری باشت هەبێت، لەوانەیە نەشتوانی خوێنەری باشت هەبێت، لە کۆمەڵگایەکدا کە نووسەران داهێنەرانێکی گەورەبن، دواجار وا لە کۆمەڵەی خوێنەواران و خوێنەرانی خۆیان دەکەن کە ئەوانیش بەباشی تێی بگەن و ئەوانیش دواجار خۆیان رابێنن بە خۆێندنەوەی داهێنەرانەی دەقەوە، واتە داهێنان لە بواری نووسیندا، داهێنان لە بواری خوێندنەوەشی بەدوادا دێت، ئەوەی کە لە ئەدەبی کوردی ئێمە تا ئێستا زۆر بە چڕوپڕی دیتوومانە ئەوەیە کە داهێنەرانمان هێشتا نەیانتوانیوە ئەو دەقانە بخوڵقێنن کە هەڵگری چەمکی ئەدەب بە واتای قووڵ و رەسەنی خۆی بێت، واتە مۆرکی ئەدەب بە نێوچاوانی دەقەکانەوە بلکێنن تا دواجار ئێمەیش بتوانین وەک خوێنەری چاک و چالاک لەو دەقانە بگەین و خوێندنەوەی باشیشیان لێ بەرهەم بێنین.

**کاروان: تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونە دای کە وتوویانە، دەبێ دەقی (ئەدەبی، هونەری) بۆ نوخبە بنووسرێت (هونەر بۆ هونەر) ئەویش لە پێناو بەرز راگرتنی دەقدا؟ چۆن دەتوانین تەوازونێک لە نێوان ساکارکردنی دەق لە پێناو ویستی کۆمەڵگا و هێشتنەوەی دەق لەو ئاست و پلەیەی کە شایستەیەتی رابگرین؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: سەرەتا لە پرسیاری زۆر دووپات بووەوەی هونەر بۆ هونەر، یا هونەر بۆ کۆمەڵگاوە دەست پێبکەین، لە بیرمان بێت کە ئەدەب لە دنیایەکدا بەرهەم دێت، کە مرۆڤ لە ناوەندی ئەو دنیایە دایە، واتە لەو رۆژەوەی کە مرۆڤ بە زانایی و توانایی خۆی زانی، لەو رۆژەوەی کە مرۆڤ ویستی خەم و کەڵکەڵەکانی خۆی لە ئاستی جیهانی دەروونی خۆیدا نەهێڵێتەوە و بیکات بە دەق و بیکات بە دەنگ و بیخاتە بەر چاو و بەر گوێی بینەران و خوێنەران و بیسەرانی خۆی، ئەدەب خوڵقا، ئەدەب بەرهەمێکە تا سەر ئێسک ئینسان تەوەر، داهێنراوێکە لەسەر دەستی ئینسان و دیارە ئەوە هەر بۆ ئینسانیشە، کەوایە فرێدانی ئینسان لە بواری داهێنان و تێگەیشتن بۆ ئەدەب شتێکی نەگونجاو و مەحاڵە، بەڵام کێشەی گرنگ ئەوەیە کە ئایا ئەدەب دواجار دەشێت بە چ شێوەیەک بخوڵقێ تا مرۆڤ بتوانێ تێیبگات و چێژی لێوەربگرێت، ئایا بەو شێوەیەی کە ئێوە پرسیار دەکەن ئەدەب دەبێ بۆ تاقمێکی هەڵکەوتە و نوخبە بنووسرێت؟



**کاروان: کە دەڵێین بۆ نوخبە بنووسرێت لە پێناو بەرز راگراتنی دەقدایە!؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئایا ئەو بۆ نوخبە نووسینە دەستەبەری ئەوە دەکات کە دەق هەرمان بێت، دەق بۆ هەتا هەتایە بمێنێتەوە؟! یان نا، ئەوەی کە ئەدەب دەشێت بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەوەندە ساکار بکرێتەوە کە زۆرینەی جەماوەری خەڵک تێی بگەن و چێژی لێوەربگرن، ئەم پرسیارە لەڕاستیدا پرسیارێکی قسە هەڵگرە، من خۆم رام وایە کە داهێنەر لە چرکەساتی داهێنانی دەقدا ناتوانێت و رێگای ئەوەی نییە، کە بە شێوەیەکی خودئاگایانە بیر لەوە بکاتەوە کە چوارچێوەی دەقەکەی بە چ شێوەیەک دابڕێژێ تا تەنها بۆ تاقمێکی تایبەتی بێت، واتا داهێنەر لە ناخی خۆیدا هەڵگری ئەو خەسڵەتەیە، کە تۆ نازانی لە چرکەساتی داهێناندا ئەو دەقە بۆ چ شێوە تێفکرینێک و بۆ چ شێوە لە ئاستی تێگەیشتنێک دەخوڵقێت، بەڵام ئەدەب نیازیشی ئەوە نییە کە لە پێناوی پاراستنی گرانایی و قەدر و قیمەتی خۆیدا تەنها بۆ دەستەیەکی تایبەت بنووسرێت، ئەدەب سەرەتا کە دەخوڵقێت تەواوی دنیا وەک بەردەنگی خۆی دەبینێت، یانی پێیوایە ئەوەی مرۆڤە لە دنیادا شایانی ئەوەیە کە دەقەکەی بخوێنێتەوە و لە دەقەکەی تێبگات، بەڵام ئەوەی کە دواجار دەبینی هەندێ دەق دوای خوڵقاندنی بەجۆرێک دەشکێتەوە کە کەسانێکی تایبەت پێشوازی لێدەکەن و کەسانێکیتر پشتی لێدەکەن ئەمە شتێکیترە، بەڵام من رام وا نییە کە ئێمە لە پێناوی پاراستنی گەورەیی دەق، دەق بۆ کەسانێکی تایبەت با ناوی لێبنێین نوخبە یان ناویان لێبنێین خەڵکی رەشۆکی بخوڵقێت، بەڵکو ئەدەب دەبێ لەسەرەتاوە بەو نیازەوە بخوڵقێت کە جوانییەک بە جوانییەکانی دنیا زیاد بکات، تێگەیشتنێک بە تێگەیشتنەکانی مرۆڤ زیاد بکات، بەڵام دوای خوڵقانی دەق کێشییەک کە دەمێنێتەوە بۆ خوێنەر، بۆ بەردەنگی ئەو دەقە ئەوەیە کە تا چ ئاستێک خۆی بەدەقەوە ماندوو دەکات، تا بتوانێ لە ئاستی خوێنەرێکی ئاساییەوە بترازێت و بگاتە رادەی خوێنەرێکی نوخبە. لە راستیدا ئەوە کێشەی داهێنەر و نووسەر نییە کە ئایا ئەو دەقە بۆ نوخبە نووسراوە یا بۆ خەڵکی ئاسایی نووسراوە، بەڵکو ئەوە دواجار دەبێتە کێشەی خوێنەر کە تا چەندە خەمی ئەو دەقە بە کۆڵیدا بدات و بیەوێ یەک بە یەکی رەهەندەکانی ئەو دەقە بپشکنێ و شی بکاتەوە و تێیبگات، بۆیە ئەگەر ئێمە بێنین وەکو رێکارێک یا وەکو پێشنیارێک بەداهێنەران بڵێین کە دەشێت لە پێناوی تێگەیشتنی جەماوەر دەقەکە ساکار بکەیتەوە، یاخود دەبێت لە پێناوی مانەوە و هەرمان بوونی دەقەکە، دەقەکەت قورس بکەیت، لە راستیدا ئایدیۆلۆژیا ئەوەندە لەو بۆچوونەدا هەیە، کە رەنگە دواجار بە قیمەتی مەرگی داهێنانەکە تەواو بێت،

داهێنان لە زاتی خۆیدا خوڵقاندنی جوانییە، خوڵقاندنی جوانیش گوێ بەوە نادات کە دەبێ ئەو جوانییە بۆ کێ بخوڵقێت و بۆچی بخوڵقێت و بۆ چ سەردەمانێک بخوڵقێت و چەند بخایەنێت. لە راستیدا خوڵقاندنی دەق خۆی ئەوەندە کێشەیەکی پڕ پێچوپەنایە تۆ تەنها دوای خوڵقاندنی دەق دەتوانی رای لەسەر بدەیت، کە ئەو دەقە چ شکڵ و بیچمێکی هەیە، هەڵگری چ تەفسیر و چ راڤە و شرۆڤەیەکە کە دیارە ئەو پێش مەرجانە بەبڕوای من لەگەڵ رۆحی ئەدەب و داهێناندا سازگار نین، بۆیە دەتوانین پوختەی قسەکانمان وا لێبکەین، ئەوەندەی کە بۆچوونی هونەر بۆ هونەر راستە ئەوەندەش بۆچوونی هونەر بۆ جەماوەر راستە. لەڕاستیدا تێکەڵاوێکە لەم دووانە، چونکە تۆ دەبینی بۆ نموونە لە ئەدەبی کوردیدا ئێمە دەقی وامان هەیە کە تەواوی جەماوەری خەڵک چێژی لێوەردەگرێت و بە تامەزرۆییەوە گوێی بۆ شل دەکات، لەهەمانکاتدا نوخبەیەکیش بە ناوی لێکۆڵەرەوە و رەخنەگری ئەمڕۆیی هەن، کە دەیانەوێ بۆ نموونە بەیتی کوردی بخوێننەوە و شیکردنەوەی هاوچەرخانەی لەسەر بکەن، دەیجا کە بەیتی کوردی خوڵقاوە بەو نیازەوە نەخوڵقاوە کە دواڕۆژ رەخنەگرانی هاوچەرخ بە دیدێکی سەدەی بیست و بیست و یەکەم چاو لە بەیت بکەین و بەیت بخوێننەوە، بۆ وێنە لە روانگەی ساختارگەرایی و پێکهاتەخوازییەوە بیخوێننەوە، یاخود دەقەکەی پێکهاتەشکێن بکەن و لایەنە جۆراوجۆرەکانی لە روانگەی جوانناسانەوە بخوێننەوە، بەڵام تۆ دەبینی ئەو دەقە ئەوەندە دەقێکی گەورەیە هەڵگری ئەوەیە کە لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا رەخنەگران شیکردنەوەی لەسەر بکەن، لە هەمانکاتیشدا ئێمە دەقی شیعرەکانی شکسپیرمان هەیە، کە دەبینین جەماوەرێکی نوخبە لە زانکۆکان ئەیخوێنن، بە دەرس دەوترێتەوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی خۆی تێناگەیەنن، ئەوە بەو مانایە نییە، چونکە جەماوەری ئاسایی پێشوازیان لێنەکردووە ئەو دەقە دەقێکی هەرمانیش نییە، هەرمانبوونی دەق لەوە دایە کە توانیبێتی تا چ ئاستێک خۆی لە ئاستی هونەری بوون و ئەدەبی بوون نزیک بکاتەوە، نەک لەوەی کە لە سەرەتاوە بە نیازی ئەوەی کە بۆ کام چین و بۆ کام توێژی کۆمەڵ بنووسرێت دەست بە نووسینی بکرێت.

**کاروان: ئایا دەتوانین دەقێکی ئەدەبی مۆدێرن بخوڵقێنین لە کاتێکدا نەتوانین، یاخود نەمانەوێ دەسکاری زمان و شێوازی نووسینی کۆن بکەین؟ یانی بە هەمان کەرەسەی پێشوو دەتوانین داهێنان لە دەقی ئەمڕۆییدا بێنینە ئاراوە؟ بە مانایەکیتر ئێمە دەبێ چ گۆڕانکارییەک لە زمان لە شێوازی نووسیندا بکەین تا بتوانین دەقێکی مۆدێرن بنووسین؟**



**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئەمەش لە راستیدا پرسیارێکی مشتومڕ هەڵگرە، ئایا دەکرێ تۆ بە زمانێک کە لە ساڵان و لە سەردەمانی کۆن بەکاربراوە فۆڕمێکی مۆدێرن بەکاربێنی و رواڵەتێکی ئەمڕۆیی پێببەخشی؟ سەرەتا با لەوەوە دەست پێبکەین، پێوەندییەک لە نێوان زمان و فیکردا هەیە، چۆن پێوەندییەکە؟ ئایا ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان زمان و فیکردا هەیە پێوەندییەکی راستەوخۆیە؟ واتا زمانێکی کۆن هەمیشە بابەتی کۆنی لەگەڵە و یا زمانێکی هاوچەرخ هەمیشە فیکرێکی هاوچەرخانەی لەگەڵدایە! من پێموا نییە ئەم پێوەندییە پێوەندییەکی ئەوەندە راستەوخۆ بێ کە لە حوکمێکی گشتگیردا بتوانین بڵێین کە ئەوەی بە زمانی بۆ نموونە بەیت و حەیران بدوێت، بێبەرییە لە هەر چەشنە فیکرێکی تازە و مۆدێرن، یاخود ئەوەی کە خاوەنی فیکرێکی مۆدێرن بێ دەشێ حەتمەن دەقاودەق زمانێکی تازەش بێنێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی کە ئەو فیکرە مۆدێرنەی خۆی بەدەستەوە بدات، واتا لێرەدا پێوەندییەکە پڕ پێچوپەناتر لەوەیە کە ئێمە بتوانین بە ئایەک یا بە نایەک وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. لە راستیدا من ئاوا لە مەسەلەکە دەگەم، لە دنیای ئەوڕۆدا کە دنیایەکە پڕ لە فۆڕمی مۆدێرن هیچ پێویستییەک ناکات کە حەتمەن تۆ بۆ بەدەستەوەدانی ئەو فیکرە مۆدێرنە دەقاودەق پشت بەزمانێکی جیاواز لە زمانی رابردووش ببەستێ، هەرچەند بەشێکی زۆری مەسەلەکە ئاوایە بەلای من، کە تۆ بۆ ئەوەی گۆڕینێک لە فیکری خۆتدا بەدی بێنی دەشێ لە زمانی خۆشتدا ئەو گۆڕانکارییە هاتبێتە ئاراوە، بەڵام شتەکە وا نییە کە بە شێوەیەکی رەها چاوی لێبکەین، من نموونەت بۆ دێنمەوە لە جیهانی ئەدەبدا، بۆ نموونە ئێمە لە رۆمانی فارسیدا دەقێکی وەکو «شازادە ئیحتیجاب»ی هۆشەنگی گوڵشیریمان هەیە، لە دەقێکی وەکو شازادە ئیحتیجابدا هۆشەنگی گوڵشیری بەتازەترین تەکنیکەکانی رۆماننووسی کە رەنگە زۆرتر لە ئەدەبی شەست و حەفتاکانی رۆژئاوا بەکارییان بردووە، کەسێکی وەک فاکنێر لە رۆمانی تووڕەیی و هات و هاوار (خشم و هیاهو) بەکاری هێناوە، ئەویش بەکاری دێنێت، بەڵام باس لە سەردەمانی قاجاری و پەهلەوی دەکات کە پەنجا تا سەد ساڵ لەمەوبەر دەگرێتەوە، لەو رۆمانەدا زمانی کەسایەتییەکانی بە شێوەیەک بەکاردێنێ کە بۆ ئەو سەردەمانە بن، بەڵام دواجار ئەو زمانە کە سەر بە سەردەمی سەدەیەک لەمەوبەرە لە نێو قەوارە و فۆڕمی رۆمانێکی مۆدێرندا دەتوێتەوە. واتا لێرەدا گوڵشیری بۆ بەدەستەوەدانی رۆمانێکی مۆدێرن کەڵک لە زمانێکی کۆن وەردەگرێت، کەوایە ئەو رۆمانە مۆدێرنە پێویستی نەدەکرد کە بۆ ئەوەی حەتمەن

مۆدێرن بێت لە زمانێکی ئەمڕۆییش کەڵک وەربگرێت، یا لە ئاستی چەمک و تێڕوانیندا، بۆ نموونە ئێمە لە ڕۆمانی (کوێری) «ساراماگۆدا» (کە دیارە خەڵاتی نۆبلیشی بردەوە چەند ساڵ لەمەوبەر) تێمێک کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە، فیکر و بیرۆکەیەک کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە لە کتێبی پیرۆزی ئینجیلەوە وەرگیراوە، کە ئەگەر مرۆڤ چاوی نەبینێ و چاوی دەروونی کوێر بێت چی بەسەر جیهاندا دێت؟ دەبینین ئەم تێمە تێمێکە سەر بە سەدان ساڵ لەمەوبەرە و لە کتێبە ئایینییەکاندا هەیە. «ژۆزێ ساراماگۆ» دێت لە ڕۆمانێکی مۆدێرندا باسی لێدەکات، لە بارودۆخێکی جیهانی هاوچەرخدا ئەو بیرۆکەیە لێک ئەداتەوە، کەوایە پێوەندییەک لە نێوان فیکر و زماندا هەیە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە ئێمە هەمیشە ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە دەکرێ لە جیهانی مۆدێرندا کەڵک لە زمانی کۆن وەربگرین و سەرکەوتووش بین، ئەمە دیارە لە زۆر جێگاشدا ناگونجێت، بۆ نموونە: ئایا دەکرێ تۆ لە زمانی کوردیدا کە تا ئێستاش زمانێکە زیاتر پاراوە بەو جۆرە وشە و دەستەواژانەی کە پێوەندییان بە سروشت و بە جیهانی تەبیعەت و جیهانی فیزیک و ماددەوە هەیە باس لە بیرۆکەی فەلسەفی و میتافیزیکی بکەی؟ ئایا دەکرێ تۆ دەقاودەق هەر لەو زمانە کوردییەی کە زیاتر سروشتگەرایە کەڵک وەربگریت و لە زانکۆکاندا بە هاسانی باس لە بیرۆکەی ئینتزاعی بکەیت و فەلسەفە وەک وانە بڵێیتەوە، دیارە ئەمە ناکرێ، کەوایە تۆ دەبێ بەشێک لە زمانەکەشت گۆڕانکاری بەسەردا بێنی، واتە بۆ ئەوەی بێیە ناو جیهانێکی مۆدێرنەوە کە بەشێک لەو جیهانە مۆدێرنە هزر و بیرکردنەوەی فەلسەبییە، دەشێ زمانەکەشت گۆڕانکاری بەسەردا بێنی، ناکرێ تۆ باس لە دنیایەکی سەڵتی فیکر بکەی، بەڵام زمانەکەت هەر لە ئاستی کێو و شاخ و دەشت و دۆڵدا بمێنێتەوە، واتا ئەگەر ئەم زمانە سەردەمانێک بۆ ژیانی کشتوکاڵی و ژیانی خێڵەکی کاربوردی هەبووە و دیارە بەپێی ئەو زەرفە زەمانییە بەکەڵکیش هاتووە هەر ئەو زمانە بگوازیتەوە بۆ ژیانی ئەمڕۆ کە ژیانێکە پڕ لە مەعریفە و سەرریژ لە زانست و تەکنۆلۆژیا، بۆیە دەبینین پێوەندییەکە دیسان لێرەدا پێچوپەنایەک وەخۆ دەگرێت، ئەویش ئەوەیە کە تۆ لە زۆر جێگادا بۆ ئەوەی کە فیکرێکی مۆدێرنت هەبێ دەشێ زمانێکی مۆدێرنیشت هەبێ، بۆیە ئەگەر ئێمە لە ئاستی فەلسەفیدا بمانەوێ هەر پشت بەو زمانە باوەی خۆمان ببەستین دیارە ناتوانین سەرکەوین و ناتوانین دەقی فەلسەفی بەدەستەوە بدەین، لە ئاستی ئەدەبیشدا ئەم قسەیە ڕاستە، بۆ نموونە ژانری ڕۆمان ژانرێکە کە لە خەم و کەڵکەڵەکانی



دەروونی ئینسان دەکۆڵێتەوە، ئینجا تۆ ئەگەر لە ڕۆماندا زمانێک بەکار نەهێنی کە دەرەقەتی شیکردنەوە و تیشک خستنە سەر گۆشە نوتەک و تاریکەکانی ڕۆحی مرۆڤ بێت دیارە ناتوانی وەک ڕۆماننووس سەرکەوتوو بیت، بۆیە دەبینی بۆ نموونە لە ڕۆمانی کوردیدا کەسێکی وەکو بەختیار عەلی کە ئاشنایە بەو زمانە پڕوپاراوەی کە لە بواری کێشە فیکری و فەلسەفییەکاندا کاری پێدەکەن کە دێ ڕۆمان دەنووسێت ڕۆمانەکەی زۆر زیاتر پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە بە ناخی مرۆڤەکاندا شۆڕ بێتەوە، تا بۆ نموونە ڕۆماننووسێکی وەکو عەزیزی مەلای ڕەش لە ڕۆمانی «غەوارە»دا کە هەر لەو زمانە پەخشانانوییە سروشتخوازە کەڵکی وەرگرتووە کە زۆربەی شاعیرەکان یا پەخشاننووسەکانی کورد بەکاری دێنن، لێرەدایە کە دەبینین پێوەندیی نێوان زمان و فیکر پێوەندییەکی چەند ڕەهەندییە و پێوەندییەکی ئاڵۆزە، دەشتوانین لە زۆر گۆشەنیگاوە باسی بکەین و شی بکەینەوە.

**کاروان: ئێستا تۆ دەتەوێ بڵێی پێوەندیی نێوان زمان و دەقی تازە پێوەندییەکە بۆ داهێنانی ئەمڕۆیی دەتوانرێ کەڵکی لێوەربگیردرێ، باشە ئەو شێوە زمانەی هەیە و بەدەست چەند کەسانێکەوە کە توانیویانە تا ڕادەیەک بۆ دەستنیشانکردن و هێنانە ئارای دەقەکان تێیدا سەرکەوتووبن، دەشێ ببێتە ڕێبازێک یا ڕچە شکێنییەک بۆ ئەو نووسەرانەی کە لە داهاتوودا دێن تا بتوانن زیاتر کەڵکی لێوەربگرن و برەوی پێبدەن؟ یاخود وەک قوتابخانەیەکی لێبێت کە نەوەی داهاتوو بتوانن لەو زمانە ئیستانداردەی ئێمە مەبەستمانە کە زمانێکی تازە و پاراوە و لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا دەڕوا و دەگونجێ سوودی لێوەربگرن؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: لە ڕاستیدا من ڕام وانییە بۆ ئەوەی کە فیکرێکی مۆدێرن لە نێو کارە ئەدەبی و هونەرییەکانماندا دەستەبەر بکەین، چوارچێوەیەکی تایبەت، بۆ نموونە وەک ئەو شتەی جەنابت باست کرد زمانێکی ئیستاندارد دەستەبەر بکەیت، لە ڕاستیدا زمان بوونێکی گەڕۆکی هەیە، واتا زمان دەتوانێ بەپێی کات و سەردەم بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و گەشەکردن و تازەکردنەوەی خۆیدا بێت، یانی ئەو زمانەی کە بۆ نموونە ئەوەی ئێستا بەکاری دێنیت ڕەنگە ئەو زمانە نەبێت کە نەوەی داهاتوو بەکاری دێنن، چونکە نەوەکانی داهاتوو لەوانەیە خەم و کەڵکەڵەکەی خۆیان هەبێت و بۆ ئەم خەم و کەڵکەڵەیەیان زمانی تایبەتی خۆیان بدۆزنەوە، بەڵام ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە کە

ئێمە بتوانین لە چوارچێوەی هەر زمانێک کە بەکاری دێنین بۆ فیکری خۆمان ئەوەندە شێوە بەکارهێنانەکەمان دروست و مەنتیقی بێت، کە خوێنەر تێمان بگات بەپێی ئەو فیکرەی کە بەدەستەوە دەدەین، زمانەکەش دەرەقەتی وەدەرخستنی ئەو فیکرەیە بێت، بۆ نموونە تۆ لە دەقێکی شیعریدا کە بتەوێ بچیتە ناو ناخی جیهانەوە، بچیتە ناو ناخی مرۆڤەکانەوە، ناتوانی ئەو جۆرە زمانە پەخشان ئامێزە بەکار ببەی کە هەر لەسەر ئاستی رووکەشی شتەکان دەگیرسێتەوە، یا بۆ نموونە لە جیهانی نووسینی تیۆری و رەخنەدا تۆ ناتوانی ئیتر باس لە شاعیرێک بکەی وەکو ئەو شێوە باسکردنانەی رەخنەگران و شیکەرەوانی نەوەکانی پێشوومان بەکاریان دێنا، هەر وەک بۆ شاعیرێک دەیان وت (ئەستێرەی پڕشنگداری ئاسمانی ئەدەب) یا (کەسێک کە ئەسپی خۆی تاوداوە لە بواری شیعری کلاسیکدا). واتە قسە لەوەدایە کە دەبێ ئێمە بەپێی فیکری خۆمان بیگۆڕین و ئەو زمانە وەگەڕ بخەین، یان دەکرێ لە زۆر جێدا بە پێی ویست و خواستی خۆمان، یانی تۆ بۆت هەیە زمانێک کە لە دەقی بەیت و حەیراندا هەیە بیهێنیتە ناو نووسراوەی خۆت و هەستێکی تازەگەرایانەی پێبدرکێنێ، واتە زمان ئەوەندەی کە خۆی بوونێکی گەڕۆکە، بوونێکیشە کە بەردەوام لە حاڵەتی تازە بوونەوە دایە، ئێمەی داهێنەریش بۆمان هەیە ئەو هێز و وزەیە کە لە توانای نووسینماندا هەیە وەکاری بخەین و دیسان خێرایی پێببەخشین بە گۆڕانکاری زمان، ئەگەر زمان لە ئاستێکدا بمێنێتەوە وەک زمانێکی ئیستاندارد بۆ تەواوی نەوەکان دیارە ئەوە ناتوانێت کاریگەری ببەخشێت و لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمەکەی بخوێنێتەوە، بۆ نموونە ئێمە هەموومان دەزانین ئەو زمانەی کە دەقەکانی شانۆی ئینگلیزیی سەدەکانی پازدە و شازدەی زایینی پێنووسراوە لەگەڵ زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆ یەک ناگرێتەوە، ئێمە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ دەقێکی ئەدەبی و هونەریی ئینگلیزی بخوڵقێنین دەبێ لە زمانێکی دیکە کەڵک وەربگرین، بەڵام دەبینین لە هەمانکاتیشدا ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو دەقانەی لەو سەردەمانە خوڵقابن زۆربەی هەرە زۆریان بۆ نموونە شانۆکانی شکسپیر شاکار نەبن، دەبینین ئەمڕۆش ئەو دەقانە دەخوێندرێنەوە و قسەیان لەسەر دەکرێ، کەچی ئەوانە شاکاری سەردەمی خۆیانن. نووسەرانی ئەمڕۆی رۆژئاوا نایەن بڵێن: چونکە ئەو زمانە شاکاری خوڵقاندووە، کە واتە دەبێ ئێمەش بەو زمانە بنووسین، تاوەکو شاکار بخوڵقێنین، نا ئەوان بەزمانی سەردەمی خۆیان دەنووسن چونکە سەردەمی



ئەوان سەردەمێکە نیازی دیکەی هەیە و دیارە بە پێی ئەو نیاز و کەڵکەڵانە زمانێکی دیکەیان هەیە.

**کاروان**: **دەقی نەمر و تەمەندرێژ نهێنی مانەوەی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ دەبێ لە چ ئاقارێکدا هەنگاو هەڵێنین بۆ ئەوەی بەرهەمێکی زیندوو بکەینە دیاری بۆ نەوەی داهاتوو؟ چ وەک نووسەر و چ وەک خوێنەرێکیش ماوەیەکی زۆرە گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە کە تۆ دەبێ شتێک بنووسی با لە ئێستادا سەرەدەری لێ‌دەرنەکەن، چونکە ئەگەر باوەڕەت بە گۆڕانکاری هەبێ ئەوە رۆژگارێ دێتە پێشێ کە لەو بەرهەمەت حاڵی بن، جەنابت تا چەند لەگەڵ ئەوەدای؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئەوەی راستی بێت، دەقێکی ئەدەبی دەتوانێ خۆی بەو واقیعانەوە سەرقاڵ بکات کە لە سەردەمی خوڵقانی ئەو دەقەدا روودەدەن، بەڵام ئەو شتەی کە لای من گرنگە ئەوەیە کە داهێنەری ئەو دەقە تا چەند دەتوانێ لە دۆخێکی تایبەتی سەردەمی خۆی دۆخێکی هەرمانی ئینسانی بخوڵقێنێ کە نەوەکانی داهاتووش بە شێوەیەک لە شێوەکان بە دۆخێکی بزانن کە پڕ بە پێستی دۆخی ئەوانە، واتە من ئاوا لە مەسەلەکە ناگەم، کە دەقێک بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت و هەرمان بێت، دەشێت تەنها بەو بابەت و بیرۆکانەوە بنووسرێت کە هاوبەشە لە نێو تەواوی مرۆڤەکانی جیهاندا، یان ناشێ خۆی لە قەرەی ئەو رووداوانە بدات کە تەنها لە بارودۆخی ئەودا روو ئەدەن، نا من ئاوا لە مەسەلەکە ناڕوانم، نووسەر بۆشی هەیە ئەوەندەی کە لە واقیعە گشتییەکانی مرۆڤ بکۆڵێتەوە و بیانکات بە دەق، ئەوەندەش لەو رووداوە سادە و ساکارانەی دەوروبەری خۆی بکۆڵێتەوە، بیانکات بەدەق، کە لەوانەیە ئێمە هەموو رۆژێ بەچاو بیبینین، بەڵام خودی کردنی ئەو رووداوانە بە دەقیش نابێتە دەستەبەری هەرمان بوونی ئەو دەقە، بەڵکو نووسەر دەبێ بەردەوام بێژنگێکی بەدەستەوە بێت بە ناوی بێژنگی تێفکرین و جوانیی عامی ئینسانی، ئەو شتانەی کە خۆی دەیانکا بە دەق و دەیانکا بە هەوێنی دەقەکەی دەشێ لەو بێژینگە بدرێن و ئەو شتەی بە دەستەوە بدرێت ببێتە بەرهەمێک کە لە تەواوی سەردەمەکاندا بتوانن کەڵکی لێوەردەگرن، ئەو پرسیارەی کە تۆ دەیکەیت من زۆرجار بە شێوەیەکی تایبەتی لە خۆمی دەکەم، بۆ نموونە لە هەمبەر دەقی شاعیرێکی وەکو حافیزی شیرازی یاخود شاعیرێکی وەکو نالی، رۆماننووسێکی وەک میلان کۆندێرا، کە لە بارودۆخێکی تەواو جیاواز لە ژیانی کوردەواری ژیاوە و بیرۆکەیەکی تەواو جیاوازی لە چاو

زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤانی کوردی هەیە، کەچی تۆ کاتێ دەقەکانیان دەخوێنیتەوە ئەبینی زۆر لە رۆح و کەڵکەڵەکانی خۆت نزیکن، ئەوە چییە راز و نهێنی هەرمان بوونی ئەو دەقانە، خۆ ئەم دەقانە بۆ نموونە دەقی حافیزی شیرازی یا دەقی رۆماننووسێکی وەکو میلان کۆندێرا کەسەر بە دوو سەردەمی جیاواز و سەر بە دوو تێفکرینی جیاواز و دوو شێوە نووسینی جیاوازن، کەچی لە هەمانکاتدا لەسەر رۆحی خوێنەرێکی کورد کاریگەرێتی دەبێ، مـن پێموایە داهێنەرانی گەورە کە دەقەکانیان دەمێنێتەوە ئەو کەسانەن کە ئەو بێژینگانەی بە دەستیانەوە گرتووە و من ناوی دەنێم بێژینگی تێفکرین و جوانیی عامی ئینسانی، زۆر بە باشی و بە وردی ئەو بێژینگەیان بەکارهێناوە، کارێکیان کردووە کە وێڕای ئەوەی رووداوەکانی سەردەمانی خۆیان کردووە بە هەوێنی خوڵقاندنی دەقەکانیان، لە هەمانکاتدا ئەو رووداوە تایبەتیانەیان کردۆتە رووداوێکی عامی ئینسانی کە دواجار ئێمە چێژی لێوەردەگرن و لە رێگەی ئەوانەوە بە مەعریفە دەگەین و، لە رێگەی ئەوانەوە تێگەیشتنێکی ئەدەبی و هونەری دەستەبەر دەکەین.

**کاروان: لە قسەکانی جەنابتەوە وا دەردەکەوێ کە چەندە نووسەر، بۆ نموونە شاعیر بەناخی خۆیدا بچێتە خوارێ و باش لە شتە دەروونییەکانی خۆی وەکو ئینسان بگات، ئەوەندە بەرهەمەکەی هەم جیهانی دەبێ هەم هەم هەرمانییەکی درێژماوە بە دەست دێنێ، یانی ئەگەر ئێمە هاتین و بە شێوەیەکی پێویست و دروست لە ناخی مرۆڤ وەکو مرۆڤ دواین، ئەوە نهێنی مانەوەی دەق لەوەوە سەرچاوە دەگرێ؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: زۆر دوور نەڕۆین هەر لە شیعرەکانی ئەحمەدی شاملوو وردبینەوە. من خۆم  شاملوو ئەگەر لەیەک رستەدا چڕوپڕ بکەمەوە دەڵێم، ئەحمەدی شاملوو شاعیری مرۆڤ و مرۆڤایەتی، کەچی تۆ دەبینی سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی، مرۆڤانی دنیا تێی دەگەن و چێژی لێوەردەگرن و دیارە ناوبانگی خۆشی دەرکردووە، تەواوی ئەو شیعرانەی بەپێی کاریگەرێتیی رووداوەکانی سەروبەندی ژیانی خۆی نووسیوە، واتە ئەو کەسانەی کە هاوەڵی خۆی بوون و لە رێگای خەباتی نەتەوایەتیدا شەهید بوون شیعری بۆ نووسیون، دواجار لەو شیعرانەوە دۆخێکی ئینسانی خوڵقاندووە کە خەباتگێڕێکی وڵاتانی دیکەش کەڵکی لێوەردەگرن و چێژی لێوەردەگرن، شاملوو لە شیعرێکیدا دەڵێ: «مرۆڤ دژواریی ئەرکە» تۆ دەبینی لەم رستە شیعرییەدا مانایەک و ئاستێکی دەلالەتی هەیە کە تەواوی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە یا گەر لە شیعرەکە



ورد دەبیتەوە و بچیتە ئەو دیوی پەردەی شیعرەکەیەوە لە هۆکاری نووسینی ورد دەبیتەوە دەبینی ئەو شیعرە بە هۆی شەهیدبوونی هاوڕێیەکی شاملوو نووسراوە کە ئەرکی مرۆڤایەتی خۆی لە رێگای شەهید بوونییەوە بەجێهێناوە، بە وتەیەکی دیکە بەبڕوای من هەرمان بوونی دەقێکی ئەدەبی زۆر پابەندە بەو بارودۆخەی کە تێیدا دەخوڵقێ، با بارودۆخەکە زۆریش تایبەت بێت، یا سەر بە سەردەمانێکی تایبەتیش بێت، لە هەمانکاتیشدا پابەندە بەو ئاستە لە هونەرمەندی داهێنەرەکەی کە وەهای بخوڵقێنێ، فۆڕمێکی وەهای پێ ببەخشێ، وشەیەکی ئاوەهای تێدا بگونجێنێ، رستەسازییەکی وای تێدا بکات کە دواجار بە گشتی ببێتە بەرهەمێک، کە مرۆڤایەتی دنیا بە موڵکی خۆیانی بزانن. من لە راستیدا وەکو گەنجێکی سەدەی بیست و یەکەم کە دیارە کەڵکەڵەی زۆر تایبەتیم هەیە شیعری «قوربانی تۆزی رێگەتم»ی نالی بە موڵکی خۆم دەزانم، هەرچەندە دەزانم نالی ئەو شیعرەی لە بارودۆخێکی تایبەت، بە هۆیەکی تایبەت و بە رۆحییەتێکی تایبەتەوە خوڵقاندووە، کەچی دەبینی ئەو شیعرە دواجار غوربەتی عامی مرۆڤی کوردیش هەڵدەگرێ، واتە ئەو هۆکارەی کە دەبینی شیعرێکی کلاسیکی عەرووزی چوارچێوەداری خاوەن کێش و سەرواى نالی بە رۆحی رەخنەگرێکی وەکو من کە تامەزرۆی شیعری نوێی دنیام دەبەستێتەوە هەر بە تەنیا لەوەدانییە کە ئەو شیعرە بە زمانی کوردی و بە وشەی کوردی نووسراوە، بەڵکو لەوەدایە کە نالی لە رێگای ئەم شیعرەوە وەها رەهەندێکی بۆ نێو ناخی ئینسانی کورد، بۆ غوربەتی ئینسانی کورد لێداوە، کە ئینسانی کورد لە ناوماڵی خۆشیدا خۆی بە غەریب دەزانێت و چێژ لەو شیعرە وەردەگرێت، لەهەمانکاتیشدا ئەو شیعرە رەهەندێکیتریشی هەیە کە هەر مرۆڤێکی غەریب لەهەر گۆشەیەکی دنیا دەتوانێ لەو شیعرە چێژ وەربگرێ، نالی خۆی لە دێڕە شیعرێکدا هەر ئەو قسەیەی کە ئێمە لە قەوارەی ئەو پرسیار و وەڵامانەدا دەیکەین، لەو شیعرەدا وتوویەتی «بەعزە ئینسانێ هەیە خەم قووتییە، من خەمی خۆم و خەمی عالەم دەخۆم»، واتە داهێنەری گەورە ئەو کەسەیە کە لە هەمانکاتدا خەمی تایبەتی خۆی هەبێت و خەمی تایبەتی خۆی بکا بە دەقێکی شیعریی، خەمی گشتیی ئینسانیشی هەبێ و ئەو خەمە گشتییە ئینسانییەش لە ناو خەمی تایبەتی خۆیدا بتوێنێتەوە و یا بە پێچەوانە خەمە تایبەتییەکەی خۆی لە نێو خەمە گشتییەکەی مرۆڤدا بتوێنێتەوە و لەو رێگایەوە بتوانێ دەقێکی هەرمان بخوڵقێنێ و لە هەمانکاتدا پێشاندەر و نوێنەری سەردەمی خۆی بێت و ببێتە موڵکی مرۆڤایەتیی هەتاهەتایی.

**کاروان: ئایا لێرەدا دەورەکە دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر یاخود بو دەق کە نەمری بە خۆی بەخشیوە، ئایا ئێمە دەتوانین چۆن جیاوازییەک ببینین لە نێوان ڕۆڵی نووسەر لەو دەقە و ڕۆڵی خودی دەقەکە کە هەرمانی بۆ خۆی خولقاندووە؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: دیارە لە پرسیارێکی پێشوودا باسی ئەو کێشەیەمان کرد، دەق کێ دەیخولقێنێ، دیارە نووسەر و داهێنەری ئەو دەقە، ئەگەر گەورەییەک لە ڕۆحی دەقدا بەدی بکرێ من رام وایە کە دەشێ ئەو گەورەییە لە ڕۆحی داهێنەرەکەشیدا بووبێت، بە وتەیەکی دیکە ناکرێ تۆ داهێنەرێکی نەفس بچووک و بیر بچووک و کوێر زەین بیت کەچی لەولاوە دەقێکی شاکار و سنگفراوان و هەڵگری دەیان شیکردنەوە و تەفسیر بخولقێنی، پێوەندییەکە راستەوخۆیە و لێرەدا ئاوای دەبینم، واتە ئەگەر نالی زۆر قووڵ لە غوربەت تێنەگەیشتبێ چۆن دەتوانێ دواجار ئەو مانا قووڵە بگوازێتەوە بۆ ئاستی ئەو دەقەی کە خولقاندوویەتی، دەقی گەورە خولقاوی داهێنەری گەورەیە و دەقێکی سەقەت و نوقسان خولقاوی دەستی نووسەرێکی نوقسان و سەقەتە.

**کاروان: لێرەدا ڕۆڵی خوێنەر چی دەبێت چ لە خوێندنەوەی دەقێکی سەرکەوتوو، چ لە خوێندنەوەی دەقێک کە لە ئاستی نزم دایە؟ یاخود خوێنەر چ هەقێکی هەیە لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئەو دەقە بەهەردوو لایەنە بەرز و لاوازەکەی؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: لە راسیتدا کاتێک خوێنەر دێتە مەیدانی خوێندنەوە و ئەو شتەی کە دەتوانێ زیادی بکات بە پرۆسەی تێگەیشتن و بە پرۆسەی چێژ وەرگرتن لە دەقێک، لە واقیعدا کامڵکەر و تەواوکەری کاری داهێنەرەکەیە، واتا کاتێک داهێنەرێک دەقێک دەخولقێنێت و گەورەییەک یاخود مانایەک لەو دەقەدا بێت، ئەگەر خوێنەرێک بە تێگەیشتنێکی کەم، بە زەینێکی کورت و بەچاوێکی وردنەبینانەوە لەو دەقە بڕوانێ دیارە کە ناتوانێ کەشفی گەورەیی ئەو دەقە بکات و دەرەقەتی خوێندنەوەی ئەو دەقەش نایەت، لێرەدا من رام وایە کە تێگەیشتنی خوێنەرێکی نەزۆک لە دەقێکی مەزن ناتوانێت زەبرێک لە مەزنایەتی و گەورەیی ئەو دەقە بدات، بۆ نموونە ئێشتاش کە ئێستایە ئێمە بە هۆی نەزانین یا کەمبوونی رادەی مەعریفەی شیعر ناسانەمان نەمانتوانیوە زۆرێک لە ئاستەکانی دەلالەتیی شیعری نالی کەشف بکەین. دیارە ئەوە هیچ بەو مانایە نییە کە نالی نەیتوانیوە وەها مکانیزمێک لە شیعرەکەیدا بەکاربێنێت کە منی خوێنەرێکی نەزۆک لەو بگەم، ئەوە منم کە نەمتوانیوە پەی بەو فرت و فێڵانەی نالی ببەم کە لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە،



ئەدی بۆ کەسێکی وەکو مەسعوود محەممەد دەتوانێ لە قەوارەی کتێبێکدا باس لە دەیان جۆر جوانیی شیعرەکانی نالی بکات، دیارە ئەو بەپێی توانایی خۆی ئەوەندە دەرەقەتی شیعری نالی هاتووە، کەوایە بەهەمان نیسبەتیش خوێنەرێکی باش دەتوانێ مەزنایەتییەکی زۆرتر بدات بە دەقەکە، گەورەیی دەق راستە پێوەندی هەیە بەگەورەیی نووسەر و داهێنەرەکەی، ئەوەندەش بە بڕوای من پێوەندی هەیە بە خوێنەرێکی باش، واتە خوێنەرێکی باش دەتوانێ لە راستیدا ئەو گەورەییەی نووسەر بە دەقی بەخشیوە کامڵتری بکات و پڕ بە پێستتری بکات، بۆیە من پێموایە دوایین وێستگەی پرۆسەی خوێندنەوەیەکی باش خوێنەرە، خوێنەرەکە دەتوانێت مەزنایەتی دەقێک کامڵ بکات و ئەو دەقە بەباشترین و بەرزترین رادەی مەزنایەتی خۆی بگەیەنێت.

**کاروان: وەک دوا پرسیار پێمان خۆشە بزانین ئایا ئەو شتانەی کە دەبێ بوترێ یاخود نەوترێ لە دەقی ئەدەبیدا بە بەهانەی ئەوەی کە ئەوە گوناهە یا بڤەیە یان ناگونجێ و ناشێ چییە؟ یان باسکردن لە کێشە نەوتراوەکان بەتایبەتی ئەو کێشانەی بڤەیان پێ دەڵێن چ لە بواری سیاسی یا ئایینی یا سێکسدا، چونکە زۆر لە نووسەران بە ترسەوە بۆ ئەو مەسەلەیە دەچن ئەگەر باسیشی بکەن ئەوا لەژێر دەمامکەوە لێی دەدوێن، بەڕای جەنابت ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمە راستەوخۆ لە شتەکان بدوێین بەبێ ئەوەی لە هیچ سانسۆڕێکی دەوروبەر یاخۆ سانسۆڕێک بترسین کە ناهێڵێ ئێمە باس لەو نەشیاو و بڤانە بکەین لە بواری ئەدەبی یا هونەری یا هەر بوارێکیتری نووسین؟**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: ئەدەبی کوردی تا ئێستا بەدەیان هۆی جۆراوجۆر دەرفەت و دەرەتانی ئەوەی نەبووە کە خۆی لەو دیاردانە نزیک بکاتەوە، لەبەر هۆکاری زاڵبوونی شێوە بیرکردنەوەیەکی بەرتەسکی ئایینی لێی نزیک نەبۆتەوە و هەوڵی کەشفکردنی و شیکردنەوە و روونکردنەوەی نەداوە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بە هەمان نیسبەت ئێمە خۆمان لەو بوارە نەداوە، باسکردن لە چەمکی خۆ سانسۆری و خۆ بواردن لەو بابەتەی کە تا ئێستا لە فیکری مرۆڤی کورددا وەک بڤەیەک لە کاردابوون لە راستیدا باسێکی دوورودرێژە، چونکە ئەدەبی کوردی تا ئێستاش بە هۆی گەلێ هۆکار بۆ نموونە زاڵبوونی شێوە تێفکرینێکی بەرتەسکی ئایینی یاخود بارودۆخێکی سیاسی دەسەڵاتی زاڵ بەردەوام ئەمری بەوەها خۆ سانسۆرییەک کردووە، چ راستەخۆ و چ ناڕاستەوخۆ، ئەدەبی کوردیی بە جۆرێک لە جۆرەکان تووشی ئەو نەخۆشییە کردووە خۆ لە قەرەی ئەو دیاردانە نەدات، کە

ئێمە بەڕاستی بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ژیانی خۆمان پێویستمان پێیەتی، بۆ نموونە لە ئەدەبی کوردیدا باسکردن لە کێشەی سێکس بە شێوەیەکی کەم لە ئارادا بووە، یا ئەگەریش لەم دواییانەدا کەڵکەڵەیەک بۆ باسکردن لەم کێشەیە بووە زیاتر وەک دژ کردەوەیەک بە نیسبەت ئەو مەسەلەیە خۆی نواندووە، واتە نەهاتۆتە ئاستی هونەری بوون و ئەدەبی بوون: دیارە باسنەکردن لەو بڤانە ئەوەندەی کە زەرەر و زیانی بووە بۆ تێگەیشتنی ئێمە لە جیهانی ئینسانی کورد بە نیسبەت ئەو مەسەلەیە ئەوەندەش زیانی بووە بۆ ئاستی جوانیی دەقەکانمان، بۆ نموونە ئێمە ناتوانین حاشا لەو ڕاستییە بکەین کە بەشێک لە پێوەندیی مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پێوەندی جنسییە، ئایا دەکرێ تۆ لە مرۆڤێک بە تەواوی بگەی بێئەوەی کە لە کێشەی جنسی ئەو مرۆڤە بکۆڵیتەوە؟ ئایا دەکرێ کەسایەتییەک لە باری دەروون شیکارییەوە لە نێو چیرۆکێکدا خۆ بنوێنێ، بەڵام لە ئاستی جنسی ئەو مرۆڤە بۆ کێشەی سێکس نەکۆڵێتەوە؟ ئەوانە کۆمەڵێک پرسیارن کە دەیبینی لە زۆر چیرۆکدا هەن، لەڕاستیدا مرۆڤانی ئێمە، بۆ نموونە لە چیرۆکی بەرەنگاریدا، تەنها مرۆڤانی جەنگاوەرن بێ ئەوەی چکۆلەترین مەیلی جنسییان تێدا بێت، دەبینی لە زۆر ڕۆماندا ژنانی ئێمە ژنانی کۆڵنەدەر و دایکانی دڵسۆز و کچانی ئاشقن بێ ئەوەی کەڵکەڵەی جنسییان لە هەناودا هەبێ، یا ڕۆماننووس یا چیرۆکنووس بیەوێ ئەو کەڵکەڵانە لە نێو گێڕانەوەی داستانەکەیدا زەق بکاتەوە، یا لە بواری ئایینی، دەبینی زۆر کێشە هەن کە مرۆڤ پێیانەوە سەرقاڵە، بەڵام ئەدەبی ئێمە، هونەری ئێمە، خۆی لە قەرە نەداون یا نەیتوانیوە بیانکات بە دەق و ئەرکێکی جوانیناسانە بخاتە سەرشانی ئەو بیرۆکانە، ئەوانە لە ڕاستیدا ئەگەر ئەدەبی هاوچەرخ و نۆژەنی ئێمە نەیەوێ ئاوڕ لەو کێشانە بداتەوە، دیسان مرۆڤی کورد لە نێو ئەدەبی خۆیدا چاوی بەو گۆشە تاریکانە ناکەوێ، کە پێویستە تێیان بگات، بەڵام کێشەیەکی دیکە کە بەلای منەوە گرنگە بە نیسبەت ئەو مەسەلەیەوە ئەوەیە کاتێ ئێمە بمانەوێ ئەو بڤانە لە ناو دەقی ئەدەبی و هونەری خۆماندا بنوێنین، ئایا تەنها بەنیازی نواندنیان ئەم کارە بکەین؟ یاخود بە دەلیلی ئەوە ئەو کارە بکەین کە ئەو بیرۆکانە وەک بەشێک لە پێداویستی، وەک بەشێک لە جوانی دەقەکانمان بەدەستەوەیان بدەین؟ دەبینین کاری کەسانێکی وەکو شێرزاد حەسەن چەندە گرنگە کە بەردەوام ویستوویەتی لە ڕێگای باسکردن لە تەعامولی نێر و مێ، لە نزیکایەتی نێوان پیاو و ژن لە نێو داستانەکانیدا باس لەو چەوسانەوەیە بکات، کە بە درێژایی مێژووی کورد دەرهەق بە



ژنکراوە. بە نیسبەت پێوەندیی مەسەلەی جنسییەوە، بو نموونە لە نوڤلێتی «حەسار و سەگەکانی باوکم»دا لە پەنا کێشەی باوکسالاری کە بیرۆکەی سەرەکیی ئەو چیرۆکەیە، کێشەی پێوەندیی جنسیش لە ئارادایە کە باوکی ناو ئەو ڕۆمانە کاتێ کە حەسارێک بۆ کچەکانی خۆی بەدی دێنێ و ناهێڵێ لەو حەسارەی بێنە دەرێ، ئەو حەسارە نەک هەر لە ئاستی ڕەوانی و فیکری، بەڵکو لە ئاستی جنسیشدا کچەکان دەخاتە ناو زەخت و فشارێکی زۆرەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کچانە وەک کەسایەتی، کەسایەتییەکی پڕ لە شێواوی و شپرزەیی بن و لێرەوە پێشاندەری ئەو ڕاستییە بێت کە ژنی کورد بەردەوام لە نێو حەساری فیکری و جنسی باوکدا گیری خواردووە، ئازادی بەدەست ناهێنن، بۆیە ئەدەبێک کە بیەوێ پیشاندەری ڕاستەقینەی وجوودی ئینسانی بێت، چ لە کۆمەڵگای خۆیدا و چ لە کۆمەڵگەی جیهاندا، دەشێ ترسی ئەوەی نەبێ، کە پێی وابێت باسکردن لەو بڤانە باسکردن لە شتێکی نەشیاو و نەگونجاوە، بەڵکو دەشێت ئاوا لە مەسەلەکە بگات، کە باسکردن لەو بڤانە بەو مەرجەی کە لە ناو قەوارەی هونەری جوانیی دەقەکەدا بتوێنێتەوە زۆر پێویستە و ئەوەندەی کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی خۆی تێدەگەیەنێ ئەوەندەش جوانی بە دەقەکەی دەبەخشێ. ■

پووشپەڕی ١٣٨٣
جوولای ٢٠٠٤

● ئەم وتووێژە لەسەر پێشنیاری برای شاعیر، کاک سەعدوڵڵا نووری ئەنجام درا و لە گۆڤاری کارواندا بڵاوکرایەوە.

# بزاڤی رۆشنبیری و نوێخوازی له کوردستانی رۆژهه‌ڵاتدا

**بۆ سروه**

**سالّح سووزەنی: ئەگەر بمانهەویّ لە مەڕ نویّخوازی و ڕۆشنبیری بدویّین لام وایە هاسانترین وەڵام ئەگەر بە شێوەی پرسیار هاتبێتە ئاراوە ئەوەیە بڵێین: ئەو بزاڤەمان نییە! یان ئەگەر هەیە بۆ باسکردن نابیّ!! ئەم وەڵامە لەگەڵ ئەوەیدا کە وەڵامدانەوەیەکی پرسیارەکەیە بەژێستی ڕۆشنبیری و ژوورە ڕۆشنبیری، بەجۆرێک هەڵهاتنە لە ژێرباری گفت و ئاخاوتنی مەسەلەکە و قووڵبوونەوە لەو دیاردەیە.. کەوایە با بڵێین: بزاڤی ڕۆشنبیری هەیە... بەچاوخشاندنێک بەسەر ئەو چاپەمەنیانە کە ئێستا لە کوردستانی ئێران بڵاو دەکرێنەوە... لە سروە و سیروان و زرێبار و بەرهەم و دەق و هێما و پەیژەوە.. بگرە تا ئەو کۆڕانەی لە کوردستانی ئێران لەمەڕ چیرۆک و شیعر و ڕەخنەدا هەیە، ئەتوانین بڵێین؛ بزاڤێکی ڕۆشنبیری لە کوردستانی ئێران دەستی پێکردووە و ئێستا هەیە. بەڵام سەبارەت بە پتەوبوون و یان لاوازی ئەو بزاڤە پێموایە لێدوان و باس کردن هەڵبەت بە شێوەیەکی قووڵ، پێویستە. من حەز ئەکەم باسەکە ئاوا دەست پێبکەین کە ئایا پێویستە سەرەتا لە مێژووی ئەو بزاڤە بکۆڵینەوە و دواجار پێداویستییەکانی باس کەین؟ واتە پێویستە کاتیّ باسی هەر دیاردەیەک دەکەین، سەرەتا بۆی بچینە ناو مێژووەوە یا نا؟ بۆوەی وەک دەزانن لە هەنیّ گۆشەنیگای فەلسەفی و خوێندنەوەی نوێوە ئەوە پێویست نییە. واتە مێژوو بەردەوام ناتوانیّ ڕوونکەرەوەی مانا و مەبەستی دەق و بزاڤەکان بیّ.**

**ڕەهبەر مەحموودزادە**: دیارە بۆ ناسینی هەموو بابەتەکان، لێکۆڵینەوەی مێژوویی یان بە قەولی پێکهاتە خوازەکان لێکۆڵینەوەی ناوزەمانی پێویست نییە. بەڵام لەو بابەتەدا کە جەنابتان قسەتان لێکرد واتە «بزاڤی ڕۆشنبیری لە کوردستانی ئێراندا»، گەڕانەوە بۆ سەر پێشینەی مێژوویی باسەکە، دەتوانیّ سەرەتایەکی باش بیّ بۆ وروژاندنی باسەکان. ڕۆشنبیری کوردی لەلای ئێمە بە پێی بەڵگەیەکی سادە وجوودی هەیە. بەڵگەکەش بریتییە لە کێشەی سوننەت و مۆدێڕنیزم. لە بیرمان بیّ لایەنێک لە دوو لایەنەکانی ئەو کێشەیە بەرەی ڕۆشنبیرە، ئەگەر بزاڤێکی ڕۆشنبیری لە گۆڕێدا نەبیّ، کێشەی سوننەت و مۆدێڕنیزمیش باسی لیّناکریّ ئەو بەرەوڕووبوونەوەیە ئێستا هەم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەم لە کوردستانی باشوور، مەوزووعییەتی پەیدا کردووە، بێجگە لە وێکچوونەکان هێندەک جیاوازی لەو دوو شوێنەدا بەدی دەکریّ.



نوێخوازەکان لە هەر دووک لا بەرەی بەرامبەر بەخۆیان بە «سەلەفی» دەناسن و ئەو جەریانەی خۆراکیان پیّ دەگەیەنیّ بە «سەلەفییەت» دەناسێنن، بەڵام بەرەی نەریتخواز لەو دوو بەشەدا، دەربارەی ماهییەت و سروشتی بەرەی بەرامبەر بە خۆیان و سەبارەت بە چۆنیەتی ناولێنانیان یەک دەنگ نین. لەو دیو، نوێخوزای هێندەی بونیادگەری، واتە (ساختارگرایی) بەرتەسک دەبێتەوە و نەریتخوازەکان بو ئاماژەکردن بە نوێخوازەکان پتر بونیادگەریان پیّ دەڵێن، بەڵام لە کوردستانی ئێراندا نوێخوازەکان بە «پۆست مۆدێڕن» دەناسرێن و ڕەوتی نوێخوازی وەکو شێوەیەک لە جەریانی گشتی پۆست مۆدێڕنیسم دەناسریّ و زیاتری ئەو بابەتانەی لەسەر نوێخوازەکانیش دەنووسریّ، ئەو بابەتانەن، کە بەدژی بیروبۆچوونی پۆست مۆدێڕن دەنووسریّ، بەڵام دەبیّ سەرنج بدەینە ئەو خاڵە گرینگە کە بزاڤی گشتیی نوێخوازیی کوردی، نە ئەوەندەی پێکهاتەخوازی بەرتەسک دەبێتەوە و نەبە تەواوی دەچێتە ناو قاڵبی پۆست مۆدێڕنیسم؛ ئەگەرچی هەر دووک مەیل و داگەڕانی باسکراو تێیدا بەدی دەکریّ. یەکدەنگی نوێخوازەکان و ناتەبایی نەریتخوازەکان بەو چەشنەی باسم لێکرد، ناڕاستەوخۆ، بابەتێکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. بابەتەکە ئەوەیە کە نۆێخوازەکان بە شێوەیەکی قووڵتر و تیۆریکتر ماهییەتی لایەنی بەرامبەر بە خۆیان ناسیوە و دەزانن بەربەرەکانی فیکری لەگەڵ چ کەسانێک دەکەن، بەڵام نەریتخوازەکان هێشتا بە باشی ئەوەیان بۆ خۆ یەکلا نەکردۆتەوە کە لەگەڵ چی دژایەتی دەکەن؟ ئایا ئەوان دژ بە پێکهاتەخوازین یا دژ بە مۆدێڕنیسم، یان ئەوانەیان هەردووک قەبووڵە و لەگەڵ پۆست مۆدێڕنیسم دژایەتی دەکەن، یان هەر سێکیان پەسندە و هەر بە تەنیا لەگەڵ ئەو نووسەرە لاوانە هاودەنگ نین کە ناتوانن تیۆرییەکانی پێوەندیدار بەم باسانە بە شێوەیەکی دروست حاڵی بن و بە کوردییەکی پاراو و پاک و خاوێن بیانگۆڕنەوە بۆ بەستێنی فیکری کوردی. هەڵبەت خاڵێکی کزی نوێخوازیش ئەوەیە کە نەریتخوازی هێندەی سەلەفییەت بەرتەسک دەکاتەوە. دوایە ئەگەر دەرفەتم بۆ هەڵکەوت باسی جیاوازی ئەوانە دەکەم. بابەتێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە بە بڕوای من ئەو کێشەیە لە هەر دوو بەشی کوردستاندا، لە قووڵایی کۆمەڵگای کوردستانەوە هەڵقووڵاوە و شتێکی دەسکرد نییە. دوو دەیە پێش بواری سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە لە ناو ئێمەدا نەبووە، بە پێچەوانەی هەڵوێستی هێندەک کە پێیان وایە ئەو مەسەلەیە بۆ لەبیر بردنەوە و سڕینەوەی هێندەک کێشەی دیکە بە کۆمەڵگای کوردەواری تەزریق کراوە، دەبینین ئەو کێشە سەرەکیانە، بە ڕەنگ و بۆنێکی تازەوە لە چوارچێوەی بزاڤی ڕووناکبیریی کوردیدا سەریان هەڵداوە.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: من دەمەوێ لە رێگەی ئەو بۆچوونەی کاک رەهبەرەوە کە ئێستا کێشەی نێوان سوننەت و مۆدێرنیزم مەوزووعییەتی پەیدا کردووە بچمە نێو باسەکەوە، چونکە پێموایە ئەوەندەی کە پێویستە ئاماژە بە مەوزووعییەت پەیدا کردنی ئەم کێشەیە لە نێو کۆمەڵگای خۆماندا بکەین، ئەوەندەش پێویستە لە هۆیەکانی مەوزووعییەت پەیادکردنی ئەم کێشەیە بکۆڵینەوە، بابزانین کامە هۆکار دەوریان هەبووە لەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بینەوە تا بیکەینە هەوێنی کۆمەڵێ باس و کێشەی فیکری لە پانتایی مەیدانی رۆشنبیری کوردیدا. ئەوەی راستبێ ئێمە ناچارین بۆ دوان لە مەڕ ئەم کێشەیە جگە لە کۆمەڵێک هۆی فکری و مەعریفی ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆی کۆمەڵناسانەش بکەین، واتە بەشێکی زۆر لەم کێشە فیکری و فەلسەفییانەی کە ئەمڕۆ لە نێوان بەرەی مۆدێڕن و نەریتخوازدا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو گوڕانکاریانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە درێژایی ئەم چەند دەیەی دوایی لە کۆمەڵگای کوردیدا سەریهەڵداوە. ئێمە هەموومان ئاگادارین کە شان بە شانی گۆڕانکارییەکانی دنیا لە بواری پیشەسازی و فیکری و سەرهەڵدانی شێوەی حوکمڕانی و ناسینی خودئاگایانەی مرۆڤ و کۆمەڵ ـ مرۆڤی کوردیش دیارە بە هەندێ کەڵکەڵە و بیرۆکەی تازەگەیشت کە رەنگە پەنجا ساڵ لەوە پێش ئەم کەڵکەڵانەی نەبووبێتن، کەچی دوای ئەم گۆڕانکارییانە، هەم لە ئاستی جیهانی و هەم لە ئاستی ناوچەیی و هەم لە ئاستی ناو خۆی کۆمەڵگای کوردی مرۆڤی کوردیش بوو بە خاوەن کێشە، ئەو کێشانە هانی ئەدا بۆ ئەوەی لە پانتایی کاری رۆشنبیریدا، رۆشنبیری کورد بە هەندێک دژوازی و پارادۆکس بگا کە یەکێک لەوانە ئەو خۆدئاگاییە بوو کە لەمەڕ مافی خۆی وەک مرۆڤ و رووناکبیر تووشی بوو، یان دەستەویەخەی بوو. ئەوەیە کە بە بیروڕای من بەشێکی زۆری ئەم پرسە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خودئاگاییەکی مێژوویی کە رۆشنبیری کورد هەنگاو بە هەنگاو هاتە پێش و ئەمڕۆ لەم کێشەیەدا رەنگئەداتەوە کە ئێمە لەم باسەی خۆماندا بەناوی ڕووبەڕووبوونەوەی سوننەت و مۆدێرنیزم ئەمانهەوێ لێی بدوێین ئێمە ناتوانین لە بارەی ئەم کێشەیەوە بدوێین بێ ئەوەی مێژوومان لەبەر چاو بێ، چونکە خودی ئەم سەرهەڵدانە، سەرهەڵدانێکی مێژووییە، واتە ئێمە کۆمەڵێ قۆناغی مێژووییمان بڕی بۆوەی بگەین بەم ئاستەی کە ئێستا تێیدا هەین ـ کە وایە دەبێ باسی ئەم پێشینە مێژووییە بکرێ و دەبێ روون بکرێتەوە ـ جیا لەوە ئەگەر بمانهەوێ ئاماژە بە زەروورەت و پێداویستی ئەم کێشەیە بکەین، ناتوانین شک لە حەتمی بوونی ئەو پێداویستییە بکەین — بۆوەی خودی ئەم کێشەیە ئەمڕۆ لە ناو هەست و نەستی رۆشنبیری کوردیدا ئامادەیە،



بەڵام بەقەولی کاک ساڵح کە لە پرسیارەکەی داهێنایە گۆڕێ ئێمە بۆمان هەیە لە مەڕ کزی یان تێروتەسەلی ئەم شێوە بزووتنەوەیە قسە بکەین — بۆمان هەیە کە بڵێین بەشێکی کزە و شایانی رەخنە لێگرتنە ــ بەشێکی بەهێزە و بۆ ئەوە دەبێ کە ئێمە لە سەری ورد بینەوە و بینرخێنین، بەڵام بێگومان ئەم کێشەیە باس هەڵگرە و هەر بەو پێیەش بە بڕوای من خۆ گێل کردن و خۆنەبان کردن لە ئاست ئەم باسانە بە شێوەیەک بە قازانجی ئەو باسە دەشکێتەوە کە ئەورۆ ئێمە لە کۆمەڵێ کۆڕ و گۆڤاردا دەیبینین کە پێویستە یەکێک لە لایەنەکان بکشێتەوە بۆوەی لایەنەکەیتر بمێنێتەوە. بەبێگومان ئەورۆ بیری سوننەت گەرایانە لە مەیدانی فیکری کوردیدا ئامادەیە و بە هەمان رێژە و شێوەش بیری مۆدێڕن خوازیش هەر ئامادەیە.

**ساڵح سووزەنی**: باوەکو من لام وایە روانین بۆ مێژوو بۆ پێناسەکردنی هەر دیاردەیەک رەنگە گۆشەنیگایەک بێ، بەڵام مەرج نییە بەردەوام وابێ و حەتم دەبێ لە مێژووی هێڵییەوە بگەین بە ئێستای باسەکە. نموونەی دیاردەناسەکان بەسە بۆ ئەوەی ئەو شتە بسەلمێ، بە تایبەت لە هونەردا نموونە گەلی شکسپیر و حافز و نالی کە لە مێژووی خۆیان ترازاون ئەوە ئەسەلمێنێ، واتە تاریخیگەری تەنیا رێگەی دۆزینەوەی ئەو گرێ پووچکانە نییە کە جاروبار لە ژیانی ئینسانیدا دێتە ئاراوە .. بەڵام لەمەڕ کێشەی سوونەت و مۆدێڕن یان بابلێین نوێخوازی لەکۆمەڵگای مەدا.. پێویستە بچینەوە سەر پێشینە مێژووییەکەش هەر لە لای خۆمانەوە دەست پێبکەین، لام وایە دەسەڵاتی زمانی شیعر بەسەر گوتار و بەسەر نووسین و نڤیسارا ئەو پێداویستەی هێنایە گوڕێ کە حەتم دەبێ لانی کەم رۆشنبیران بەرەنگاری ئەو جۆرە دەسەڵاتە بین یان ئەگەر لانی کەم کاری شیعرش ئەکەن زمانێکیتر دابێنن، لەو لاشەوە جگە لە شیعر، نووسینی چیرۆک و رۆمان لێرە دەستی پێکرد، شانۆ و تەنانەت زمانی فیلم هاتە ئاراوە، زۆر بواری تریش لە هونەردا وەک مێژوو ئەگەر ئاوڕی لێ بدەینەوە دێتە ئەو قاڵبەوە کە ئێمە ئێستا وەک زەروورەت ناوی لێدەبەین .. لە لایەکەوە شارستانییەت و گۆڕانی خێراو پەیتاپەیتا و جیهانی راگەیاندن و دەسەڵاتگەلی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسیی سەر دەم هەیە، لایەکیش دواکەوتوویی (هەڵبەت بە هۆگەلی تایبەتەوە کە رەنگە لە باسەکەماندا لە مەڕ هونەر و ئەدەب جێی نەبێتەوە) و نەبوونی مەعریفە و پێشینەی نڤیساری و رەخنەی زانستی و تەنانەت خوێندەواری باش و چالاک و... ئەمەیە زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو کیشەیە... ئەگەر هەرکام لەم بەرەیە بە زمانی تایبەتی خۆی بدوێ .. ساز بوونی کێشەی سوننەت و مۆدێڕن حەتمییە! دیارە سازیش بووە.

**ڕەهبەر مەحموودزادە**: باسی دژایەتی کردنی نووسەرانی کوردتان لەگەڵ زاڵبوونی زمانی شیعر بەسەر زمانی نقیسار و هەروەها باسی گۆڕانی خێرای بارودۆخی جیهانتان کرد. نوێخوازی لە کوردستان و لە هەر شوێنێکی دیکەی غەیری کوردستاندا هەم عیللەتی تایبەت بە خۆی هەیە و هەم دەلیلی تایبەت بە خۆی. لە باسوخواسەکانی مەعریفەناسیدا، عیللەت و دەلیل لێکجیا کراونەتەوە، بۆ نموونە دەڵێن ئایدۆلۆژییەکان لەسەر بناغەی عیللەت دامەزراون، بەڵام زانستە جۆراوجۆرەکان بناغەیان لەسەر دەلیلە، فەرز بکەن شارۆمەندێکی وڵاتی بریتانیا کە بە باشی ئاگاداری فەلسەفەی سیاسی و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئابوورییە بە پێی هێندەک لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، بەو ئاکامە دەکا کە ئابووری لیبڕاڵ بە نیسبەتی ئابووری سۆسیالیستی، سیستمێکی بەکەڵکترە و بۆ وڵاتی بریتانیا باشتر جواب دەداتەوە جابەم پێیە لە هەڵبژاردنەکاندا، لە نێوان دوو حیزبی موحافەزەکار و کرێکاردا، دەنگ دەدا بە حیزبی موحافەزەکار. بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین کردەوەی دەنگدانی ئەو شارۆمەندە، ریشەی لە ناو هێندەک دەلیلی تایبەت دایە، بەڵام ئەگەر هەمان ئەو کابرایە پێیوابێ بە دەنگدان بە فڵانە حیزبە، پلە و پایەیەکی رەسمی لە ناو دەوڵەتدا وەدەست دێنێ، دەنگدانەکەی کردەوەیەکی عیللەتدارە. زەمینەی نوێخوازی هەرگیز هێندەی عیللەتە رووتەکان بەرتەسک نابێتەوە. ئەو دیاردانەی کە کاک عەبدولخالق بە ناوی عیللەتە مەعریفییەکان باسی لیکردن هەمان ئەو بابەتانەن کە لە مەعریفەناسیدا بە نێوی دەلیل قسەیان لەسەر دەکرێ. لەسەرانسەری مێژووی فیکر و فەلسەفەدا، بزاڤە بە نێوبانگەکانی فەلسەڤ، ئەگەرچی لە لایەن هێندەک عیللەتی تایبەتەوە زەمینەیان بۆ خۆشکراوە، بەڵام ئەو بزاڤانە لە زاتی خۆیاندا فیکرین و لە ناو زەمینەیەکی هەراوی ئیستیدلالییەوە سەریانهەڵداوە. دێکارت وەکو یەکێک لە پێشەنگەکانی فەلسەفەی نوێ، بڕوای بەدوو فاقێتی (دوالیزمی) رۆح و تەن هەبوو. هەر لەسەر بناغەی بیروبڕوا و بەڵگەکانی دیکارت دوو دەستە فەیلەسووف سەریان هەڵدا و فەلسەفەی تایبەت بە خۆیان رەنگرێژی کرد، هێندەک وەکو توماس هابز و جان لاک لەو دوو فاقەی دێکارت باسی کردبوون، جیسم و ماددەیان بە رەسەن زانی و رەسەنایەتی رۆحیان رەتکردەوە. هێندەک لە ئایدیالیستەکان وەکو شلینگ و فیشتە، رۆحیان بە رەسەن زانی و دوایە هێگل ئایدیالیسمی گەیاند بەو پەڕی هەراشبوونی خۆی، دیسان مارکس هەر لەسەر بناغەی باس و خواسەکانی زانستی ئەو دوو دەستەیە، ماتریالیسمی فۆیر باخی لەگەڵ دیالێکیتکی هێگل تێکەڵ کرد و بناغەی فەلسەفەی تایبەت بە خۆی رەنگرێژی کرد و... هەر بەم چەشنە زاوزێ کردنی بەڵگە



جۆراوجۆرەکانی فەلسەڤ ئا ئێستا درێژەی هەبووە و لەوە بەدواوەش درێژەی دەبێ. دەمهەوێ بڵێم لە پێکهاتنی ئەو مەشرەبە فیکرییانەدا، دەلیل لەسەر دەلیل هەڵچندراوە و کاری فەیلەسووف ئەوە بووە کە نەهێڵێ عیللەتە جۆراوجۆرەکان شوێن لەسەر داگەڕانە فەلسەفییەکانی دابنێ، ئیدی ئەمن خۆم لە قەرەی بۆچوونی فەیلەسووفێکی وەک نیچە نادەم کە پێیوایە حەقیقەت، لەشکری مەجازەکانەو هەرچی فەیلەسووفە بە بێ ئەوەی بۆ خۆی بیهەوێ یان بزانێ لەسەر بناغەی عیللەتەکان بەتایبەت لەسەر بناغەی «ویستی دەسەڵات»، خەریکی داتاشینی دەلیلی رواڵەتی دەبێ و بە خەیاڵی خۆی فەلسەفەی عەینی دادەهێنێ. دەمهەوێ ئیعتراف بکەم دەرەقەتی ئەوە نایەم کە پابەندی ئاکامە فیکرییەکانی ئەو جۆرە فەلسەفەیە بم، بەڵام ئەگەر بڕوامان وابێ کە شتێک بە نێوی «دەلیلی دابڕاو لە عیللەت» دەکرێ و دەتوانێ وجوودی هەبێ، دەبینین کە زۆریەک لەو قوتابخانە فەلسەفیانە لانی کەم فەلسەفەی یۆنانی یان فەلسەفەکانی سەروبەندی دەسپێکردنی بزاڤی رێنسانس لەو وڵاتانەدا سەریان هەڵداوە کە نەخوێندەواری و نەداری و وەدوا کەوتووییان تێدا بەدی دەکرا. زۆریەک لە نەریتخوازە کوردەکان ئەو باسە دێننە گۆڕێ کە کوردستان وڵاتێکی دواکەوتووە. لە وڵاتێکدا کە نەخوێندەواری تێیدا بە پانەوە زاڵە و نەداری هێشتا کێشەیەکی سەرەکییە، هێنانە بەرباسی مۆدێڕنیسم و نوێخوازی کارێکی دروست نییە و ئەو کۆمەڵگایە ئەو باس و خواسانە هەڵناگرێ. ئێمە کاتێک دەتوانین ئەو قسەیە بسەلمێنین کە سەرچاوەکانی نوێخوازی هەر بە تەنیا لە عیللەتەکاندا بەرتەسک بکەینەوە. وای دابنێین کە رەخنەگرێکی کورد بە پێی هێندەک بەڵگە بەو ئاکامە دەکا کە بۆ چاکتر دۆزینەوەی چینەکانی مانایی دەقێک باش وایە کە لە سەر خودی دەقەکە لەنگەربگرێ و پێکهاتە شاراوەکانی ئەو دەقە کەشف بکا، نەک بە پێی عورفی رەخنەگرانی سوننەتی لە زەینییەتی نووسەری ئەو دەقە بکۆڵێتەوە، ئەو نەتیجەیە، نەتیجەیەکی زانستییە ئەگەر کردەوەی رەخنەگرێک لەسەر بناغەی ئەو نەتیجەگیرییە زانستییە دابمەزرێ دەتوانین بڵێین شێوەی رەخنەکەی کۆمەڵە دەلیلێکی تایبەت بە خۆی هەیە. رەخنەگر لە وڵاتێکی دواکەوتووشدا دەتوانێ ئەو کۆمەڵە دەلیلانە بدۆزێتەوە و دەکاریان بکا. هەر بۆیە بۆ نموونە ئەگەر لە شارەکانی کوردستاندا هێشتا نەداری گرفتێکی سەرەکییە یان دووکەڵی کارخانەکان نادیترێن، ئەگەر هێشتا زۆریەک لە گوند و شارۆچکەکانی کوردستان لە ئیمکاناتی ژیانی مۆدێڕن بێ بەرین ئەوانە ئەگەرچی راستن، بەڵام هیچکامیان ناتوانن ببن بە پاساوی رەتکردنەوەی باسەکانی بەڵگەداری نوێخوزانە.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: من دەمەوێ لێرەدا بە شێوەیەک هۆکارەکانی (زەروورەت) و پێداویستیی نوێخوازی لە بەرامبەری پاشەکشێ کردن و دەس هەڵگرتن لە شێوە بیرکردنەوەکانی سوننەتی بهێنمە گۆڕێ، بە گوتەیەکی دی بۆچی ئێمە پێویستە لە ساتە وەختی ئەمڕۆی ئەدەبەکەمان و سەرجەم فەرهەنگەکەماندا مۆدێڕن بین؟ بۆچی ئێمە پێویستە ئیمڕۆ نەریت و سوننەت بە گشتی بخەینەی بۆتەی دیدێکی رەخنەگرانەوەو زۆریەک لە پاژەکانی سوونەت وەلابنێین تەنانەت بەشێکی درێوو ناشیرینی سوننەت کە ئەمڕۆ لە قاڵبی دەستەواژەی سەلەفییەت باسی لێدەکردرێ هەر بەجارێ تووڕ هەڵبدەین. بەڕاستی ئایا مرۆڤی کورد توانێویەتی وەک چۆن زۆربەی سوننەتگەراکان ئەم پرسیارە دێننە گۆڕێ ئەو قۆناغانەی پێش خۆی ببڕێ کەوا ئەمڕۆ مۆدێڕن بوون بە زەروورەتێکی حاشا هەڵنەگر بزانێ؟ پێموایە بۆ مەسەلەی پەسندکردنی نوێخوازی تەنیا مەیل و ویستی خۆمان لە ئارادا نییە، واتە وا نییە بڵێین ئێمە ئەمڕۆ بەمەرجی ئەوەی کە ویستمان یان مەیلمان کردبێ نوێخواز بین و یان بڵێین بەپێی رەچاوکردنی مەرجەکانی هاوچەرخ بوون دەبێ مۆدێڕن بین.. مۆدێڕن بوون لە ئەمڕۆی ئێمەدا پێداویستییەکی مەعریفییە. بە گوتەیەکی دیکە ئەگەر ئێمە لە پانتایی فکر و مەعریفەی کوردیدا مۆدێڕن نەبین ناتوانین هیچ شتێکی دیکە بین جگە لەوەی بە شێوەیەکی دیکە ببینەوە بە پارێزەری سوننەتەکان، وەک چۆن ئەمڕۆ لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا ئێمە بەراشکاری کۆمەڵێک قەڵەم دەبینین کە پارێزەری سوننەتن. لێرەوە ئەو پرسیارە دیتە گۆڕێ کە باشە بۆ دەبێ مۆدێڕن بین؟ مۆدێڕن بوون لای من هەر ئەوە نییە کە لە کۆمەڵێک دەستەواژەی تازە و لە کۆمەڵێک چەمکی نوێدا پەلەقاژە بکەین و کایەیان پێ بکەین و ئەم لاو ئەو لایان پێبکەین، مۆدێڕن بوون دەبێ بە شێوەیەک لە نەست و هەستی ئێمەدا جیگربێ کە هەم رەفتارمان هەم گوتارمان، هەمیش شێوەکانی بیرکردنەوەمان بگرێتە خۆی. ئێمە تا ئێستا ئەگەر وەک دیدێکی گشتی چاو لە مەسەلەکە بکەین، ئەدەبێکمان بووە، هزرێکمان بووە لە حەوزەی رۆشنبیری کوردیدا کە سوننەتگەرا بووە. بەو مانایەی کە بە هاسانی توانیویەتی لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە لەگەڵتابووە بژی، تەباو رەبابێ و هەندێ جار ببێتە پارێزەری ئەو حاڵەتانە، کەچی نوێخوازیکی ئەمڕۆ ئەیهەوێ بە شێوەیەک خۆی لە نێو ئەو بازنە بەرتەسکانەی سوننەت بێنێتەدەرێ.

لێرەدایە کە دیسان پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا بەڕاستی ئێمە ئەورۆ لەو جیهانەی کە فکری نوێ، تکنولۆژی نوێ، داهێنانی نوێ ... لە هەموو بوارەکاندا، نەک هەر لە بواری فکری و کولتووریدا، لە بواری پیشەسازی، ئابووری، سیاسیشدا دەوری ئێمەی تەنیوە ئێمە هەر بەو



پاساوە کە قۆناخەکانی مێژووی مۆدێڕن بوونمان نەبڕیوە لە جێی خۆمان بمێنین؟. بۆیە مۆدێڕن بوون بە بڕوای من پێداویستییەکە دەشێت هەبێت، ئەگەر تەنانەت بمانەوێ هەر لە باسەکانی مۆدێڕنیزمەوە دەست پێبکەین دەبێ ئەو دەستپێکردنە هەبێ. سوننەتی بوون ئا ئێستا ئێمەی وا عادەت داوە لە گۆشەنیگایەکی تەواو زێهنی و ئایدیالیستانەوە لە دنیا بڕوانین، تەنانەت بەشێکی زۆری ئەدەبی نووسراوی ئێمە ئەدەبێکە کە نەیتوانیوە بۆ مرۆڤی کورد خوێندنەوەیەکی نوێی هەبێ، ئەو خوێندنەوەی کە هەیبووە هەر ئەو شتانە بووە، کە لەوانەیە خوێنەر بە شێوەیەکی کاڵ و کرچ پێشتریش لەبەر دەستیدا بووە.. بەڵام رۆشنبیری نوێخوازی ئێمرۆ بۆی هەیە، کە بە شێوەیەکی تەواو جیاواز لە لێکۆڵینەوەدا، لە راڤەکردندا... لە تەئویل و رەخنەدا... ئەو بابەتانە بدۆزێتەوە. کە وایە نوێخوازی لە کۆمەڵگای کوردیدا ناتوانێ بە پێی مەرجەکانی بارودۆخی کۆمەڵگا چارەنووسەکەی دیاری بکرێ. رۆشنبیری ئەوڕۆی ئێمە بە بڕوای من ئەگەر بیهەوێ خۆی لە مەسەلەی مۆدێڕنیزم و خۆ لە کێشەی نێوان مۆدێڕنیسم و سوننەت نەبان بکا بە شێوەیەک خۆی لە مۆدێڕن بوون نەبان کردووە، خۆی لە ئاست ئەو ئاڵوگۆرانەی کە ئەمڕۆ لە جیهانی فکردا هاتۆتە گۆرێ نەبان کردووە، بۆیە هەر بەو هۆیانە من تەواو باوەڕم بەوە هەیە کە ئەدەبی کوردیش وەک هەموو ئەدەبەکانی دیکەی دنیا زۆر پێویستە کە زمانی نووسینی، شێوەی بیرکردنەوەی و رەوشتناسی کاری خۆی تازە بکاتەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان مۆدێڕن بێ.

**ساڵح سووزەنی: هۆکارێکی تر بۆ ئەو پێداویستییە باسی بکەین، ئەویش هەر دیسان سەقامگیربوونی بیرۆکەی دەسەڵاتی زمانی باوکە لە کۆمەڵگای سوننەتیی ئێمەدا کە من لام وایە سەرەکیترین هۆکارەکانە بۆ سەقامگیربوونی بیرۆکەکانی سوننەتی لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا، چ زانست، چ فەلسەفە ،چ هونەر کە رەنگە باسەکەی ئێمەی زۆرتر گرتۆتەوە. ئەو زمانە کاتێک لە هونەرا دێتە ئاراوە هەوڵ ئەدا بتسازی بکا و جەخت بکاتە سەر زمانی کلاسیکی هونەر، یان ئەدەب، بەڵام ئەوەی کە لە بەرامبەر ئەم زمانەدا بوەستێ و لە لایەن نوێخوازانیشەوە هاتۆتە گۆڕێ چەند دەنگییە ... ئەم چەند دەنگییە چ لە زەمینەی هونەردا و چ لە رەخنەکارییەکاندا، لام وایە پێداویستییەکە کە بەرەبەرە دەبێ بێتە پانتای نڤیسار، بۆ وێنە ئەگەر نوێخوازان هەوڵ ئەدەن لە چەند گۆشەنیگاوە بڕواننە دەقەکان... لە چەند لایەنەوە لە مێژوو بڕوانن و تەنانەت لەو بیرۆکە فەلسەفییانەی هەر چەند زۆر کەمیشن، کە لە شیعرەکاندا رەنگیانداوەتەوە، ئەوە پاداگرتنی ئەوان ئەنوێنێ لەسەر ئەو چەند دەنگییە و تەنگە بەرکردنی**

**ئەو دەسەڵاتە کە وەک گوتم دەسەڵاتی زمانی باوکە، بە گشتی نوێخوازان دەبێ لە کەناڵی ئەو چەند جارەکی دیتنەوە، بەرەبەرە پەرەش بدەن بە چەند دەنگی، هەڵبەت «تێگەیشتنی بوونی ئەوی تر»یش ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بەو چەند دەنگییە....**

**ڕەهبەر مەحموودزادە**: جەنابت لە قسەکانتدا، جەختت لەسەر دوو بابەت کرد، بابەتی یەکەمیان دەسەڵاتی زمانی باوک بوو. بابەتی دووهەمیان چەند دەنگی بوونی ئەو بۆچوونانە بوو کە لە بەرامبەر زمانی باوکدا سەرهەڵدەدەن. ئەمن دەمهەوێ زیاتر دەربارەی بەشی یەکەمی قسەکانت چەند باسێک بێنمە گۆڕێ کە پێوەندیشی هەبێ بە چۆنیەتی یەک گرتنەوە یا لە یەکتەکینەوەی سوننەت و مۆدێڕنیزم.

وا بزانم ئەو پرسیارەیان لە ژان ژاک ڕۆسۆ کردووە، کە ئایا قەڵافەتی خۆت بەرزتر دەبینی یان قەڵافەتی شکسپیر؟ ڕۆسۆ لەوەڵامدا دەڵێ، شکسپیر بە قەڵافەت لە من گەورەترە، بەڵام چونکە من دوای وی ژیاوم دەتوانم لەسەر شانەکانی ئەو راوەستم و ئاسۆی ئەوتۆ لە پێش چاوم بەدی بکەم کە ئەو نەیدەتوانی بیانبینێ. هەربۆیە ئەگەرچی لە راستیدا من لە شکسپیر وردترم، بەڵام بە کردەوە قەڵافەتم لەو بەرزترە. ئەوە بارودۆخی دونیای مۆدێڕن بە گشتیترین شێوەی خۆی نیشان دەدا. نوێخوازەکانی ئێمە بە شێوەیەکی هێزەکی (بالقوه) بەسەر ئەو باس و بابەتانەی لە پانتای سوننەتی کوردیدا مەترەح بوونە زاڵن. بۆیە دەڵێم هێزەکی (بالقوه)، چونکە لەوانەیە بە راستی کەسانێک نەیانهەوێ روو لەو سامانە گەورەیەی سوننەتی کوردی بکەن. بەڵام بە راستی دەتوانن و بۆیان هەیە ئەو کارە بکەن. تۆ دەتوانی لە ڕێگای خوێندنەوەی وردی تەواوی بەرهەمی نووسراوی هەژار بەشێکی زۆر لە کوردی زانیی ئەو کوردی زانە بلیمەتە بکەی بە مەعلووماتی خۆت، لە ڕێگای خۆێندنەوەی تەواوی بەرهەمەکانی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس، فەرهەنگی حوجرەیی یان ئەسکۆلاستیکی کوردی شەنوکەو بکەی، هەر بۆیە ئەگەر ئێمە بە قامکە چکۆلەی ئەو گەورە زانایانەش نەبین، بەڵام چونکە دەیانکەین بە کێو و پێیاندا هەڵدەگەڕێین و لەسەر ترۆپکە بەرزەکانیاندا رادەوەستین ئاسۆی روانینمان بە هەزاران قات بەرفراوانتر دەبێتەوە. پێتان وانەبێ ئەو قسانە جۆرێک بێ حۆرمەتی کردن بەو مرۆڤە هەڵکەوتانەیە، لەوانەیە پێوسەیر بێ قوتابییەکی ئەورۆ، زیاتر لە نیۆتۆن فیزیک دەزانێ. رەنگە زیاتر لە مەندەلیۆف شیمی بزانێ. هەر وەک عەرزم کردن بارودۆخی مۆدێڕن ئەو دەرفەتەی بۆ ئێمە پێکهێناوە.. ئەو دەرفەتە سەرچاوە گرتوو لە بارودۆخی «درەنگ هاتوویی»یە. درەنگهاتوویی و زووهاتوویی دوو زاراوەی تایبەت بە دەزگای رەخنەکاری هارۆلد بلۆمن.



هەڵبەت بلۆم بە شێوەیەکی دیکە و لە بەستێنێکی دیکەدا باسی ئەوانە دەکا. بلۆم لە پانتای شیعردا ئەو مەسەلەیە دێنێتە گۆڕێ و دەڵێ تەواوی ئەو شاعیرە گەورانەی ماوەیەکی کەم لە دوای شاعیرە زۆر گەورەکان سەریان هەڵداوە، تووشی باری «درەنگهاتوویی» بوونە و شیعرەکانیان کارتێکردنی شیعری ئەو شاعیرە زۆر گەورانەی پێوە دیار دەبێ و بە جۆرێک قەڵافەتیان لەبەر سێبەری ئەو کێوەی پێش خۆیان دەشاردرێتەوە. ئەو بارودۆخە تا ئەو جێگایە درێژەی دەبێ کە دیسان شاعیرێکی گەورەی دیکە دەبێ بەکێو و ئەو جار شاعیرانی دیکە بە نیسبەتی ئەو بە درەنگهاتوویی حسێب دەکرێن. من دەمهەوێ بڵێم ئەگەر لە بەستێنی شیعردا درەنگهاتوویی بە جۆرێک مایەی کلۆڵی شاعیران بێ، لە بەستێنی فیکر و فەلسەفە و زانستدا درەنگهاتوویی نیعمەتێکە کەوەبەر هەموو نووسەرێک ناکەوێ. ئەگەر لە شعردا جەماعەتی درەنگهاتووەکان جەماعەتی دواکەوتوان، لە فیکر و زانستدا، نووسەرانی درەنگهاتوو، لەشکری بەختەوەران و ساماندارەکانن. کەواتە ئێمە بە بێ ئەوەی ئینکاری گەورەیی کەسانێکی وەک نالی یان هەژار بکەین (هەر وەکو کردوویانە) دەتوانین بە لووتکە بەرزەکانیاندا هەڵگەڕێێن، بەڵام لێرەدا دەتوانم بڵێم نەخۆشییەکی دیکە لە ناو نوێخوازاندا هەیە. جاری وایە ئێمە بە ئەنقەست یان نابەئاگا خۆمان لەو نیعمەتە بێ بەری دەکەین یانی تەرجیح دەدەین ئەو کێوانە هەرنەبینین و بچین لە لایان راوەستین و بەو قەڵافەتە وردەی خۆمان بانگەشەی شتێک بکەین و بە بەرزی خۆمان هەڵبڵێین. لەفزی سەلەفییەت کە ئێستا لە پانتای رووناکبیری کوردیدا هەیە، لەگەڵ وشەی سوننەت بە تەواوی یەک ناگرێتەوە. ئێمە ناتوانین بڵێین سوننەت لەگەڵ سەلەفییەت هاوسەنگە. ئەگەر وابڵێین وەک ئەوەیە ئاگرمان دە بەشێکی زۆر لە پاشکەوتی فیکری خۆمان بەردابێ، چونکە سەلەفییەت دەبێ رەفز بکرێتەوەو بە هەر شێوەیەکی ئیجابی، کە دەگونجێ مەیدانی پێ چۆڵ بکرێ. بەڵام سوننەت بەو مەنتیقەی کە نوێخوازی بۆمان دیاری دەکا دەبێ پارێزگاری لێبکرێ و رۆژ بە رۆژ بە شێوەی تازەتر بخوێندرێتەوە و شەنوکەو بکرێ. بە بڕوای من سەلەفییەت بەرتەسکترین جۆری خوێندنەوەی سوننەتە، یانی ئێمە جگە لە خوێندنەوەی سەلەفییانەی سوننەت بۆمان هەیە بە شێوەی دیکەش سوننەت بخوێنینەوە.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: منیش رام وایە کە خوێندنەوەی سوننەت، پێداچوونەوەی سوننەت، شیکردنەوە و تاوتوێکردنی سوننەت بە هیچ شێوەیەک بە مانای داڕووخان و تێکتەپانی بنەماکانی سوننەت نییە، بۆیە دەکرێ بپرسین مۆدێڕنیزم چییە جگە لە سوننەتی

ڕەتکردنەوە یان ڕەخنەگرتن لە دەستکەوتە ناحەزەکانی سوننەتێکی پێش خۆی، واتە بە شێوەیەک لە شێوەکان مۆدێرنیزمیش خۆی سوننەتێکە کە بەدیدی تازەوە سوننەتی پێش خۆی دەخوێنێتەوە، کەوایە بەبڕوای من ئەو کێشەیەی کە ئێستا سەلەفییەکان بە شێوەیەک لەگەڵی دەستەویەخەن ئەو پرسەیە کە ئەوان پێیان وایە بەرەی نوێخواز بەتایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەیەکە بە هیچ شێوەیەک پابەندی ڕێزگرتن لە سوننەت نییە، بەڵام من پێموایە ڕێزگرتن لە سوننەت بە مانای پاراستنی هەموو گۆشە و کەلێنێکی سوننەت نییە! بەڵکو خوێندنەوەیەکی تازە بابەتیانەی سوننەتە ـ خوێندنەوەیەک کە لەوانەیە بەشێک لەو گەوهەر و دەستکەوتانەی کە لەکاتی خۆیدا سوننەت نەیتوانیوە دەریببڕێ یا سوننەتییەکان هیچ کات نەیانتوانیوە پەی پێ بەرن و بیخەنەڕوو، نوێخوازان دەتوانن بیدەنەدەست بەرەی خۆیان و بەرەی دوای خۆیان، تەنانەت بیدەنە دەست بەرەی سوننەتییەکانیش، وەک چۆن ئەمڕۆ کەسێکی وەک ڕێبوار سیوەیلی دێت و لە گۆشەنیگایەکی مۆدێرنیستانەوە شیعری نالی دەخوێنێتەوە، یا لە بواری لێکۆڵینەوەی فیکریدا کەسێکی وەک بەختیار عەلی دێت لەسەر تاوتوێ کردنی پرسی ناسیۆنالیسم خوێندنەوەیەکی مۆدێڕن دێنێتە ئاراوە. لە سوننەتی کوردیدا تا چەندە نووسەرانی سوننەتی توانیویانە نالی بخوێننەوە یاخود پرسی ناسیۆنالیزم بەم شێوەیە لێک بدەنەوە؟! کێشەکە لەوەدایە کە بەرەی سوننەتگەرای کوردی ئەگەر بمانهەوێ باسەکەمان هەنێ سنوورەکەی بەرتەسکتر بکەینەوە ـ کێشەی سوننەتگەرایان ئەوەیە کە سوننەت دەبێ حورمەتی بپارێزرێ، بەڵام نوێخواز دەڵێ سوننەت دەبێ بخوێندرێتەوە، تەنانەت لە هەندێک شوێندا ئەو خوێندنەوەیە بە مانایەک لە ماناکان لەوانەیە بە پێی خوێندنەوەی سوننەتییەکان بێ حورمەتی کردنی سوننەت بێ، کەچی ئێمە دەزانین لەحەوزەی فکردا هەموو خوێندنەوەیەک ڕێگەی پێدەدرێ هەبێت، ئەو شتەی کە بەرەی سەلەفی، کە بەشێکن لە پاشماوەی سوننەتگەرایان، ئیمڕۆ وەک تاوان دەیخەنەنە پاڵ بەرەی نوێخواز کە لە نووسراوەکانی بەرەی نوێخوازدا.... لە چیرۆکیاندا، لە شیعریاندا، لە ڕەخنەیاندا بێ حورمەتی کردن بە چەمکە پیرۆزەکانی تێفکرینی کوردی دەبینرێ. جگە لەمە لە دەورانێک کە ئێمە ئەمڕۆ بە دەورەی پاش مۆدێرنیزمیش ئەیناسین چۆن دەکرێ وەک ڕۆشنبیری کورد لە کێشەی خودئاگایی مێژوویی بێ هەواڵ بین. سوننەتگەرا بەردەوام دەیهەوێ لە دەرەوەی مێژوو ... کەڵکەڵەی پاراستنی سوننەتەکانی هەبێ، بەڵام نوێخواز دەیەوێ لە بازنەی مێژوودا بخولێتەوە و خوێندنەوەکانی لەو بازنەیەدا پێشکەش بکا، ئەو خوێندنەوەیە چ بۆ دەقێکی سوننەتی بێ و



چ بۆ دەقێکی مۆدێڕن، کەوایە نوێخواز بە پێی زەروورەتی خودئاگایی مێژووییش بێ ناتوانێ بەشێوە ڕوانینێکی سوننەتی بۆ نموونە باس لە شاعیرێکی وەک نالی بکا. ئەمڕۆ من کۆمەڵێک تیۆریی تازەبابەتی ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی و مەعریفیم لە بەر دەستە، دەی چۆن دەتوانم شیعری نالی بە خوێندنەوەیەک پێشکەش بکەم کە بێ بەشی بکەم لە دابەزاندنی سەرلەبەری ئەو تیۆرییانە لەسەر شیعرەکەی نالی؟ ئایا ئەمە ڕێزگرتنە لە نالی یا زوڵم کردنە لە نالی؟! سوننەتگەرا دەڵێ نالی پێویستی بەوە نییە کە بەو شێوەیە بخوێندرێتەوە! بۆ؟ چون شیعری نالی پیرۆزە، چونکە شیعری نالی شیعرێکە کە تازە نانووسرێتەوە، دێ لە قەوارەی ئەم کۆمەڵە دەستەواژە گشتییەدا سوننەتەکەی خۆی دەپەرستێ و دەپارێزێ، کەچی نوێخواز دەڵێت نالی بۆی هەیە بە تازەترین تیۆرییەکان بخوێندرێتەوە، بۆ وەی ئەمە بە شێوەیەک ڕێزگرتنە لە گەوهەری شیعری نالی کە ١٥٠ ساڵ لەمەو پێش نووسراوە، کەچی لەمڕۆدا بە تازەترین تیۆرییەکان دەخوێندرێتەوە، ئەو کێشەیەی کە ئەمڕۆ لە نێوان سوننەت و مۆدێڕندا هەیە بە شێوەیەک لە نێوان جیهانبینی نوێخوازێک و سوننەتییەکدا دەبینرێ، جیهانبینی سوننەتی جیهانبینییەکە دۆگمخوازە، جیهانبینییەکە کە لە شوێنێک چەقی بەستووە، بە هیچ شێوەیەک حازر نییە تێکەڵاو بەو دەنگانە بێ کە ئەمڕۆ خۆیان دەنوێنن، بەڵام نوێخواز دەڵێت زاتی ژیان و زاتی سروشتی ژیان ئەوەیەکە دەنگی زۆر ببیسی، زۆر ڕەنگببینی و هەر بەو شێوەیەش دەقەکان بەشێوەی جۆراوجۆر بخوێنییەوە. بە بڕوای من بیانوویەک کە سوننەتیەکانی کورد بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا بەردەوام هەیانبووە بۆ سەرکوتکردنی بەرەی نوێخواز ئەوە بووە کە بەرەی نوێخواز لە یەکەمین هەنگاوەکانیدا بە شێوەیەک حورمەتی دەقە سوننەتییەکان پێشێل دەکا، بەڵام بەرەی نوێخواز پێیوایە کە پێشێل کردنی حورمەتی دەقێکی سوننەتی ئەوەیە کە نەیخوێننەوە یا لە ئاستیدا بێدەنگ بن یا بە بێ ئەوەی کە لێی بکۆڵییەوە پیایدا هەڵبڵێی و ستایشتی بکەی، ستایشتی فکر ئەوەیە کە وەک باس و دەمەتەقە بێتە گۆڕێ و تاوتوێ بکرێ نەک وەک شتێکی ئەنتیکە لە گۆشەیەک هەڵیبگری و تەنیا لێی بڕوانیت و هیچ باسێکی لەسەر نەکەی.

**ساڵح سووزەنی**: **ئەو شتانەی عەبدولخالق باسی دەکا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من حەز ئەکەم دیسان لە درێژەی باس کردن لەو هۆکارانە ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەی کە سوننەتییەکان بەپێی تەسلیم بوون بەو دەسەڵاتە زمانییە کە باسکرا پێروزی و تەقەدووسساز دەکەن و دوا جار ملکەچ کردن بۆ ئەو تەقەوسە. نوێخوازەکان لایان وایە هەموو ڕەوتێک لە باری کۆمەڵایەتی**

**و سیاسی و ئابووری هەروەها هونەریش ئەو کاتانە دەستی پێکردەوە کە «نا»یـەک هـەبووبێ لەبەرابەر ئەو تەقەدووسانەدا کە بە درێژایی مێژوو سەپاون بەسەر گوتاری مەعریفیدا، نموونە بۆ ئەم قسانە لە بواری سیاسی و زانستی و فەلسەفی و هونەرییەوە زۆرە و لام وا نییە پێویست بە نموونە هێنانەوە بێ. زۆربـەی بۆچوونـە فیکرییـەکان نایـەکی مـەعریفی بوونـە بـە دەسـەڵاتی بۆچوونەکانی پێش خۆیان هەر بەو هۆکارە، نوێخوازان، ئەم شتە دێننە پێشەوە: ئەنارشیزمی زمان... ئەمە بێ حورمـەتی نییـە بـەو کەسـانەی کـاری سـوننەتییان کـردووە. بەڵـکو «نـا» گوتنێکە بە سازکردنی باوک و تەقەدووسگەرایی لـەو چەمکـە سـوننەتییانە، لام وا نییـە هـیچ نوێخوازێ بڵێ کە: هێمن شاعیر نەبووە.. بەڵام هەموو نوێخوازان ئەو مافەیان هەیە وەک هێمن نەنووسن یا بە بۆچوونێکی دیکـە هـێمن بخوێننـەوە.. دەبیـنین کـە نوێخـوازان کـاری واشـیان کردووە. نـالی و مـەحوی و هـێمن و هـەژار زێـدەتر لـە لایـەن نوێخوازانـەوە خوێندراونەتـەوە و خوێندنەوەکانیـشیان هێناوەتـە پانتـای نقیـسار وەک کـاک عەبـدولخالق ئەڵـێ بـا شـاعیرانی کلاسیکی بە جۆرێکی تر بناسێنین و لە گۆشـەنیگایەکی دیکـەوە باسـیان لـێ بکـەین، هـەموو نوێخوازان ئەو مافەیان هەیە لە دەلاقەیەکی دیکەوە بڕواننە کـاری کلاسـیکی ... بـەو هۆیەکـە بتێک لە کەسێک سازبووە ناتوانین بەرەنگاری کردنەوەی دەلاقەی نوێ بین لەسەر دەقەکان.**

**ڕەهبەر مە حموودزادە**: هەڵـبەت لەوانەیـە مـن بۆچـوونم لێـرەدا جیـاواز بـێ لـە بۆچـوونی جەنابت کە پێتوایە مۆدێلی نوێخوازی لە گشتیترین مانای خۆیدا لەسـەر جـۆرە «نـا» گـوتنێکی مەعریفی بە بۆچوونەکانی پێشوو دادەمەزرێ. لە ڕاستیدا تێفکرینی نوێخوازانـە لەسـەر بناغـەی چەشنێک وتووێژی مۆدێڕن لەگەڵ سوننەت سەرهەڵدەدا. سوننەت عەردی بن لاقمانە کـە ئێمـە خۆمانی پێ دەگرین. مۆدێڕنیزمیش ئەو ئاسۆیەیە کە لە بەرچاومانە و ئێمە بۆی دەڕوانین. ئـەو دوو بۆچوونە جیاوازە، واتە بیرۆکـەی نـا گـوتن و هەڵـگەڕانەوە لـەلایـەک و بیرۆکـەی وتـووێژی مەعریفی لە لایەکیتردا لەسـەر دوو تێفکـرینی بنـەڕەتیتر دامـەزراون. لـە مەعریفەناسـیدا، ئێمـە مۆدێلی مەعریفەناسانەی پۆپێرمان هەیە و مۆدیلی کووهن یشمان هەیە. کووهن پێیوایە هەرچی پاڕادایمی تازە و نوێخوازانەیە لەسەر بناغەی چەشنە بەرەوڕووبوونەوەیەکی سەلبی و بنـەڕەتی و شۆڕشگێڕانە لەگەڵ پاڕادایمەکانی سوننەتی پێک دێ. یانی بە بێ هەڵاواردن کـووهن پێیوایـە هەرچی پاڕادایمی تازەیە، بەرەنگاری پاڕادایمی پێشوو دەبێتەوە و هیچ فەسڵی ئیشتراکێک لـە نێو ئەوانەدا نییە، بیرۆکەی «لێکدابـڕانی ئەپیـستمە جیاوازەکـان» لـە دەزگـای فیکریـی میـشل فۆکۆشدا لەو بۆچوونەی کووهن نزیکە. ئەوانە دەڵێن ئەو بابەتانەی لە ناو پاڕادایمێکدا خـاوەن



مانان، لەوانەیە لە ناو پاڕادایمێکی تردا تەواو بێمانـا بـن. بـەم حـاڵ و وەزعـە، چ وتووێژێـک لـە نێوان پاڕادایمەکاندا دەکرێ لە گۆڕێدا بێ؟ ئەوان پێیان وایە ئەوەی دەکرێ روو بدا، شۆڕشێکی توندوتیژی پـاڕادایمی تـازە بـە دژی پـاڕادایمی کۆنـە، بـەڵام لـە بەسـتێنی فەلـسەفەی زانـستدا کەسانێکی وەکو کارل پۆپێر ئەو بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە لە سەر بناغـەی فەلـسەفەی پـۆپێر، تۆ تێگەیشتنەکانی پێشوو بەتەواوی ڕەت ناکەیەوە، بەڵکو رایانـدەگری و ئەوەنـدەیان رەخنـە لێ دەگری هەتا ئیتر نەتوانی رەخنەیان لێ بگری. ئەوەنـدەی کـە ماوەتـەوەو دەسـتی رەخنـە پێی لە نـاو نـەچووە جـارێ پـشتی پـێ دەبەسـترێ هـەتا لـە دەرفـەتێکی دیکـەدا ئەوەنـدەش دەکەوێتە بەر نەشتەری رەخنە. دیارە ئەگەر دوایەش رەخنە کاری لێ نەکرد ئێمەش بە تۆپزی مەیدانی پێ چـۆل ناکـەین. ئەگـەر بمانهـەوێ باسـەکە بگۆزینـەوە بـۆ بەسـتێنی هێرمنۆتیـک و تیۆریی ئەدەب، ئێمە نموونەی وەک گادامێرمان هەیە. گادامێر بڕوای بە چەشنە عەقڵانییەتێکی وتووێژی هەیە و دەڵێ نە چاکە و نەدەشکرێ کە خۆمان لە وتـووێژ لەگـەڵ سـوننەت بپـارێزین. نموونەیەکیتر کە لە جیاتی دابڕان جەخت لەسەر بەردەوامی نوێخوازانە دەکا، باختینە. ئـەویش داکۆکی لەسەر وتووێژی بوون یا موکالەمەیی بوونی تێفکـرینی مۆدێـڕن دەکـا. بیرۆکـەی چەنـد دەنگی بوون لە بەستێنی فیکرو ئەدەبدا هەر لەسەر بنـەمای ئـەو جـۆرە سروشـتە وتووێژییـەدا سەریهەڵـدا و زەمیینـەی بۆخـۆش کـرا. جگـە لـە بـاختین نموونەیـەکی زۆر بـەرچاوی دیکـە هابێرماسە. وەک دەزانین نەزەریەی هابێرماس دەربارەی گشتیترین شێوەکانی پێوەندی، واتە عەقڵانییـەتێکی پێوەنـدیخواز نەزەرییەیـەکی بـە نێوبانگـە. ئـەمن نامهـەوێ پـەرە بـەو باسـە تیۆریکانە بدەم دەمهەوێ هەر ئەوەندە بڵێم کە نوێخـوازی کـوردی لەگـەڵ نیهیلیـسمی رووسـی جیاوازی هەیە. هەمان ئەو نیهیلیسمەی کە لە رۆمانـی «باوکان و کوڕان»ی ئێـوان تۆرگێنییەفـدا باسی لێ کراوە و لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونە، بەرەی نوێ تەنانەت تـۆز و خۆڵـی تێگەیـشتنی بەرەکانی پێش خۆشیان بەبا دەدەن و رای ناگرن.

**سالح سووزەنی**: **بەر لـەوە باسـەکە درێژەپـێ بـدەین بـا ئـەو خاڵـە روون بکەینـەوە «نـا» بەمانای سوننەتییەکەی لەبەر چاونەگرین زۆر لە ناکـان، وەک سـوننەت ئەیخوێنێتـەوە، شـەڕ نییە... وەک ئەو نموونانەی کە جەنابت هێناتەوە هەموویان نا بـوون بـۆ وێنـە پـۆپێر نایـەکی گەورەی دایە رەوایەتی گەورە، وا نییە؟ بەڵام نە بەو نا غەیرە مەعریفەیەی کە عەرزم کردی لە دەسەڵاتی زمانی باوک دایە... لەو زمانەدا تەنیا دوانەی هاودژمان هەیە وەک رەش یان سپی ... باش یان خراپ و ...تاد.**

**ئەو «نا»یە رەنگە بە شێوەی دیالۆگ بێ، بەڵام لە راستیدا رەفز کردنەوەشی تێدایە، بۆ وێنە باختین کە فەرمووتان ئەویش هەر نا دەڵێ، بەڵام نایەکی مەعریفەناسانەی وەک چەند دەنگی کارناواڵەکان بە تاک دەنگی و تاک رەهەندی، کەوایە منیش لەگەڵ فەرمایشەکانی جەنابت هەم، بەڵام بەو شێوەی کە ناکان بە دەسەڵاتی زمانی پێشوو بگوترێ، هەر چەند پێویست ناکا ئەو نایە بەردەوام نایەکی شەڕخوازانە بێ، بۆ وێنە ئەو خاڵانەی کە مۆدێرنیسم کاتی خۆی لە بەرامبەر سوننەتا درکاندی و تەنانەت بە هەموو چەشنێ شەڕی لەسەر کرد - ئەوە جۆرە راوەستانێک بوو لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئاسمانا، بەڵام ئەو بەربەرەکانییە باوەکو کەوتە شەڕی فیزیکش باوەکو زۆری وەک جۆردانۆ برۆنۆ سووتان - و زۆر کەسی دیکە کوژران، بەڵام هەر ناکان لە لایەن مۆدێرنیتەوە نایەکی دیالۆگی و مەعریفەناسانە بوو... قسەکردن بوو.... ئەوە بەرەی سوننەتی بوو کە برۆنۆیان دەسووتان و ئەوان بوون کە ئەو وت و وێژەیان پێ قەبوول نەدەکرا و وەک کاک عەبدولخالق لە وتاری «سڕینەوەی ئەوی دی»دا بە باشی ئاماژەی پێ کردووە.. ئەوانن کە گفتۆگۆکە لە تۆ قەبووڵ ناکەن، بۆ وێنە راوەستان لە بەرامبەر دەسەڵاتی تاک و دیکتاتۆردا و مەترەح کردنی دەسەڵاتی کۆ لە لایەن سۆسیالیستەکانەوە، وا نا؟ کە خواستێ بوو لە خواستەکانی مۆدێرنیتە... یان هاتنە ئارای سیستەمی شوورایی رێبەری کردن بوو بە جێی دیکتاتۆری - ئەمانە هەموویان«نا»ن بەدەسەڵاتی سوننەتی پێشوو، هەر چەند وەک ئێوەش دەفەرموون مەرج نییە هەموویان شەڕ بن، ئەوە سەلەفین کە حەز ئەکەن ئەو نایانە بێننە کەناڵی شەڕەوە... ئەگینا ناکان زۆربەیان لە دنیای رۆشنبیری بە مانای وتووێژ و خوێندنەوەیەکی دیکەیە!**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: کێشەیەکیتر کە تێفکرینی سوننەتی لە تێفکرینی مۆدێرن جیا دەکاتەوە و بە شێوەیەک بیرکردنەوەی مرۆڤی مۆدێرن لە بیرکردنەوەی مرۆڤی سوننەتی دادەبڕێ کێشەی شوناسی (هویت) مرۆڤە. وەک دەزانن لە تێفکرینی سوننەتیدا شوناسی مرۆڤ ناتوانی ببێتە گرفت، چونکی تێفکرینی سوننەتی پێیوایە سروشتی مرۆڤ سروشتێکە کە لەوە پێش قاڵبێکی چوارچێوەداری بۆ داڕێژراوە. لە جیهانبینی سوننەتیدا مرۆڤ تووشی قەیرانی شوناس نابێ... مرۆڤ ناتوانێت لەهەر چرکەساتێکی زەماندا خاوەنی شوناسێک بێ بۆیە مارتین هایدگێر دەڵێ، لە تێفکرینی سوننەتیدا مرۆڤ وێنەیەک بوو کە لە چاوی خواکانەوە دەبینرا... شوناسی مرۆڤ لە تێفکرینی سوننەتیدا دەسکردی سیستمێکی دەسەڵاتداری لەوە پێش داڕێژراو بوو، ئەو سیستەمەش خۆی حاسڵی کۆمەڵێ بیروباوەڕی ئایینی و بیرو بۆچوونی



ئوستوورەیی بوو.... لە تێفکرینی مۆدێڕندا، لە کۆمەڵگای مۆدێڕندا شوناسی مرۆڤ بە جارێ بناغەکەی هەڵتەکا... تێفکرینی مۆدێڕن پێیوایە لە هەر چرکەساتێکدا شوناسی مرۆڤ بۆی هەیە تووشی گۆڕان بێ، هەر بۆیە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی تێفکرینی مۆدێڕن شوناسی مرۆڤە، ئەوەی کە مرۆڤ خاوەنی چ شوناسێک و چۆن شوناسێکە؟ ئایا شوناسی مرۆڤ بگۆڕە یان نەگۆڕ.. هەر بۆیە من پێموایە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ ئێمە بە قەولی بابەکی ئەحمەدی لە رۆژگاری مۆدێڕندا روو بێنینە شێوە شوناسێکی سوننەتی. ئەو شتەی کە بەرەی سوننەتی لە کوردستانی رۆژهەڵات بەردەوام داوای دەکا ئەوەیە کە مرۆڤی کورد پێویستی بەو جۆرە شوناس پێدانە نییە، کە بۆ نموونە چیرۆکنووسێکی مۆدێڕنی کورد لە چیرۆکەکەی خۆیدا وێنای دەکا، مرۆڤی کورد پێویستی بەوشێوە مەعریفەیە نییە کە بۆ نموونە شاعیرێکی مۆدێڕن لە دوو توێی گوتاری شیعریی خۆیدا دەیتوێنێتەوە، مرۆڤی کورد پێویستی بەو شێوە رەخنە و – لێکدانەوانە نییە کە بۆ نموونە جیهانی فۆلکۆریکی کوردی بە شێوەیەکی پێکهاتەخوازانە (ساختارگرایانە) دەخوێنێتەوە. بەگوتەیەکی دیکە بەرەی سوننەتی دەیەوێ بڵێ لە رۆژگاری مۆدێڕندا ئێمە دەبێ هەر لە سەر ئەو شوناسە سوننەتییەی مرۆڤی کورد بدوێین. ئێستاش لە گۆشەنیگای بەرەی سوننەتییەوە مرۆڤی کورد ئەو کەسەیەکە سیمای تەقلیدییانەی کوردایەتی لێدەبارێ، و دیارە کوردایەتیش بەو تەئویلە تەقلیدییانەی کە ئەوان خۆیان لەسەری سوورن! من لام وایە ئەو شتەی وەک خاڵی دابڕان لە نێوان دنیای مۆدێڕن و دونیای سوننەتی باسم لێکرد هۆکارێکی زۆر سەرەکی بێ بۆ پرسی بە پێداویستی زانینی گەڕیانی مۆدێرنیتە، نەک هەر لە کۆمەڵگای کوردیدا، نەک هەر لە تێفکرینی بەگشتی مرۆڤی کورددا، بەڵکو لە قەوارەی فەرهەنگ و ئەدەبیات و داهێنانی فیکریشدا. مرۆڤی ئێمڕۆی کورد بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ تەنیا بەبیانووی ئەوەی کە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودایە، لە کۆمەڵگایەکی تاسەر ئێسک پاشکەوتووی ئابووری دایە، لە کۆمەڵگایەک کە کێشەی سەرەکی خواردن و نان و برسێتییە، بۆی نەبێ یان مافی ئەوەی نەبێ کە ئەدەبێکی مۆدێڕن بخوڵقێنێ، ئێمە هەموومان دەزانین کە ئەدەبی ئەمریکای لاتین کە ئەوڕۆ بە ئەدەبێکی سەرکەوتووی دەزانین و نوێنەرەکانی بۆ هەموومان ئاشنایە لە کۆمەڵێک کۆمەڵگادا سەریان هەڵدا کە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئیمڕۆیی ئێمە نەبووە، بەڵام مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە ئەدەبی مۆدێڕن و شێوە تێفکرینی مۆدێڕن بە گشتی دەیهەوێ شوناسێکی تازە بۆ مرۆڤی کورد بدۆزێتەوە، دەیهەوێ خوێندنەوەیەکی نوێ لە بارودۆخی مرۆڤی کورد بە دەستەوە بدا.. ئەوەیە کە ئێمە دەمانهەوێ

بەو جۆرەی کە کاک رەهبەر لە کتێبی «پێکهاتەی بەیتی کوردی» لەسەر بەیتی کوردی بەدەستەوەی ئەدا شوناسێکی تازە بە بەیتی کوردی بدرێ... ئەو رەخنانەی کە ئەورۆ ئێمە لەسەر شیعری کلاسیکی کوردی ئەینووسین بە شێوەیەک شوناسکێی دیکەو شوناسێکی تازە پێدانە بە دنیای بۆ نموونە نالی. ئێمە ناتوانین تەنیا بەوە قەناعەت بکەین نالی لە گۆشەنیگای تەفسیرێکی واژەییەوە ببینین، ئێمە ناکرێ تەنها مەحوی بەسۆفییەکی بابڵێین شاعیر بناسین و ئیتر نەچینە ناو جیهانی تاوتوێ کردنەوە و شیکردنەوە بووتیفاییەوە، و تەنانەت لە گۆشەنیگای هێرمنۆتیک لە شیعر و عیرفانی مەحوی نەڕوانین، ئێمە دەبێ شۆڕبینەوە بە ناخی دنیای ئەدەبی سوننەتیی خۆماندا، ئەم شۆڕبوونەوەیەش مافی خۆمانە ئەگەر دەلێین لە رێگایەکی مۆدێڕنەوە دەمانهەوێ بیکەین... کە وایە بە بڕوای من ئەو پاساوانەی کە بەرەی سوننەتی لە کوردستانی رۆژهەڵات بەردەوام دەیهێنێتەوە وەک پاراستنی سوننەت، وەک بێ حورمەتی کردنی بەرەی نوێخواز بە چەمکە پیرۆزەکانی نەتەوە و ئەدەبی سوننەتی،... و... هەموو ئەوانە بە شێوەیەک پێدانەوەی شوناسێکی سوننەتی و شوناسێکی کۆنی مرۆڤی کورد بە خودی مرۆڤی کوردە، لە حاڵێکدا ئێمە ئەورۆ زیاتر لە هەموو شوێنێک و زیاتر لە هەموو زەمانێک پێویستمان بە تازەکردنەوەی شوناسی مرۆڤی کوردە .. مەگین مرۆڤی کورد... مەگین تێفکرینی کوردی... مەگەر نووسینی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، کە ئێستا ئێمە هەر دەمانهەوێ بۆ نموونە لە شێوە نووسینەکاندا رەچاوی خاڵەکانی پەخشان نووسی بکەین، مەگەر کۆمەڵێک واژە بە خەزێنەی فکری ئینسانی زیاد نەبووە کە ئەمڕۆ ئێمە رەخنە لەوە دەگرین کە ئەم واژانە چین کە هاتوونەتە نێو هەمبانەی زمانی کوردییەوە؟ کوا کورد ئەوانەی هەبووە؟ کەی کورد پێویستی بەوانە هەیە؟! بە بڕوای من تازەکردنەوەی شوناسی مرۆڤی کورد بەشێکە لە پرۆسەی مۆدێڕنیسم و بە هیچ شێوەیەکیش ئێمە ناتوانین حاشا لەو پێداویستییە بکەین ئەگەر تەنیا بەو دەلیلە بێ کە ئێمە پێویستمان بە بەدەستەوەدانی شوناسێکی تازەی مرۆڤی کورد بێت.

**ساڵح سووزەنی**: **رەنگە کێشەی نێوان فۆرم و ناوەڕۆکیش کە وەک کێشەیەکی لە مێژینە ناوی دەبەن یەکێک لە هۆکارەکانی پێداویستی هەنگاوە نوێخوازەکان بێ... وەک لە زۆر وتاردا ئاماژەی پێکراوە رەنگە سوننەتییەکان ئاوا لە هونەر و سیاسەت و فەلسەفە بڕوانن کەخێرا وەک رەحەتەلقومێکی شیرین وەریگرن و قووتی دەن... و ئیتر خۆیان تووشی کێشەی خوێندنەوە و ئاوڕدانەوە لە چۆنیەتی نووسینی ئەو دەقانە نەکەن - هەر بەو بۆنەوە**

**نوێخوازەکان بابەتی فۆرم دێننە گۆڕێ ـ واتا لە زەمینەی هونەردا جیا لەوەی نووسەر، شاعیر و هونەرمەند گەرەکییە بڵێ چی... دەڕواننە ئەو شتەی کە چۆنی گوتووە.. بە چ شێوەیەک .... لە چ گۆشەنیگایەک، بەچ فۆڕمێکی جوانیناسانە دەریبڕیوە... ئەمەش یەکێک لەو خاڵانەیە کە نوێخوازەکان تەوەرەیان بۆ کردۆتەوە... یان ئەگەر ئەو تەوەرە بە باشی نەکرابێتەوە ... دەبێ بکرێتەوە...**

**بە دوای ئەو باسەدا پێویستە ئەوەش بگوترێ کاتێ ئێمە باسی نوێخوازی دێنینە گۆرێ مەبەستمان ئەوە نییە کە نوێخوازی رەخنەی لەسەر نییە یان ئەو نوێخوازییەی کە ئێستا لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا هاتۆتە ئاراوە نوێخوازییەکی بێ کەموکوڕییە و نەقسی نییە... کە وایە دوای ئەم باسە حەز ئەکەم وەک پرسیارێک بیهێنمە ئاراوە کە بە چاوێکی رەخنەگرانەشەوە با ئاوڕ لەو بزووتنەوە نوێخوازییە بدەینەوە یان ئەگەر بمانهەوێ بەو چاوەوە تەماشای نوێخوزای یا مۆدێڕنیسم لە کوردستانی خۆمان بکەین ئەبێ چۆن بدوێین؟**

**ڕەهبەر مە حموودزادە**: ئەمن پێموایە لەبەر ئەوەی ئێستا لەو هەلومەرجە تایبەتەدا، کێشەی سوننەت و مۆدێڕنیزم زۆر گەرم و گوڕ و بەرچاوە کێشەی نێوان مێتۆدو تێفکرینە جیاوازەکانی بەستێنی نوێخوازی هێشتا زەق نەبۆتەوە و مەوزووعییەتێکی ئەوتۆی پەیدا نەکردووە، ئەگینا ئەگەر بێتوو زەمانێک کێشەی سوننەت و مۆدێڕنیزم بە ژێر کەوتنی تێفکرینی بەرتەسکبینی سەلەفییەت کۆتایی پێ بێ و تێفکرینی مۆدێڕن سەرەتی خۆی بسەلمێنێ ئەو دەم نۆرەی ئەوە دەگا کە شێوە بۆچوونە جۆراوجۆرەکان، لە بەستێنی نوێخوازیدا جیاوازییە سەرەکییەکانی خۆیان بەرەبەرە بخەنەڕوو. یەکەمین خەسارو بە بڕوای من سەرەکیترین خەسار کە لە نوێخوازی کوردیدا، بە تایبەت لە بەستێنی رەخنەی ئەدەبیدا دەتوانین قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە ئێمە سەرنجێکی ئەوتۆمان نەداوەتە سەر زاتی فەلسەفی بوونی مەسەلەی رەخنە. رەخنە لە زاتی خۆیدا سروشتێکی فەلسەفی هەیە، دەزانین، کە فەلسەفەی کانت و دواتر فەلسەفەی پۆپێریش، فەلسەفەی رەخنەگرانە یانی (فلسفه انتقادی) پێ دەگوترێ، ئەگەر بمانهەوێ بە شێوەیەکی مێژوویە تەماشای ئەو مەسەلەیە بکەین پێش کانت و پۆپێر یەکەم کەس کە بەردی بناغەی فەلسەفەی رەخنەگرانەی دانا، سوقرات بوو، پێویستە بڵێم کە لە فەلسەفەی یۆناندا، دوو شێوە روانینی سەرەکی بۆ بابەتەکانی فیکری هەبوو.

شێوە روانینێک، بڕوای بە سەلماندن/ اثبات/ هەبوو، واتە پێی وابوو هەر بابەتێک کە ئێمە دیفاعی لێ دەکەین و وەک هەڵوێستی فیکری هەڵیدەبژێرین، حەتمەن دەکرێ و دەبێ



ئیسبات بکرێ، سوقرات بۆچوونێکی دیکەی غەیری ئەوە رەچاو دەکاو دەڵێ توانای عەقڵی مرۆڤ، بە جۆرێک نییە کە بتوانێ مەسەلەیەک بسەلمێنێ، بەڵکو ئەوەی کە مرۆڤ بە کەرەستەی بیری خۆی دەتوانێ بە ئەنجامی بگەیەنێ ئەوەیە کە رەخنە لە بۆچوونێک بگرێ و ئەوەندە لە رەخنەگرتنەکەیدا بەردەوام بێ هەتا ئیتر جێگای رەخنەگرتن لەو بۆچوونە نەمێنێ، ئەودەم ئەو بەشە لە بیرەکە کە ماوەتەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئیسپات دەکرێ. ئەو جۆرە تێفکرینە، پێی دەڵێن فەلسەفەی رەخنەگرانە. دوای سوقرات، فەیلەسووفانێکی وەکو ئەفلاتوون و ئەرستوو، بە شێوەیەک لە شێوەکان لە فەلسەفەی ئینتقادی سوقرات لایاندا و لە جیاتی ئەو فەلسەفە رەخنەگرانەیە، فەلسەفەیەکی ئیسباتگەرانەیان دامەزراند، ئەو فەلسەفە غەیرە رەخنەگرانەیە، هەتاکوو دەورانی رێنسانس، درێژەی هەبوو، یەکەم کەس دوای دەورەی رێنسانس کە دیسان گەڕاوە سەر تێفکرینی ئینتقادی سوقرات، کانت بوو، کانت فەیلسووفێکی دەورانی مۆدێڕن بوو کە دیسان سروشتی رەخنەیی بوونی فەلسەفەی، وەبیر فەیلەسووفەکانی دیکە هێناوە و رەسمییەتی پێدا. دوای کانت، هەتاکو دەگەینە پۆپێر، فەلسەفەی رەخنەگرانە، بە هەوراز و لێژی زۆردا تێپەڕیوە، بەڵام دیسان پۆپێر گوڕ و تینێکی تایبەتی دایەوە بەو فەلسەفەیە. جا دەمەوێ باسەکە بگەیەنم بەو بابەتە کە رەخنە لە زاتی خۆیدا لەسەر بناغەی فەلسەفەی رەخنەگرانە دامەزراوە، یانی بەکارهێنانی زاراوەی رەخنە، بەکارهێنانێکی گشتی و بەکارهێنانێکی تایبەتی هەیە.

لە بەکارهێنانە گشتییەکەیدا هەر وەک گوترا، رەخنە تەواوی ئاستەکانی بیری فەلسەفی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەڵام لە بەکارهێنانە تایبەتییەکەیدا مەبەست لە رەخنە، رەخنەی ئەدەبییە و بەو شێوەیە کە دەبینین رەخنەی ئەدەبیش لە چەمکە گشتییەکەی رەخنە جیاواز نییە. من بۆیە پێوەندی نێوان رەخنە و فەلسەفەم هێنایە ئاراوە، چونکە بەڕاستی زۆر جاران بزووتنەوەیەکی سەتحی و رواڵەتی لە بەستێنی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا دەبینم کە هیچ چەشنە چەمکداڕێژییەکی فەلسەفی تێدا بەدی ناکرێ. فەلسەفە، قووڵ بوونەوە بە ناخی بابەتەکان دایە، یانی ئەگەر ئەو قووڵبوونەوە فیکرییە لە بارەی بابەتێکی تایبەتیدا نەبێ، ئێمە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە بە جۆرێکی فەلسەفی قسەمان لەو بابەتە کردووە، ئەگەر ئەوەش قبووڵ بکەین کە پێوەندی نێوان رەخنە و فەلسەفەی ئینتقادی، پێوەندییەکی پتەوە، کەواتە هەر بەو شێوەیەش ناتوانین ئەو رەخنە رووکەشانەی کە زۆرجار لێرەو لەوێ لە گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا دەیانبینین، وەک رەخنەیەکی زانستی رەچاو بکەین.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: نابێ لە بیرمان بچێ نوێخوازیی کوردی ئێستا لە سەرەتاکانی خۆی دایە... بزووتنەوەیەکە لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی دایە، بۆیە بێگومان ئەگەر بمانهەوێ بیرێکی رەخنەگرانەمان لە ئاست ئەو بزووتنەوەیەدا هەبێ دەبێ لەوە خافڵ نەبین ئەو تەمەنە کورتەی بزاڤی نوێخوازی لە بەرچاو بگرین. من لەگەڵ رای ئەو کەسانە دانیم کە بە شێوەیەکی رەها، حاشا لە بوونی نوێخوازی لە مەیدانی فکر و نووسین و ئەدەبی کوردیدا دەکەن، چونکە پێموایە ئەگەر بە دیدێکی مێژووییەوە، بۆ نموونە لە پرسی نوێخوازی لە ئەدەبی کوردستانی رۆژهەڵات بڕوانین دەبینین کە ئەدەبێکە نوێخواز و نوێخوازی تێیدا وەک هەوڵێک دەبینرێ، ئەو هەوڵە بە بێگومان تا رادەیەکی زۆر نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بپێکێ، بەڵام بێگومان ئێستا لە رێگای رووەو ئەو ئامانجانە و گەیشتن بەو ئامانجانە دایە .. ئینجا جگە لەم بابەتە نوێخوازی لە قەوارەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا (ئەوەی راستی بێ) کێشەیەکە کە سەرچاوە مەعریفەییەکانی خۆی لە دەرەوەی خۆی وەردەگرێ.. یانی دوای خوێندنەوەو هەستکردن بە نوێخوازی لە جیهانی دەرەوەمان گەیشتووین بەو قەناعەتەی کە پێویستە لە ناوەوەش بزووتنەوەیەک بە ناوی نوێخوازی هەبێ، وا نییە کە ئێمە وەکو نوێخوازی رۆژئاوا سەرچاوە فەلسەفی و مەعریفییەکان لە مێژووی رابردووی خۆماندا بێ، ئێمە خەریکە لە نوێخوازیدا بە شێوەیەک ئەزموونی دابڕان لە مێژووی خۆمان تاقی دەکەینەوە، کە وایە لەو خەسارانەی کە دەمانهەوێ باسی بکەین دەبێ سەرنج بەم خاڵەش بدەین کە لە کوردستانی رۆژهەڵات رووبەرووی نوێخوازییەکین کە زیاترین رێژەی بیرو بۆچوونەکانی لە فیکر و ئەندێشەکانی دەرەوەی خۆی وەرگرتووە... بۆیە بە بڕوای من نوێخوازی لە کوردستانی رۆژهەڵات نوێخوازییەکە کە جارێ بابەت وەردەگرێ، فکر وەردەگرێ، ئێستا خاڵی زۆر ئەستەم لە بواری نوێخوازیدا مەسەلەی شێوەی وەرگرتنی ئەو چەمکەیە .... ئێمە دەزانین کە نوێخوازی یانی کارکردن بە کۆمەڵێک چەمکی مۆدێرن... مۆدێرنیسم، واتە تاوتوێکردنی کۆمەڵێک مانای مۆدێرن.. بۆیە ئەگەر ئێمە ئەم چەمک و مانا مۆدێرنانە بە باشی وەرنەگرین بەباشی لە پێکهاتەی فیکر و نووسین و ئەدەبی خۆماندا نەیتوێنینەوە ئەوە بێگومان نوێخوازییەکەمان یان لاڕێ دەبێ یان زۆر کز و لاواز دەبێ. دیارە هەر هەنووکە دەرکەوتی ئەم خەسارانە لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا دەبینین... زۆر نوێخوازمان هەیە لە راستیدا لاڕێ بوون... تەنیا بە دروشمی نوێخوازی کار ئەکەن، لە گەوهەری نوێخوازی لاڕێ بوونە، یاخود نوێخوازیشمان هەیە بە شێوەیەکی کز و لاواز کاری نوێخوازی ئەکەن، بۆیە من پێموایە خەسارێکی گەورە کە ئەمڕۆ



لە پانتایی بزاڤی نوێخوازیدا دەبینرێ ئەو شێوە وەرگرتنەیە لە هەمبەر چەمکی مۆدێرن... مانای مۆدێرن، تەنانەت رەوشتناسی مۆدێرن. ئەگەر لە بەستێنی ئەدەبدا باسی مەسەلەی نوێخوازی و باسی ئەوە بکەین کە بە چ شێوەیەک، بۆ نموونە رۆماننووسانی ئێمە دەیانهەوێ رۆمان بنووسن، لە چ مێتۆدێکی رەخنەگرانە ئێمە کەڵک وەردەگرین بۆ نووسینی وتاری رەخنەیی.. زۆرباشتر پەی بەو خەسارانە دەبەین... بۆ وێنە ئێستاش کۆمەڵێک رەخنەگر بە ناوی رەخنەی مۆدێرن بە شێوەیەکی سوننەتی دەق دەخوێننەوە، ئێستاش هەندێکیان پێیان، وایە چیرۆکی مۆدێرن دەنووسن، بەڵام بە سوننەتیترین شێوە چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە... جگە لەمە نوێخوازی بێگومان بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ کۆمەڵێک چەمکی مۆدێرن و تایبەت سەروکاری هەیە... ناچارە لەوەی کە زمانێکی دیکە و زمانێکی جیاواز و تازەش بۆ دارشتن و خستنە بەر دەستی ئەم مانا تازانە بدۆزێتەوە، ئێمە ناتوانین ئێستا لە وتارێکی رەخنەییدا بە نەسرێکی موسەججەع و پەخشانێکی ئاهەنگدار لەسەر رۆمانێکی مۆدێرن بنووسین ... ئەوە ناکرێ، چونکی ئێمە بڕیارە کار لە سەر چەمکی مۆدێرن بکەین... هەر بۆیە دەبینین لە بزاڤی نوێخوازی کوردستانی ئێراندا زۆر جار لە لێدوانەکان و نووسراوەکاندا ئەو زمانە نابینینەوە کە دەرەقەتی دەرخستنی مانا دیار و شاراوەکانی باسەکانی مۆدێرن بێ، ئەگەر بەرەی سوننەتی ئیمڕۆ بەشێک لە رەخنەکانی خۆی لە بزاڤی نوێخوازی بۆ بەشێکی ناشیرین و دزێوی بە کارهێنانی زمان لای بەرەی نوێخواز دەگەڕێنێتەوە بە بڕوای من تاڕادەیەکی زۆر حەقی بە دەستە، چونکی کۆمەڵێک کەس بە ناوی نوێخواز بەجۆرێ زمان بە کاردێنن تەنیا رووبەری نوێخواز بوونی پێوە دیارە... بۆ نموونە کاتێک تۆ نەتوانی لە قەوارەی واژەیەکدا مانا فەلسەفییەکانی چەمکێکی مۆدێرن خۆیا بکەی دیارە ناتوانی ئەو چەمکەش بە شێوەیەکی دروست بەخوێنەرەکەت بگەیەنی، بۆیە بزاڤی نوێخوازیی کوردستانی رۆژهەڵات ئیمڕۆ پێویستی بە زمانێک هەیە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئامانجەکانی نوێخوازی دەستەبەر بکا و بتوانێ هاوکات لەگەڵ بەدەستەوەدانی مانای مۆدێرن زمانێک بێنێتە ئاراوە کە ئەو زمانە زمانێک بێ جگە لە کاربردە پێشووەکانی خۆی، جگە لەو بارە مانایییە بەرتەسکانەی پێشووی خۆی. زمان وەک چۆن دەتوانێ کۆن و فەرتووت ببێت و فڕێ بدرێت، ئاواش بۆی هەیە نوێ بێتەوە و رۆحی بە بەردابکرێتەوە و بەردەوام ئەرکی جوانیناسانەی فیکری مۆدێرن وەئەستۆ بگرێت.

**ساڵح سووزەنی**: با باسەکە هەندێ بهێنینە پانتای کارکردییەوە، واتە ئەگەر لە خۆمان رەخنە ئەگرین یان کارەکانی خۆمان لە ژێر تیشکی رەخنەوە ئەبینینەوە با نموونەکان زیاتر و بەرچاوتر بێ. قسەکردن لە بزاڤی نوێخوازی وەک رەخنە لە سەرەتاوە ئاوا دەستی پێکرد ... سەرەتای دەستپێکردنەکە زارەکی بوو، ئەو چەمکانەی لەو دانیشتنانەدا ئەهاتنە ئاراوە زۆر گشتی بوون.. دەسەڵات، مۆدێڕن ... سوننەت. وانموود... سوڵتەی زمان... فۆرم... شوناس و تاد... باوەکو ئەمانە وشەگەل و چەمکگەلێکی نوێ بوون، بەڵام لە لایەن هیچ کام لە بەڕێزانی نوێخوازەوە نەدەهاتنە دەربڕین و نڤیسار. دواجار کە ئەم چەمکگەلە هاتنە پانتای نڤیسار و یەکەم هەوڵی دەربڕینی لە بەیاننامەی «داکار»دا هاتە نواندن و بڵاوکردنەوە.. رەخنە ئەمە بوو لە سەر داکار کە هەندێ شت گوترا لە سەر چەند دەنگی لەسەر چەند گۆشەنیگایی ... لەسەر ئازادی دەربڕین و... بەڵام بەرهەم نەخوڵقا و دواجار هەر ئەو بەیاننامە بوو بە قاڵب و کلێشە لەسەر جۆرە شیعرێ کە چرکانە بێ. لێرەدا مەبەست رەفز کردنەوەی ئەو جۆرە شیعرە نییە، بەڵام هەر ئەوەندە کە بوو بە قاڵب و چوارچێوەی تایبەتی بۆ دانرا بۆ خۆی خۆبەستنەوە و قووڵ نەبوونەوە بوو لەو شتانەی کە لە بەیاننامەی داکاردا هاتبوو... دوای داکار وەک کردەوە، نوێخوازان بە ناوی پۆستمۆدێڕن یا لایەنگرایەتی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پۆستمۆدێڕن، هەندێ دەقیان هێنا ناو گۆڤار و حەتوو نامەکان ... کەهەندێکی وەرگێڕان بوون، وەرگێرانەکانیش وتارگەلێکی سەنگین نەبوون ئەو وتارانە بوون کە لە گۆڤارە فارسییەکاندا هەڵدەبژێردران و بەقووڵی نەچوونە ناو ئەو چەمکانەوە کە کاک عەبدولخالقیش ئاماژەی پێکرد... شێوەکەی تری جۆرە شیعریکی نوێ بوو کە هەوڵی دەدا بە دەستکاری کردنی لە ناو زمانا فۆرمێکی تازەتر بێنێتە ئاراوە.... رەخنەیەک کە ئاراستەی ئەم بزاڤەبوو ئەوە بووکە بە قووڵی لەسەر زمانی ئەو شیعرانە کار نەکران و ئەگەریش دەستکاری زمان کراوە ساکار بووە، یان بابڵێین ئەو دەستکاریکردنە نەیتوانیوە پەڕەبداتە باری مانایی ئەو وشانە لە زمانی کوردیدا ... لێرە دابوو کە بابەتی رەسەنایەتی هاتە پێش و پێشتر بەڕێزان لە سەریان نووسی و با لێرەدا ئیتر دووبارەی نەکەینەوە... بە شوێن ئەوەدا رچە، واتە بەشی نوێخوازانی گۆڤاری سروە دادەمەزرێ. رچەش باوەکو هەوڵی نوێخوازی پێوەدیار بوو، بەڵام هەندێ ئاڵۆز و شپرز هاتە مەیدانەوە.. هەندێ چەمکی دەربڕی، هەندێ شتی تازەی هێنایە ناو ئەدەب و رەخنەی کوردییەوە، بەڵام لەسەر هیچ کام لەو چەمکانە تەنانەت خودی پرۆسەی نوێخوازی قووڵ نەبۆوە...



**عەبدولخالق یەعقووبی**: باشە کاک حەمەساڵح بەڕاستی داکار وەک گرووپێک کە ویستیان هەوڵێک بدەن بۆ نوێخوازی دواجار بە کردەوە چ دەستکەوتێکی هەبوو، بۆ بزاڤی نوێخوازی کوردی؟ بەڕاستی ئایا دەکرێ لە قەوارەی دەرکردنی بەیاننامەو کۆبوونەوەی کۆمەڵێک کەس بە دەور یەکەوە گەڕیانی نوێخوازی بە شێوەیەکی باش بەڕێوە ببەین؟ من رام وایە کە نوێخوازی بە بانگەواز ناکرێ، هیچ کات بزاڤێک کە بیهەوێ بە شێوەیەکی مۆدێڕن کۆمەڵێک دەقی تازە و کۆمەڵێک فکری تازە بێنێتە ناو پانتای ئەدەبەوە تۆ ناتوانی لە رێگای کۆبوونەوە و قەناعەت پێهێنانێکی گرووپی و دەرکردنی بەیاننامەیەک لە چەند سەردێڕی گشتیدا بۆ کۆمەڵێک ئامانجی داهێنەرانە بزاڤی نوێخوازی چڕ بکەیتەوە، تەنانەت ئەگەر دیسان بمهەوێ بە شێوەیەکی بەرهەست باسەکەم بێنمە گۆڕێ، کۆمەڵێک دۆست باسی شیعری جیاوازیان هێنایە گۆڕێ، من پێموایە بەڕێوەبردنی پرۆسەیەک بە ناوی شیعری جیاواز لە پانتایی مەیدانی شیعری کوردستانی ئێراندا بەشێوەی کردەوەیی دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبووە.... چونکی شیعری جیاواز پرۆسەیەکە کە دەیهەوێ لە قەوارەی بڕیارنامەیەکدا ئەو شیعرانە بۆ لای خۆی بانگهێشت بکا، کە رەچاوکردنی بڕیارەکانی ئەوانی تێدابێ، لە حاڵێکدا نوێخوازی بە بڕوای من تەنها ئەتوانێ لە چوارچێوەی دەقدا خۆی بنوێنێ لە چوراچێوەی فکردا خۆی بدۆزێتەوە... ئەوشتە لە کوردستانی باشووریش بە شێوەیەک روویدا. ئێستاش تەنانەت کەسانێکی وەکو لەتیف هەڵمەت هەن کە بەردەوام بە شانازیی دەرکردنی بڕیارنامەی کفری بیر و بۆچوونەکانیان دووپات ئەکەنەوە.

دەمهەوێ ئەوە بڵێم کە نوێخوازی بە دەرکردنی بەیاننامە ناچێتە پێش، ئەوەی داکارکردی و ئەوەی پڕۆسەی شیعری جیاواز دەیکا... زیاتر لەوەی کە هەنگاوێکی کردەوەیی بێ بۆ بەدەق کردنی پرۆسەی نوێخوازی لە بواری ئەدەب ـ هەنگاوێکە بۆ دەرکردنی کۆمەڵێک بڕیار لەسەر ئەدەب.... لە حاڵێکدا هەوڵی نوێخوازی ئەوەیە کە بچێتەخانەی فیکرەوە، بچێتەخانەی نووسینەوە، بچێتەخانەی داهێنانەوە ـ دەرکردنی بڕیار بە هیچ شێوەیەک یارمەتی پرۆسەی نوێخوازی نادا... لەم دواییانەدا چەندین گۆڤارمان دی کە وەک قەناعەتێکی گرووپی پێکهاتن، بەڵام دوای ماوەیەک کە گرووپەکە لێکهەڵوەشاوە دیتمان گۆڤارەکەش تەمەنی بەسەرهات. نوێخوازی ئەگەر لە دەقەوە دەست پێنەکا تووشی ئەو چارەنووسە دێ... ئێمە ئێستا بە پێی ئەو کۆمەڵە دەقە کە کافکا نووسیویەتی دەڵێین بیرکردنەوەی کافکایی یان فەزای کافکایی... یان چیرۆکی کافکایی، نەک بە پێی ئەو بڕیارانەی کە کافکا بۆ چیرۆکی خۆی دەریکردبێت یان

ئەو تێئۆریانەی کە بۆ وێنە کافکا بو داستانی کافکایی نووسیبێتی، بێگومان هیچ کاتێکیش ئەو کارەی نەکردووە، بۆیە بە بڕوای من بزاڤی نوێخوازی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات زیاتر لەوەی پێویستی بە قسەکردن و قەناعەت پێهێنانی گرووپی بێ پێویستی بەکارکردنی شێلگیرانەی فکری و داهێنانی دەقی مۆدێڕنە.

**ڕەهبەر مەحموودزادە**: ئەو باسە، لە دەرخستنی جیاوازیی نێوان هەڵوێستی مۆدێڕن و تەحلیلی مۆدێڕندا چڕدەبێتەوە. لە ڕاستیدا هەر هەڵوێستێکی مۆدێڕن ئەگەر پشت ئەستوور نەبێ بە لێکدانەوەیەکی مۆدێڕن دەتوانین بڵێین ئاوەڵناوی مۆدێڕنی لێ زیادییە. هەڵوێستی مۆدێڕن کاتێک دەتوانێ مۆدێڕن بێ کە لە پشت خۆیدا و لە ژێرخانێکی زۆر دەوڵەمەندی فیکریدا، کۆمەڵە تەحلیلێکی تێروتەسەلی پەروەردە کردبێ. بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و بڕیارنامە، لە ڕەگەزی هەڵوێست گرتنە، هەر بۆیەش کارکردێکی ئیجابی ئەوتۆی لە پانتای ڕووناکبیریی کوردی دانابێ. کاک حەمەساڵح لەسەر نوێخوازی لە شیعری کوردیدا قسەی کرد ئەمن دەخوازم لەسەر خەسارناسی بەشی ڕەخنەی ئەدەبی قسان بکەم. چونکە دیارە نوێخوازی هەر بە تەنیا شیعر و چیرۆکی نوێ ناگرێتەوە و لایەنێکی گرینگی نوێخوازی ڕەخنەی ئەدەبییە. حەز دەکەم بەنموونە هێنانەوە لە شیعرێکی نالی ئەو بەشەی قەسەکانم دەست پێ بکەم نالی دەڵێ:

***نیشانەی پوختەگی بێدەنگییە نالی ئەگەر پوختەی***

***بە حوججەت تەی بکە نامە، بە حیددەت پەی بکە خامە***

ئەو بەیتە شیعرە وەک زۆربەی شیعرەکانی دیکەی نالی، دەکرێ مانای جیاوازی لێ هەڵبکرێنرێ. نالی بەرواڵەت قسە لە بێدەنگی دەکا، بەڵام کاتێک لە مانای ئەو بەیتە ورد بینەوە دەبینین شاعیر وێڕای بەحوججەت تەی کردنی نامە و بە حیددەت پەی کردنی خامە قسە لە بێدەنگی دەکا کە بە بڕوای من بە مانای ئوسوولی قسەکردن و لە ڕووی مێتۆد بیرکردنەوەو لە ڕاستیدا هەبوونی تێفکرینی فەلسەفییە. هەڵبەت کە دەڵێم فەلسەفی مەبەستم گشتیترین مانای فەلسەفەیە، ئەگەر بزاڤی نوێخوازی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا توانیبای بە فەرموودەی نالی نامەکەی بەحوججەت تەی بکا و خامەکەی بەحیددەت پەی بکا، ئەودەم زۆرییەک لەو نووسەرە نەریتخوازانەی ئێستا لە بەرامبەر بزاڤی نوێخوازیدا هەڵویست دەگرن، بە بڕوای من قەناعەتیان دەهێنا بەوە کە نوێخوازی بزووتنەوەیەکی بەربڵاو و ڕەسەنە.



کێشەیەکی دیکە کە بە زەق و زۆپی لە بەستێنی ڕەخنەی ئەدەبیدا خۆی دەنوێنێ چۆنیەتی وەرگرتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە سەرچاوەکانیانەوەیە. ئەمن پێموایە تێفکرین سروشتێکی تەرجەمەیی هەیە، یانی ئێمە کە لە بارەی پرسێکی تایبەتدا بابەتێک پەروەردە دەکەین تەنانەت ئەگەر ئەو پرسە پێوەندی بە ئەدەبیاتی خۆماڵیشەوە هەبێ یان لە باری کۆمەڵایەتییەوە پێوەندی بە کۆمەڵگای کوردستانەوە هەبێ، شێوەی قسەکردنی مۆدێڕن لەسەر ئەو بابەتە، ئەدەبی یان کۆمەڵایەتییە، شێوەیەکە کە ئێمە لە مێتۆدەکانی علوومی ئینسانی وەرمانگرتووە، لە باسی مەنتیقدا جیاوازی دوو چەمکی ئیسبات و سبووت (اثبات و ثبوت) دێتەگۆڕێ. دیسان دەگەڕێمەوە بۆ ئەو نموونەیەی لە سەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم پێکرد. وای دابنێین کەسێک دەڵێ فڵانەکەس بڕوای بەعادڵانە بوونی سیستەمی ئابووری سوسیالیستی هەیە. ئەو بۆچوونە لە دوو لایەنەوە دەبێ قسەی لەسەر بکرێ: یەکەم دەبێ ئێمە ئیسبات بکەین کە فڵانە کەسە بەڕاستی ئەو قسەیەی کردووە و ئەو بۆچوونەی هەیە. ئەگەر بتوانین ئەوە بسەلمێنین ئێمە لەمەقامی ئیسباتدا کارمان کردووە، بەڵام دوای ئەوەی لە پلەی ئیسبات تێپەڕین، دەگەینە پلەی سبووت. لە مەقامی سبووتدا کارمان بەوە نییە کە فڵانەکەس بەڕاستی ئەو بۆچوونەی هەیە یان ئەو قسەی کردووە یان نا، کارمان بەوەیە کە پێوەندیی نێوان چەمکی «عەدالەت» لەگەڵ سیستەمی ئابووری سۆسیالیستی چۆنە. ئایا بە ڕاستی ئەو نیزامە، نیزامێکی عادڵانەیە یان نا، ئەگەر توانیمان ڕاستیی ئەوا بابەتە بسەلمێنین ئەوا لە مەقامی سبووتدا کارمان کردووە. ئێستا دەگەڕێمە سەر باسە ڕەخنەییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات. ئێمە ئەگەر لە وتارێکدا قسەیەک بۆ نموونە لە دریدا دێنینەوە دەبێ ئەو قسەیە لە دوو فیلتەر و پاڕزۆنگ تێ بپەڕێ. فیلتەری یەکەم فیلتەری ئیسباتە، یانی دەبێ ئەو قسەیە چۆن گوتراوە، ئاوا وەربگیرێ، نەک بە شێوەیەکی هەڵەو چەوت و لار دەکاربکرێ. لە قۆناخی دووهەمدا دەبێ بۆچوونەکەی دریدا بە تایبەت بسەلمێنرێ. دیارە ئەو قۆناخەی دووهەم، پێوەندی بە پلەی سبووتەوە هەیە. ئێمە هەر لە پلەی یەکەمدا لەخەسارناسی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چەوت و لارییەکی یەگجار زۆر دەبینین.

بە بڕوای من ئەگەر بەرەی نەریتخوازی کوردیش زیرەکانە کاریان کردبایە دەیانتوانی هەر لەم ئاستەدا ڕەخنەی جیدی ئاراستەی نوێخوازانی کورد بکەن. زۆر وتاری ئەوتۆ هەن کە لە کەسانێکی وەک دریدا و کریستۆڤاو بارت و کێوکێ نەقڵ دێننەوە، بەڵام لە پلەی ئیسباتدا ئەو نەقڵانە دەکرێ هەڵوەشێندرێنەوە. یانی قسەکە بەجۆرێک دەگوێزنەوە بۆ پانتای ڕۆشنبیری

کوردی کە بە راستی ئەگەر هەمان ئەو قسە کوردییە وەرگێڕینە سەر زمانی فەرەنسی لە وانەیە دریدا قسەی خۆی نەناسێتەوە و سڵی لێ بکاتەوە.

نەریتخوازەکان لەباتی ئەوەی بێن لە ئاستی ئیسباتدا رووبەڕووی نوێخوازەکان ببنەوە لە ئاستەکەی تردا بەرەوەروویان دەبنەوە. هەربۆیە ئەوان لە راستیدا دژایەتی لەگەڵ نوێخوازەکانی کورد ناکەن، بەڵکو دژایەتی کەسانێکی وەک فۆکۆ و بارت و دریدا دەکەن. دیارە ئەوەش شەڕێکی نا بەرامبەرە و هەر لە سەرەتای شەڕەکەڕا ئاکامی دیارە، بەڵام ئەگەر ئەوان بە راستی ئاگاداری بۆچوونەکانی دریدا بن و فڵانە وتارەشیان خوێندبێتەوە کە قسەیەکی دریدای تێدایە، ئەو دەم دەزانن کە تێگەیشتنی فڵانە رەخنەگرە حاڵیبوونێکی راست نییە، جا ئەگەر بەرەنگاری ئەو رەخنەگرە بنەوە ئیدی بەرەنگاری دریدا نەبوونەتەوە، بەڵکو هێرشێکی زانستییان بردۆتە سەر ئەو رەخنەگرە. کەواتە ئەگەر بۆ خۆشمان بمانهەوێ بە خۆماندا بچینەوە دەبێ لە باری چۆنیەتی حاڵیبوون لە بیروبۆچوونی مۆدێرن زۆرتر قووڵ بینەوە.

**ساڵح سووزەنی**: لەمەڕ قسەکانی کاک عەبدولخالقەوە ئەمهەوێ شتێ بڵێم، ئەویش ئەوەی کە با بڕوامان بەو چەند دەنگییە هەبێ کە سینگی بۆ ئەدڕین. دیارە بەبەیاننامەی رووت نوێخوازی ساز نابێ، بەڵام رەفزکردنەوەی بەیاننامەش رەنگە هەر ئەوەندە توندڕەوانە بێ کە خەسارناسی دەرکردنی بەیاننامەی نوێخوازی ئابەوە جۆرە. بۆ وێنە با بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شەڕی نێوان ئەوانەی کردەوەخواز (عەمەل گەرا) بوون و ئەوانەی زۆرتر پێداگرییان لەسەر تیۆری دەکرد. مارکسیستەکان لەسەر ئەوە زۆر دوان. زۆریان پێیان وابوو سەرەتا تیۆری دەبێ سازبێ و پراکتیزە کردنی تیۆری دەکەوێتە قۆناخێکیتر. هەڵبەت تیۆریزەکردنی پراکتیکیشیان هەبوو، بۆ وێنە کمۆنی پاریس و کتێبەکەی ١٨ی برۆمێر لە لایەن مارکسەوە.. یا ماتریالیسمی مێژوویی و دیالیکتیکی مێژوویی... هەنێتر لە چەپەکان لایان وابوو کە دەبێ بەکارەکەوە بچەسپی و دواجار تیۆریزەی بکەی یان بیهێنییە نڤیسار ... من لەگەڵ ئەوە دام کە هەر دووک ئەو بۆچوونانە هەر کام لە شوێنی خۆیدا دروستە، یانی کاتێ لە قوتابخانەی فرانکفۆرتدا سەرەتا چەند کەس هاتن هەنێ رەخنەی زانستییان ئاراستەی چەپی ئۆرتۆدۆکس کرد ـ کەس بڕوای نەدەکرد کە بزاڤی چەپی نوێ لەو قسانەوە سەر هەڵبدا... بۆ وێنە کاتێ رۆمانتیکەکان هاتن بەیاننامەیەکیان دەرکرد رەنگە بەو چاوەوە کە کاک عەبدولخالق لە بەیاننامە ئەروانێ، ئیتر بەرهەم و دەقی رۆمانسیانە نەخوڵقایە، سووریالیستەکانیش هەروا. من لام وایە لەگەڵ ئەوەیدا کە بەیاننامە بە تەنیا خۆی ناتوانێ ببێتە هۆی بزاڤی نوێخوازی، بەڵام وەک ئەویش



بەیاننامەکان رەفز ناکەمەوە... بۆ وەی هەموو بزاڤێ پێویستی بە دەستپێکێک هەیە، یان لانی کەم جەسارەتی ئەو دەستپێکردنە دەبێ هەبێ کە من لام وایە لەو دۆخەدا بەیاننامەی داکار ئەو جەسارەتە بوو و بەس بۆ ئەوەی بسەلمێ کە ئەرز بەدەور زەویدا دەسوورێتەوە زۆری ما بوو بەڵام کوپرنیک بەیاننامەی خۆیدا دەرەوە و ماتڵی سەلماندنەکەی نەبوو... ئێمەش ئێستا بە پێی دەق و کردەوە دەبینین کە دوای داکار بوو کە بزاڤگەلیتر هاتنە ئارا و نڤیسارەوە. هەر ئەوانە لە کاردانەوە لەگەڵ داکارا ساز بوون. دوای ئەوە دەستپێکردنی نوێخوازی لە گۆڤاری سروە رەنگە کارتێکردنی لەسەر بووبێ. هەڵبەت ئەمجار نە بە شێوەی بەیاننامە، بەڵکو بە شێوەی خوڵقاندنی دەق و هێنانە ئارای کارکردی، ئەگینا خودی بەیاننامەکە ئەگەر بمانهەوێ هەموو خاڵەکانی سەر لە نوێ لێرەدا بخوێنینەوە پێم وانەبێ وەک تیۆری خاڵی سەلبی تێدابێ... دووهەم سەبارەت بە مانا. کاک عەبدولخالق جەختی زۆر لە سەر کرد لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ هەنێ لەو قسانەدا هەم، لە باری نوێخوازیی مانایی، بەڵام لە راستیدا نوێخوازی زۆر کەم لە پانتای مانادا رووئەدا بۆوەی ماناکان زۆربەیان لەسەردەمی ئوستوورەکانەوە لە ناخۆدئاگاو ئاگاهی ئینسانیدا هەبوونە... نوێخوازی زۆرتر بە تایبەت لەبەستێنە هونەرییەکەیدا لە پانتای فۆرمدا ئەگونجێ... واتە فۆرمە کە مانای نوێ دەخوڵقێنێ... حافز شتێکی جوان ئەڵێ کە من پێشتریش بەنموونە هاوردوورمەتەو:

*يك قصه بيش نيست غم عشق و وين عجب*
*كز هر زبان كه مي‌شنوم نامكرر است*

واتە هەزاران جار و هەرجارێ بە چەشنێک باسی خۆشەویستی کراوە و کەسیش پێیوا نییە ئەوە دووپات دەبێتەوە یانی زۆربەی ئەو قسانەی کە لەمەڕ خۆشەویستی نووسراوە لە فۆرمێکدا نەگوتراون. هەڵبەت من ئەم بابەتەم لە وتاری چەند یاداشتی بێ مانادا لەسەر قسەیەکی بەڕێز بەختیاری عەلی.. بەتێروتەسەلی باس کردووە و هەر لەم دانیشتنەشدا ئاماژەیەکم بە فۆرم و ناوەڕۆک کرد هەر دێمەوە سەر ئەم باسە کە بە گشتی لەگەڵ ئەوە دام کە نوێخوازی چەمکی نوێش دێنێتە ئاراوە، بەڵام بۆ دەربڕینی ئەو چەمکە نوێیە بەردەوام فۆرمی نوێش پێویستە....

**لەمەڕ شیعری جیاوازیش هەر بەو چەشنە ئێمە ناتوانین خۆمان بە نوێخواز بزانین، بەڵام لەگەڵ هەنێ بیرۆکەی نوێخوازیتردا بەرەنگار بین، یانی رەنگە کردنەوەی دەلاقە بۆ قسەکردن لە سەر ئەو باسە نوێخوازی بێ، بەڵام رەفرکردنەوەی بەوشێوە خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاک دەنگی و تاک مانایی زێدەتر زاڵ کەین بە سەر چەند دەنگیدا... شیعری جیاواز بە بۆچوونی من، نە لەشیعردا لە هەموو هونەرێکدا ئەوە تایبەتمەندییەکە، کە دەبێ جیاواز بێ لە دەنگەکانیتر. ئەگەر هەر هونەرمەندێ وەک هونەرمەندێکیتر بەرهەم بخوڵقێنێ ئیتر دەبێ بە لاساییکردنەوە و نابێتە هونەر... بەڵام ئەوەی کە بەرێز فەرزاد میر ئەحمەدی هێناویەتە پانتای رەخنە و خوێندنەوەی دەقی کوردی بۆ خۆی هۆکار و دەلیلی تایبەتی خۆی هەیە، کە ئێمە هیوادارین ئەو بۆچوونەش لە گۆڤارەکانماندا بڵاوبکەینەوە و بیکەینە باسێکی زۆر قوولتر و جیددیتر لە مەڕ شیعری جیاواز یان پێوەر، نەوەک ئەوەی کاک عەبدولخالق ئەفەرمووێ بیکەینە دۆست بازی و کۆبوونەوەی چەند رەفیق بەدەورییەکەوە هەر خۆمان پێ جیاواز بێ و ئەوانی تر پێوەر بن و دواجار جیاوازیش وەک چاک و باش و خاڵی ئیجابی و پێوەریش وەک خاڵێکی سەلبی و خراپ بسەپێنین بەسەر هەنێ کەسدا ـ نا ـ ئەمە تەنیا گۆشەنیگایەکی دیکەیە کە رەنگە زۆریش نوێ نەبێ، بەڵام بۆ قسەکردن ئەشێ...**

**عەبدولخالق یەعقووبی**: بێگومان من لەگەڵ دەرکردنی بڕیارنامە بە شێوەیەکی زاتی دژایەتی ناکەم، بۆ نموونە لە پانتایی چالاکی سیاسیدا هەموو حیزبێکی سیاسی بۆی هەیە بڕیارنامە دەربکات، بەڵام ئێمە پێش فەرزی باسەکەمان ئەوەیە کە خەسارناسیی بزاڤی نوێخوازیی ئەدەبی کوردستانی رۆژهەڵات دەستنیشان بکەین... من لام وایە لەم بارودۆخەی کە ئێستا ئەو بزاڤە تێیدایە بە پێی ئەوەی کە بمانهەوێ بە شێوەیەکی گشتی و لە دوو تویێ کۆمەڵێ بڕیاری گشتیدا چارەنووسی ئەدەبی داهاتووی کوردی دەستنیشان بکەین ئەوە شتێکە نەشیاو.. دەشێت بە داهێنانی دەق و لێکدانەوەی دەقەوە خەریک بین. من رام وایە کە ئەوە ئەرکی رەخنەگرە دوای خوڵقاندنی دەق لەمەڕ خاڵە شاراوەکانی دەق قسە بکات. ئەرکی رەخنەگرە کە بتوانێ رادەی بەهێزبوون و بێهێزبوونی دەقێک لە باری بووتیقاییەوە دەستنیشان بکات... خەساری ئەم جۆرە بڕیارنامە دەرکردنانە لە بارودۆخی ئێستای کوردستانی رۆژهەڵاتا لەوە دایە ئەم بڕیارانە دەیهەوێ کۆمەڵێ خەسڵەتی لەوە پێش سازکراو بێنێتە ئاراوە، بۆ نموونە لە پرۆسەی شیعری پێوەر ـ جیاوازدا کام شیعر جیاوازە و کام شیعر جیاواز نییە... ئێمە ئێستا نموونەمان لەبەر دەستە... شیعری «شێت»ی یۆنس رەزایی لەم



یەک دوو ساڵەی دواییدا هاتە نێو پانتای شیعری کوردییەوە، دوای خوڵقاندنی بوو کە رەخنەگرێکی وەک رەهبەر مەحموود زادە هات لەسەری نووسی و پرۆسەی شیعری شێتی تاوتوێ کرد، کەچی نە یۆنسی رەزایی پێش خوڵقاندنی ئەو بەرهەمە بڕیارنامەی بۆ دەرکرد، نە رەهبەری مەحموود زادە وەک رەخنەگرێ بەر لە دەستپێکردنی پرۆژەی رەخنەیی خۆی بە پێی کۆمەڵێ بڕیار لە سەر شیعری شێتی نووسی... کەوایە ئەگەر وەک خەسارناسی لە دۆخی ئێستای ئەدەبی کوردی بڕوانین من لام وایە ئێستا ئەدەبی ئێمە زیاتر پێویستی بە داهێنانی دەقی داهێنەرانەیە. زیاترین پێویستی بە رەخنەی هونەری و رەخنەی تازەگەرایانەیە.. ئێمە لەو بارودۆخەدا ناتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە کەسانێک بیانهەوێ لە چەند خاڵێکدا کۆمەڵێک شیعر بە شیعری جیاواز بزانن، جیا لەوەی ئێستاش بە راستی نازانم مەبەست لە شیعری جیاواز چییە؟ واتە ئایا لەم دەستەواژەیەدا شیعرییەت چ پێناسەیەکی هەیە؟ ئایا شیعری جیاواز بەو مانایەیە کە شاعیرەکانی بە شێوەیەکی جیاواز رەوایەتی شیعری دەکەن؟ بە شێوەیەکی جیاواز فۆرمی جیاواز بەرهەم دێنن؟! مانای تازە بەدەستەوە ئەدەن؟ جگە لەمانە جیاوازبوونی ئەم فۆڕم و رەوایەتانە یانی چی ئایا لە بڕیارەکانی پرۆسەی شیعری جیاوازدا کام یەک لەمانە روون کراونەتەوە؟ یا دوای نووسینی ئەو شیعرانە کام یەک لەو پرسیارانە روون بوونەتەوە؟ راستییەکەی ئەوەیە کە لە ئەدەبی کوردستانی رۆژهەڵاتدا ئێمە ئێستاش تووشی ئەو پەتایە هاتووین کە دەمانهەوێ کۆمەڵێک دەق وەک بەها.... بە کۆمەڵێک دەقی سەرکەوتوو دابنێین. لە کاتێکدا ئەرکی رەخنەگر ئەوەیە کە دەقەکان بە پێی زاتی دەقەکان خانە بەندی بکات، رەخنەگر تەنیا خاسیەتەکانی دەق روون دەکاتەوە. رەخنەگر بە هیچ چەشنێ ناتوانێ لاڤ ئەوە لێ بدا کە ئەم دەقە، چونکە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیە کەوایە بەهای لە دەقەکانی دیکە زیاترە. ئێمە ئەگەر بە پێی ئەو ئەسڵە کە خۆت باسی دەکەی، واتە فرەدەنگی، لە دەق بڕوانین هەر دەقێک بۆی هەیە بەتایبەتمەندییەکەوە بخوڵقێ. من لەو گۆشەنیگایەوە پێموایە دەرکردنی بڕیارنامە و دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی گشتی بۆ دەقێک کە لەوانەیە هێشتا نەخوڵقابێ و بخوازێ، کە بخوڵقێ لە پانتایی ئەدەبی کوردستانی رۆژهەڵاتدا وەک خەسار لە ئارا دایە. بۆ نمونە من پێموایە تا پێش چاپی رۆمانی «باڵندەکانی دەم با»ی عەتا نەهایی لە کوردستانی رۆژهەڵات رۆمانێکمان نەبوو کە کەڵکەڵەی گێڕانەوەیەکی پۆستمۆدێڕنیستی هەبێت، هەر بۆیە کەسیش نە بۆی هەبوو، نە دەشگونجا پڕۆپاگەندە بۆ خوڵقاندنێکی رۆمانێکی لەم دەستە بکا، بەڵام ئێستا کە ئەم رۆمانە نووسراوە

رەخنەگر بۆی هەیە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم رومانە بکۆڵێتەوە و تەنانەت کۆمەڵێک بڕیار لەسەر ئەم رۆمانە دەربکات، واتە ئەوە دەقە دەبێتە هۆی دەرکردنی بڕیارێکی رەخنەیی نەک بڕیارێکی گشتی شیمانەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک دەقی فەرزی بهێنێتە گۆڕێ. لەم گۆشەنیگایەوە من پێموایە ئەدەب و داهێنان لەگەڵ یەک دەگونجێن، بەڵام ئەدەب و بڕیاردان دانیان پێکەوە ناکولێ. ■

خەرمانانی ١٣٨٢
ئابریل ٢٠٠٣

● دەقی ئەم وتووێژە سێ قۆڵییە کە بە پێشنیاری برای شاعیر کاک حەمەساڵە سووزەنی ئەنجام درا، لە گۆڤاری سروەدا بڵاو بۆوە.



# ئەدەبیاتی کوردی و کولتووری داهێنان

## بۆ رامان

ڕامان: له باسه‌كانی ئێمه‌دا ده‌ق له غیابدایه، به‌و واتایه كه نووسه‌ر و شاعیری ئێمه دیسان له‌سه‌ر په‌راوێزه‌كان ئه‌زموونه‌كانی رابوردوو تاقی ده‌كه‌نه‌وه، له رووپه‌ڕی ئه‌ده‌بی كوردیدا جگه له چه‌ند ده‌قێك كه تا راده‌یه‌ك توانیویانه پشت ئه‌ستوور بن به ده‌قبوونی خۆیان، نڤیسانێكی تر نابینی كه تایبه‌تمه‌ندیی سه‌ره‌كی تێدا بێ، واته ده‌قگه‌را بێ، نووسینه‌كان هه‌ر وا كۆنن و ئه‌ركێكی پێسپێردراو به‌جێ دێنن، ئه‌مه ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر چی؟ ئایا ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر زه‌ینییه‌تی سوننه‌تی یان خه‌سڵه‌ته‌كانی نڤیسان و ئه‌ده‌بی كورد؟

**عه‌بدولخالق یه‌عقووبی**: ئه‌و پرسیاره‌ی ئێوه وه‌ك خه‌سار و ئاریشه‌یه‌ك به شێوه‌یه‌كی به‌رچاو له گۆڕه‌پانی داهێنانی ئه‌ده‌بی كوردیدا به گشتی ده‌بینرێ. هه‌ر بۆیه ئه‌گه‌ر ئێمه له ره‌گ و ریشه و بنه‌ما و هۆكاره‌كانی ئه‌م گرفته بكۆڵینه‌وه، له راستیدا وه‌ك ئه‌وه وایه كه بخوازین ویست و خواستێك بهێنینه ئاراوه بۆ چاره‌سه‌ر كردن و ریشه‌كێش كردنی ئه‌م خه‌ساره، بۆیه بۆ باسكردن له‌و خه‌ساره، واته له ئارادا نه‌بوونی ده‌ق له ناوه‌ندی زه‌ینییه‌تی داهێنه‌رانه‌ی بواری ئه‌ده‌بی كوردی، ده‌شێت چاو له‌و كه‌شوهه‌وایه بكه‌ین كه داهێنان تێیدا دێته ئاراوه. ئێمه ده‌زانین داهێنانی ده‌قێكی ئه‌ده‌بی له ناو كه‌شوهه‌وایه‌كی كولتووریدا رووده‌دات، ئه‌و كه‌شوهه‌وایه له راستیدا ئه‌گه‌ر نه‌ڵێین به شێوه‌یه‌كی راسته‌وخۆ، به‌ڵام بێگومان به شێوه‌یه‌كی ناڕاسته‌وخۆ له‌سه‌ر زه‌ینییه‌تی داهێنه‌ر شوێن داده‌نێت. ده‌شزانین كه كولتووری داهێنان له ئه‌ده‌بی كوردیدا كولتوورێكی پڕ و پاراو و كولتوورێكی خاوه‌ن مێژینه نییه، واته ئه‌گه‌ر ئێمه وه‌ك ئه‌ده‌بی سه‌رده‌م، وه‌ك نووسه‌ری هاوچه‌رخی كورد ئاوڕ له مێژووی داهێنانی ئه‌ده‌بی كوردی ده‌ده‌ینه‌وه ده‌بینین ته‌نیا به‌سه‌ر چه‌ند ناوێكی ده‌گمه‌ندا ده‌كه‌وین، كه‌واته رابردووی ئێمه له بواری داهێناندا رابردوویه‌كی تێروته‌سه‌ل نییه، واته ئێمه ناتوانین بڵێین له رابردووی مێژووی ئه‌ده‌بی كوردیدا خه‌زێنه‌یه‌كی ده‌وڵه‌مه‌ند له داهێنان هه‌بێت كه په‌ی بردن به‌و خه‌زێنه‌یه و ده‌ست بردن بۆ ئه‌و خه‌زێنه‌یه رێگای ئه‌وه‌مان پێ بدا كه شوناسی خۆمان له نێو ئه‌و كه‌شوهه‌وا كولتوورییه‌دا بدۆزینه‌وه و

تەنانەت هەندێ جار بە چاولێکەری لە خەسڵەتە داهێنەرەکانی دەقەیلی رابردووی ئەدەبی کوردی دەقی هاوچەرخانەی ئەمڕۆمان ساغ بکەینەوە. «ماتیۆ ئارنۆڵد» رەخنەگرێکی بەریتانییە، لە سەدەی نۆزدەدا پێی وابوو یەکێک لەو مەرجانەی کە ئاستی داهێنەربوونی دەقێک و ئاستی ئەدەبییەتی دەقێک دەستنیشان دەکا ئەوەیە کە ئەو دەقانە لەگەڵ شوێنەواری کلاسیکی بەر لە خۆیان بەراورد بکەین و بزانین تا چ ئاستێک دەقە بەردەستەکەی ئێستامان دەتوانێ شان بە شانی دەقە کلاسیکەکانی رابوردوو، لە باری هونەری و ئەدەبییەوە خۆی لە سەنگی مەحەک بدا. تۆ کە ئەم قسەیە لە رەخنەگرێکی سەدەی نۆزدەی رۆژئاوا دەبیستی ئەوە دەردەکەوێ کە ئەدەبی رۆژئاوایی کولتوورێکی دەوڵەمەندی لە رابوردووی خۆیدا شک دەبا و حەز بەوە دەکا کە لە هەندێ جێدا دەشێت بۆ نرخاندنی ئەدەبی ئەورۆی خۆی پشت بەو کولتوورە ببەستێ و ئاوڕ لەو کولتوورە بداتەوە، بەڵام ئایا ئەم قسەیە بۆ ئەدەبی ئەورۆی کوردی وەڕاست دەگەڕێ؟ ئایا ئێمە دەتوانین ئەمڕۆ بڵێین بۆ داهێنانی چیرۆکی بەهێز و بە رۆحی سەردەم ئاوڕ لەو چیرۆکانە بدەینەوە کە لە رابردووی مێژووی ئەدەبی کوردیدا خوڵقاون و بە مەرجەکانی داهێنەرانەی ئەوان ئاوێتەی رۆحی سەردەم و باری هونەری سەردەمیان بکەین و بەمجۆرە دەتوانین دەقێکی سەرکەوتوو بێنینە ئاراوە و بیخوڵقێنین؟ بێگومان وەڵام نایە، بەهۆی ئەوە کە ئێمە کەشوهەوایەکی کولتووری لەمێژینەمان نییە کە ئەو کولتوورە خەسڵەتی داهێنەرانەشی بێت و دەرەقەتی ئەوە بێت کە ئێمە پشتی پێببەستین. کەواتە سەرێکی پرسی نەبوونی دەق وەک ناوەند لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ کز و لەڕ و لاوازیی مێژینەی داهێنان و پێشینەی خوڵقاندن لە ئەدەبی کوردیدا. هۆیەکیتر، کە دەتوانین دەستنیشانی بکەین بۆ ئەو غیابەی کە ئێوە ئاماژەتان پێدا و من بە خەسارێک ناوی دەبەم، دەگەڕێتەوە سەر زەینییەتی داهێنەرەکانمان. لەبیرمان نەچێت، هەر نووسەرێک کە دەقێک دەخوڵقێنێ بێگومان سەرچاوەی خوڵقاندنی ئەو دەقە بێجگە لەو فەزا کولتوورییەی کە ئاماژەم پێکرد لە بەشێکی گرینگی دیکەیدا مێشکی داهێنەرانە و زەینییەتی داهێنەرانەی خۆیەتی، واتە ئەو بیروبۆچوونانەی کە نووسەرێک دەریدەبڕێت، ئەو هەڵوێستەی کە شاعیرێک لەمەڕ خوڵقاندنی شیعر



دەریدەبڕێت دواجار لە بەشێکی زۆری خۆیدا دەسکەوتی ئەو زەینییەت و ئەو شێوە بیرکردنەوە و ئەو چەشنە روانینەیە کە داهێنەر لە دنیای دەروونیی خۆیدا تاوتوێی دەکات. دواجار قەناعەت بەوە دێنێ کە دەشێت لەسەر دەستی ئەو جیهانبینییە تایبەتەی خۆی کە دیارە باری فۆرم و باری ناوەڕۆک و تەواوی ئەو حاڵەتانەی کە دەقێک دەبێ تێیدا بخوڵقێ دەگرێتەوە. ئەگەر کەمێک لەو زەینییەتە سڵ بکەین و گشتی نەکەینەوە، بەڵام لە ئاستێکی فراواندا زەینییەتێکی نەریتخواز و زەینییەتێکی سوننەت پەسند بووە، بە واتای ئەوەی کە داهێنەری ئەمڕۆی کورد نایهەوێ خۆی لەو فەزایە داببڕێت کە زەینییەتێکی سوننەتی بۆ خوڵقاندنی دەقێک دەیویست بیهێنێتە ئاراوە، بۆ نموونە لە داهێنانی ئەدەبی کوردیدا ئاوڕدانەوە لە هەناوی ئینسان مێژینەیەکی زۆر زۆر کەم و زۆر بەرتەسکی هەیە، واتە لە ئەدەبی کوردیدا بە دەیان هۆ کە رەنگە من لێرەا نەمەوێ باسی بکەم، نووسەری کورد ئاوڕی لەو بەشە لە وجوودی ئینسانی نەداوەتەوە کە دەکرێت بە هەناوی مرۆڤ، بە دەروونی مرۆڤ و بە کەڵکەڵە ئینسانییەکانی مرۆڤی لە قەڵەم بدەین، چونکە ئەدەبی کوردی ئەدەبێک بووە کە لە زەینییەتی نووسەرێکەوە سەریهەڵداوە کە ئەو زەینییەتە سەرقاڵی ئەو کێشە و گرفتە بەرچاوانە بووە کە زۆر جار داهێنانی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا خەفە کردووە. تۆ سەیر بکە شاعیرێکی کلاسیکی کوردی ئەگەر ئاوڕی لە چەمکی مرۆڤایەتی و لە چەمکی کێشە ئینسانییەکان بە گشتی یان لە کۆمەڵگای خۆی نەدابێتەوە و تەنیا رووی لەو وسفە کردبێت، کە بۆ نموونە بۆ سروشت و بۆ کەسایەتییەکی گەورەی ئایینی کردووە هەموو نیشاندەری ئەوەن کە زەینییەتەکە زەینییەتێکی دوور لەو وردبوونەوەیە لە جیهانی بوون کە دەشێت ئەدیبێک و نووسەرێک رەچاوی بکات بۆ ئەوەی دەقە هونەرییەکەی دواجار ئەوەندەی کە لە باری هونەری بوونەوە سەرکەوتوو بێ ئەوەندەش لە باری مانا ناسی و جیهانبینییەوە پاراو بێ بەو چەمکانەی کە لەسەر دەستی هونەرەکەی دەتوانن یارمەتی ناسینی ئەو دیاردانە بدەن. ئینجا کە تۆ دێیە نێو ئەدەبی هاوچەرخەوە دەبینین نووسەری کورد بە شێوەیەکیتر ئەم هەڵەیە سەرلەنوێ دووپات دەکاتەوە، بۆ نموونە دەقی ئەدەبی کوردی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێمە بە خەسار چووە، ئەویش کاتێک کە تەنیا و تەنیا بە رووکردێکی دروشمخوازانە و سیاسەتبازانەوە رووی لە

**جیهانی دەوروبەری خۆی کردووە. زۆر جار تۆ دەبینی لە ڕۆمانێکی هاوچەرخی کوردیدا بە بۆنەی ئەوەی کە زەینییەتی ئەو ڕۆماننووسە لە داوی نەریتی دروشمخوازانە و سوننەتی ئایدیالۆژیایەکی تایبەتدا گیری خواردووە، بە قیمەتی ئەوە شکاوەتەوە کە ئەو دەقە دەقێکی پڕۆپاگەندەکەر بێ بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت، بە بێ ئەوەی کە خەمی داهێنانی هونەریی هەبێ، خەمی ڕەچاوکردنی خەسڵەتەکانی ئەدەبی بوونی خۆی لە دڵدا رابگرێ. کەواتە بە گشتی من ئەو مەسەلەیە دەگەڕێنمەوە بۆ سەر ئەو کەشوهەوایە کە دەبێ وەک جیهانی دەرەوەی هونەرمەند و جیهانی دەرەوەی نووسەر و ئەدیب ناوی ببەین و بەشێکیشی ئەو زەینییەتەیە، کە دەکرێ بە جیهانی دەروونی هونەرمەندی دابنێین. لە تێکەڵاوبوونی ئەو دوو تێڕوانینە هەڵەیە بۆ جیهانی دەرەوە و بۆ جیهانی ناوەوە دەبینین ئەو شتە سەرهەڵدەدات کە ئێوە پێی دەڵێن غیابی دەق، واتە ئەوەی کە هونەرمەند ڕەنگە چیرۆکێک بنووسێ، شاعیرێک شعرێک بخوڵقێنێ، ڕۆماننووسێک ڕۆمانێک بنووسێ، بەڵام هیچ کام لەو شوێنەوارانە دواجار لە چوارچێوەی کارکردی ژانری خۆیاندا ناتوانن ئەو بەهرە و دەسکەوتانەیان هەبێ کە خوێنەر قەناعەت بەوە بێنێ خەریکە دەق دەخوێنێتەوە یان ئەوە لە مەیدانەکەدا دەقە سەرنجی پێدراوە و خوڵقاندن بۆتە کەڵکەڵەی هونەرمەند.**

ڕامان: ئێوە لە قسەکانتاندا ئاماژەتان بەوە کرد کە نووسەر و شاعیری ئێمە دەبێ بەرەو جیهانی بوون بچێت، واتە دیدێکی جیهانی هەبێت، لە مرۆڤخوازی و ئینسان بکۆڵێتەوە، یان تەوەری سەرەکی بابەتەکانی داهێنەر ئینسان بێت. بە سەرنجدان بەو تێڕوانینەی کە یەکێک لە دیاردەکانی مۆدێڕن بوون و بەرەو مۆدێڕنیزم چوون تۆمارکردن، واتە هێنانی ئەندێشە، بیروبۆچوون و فکرەکانە بۆ سەر کاغەز و کۆمەڵگایەکی سوننەتیش هەمیشە لەسەر ئەدەبیاتی زارەکیدا دەمێنێتەوە. ئێمە دەبینین لە کولتووری کورددا ئەم کارە دەستی پێکردووە. ئایا توانیویەتی لەو دنیایە نزیک بێتەوە کە یەک لە دیاردەکانی بە جیهانی بوون بێت، بیرێکی جیهانی هەبێت، لە هەمانکاتیشدا لە ئینسان بکۆڵێتەوە کە ئەویش دیاردەیەکی جیهانییە؟ ئایا تۆ پێت وا نییە ئەم تۆمارکردنەی سەر کاغەز بۆ خۆی هەمان مۆدێڕنیزم و هەمان بەرەو جیهانی



بوونە، واتە هەمان تازەبوونەوە، بە سەرنجدان بەوەی تۆ ئەم کۆمەڵگایە بە کۆمەڵگایەکی سوننەتی ناودێر دەکەی؟

**عەبدولخالق یەعقووبی: دیارە لە دنیای مۆدێڕندا ئەدیب، نووسەر لە نێو فەزایەکدا دەنووسێ کە ئەو فەزایە لە هەموو بارێکەوە هانی دەدا بۆ ئەوەی ئاوڕ لەو چەمکە گشتییانە بداتەوە کە مرۆڤ بە درێژایی مێژوو پێیانەوە سەرقاڵ بووە. لە ڕاستیشدا زۆر جار ئەدەبیات و بەرهەمێکی هزری و تا ڕادەیەکیش ڕوانینێکی فۆرمیک بۆ جیهانی دەوروبەر ئەوە لە ئێمە دەخوازێ کە کێشەکانی مرۆڤ هیچ کات کۆتاییان پێنایەت بە هەمان ڕادەش تەعبیرەکانی مرۆڤ لەو کێشانە هیچکات بە ئاکام ناگەن، بەڵام تۆ لە جیهانی مۆدێڕندا ئەوەندەی کەڵکەڵەی ئەوەت هەیە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی بناسی و لە کێشەکانی بکۆڵییەوە، جیهان بە ماڵی خۆت بزانی و لە ئاست ئەو گرفتانەی بۆت دێتە سەر ڕێ هەڵوێستت هەبێ بەو ڕادەیەش دەشێت تۆی مرۆڤی مۆدێڕن لە پرۆسەی خۆناسیندا بەنێو جیهانی تایبەتی دەروونی خۆتدا شۆڕ ببییەوە و لە وردەکارییەکانی هەناوی خۆت بکۆڵییەوە و لە ڕێگای ناسینی هەناو و تاوتوێکردنی جیهانی زەینی خۆتەوە، ڕەهەندێک لێبدەی بۆ ناسینی سەرلەبەری جیهان. بە وتەیەکی دیکە من دەمەوێ بڵێم بۆ ناسینی جیهان تەنیا دەروازەیەک کە تۆ دەتوانی لێی بچیتە ژوورەوە ناسینی خودە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ لەو ڕۆژەوە مرۆڤ بەوەی زانی کە جگە لە خۆی جیهانێک لە دەرەوەی خۆی هەیە کە دەشێت بیناسێت. دەست لە ئەو مونیسمە، ئەو خۆپەرستییە، ئەو خۆویستییە تاکگەرایانە هەڵگرێ، بەڵام لە هەمانکاتیشدا خودی ئەو ناسینە، ئەو پەیبردنە بە وجوودی جیهانگەلێک لە دەرەوەی جیهانی وجوودی ئینسان دەسکەوتی وردبوونەوەی ئینسان بوو لە زاتی خۆی، واتە ئەوەی کە لە دنیای مۆدێڕندا مرۆڤی مۆدێڕن بە بۆنە و لە ڕێگای ناسینی خودی خۆیەوە جیهان دەناسێت و بە ڕاستی پڕۆسەی مۆدێڕنیزم هیچ نییە جگە لەوەی کە تۆ دەتەوێ وجوودی خۆت بەو شێوەیەی کە هەیە، کە شایانە لێی بکۆڵیتەوە. لە دنیای مۆدێڕندا تۆ ئەوەندەی کە ناتوانی لە هەمبەر کێشەکانی دنیای دەوروبەر بێخەم و کەمتەر خەم بی ئەوەندەش بگرە زیاتر ناتوانی لە هەمبەر ئەو کێشە دەروونییە شەخسییە تایبەتانەی خۆت بێ سەرنج بی. ئەگەر باسەکە بگوازینەوە بۆ ئاستی ئەدەبی کوردی و بڵێین کە لە**

**ئەدەبیاتی کوردیدا بە نیسبەتی ئەم مەسەلەیە چی قەوماوە و چی رووی داوە، من دەتوانم ئاوا وەڵامت بدەمەوە کە راستە لە کۆمەڵگای کوردیدا هەندێک نیشانە لە مۆدێرنیزم و زۆر کەم نیشانە لە مۆدێرنیزانسیۆن دیارە، راستە نووسەری کورد لە رێگای خوێندنەوەوە ئاشنایە لەگەڵ جیهانی مۆدێرن و هەندێ جاریش بە شێوەیەکی مۆدێرن نووسیویەتی، بەڵام بەڕاستی ئەو شتەی کە من ناوی دەنێم ئەخلاقی بەرپرسایەتی رۆشنبیر کە پێموایە ئەخلاقێکی مۆدێرنە، هێشتا لە زەینییەتی داهێنەرانەی نووسەری کورددا ریشەی دانەکوتاوە. کە دەڵێم ئەخلاقی بەرپرسایەتی مەبەستم ئەوەیە کە نووسەر تەنیا لەبەر ئەوەی کە لە رێگای نووسینەوە تەعبیر لە خۆی و جیهانی خۆی دەکا بەرپرسایەتییەکی بۆ دێتە ئاراوە کە ئەگەر خۆی وەک نووسەر ناودێر بکا، بەڵام ئەو ئەرکی بەرپرسایەتییە بەجێ نەهێنێ دواجار تەنیا هەر رووکەشێک لە ناوی نووسەر بوون بەسەر وجودییەوە دەمێنێتەوە. ئەخلاقی بەرپرسایەتی رۆشنبیری و ئەخلاقی بەرپرسایەتی نووسەر بوون ئەتۆ لە بەرامبەر رەچاوکردنی ئەو هۆکار و فاکتەر و ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەبێ نووسەر هەیبێت دەروەست دەکا. تۆ کە چیرۆک دەنووسی وەک چیرۆکنووس، دەبێ بزانی ئەو ئەخلاقە چییە کە لە هەمبەر بەرپرسایەتی بۆ نووسینی بەرهەمێکی چیرۆکی رەچاوی بکەی. ئەمە لە ئەدەبی کوردیدا زۆر بە کەمی دەبیندرێ، یانی تۆ زۆر بە کەمی دەبینی رۆماننووسێک ئەخلاقی بەرپرسایەتی خۆی لە هەمبەر داهێنانی رۆمان رەچاو بکا، تۆ بۆ نووسینی رۆمان پێویستت بەوەیە کە کەسێکی شارەزا بی لە بواری بەرهەمە نووسراوەکانی رۆمانی هەموو دنیا، پسپۆڕ و داهێنەر بی لە بواری ئەو تەکنیک و فۆرم و تەمهید و فرتوفێڵانەی کە رۆماننووسێک دەبێ بەکاریان بێنێ، دەروەست و بەرپرس بێ لە بەرامبەر ئەو ماندووبوونەی کە دەشێت رۆماننووسێک هەیبێ بۆ نووسینی رۆمانێک. ئەمانە دواجار هەموو ئەخلاقی بەرپرسایەتی رۆماننووسێک دێننە ئاراوە کە ئەمە بەڕاستی تا ئێستا ئامادەییەکی ئەوتۆی لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا نەبووە و ئەگەر بمانەوێ ئەم پرسیارە بلکێنینەوە بە پرسیارەکەی پێشوو، هەر بانگەشەیەک بۆ مۆدێرن بوون بە بێ داهێنانی دەقێک و بە بێ هێنانە ناوەندی دەقێک دەبێتە ئیدعایەکی درۆیین، بانگەشەیەک بۆ هەرا و هاوارنانەوەیەکی لەخۆڕایی، دەبێتە**



**بانگاشەیەک کە دواجار بە بەرگێکی زۆر درۆزنانەوە رازاوەتەو رتووش کراوە و ئەوەیە بەڕاستی خەساری ئەدەبی ئێمە کە زۆربەمان هەوڵ دەدەین مۆدێرن بنوێنین، بەڵام لە ناخماندا لە خەسڵەتەکانی مۆدێرن بوون بێبەریین.**

ڕامان: لە وتەکانتدا دیسان پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە، بۆ وێنە باسی ئەوەت کرد کە نووسەر تەنیا بە بانگەشەکردنی مۆدێرن بوون و نەهێنانی سەر رووپەڕی کاغەز، واتە نیشان نەدانی رەگەزەکانی مۆدێرنیزم لە دەقدا بۆ خولقاندنی ئەو جیهانە بکات کە ئێوە لە وتەکاندا باستانکرد، بەڵام لێرەدا ئێمە دەبینین نووسەر و شاعیر زۆرن کە بۆ راکردن لە چنگ ئەو دیاردە سوننەتییە و خۆپیشاندانیان بە کەسایەتییەکی مۆدێرن و لە کەنار ئەوەدا بە ئەندێشەیەکی مۆدێرن دەست دەکەن بە ناو تازەکردنەوەی وشەکان، زمان و دەق. واتە هێنانی چەندین وشەی تازە کە پێشتر لە ناو دەقی کوردی، چ لە شیعر، چ لە چیرۆکدا نەبووە. بە ئاخنینی دەق بە چەند وشە دەڵێین تازە کردنەوەی دەق. لێرەدا لە تایبەتمەندییەکانی تازەبوونەوەی هەر دەقێک ئایا تازەکردنەوەی وشەکان ئەویش بە گۆڕین و هێنانی چەند وشە و دەستەواژە دەق ئەمڕۆیی دەبێت؟ دەتوانێت دەق بەرەو ئاراستەیەکی نوێ بەرێت؟ یان شێوازی نوێ، فۆرمی نوێ و شتێکی زیاتر دیدی نوێ کە پێموایە نووسراوی کوردی ئەندێشەی نەکردووە، دەتوانێ ئەم چەمکی تازەگەری و تازەبوونە نیشان بدا؟!

**عەبدولخالق یەعقووبی: ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە کاتێک دەڵێین مۆدێرن بوون دیارە مەبەستمان ئەو گشتێتییەیە کە سەرلەبەری رەگەزەکانی داهێنان دەگرێتەوە، هەر لە زەینییەتی داهێنەرەوە بگرە تا شێوە تێڕوانینی، تا جیهانبینی، تا هەڵوێستی لە هەمبەر فۆرم، تا وردبوونەوە لە جیهانی ماناکان و شێوەی داڕشتن. کەواتە دابەزاندنی مۆدێرن بوون بۆ سەر هەر کام لەو رەگەزانە داماڵینی ئەو دەقەیە لە رۆحی مۆدێرن بوون. ئەگەر رێگام پێبدەی پێم خۆشە لە رێگای شەنوکەو کردنی بەیتێکی نالییەوە باسی ئەم پرسیارەی جەنابت بکەم، واتە دەمانەوێ بە دەقێکی کلاسیک لە چوارچێوەی ئاسۆی تێڕوانینێکی هەنووکەیی خۆمانەوە پرسیارێک کە پێوەندی لەگەڵ فەلسەفەی مۆدێرن بوون و فەلسەفەی داهێنان و لە هەمانکاتدا**

بارودۆخی بەردەست و بەرچاوی ئێستای خۆمانە بێنینە ئاراوە. نالی لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێ:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا

سەرەتا پێم خۆشە ئەو دژوازی و رووبەڕووبوونەوەی کە لە نێوان وشە و مانادا هەیە لەبەرچاومان بێت، لە دێڕی یەکەمدا پێداگرتن لەسەر وشە (ئەلفاز)ە، لە دێڕی دووەمدا پێداگرتن لەسەر مانایە. بە وتەیەکی دیکە هەر ئەو شتەی کە جەنابت باست کرد ئەلفاز ئەو وشە و دەستەواژە و زاراوانە دەگرێتەوە کە ئەمڕۆ دیارە لە بەشێکی زۆر لە نووسینەکانماندا بە زۆر یان بە خواهیشت تێدەئاخندرێن و هەندێ جار ئیدعای مۆدێڕن بوون لەسەر دەستی ئەم دەستەواژانە دەکرێ و لە لایەکی دیکەوە ئەو مانا و چەمک و مەبەست و تێڕوانین و تێبینیانەی کە دەشێت هەر دەقێک بە جۆرێک لە جۆرەکان هەیبێت. نالی دوو جۆر زمان لەم دێڕە شیعرەدا قایلە، ئەلفازی خۆ کوردی و ئەلفازی خۆ کردی. ئەلفازی خۆ کوردی ئەو زمانەیە کە تۆ بە ئەلف و بێی زمانی کوردی دەینووسی. ئەلفازی خۆکردی ئەو زمانەیە کە تۆ بە ئەلف و بێی داهێنان دەینووسی. واتە لێرە زمانی کوردی قەوارە و رووکەشی ئەو دەقەیە کە نالی پێی دەنووسێت و منی خوێنەر پێی دەخوێنمەوە و ئەلفازی خۆکردی ئەو ئەلف و بێیەیە کە لەبەرچاوان نییە و لە راستیدا دەتوانین بە ئەلف و بێیەکی ئینتیزاعی داهێنان لە قەڵەمی بدەین. ئەو شتەی کە نالی لە دێڕی دووەمدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە گەڕانەوەی بۆ دێڕی یەکەم سەرنجی پێدەدا ئەوەیە کە دەبێ بە دوای مانادا بگەڕێی. ئەگەر تۆ کەسێکی خوازیاری زانیاری و زانایی بی،دۆزینەوەی مانا تەنیا لە ئاستی لەفزی کوردی بوون و رواڵەتی زمانێکی بەرچاو بە ئەلف و بێیەکی دیار چڕ نابێتەوە. بەڵکو تۆ بۆ گەڕان بە دوای مانادا و بۆ لێزانین لە دەق و بۆ پەیبردن بە زانایی داهێنەر دەشێت بگەڕێیەوە سەر ئەو زمانەی کە ناومان نا زمانی داهێنان، ئەلف و بێی زمانی داهێنان کە هەمان ئەلفازی خۆکردییە. ئێمە دەزانین نالی بە هیچ کلۆجێک شاعیرێکی مۆدێڕن نەبووە، بەو مانایەی کە لە کەشوهەوایەکی مۆدێڕندا بژیت و کۆمەڵگایەکی مۆدێڕن لە خۆی گرتبێت، بەو مانایەی کە تەنانەت لە ئاستی مێژوویشدا کەوتبێتە ناو



دنیایەکی مۆدێڕنەوە، بەڵام بیرۆکە و بۆچوونی ئەو شیعرە هەمان بیرۆکە و بۆچوونە کە پێویستە ئێمە بۆ مۆدێڕن بوون کەڵکی لێوەربگرین. واتە پێویستە لە هەمانکاتدا دەروازەیەک بە ناوی زمان و دەستەواژە و زاراوەی مۆدێڕن بوون دەکەوینەوە کۆشکێک بە ناوی داهێنان و مانا و چەمک و لە دوای ئەو دەروازەیە هەبێت کە دواجار بتوانێ مۆرکی مۆدێڕن بوون بە نێوچاوانی دەقەکەوە بلکێت. بۆیە لە راستیدا ئەو ستراتیژیەی کە دەقێک دەیگرێتە بەر یاخود باشترە بڵێین ئەو ستراتیژییەی، کە دەقێک دەشێت بیگرێتە بەر بۆ ئەوەی کە مۆدێڕن بێ، دەبێ لەنگەر گرتن بێ لەسەر تەواوی ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئەو دەقە دەکەن بە مۆدێڕن، هەر لە ئاستی تازەکاری لە فۆرم و زمانەوە بیگرە هەتا ئاستی هێنانە ئارای تێڕوانینێکی ترە بۆ جیهان، وردبوونەوە بە شێوەیەکی نوێ لە هەمبەر کێشەکانی جیهان، بۆیە بە راستی مۆدێڕن بوون دابەزاندنی زەینییەت لەسەر یەک ئاست یا یەک بۆچوون یا یەک شێوە تێڕوانین نییە مۆدێڕن بوون گشتییەتێکە تۆتالیتەیەکە ئەگەر لە ئاستێکی خۆیدا کەمی بێنێ دیارە بۆ ئاستەکانی تریش زیانمەند دەبێ. لە ئەدەبی کوردیدا ئێمە هەر ئەم خەسارە بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینین. هەندێ شاعیر هەن کە زۆر جار پێیان وایە بەدەستتێوەردان لە فۆرمی رووکەشی زمانی شیعرەکەیان دەتوانن مۆدێڕن بن. هەندێ کەس هەیە پێیوایە لە رێی هێنانە ئارای دەقێک کە بێبەری بێ لە هەر چەشنە مانایەکی دیار و نادیار، بە شێوەیەک دەتوانن خۆیان لە سوننەتی پێش خۆیان جیا بکەنەوە و مۆدێڕن بن، بەڵام بەڕاستی مۆدێڕن بوون بە هیچ کلۆجێک بەوە نابەسترێتەوە کە تۆ روخساری زمان بشێوێنێ بۆ ئەوەی کە مۆدێڕن بی. یا تۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی لۆژیکی بە پێی پێوانەکانی ئەدەبیت نەبێ بۆ ئەوەی کە لە ئاستی جیهانبینیدا مۆدێڕن بی. مۆدێڕن بوونی دەق پێوەندی بەو ستراتیژییە گشتییەوە هەیە کە خاوەنی فۆرمێکی ئەدەبی بێ، خاوەنی ئەو مانایانە بێ کە لە دوو توێی دەقێکی ئەدەبیدا دەکرێ بە دەستەوە بدرێن. بە بڕوای من ئەوە خەسارێکە کە ئەوڕۆ دەقی ئێمەی تووشی قەیران کردووە. هەر ئەم خەسارە زۆر جار بۆتە هۆی ئەوەی کە جەماوەرێکی زۆر لە خوێنەران لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی تەرە بن.

**ئەوەشمان لە بیر نەچێتەوە کە ئەدەبیات دەبێ رووکردێکی ئینسانگەرایانەی هەبێت، دەبێ بەرهەمێک بێ کە دواجار رووی لە ئینسان بێت. راستە ئینسان پێی خۆشە بەرهەمی تازە بخوێنێتەوە، بۆ تێڕوانینی دنیا دیدی تازەی پێ بدرێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا پێی خۆشە ئەو شتەی پێی دەدوێ تێی بگا و چێژی لێوەربگرێ و چێژ لە چوارچێوەی دەقی هونەری و ئەدەبیدا کاتێ دەستەبەر دەبێ کە ئەو دەقە رەچاوی خەسڵەتەکانی داهێنانی کردبێ.**

ڕامان: من هەر نموونە لە قسەکانی خۆتان دێنمەوە، باستان کرد کە جوگرافیا، ئەو سروشتەی کە نووسەر، شاعیر یان بڵێین ئەو کولتوورەی کە داهێنەر لەگەڵییەتی و لەگەڵی دەژی کاریگەری لەسەر ئەندێشە و لەسەر داهێنان و داهێنەر هەیە. لێرەشا دەبینین کە کۆمەڵگا کۆمەڵگایەتی نەریتییە، کۆمەڵگایەکە هەموو رۆژێی هەڵسوکەوتەکان، هەڵسوکەوتێکی داخراوە، کۆمەڵگایەکی داخراوە، بایەخەکان زادەی بەرتەسکی و کۆنیی ئەندێشەن کە رەنگبێ تەنانەت لە پەراوێزی ژیان و بیری تازەوە جێگەی نەبێتەوە. ئەگەر ئێمە سەرنجی وڵاتانی پێشکەوتوو بدەین هەڵسوکەوتی ئەو کۆمەڵگایانە داکۆکیکردنە لەسەر بایەخەکان یان تواناکانی مرۆڤ، واتە هەرچی توانای هەیە وەگەڕ بکەوێ بۆ داهێنان. ئێمە ئەگەر بەمجۆرە وردبینەوە و بڵێین فەزای زەینی کە بیەوێ داهێنەرانە بەرەو ئەویتر بڕوا یان بیر لە تازەگەری بکاتەوە دەبێ تواناکانی بۆ پراکتیککردنی ئەم نوێبوونەوەیە ناسیبێت و هەروەها ئەندێشەی ئاشنابوون بە فەزای فکری دەرەوە، ئەو خوێندنەوانەی کە دەتوانێ دەرەوەی خۆی ببینێت دەبێ بە زەینییەتێکی کوردی ئاشنا بکا و بیگونجێنێ. من پێموایە بەرهەمهێنەری ئێمە نەیتوانیوە ئەم پراکتیککردنە بە شێوەیەکی باش و گونجاو وەگەڕ بخا. نموونەمان زۆر زۆرن، زۆر نووسەر و شاعیر هەن باسی قوتابخانە هونەری و رێبازە فکرییەکان دەکەن، واتە خۆیان بە پۆستمۆدێڕنیزم و مۆدێڕنیزمەوە هەڵدەواسن، بانگەشەی مۆدێڕنیست بوون و پۆستمۆدێڕنیست بوون دەکەن، بەڵام ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و داهێنانی داهێنەر راست بە پێچەوانەیە. ئایا لە نێوان ئەم دوو جیاوازییەدا کە بە پێی هۆگر بوون بە قوتابخانە تازەکان و رێبازە نوێیەکانی ئەوروپا و نەتوانین بۆ خۆگونجاندن و



پراکتیککردنیان، قەیران دروست نابێ؟ قەیران و ئاڵۆزییەکە نابێتە رۆچوونێکی کوشندە؟

**عەبدولخالق یەعقووبی**: **ئاگاداربوون لە کولتوورێکی هۆشیار و داهێنەر کە ئێمە ئەمڕۆ دیارە بە کولتووری رۆژئاوایی دەزانین بەتایبەت لە بواری هونەر و ئەدەب و دڵنیاین لەوەی کە ئەوان زۆر پێش ئێمە هاتوونەتە نێو دنیای داهێنان و هاتوونەتە نێو دنیای جوانکاری لە بواری هونەرییەوە، جیاوازی لەوەی کە ئەو ئاگاداربوونە لە ناو دەروونی خۆماندا بتوێنینەوە و ئاگاداری بگەیەنینە رادەی هوشیاری. لە راستیدا ئەمڕۆ کەم نین ئەو ئەدەیبانەی کە ئاگادارییەکی باشیان لە کولتووری بیانی هەیە، کەم نین ئەو شاعیرانەی بەرهەمی زۆربەی هەرە زۆری شاعیرە مۆدێڕن و کلاسیکە سەرکەوتووەکانی جیهانیان خوێندۆتەوە، بەڵام پرسیاری گرینگ و گومانی گەورە ئەوەیە کە ئەو ئاگادارییە دواجار تا چەندە لە هەناوی داهێنەرانی کورددا پراکتیک بووە؟ ئەو ئاگاداری و شارەزاییەی کە لە ئاستی تیۆرێک هاتۆتە ئاراوە و ئەمڕۆ زۆربەی نووسەرانمان یان بە زمانە بیانییەکان شارەزان و بابەتەکان دەخوێننەوە یان لە رێگەی وەرگێڕانەوە، تا چ ئاستێک بۆتە هۆشیاری و زانیارییەکی تەواوە لە دەروونی ئەو هونەرمەندانەدا؟ چونکە بە بڕوای من ئەمە تەنیا لایەنێک لە لایەنەکانی ئەو داهێنانەیە کە دواجار لەو مەیدانەدا دێتە ئاراوە. راستە ئێمە بۆ ئەوەی مۆدێڕن بین بۆ نموونە لە داهێنانی رۆمان دەشێت رۆمان لە رۆژئاوا بێت، چونکە رۆمان ژانرێکە لە رۆژئاواوە سەریهەڵدا، وەک ژانرێک لە رۆژئاوادا پەرەی سەند و گەشە و نەشەی بە خۆی بەخشی و ئێمە لە رێگای وەرگێڕانەوە پێی ئاشنا بووین و هەستمان بەوە کرد لە سەردەمی نوێدا ئێمەش دەبێ تەعبیری نەتەوەیی خۆمان و تەعبیری ئینسانی خۆمان بۆ نموونە لە رێگەی رۆمانەوە بکەین، بەڵام لێرەدا خاڵێکی زۆر ورد هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە مۆدێڕن بوونی خۆمان تا چ رێژەیەک دەبەستینەوە بەو پێداویستییە لە کۆمەڵگای خۆماندا هەیە؟ ئێمە مۆدێڕن بوونی خۆمان تا چ رادەیەک گرێ دەدەینەوە بەو پێداویستییەی دەروونی و زەینییەی کە لە جیهانی تایبەتی مرۆڤی کورددا هەیە؟ ئایا ئێمە مۆدێڕن بوونمان تەنیا دەبێ بە پێی سفارش و خوایشتی ئەو شارستانییەتە بێنینە ئاراوە کە ئەورۆ مۆدێڕنە و تا رادەیەکی زۆر پێشکەوتووە؟ یا نا بەشێک و بەشە**

گرینگترەکەی کێشەکە لەوەدایە کە ئێمەش وەک مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکی نیمچە مۆدێرندا پێویستە مۆدێرن بوون لە پێناوی گۆڕانکاری بنەڕەتی بێنینە ئاراوە، چونکە ئێمەش وەک مرۆڤ پێویستمان بە گۆڕانکاری هەیە، ئێمە وەک تازەبوونەوە، وەک روخسارێکی تازە بەخشین بە کۆمەڵگا و بە مرۆڤی کورد پێویستمان بە مۆدێرن بوونە، کەواتە راستە ئێمە دەشێت لە باری تیۆریکەوە پرۆپاراو بین، شارەزا بین، ئاگادار بین، بەڵام ئەگەر ئەو ئاگادارییە نەبەستینەوە بە خۆماڵییانەی کوردانەوە بە مانای ئەوە کە مۆدێرن بوون بۆ گۆڕانکاری لە تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردی و مرۆڤی کوردی گرێ نەدەین لە راستیدا دەبێتە هۆی ئەو مۆدێرنیزمەی کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی رووکەش لە کۆمەڵگادا دەبینرێ، چونکە ئێمە یا بەو پێداویستییەمان نەزانیوە کە دەشێ بۆ مۆدێرن بوون پێیان بزانین یا ئەگەریش پەیمان پێی بردبێت نەمانتوانیوە ئەو ئاگادارییە لە هەناوی خۆماندا بتوێنینەوە. ئایا دەکرێ ئێمە مۆدێرن بین و ئەو مۆدێرن بوونە بە قیمەتی شووشتنەوەی شوناسی کوردی لە مرۆڤی کورد تەواو بێ. ئایا دەشێت ئێمە لە دەقێکی شیعریدا تازەگەری بێنینە گۆڕێ، بەڵام ئەوە بە قیمەتی کۆتایی پێهێنان بە رستەسازی و وێنەسازییەکی بێبەری لە هەر بۆن و بەرامەیەکی کولتووری کوردی تەواو بێت و پێشمان وابێ مۆدێرن بووین یان بە پێچەوانە ئێمە بۆیە مۆدێرن دەبین، چونکە پێمانخۆشە وەک مرۆڤی کورد مۆدێرن بین و کۆمەڵگایەکی پڕ گۆڕانکاری کوردی بەدی بێنین؟ بۆیە بۆ من مۆدێرن بوون کەڵکەڵەیە، راستە کەڵکەڵەیەکی گەورەشە، بەڵام هیچ کات نامەوێ بە بۆنەی مۆدێرن بوون لە شوناس و شوناسەکانی کوردی بوونی خۆم داببڕێم. ئەگەر رۆژ و رۆژگارێک مۆدێرن بوون بە قیمەتی ئەوە تەواو بێت کە تۆ لە خەسڵەتی جیهانبینی مرۆڤێکی کورد دوور بکەویەوە لە راستیدا ئەو مۆدێرن بوونە بە زیان و زەرەری مرۆڤی کوردی؛ کۆمەڵگای کوردی و داهێنانی کوردی دەشکێتەوە. ئەوە شتێکە کە ئەمرۆکە وەک خەسار دەبینرێ، ئەوە شتێکە کە ئێمە لە راستیدا خەریکە بەرەو دیوە ناحەزەکانی مۆدێرنیتەمان دەبات، ئەو دیوەی کە سەردەمی خۆی هەر ئەو جیهانە مۆدێرنە شەڕە جیهانییەکانی لێکەوتەوە، چەوسانەوەی گەلانی ژێر دەستی لێکەوتەوە، داگیرکردنی خاکی کەمینە نەتەوەکانی لێکەوتەوە، ئەوە ئەو دیوە ناحەزەی مۆدێرنیزمە کە لەسەر دەستی تازەگەری، خۆی



پرۆپاراو کرد بە چەک و بە کەرەسەکانی مرۆڤکوژی بۆ سڕینەوەی شوێنەواری ئینسانی کەمە نەتەوەکان و لە راستیدا بە سڕینەوەی نژاد و تۆوی ئەو مرۆڤانەی داوای سەربەستی و ئازادی لە چوارچێوەی خاکی خۆی و نەتەوەی خۆیاندا دەکەن. ئێمە لە بیرمان نەچێت ئەگەر بمانەوێ مۆدێرن بین بە حوکمی ئەوەی زاڵ بین بەسەر کەسانێکی دیکەدا، ئەوە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە بمانەوێ مۆدێرن بین و پێوەندییەکی ئۆرگانیک لەگەڵ ئەویتر بگرین. ئێمە مۆدێرن بوون و بووژانەوەی خۆمان بۆ ناسینەوەی خۆمان و بەستنی پردێکی پێوەندی لەگەڵ ئەویتر دەبێ بکەین بە ستراتیژی خۆمان. ناشێت تۆ مۆدێرن بی، بەڵام کەمتەرخەم بی لە ئاست ئەو مەسەلانەدا.

شتێکی دیکەش کە لای من زۆر زۆر گرینگە ئەوەیە کە پێمان وانەبێ تەواوی سەرچاوە و ژێدەرەکانی مۆدێرن بوون هەر دەشێت لە رۆژئاوا وەربگرین. چ لە ئاستی ئاگاداربوونەوە و چ لە ئاستی تواندنەوەی ئەو تیۆرییانە لە هەناوی کۆمەڵگا و مرۆڤ و داهێنانی خۆماندا. وەک لە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکرد، ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی داهێنانی کوردی بدەینەوە لەوانەیە بەسەر بیابانێکی کەموزۆر چۆڵدا بکەوین، بەڵام لە هەمانکاتیشدا لەو بیابانە کاکی بە کاکییەدا تۆ کوتوپڕ بەسەر کانیاوێکدا دەکەوی کە وەک مۆجیزەیەک لەو بیابانەدا هەڵقوڵاوە، بۆ نموونە شیعری کلاسیکی کوردی لە مێژووی داهێنانی خۆیدا لەسەر چەند وێستگەیەک، بەڕاستی حوکمی ئەو کانیاوەی هەیە کە لەو بیابانەدا تەقیوەتەوە. من خۆم (نالی، مەحوی، خانی، مەلای جزیری، سالم، مەولەوی و پیرەمێرد) بەو بەشە زێڕینانە لە سوننەت و نەریتی داهێنانی کوردی دەزانم کە تۆ دەکرێ دواجار وەک سەرچاوەیەک بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی سەرکەوتن لە کۆمەڵگادا، بۆ دۆزینەوەی تازەکردنەوەی وجوودی مرۆڤ و راز و رەمزەکانی داهێنانی دەقێکی سەرکەوتوو چاویان لێبکەی، بۆ نموونە من ئەو چەمکە مۆدێرنە کە گوتم دەشێت لە ئاستی زمان و مانا، لە ئاستی فۆرم و ناوەڕۆکدا مۆدێرن بین لە دێڕە شیعرێکی نالییەوە هەڵێنجا، واتە لێرەدا نالی سوننەتێکی زیندووە کە دەشێت تۆ وەک سەرچاوەیەک بۆ مۆدێرن بوونی خۆت کەڵکی لێوەربگری، چونکە راستە من ئەورۆ ئەو شیعرەی نالی وەک سوننەت ناو دەبەم و بە سوننەتێکی زیندووشی ناودێر دەکەم،

**بەڵام لە سەردەمی خۆیدا ئەو بیرۆکەیەی نالی بیرۆکەیەکی تازە بووە و بیرۆکەیەکی مۆدێڕن بووە. ئەگەر مۆدێڕن بە مانا کولتوورییەکەی، بە مانا مێژووییەکەی لەبەرچاو نەگرین. بۆیە من پێموایە ئەوانەی دەیانەوێ مۆدێڕن بن، بەڵام بە یەکجاری و بە شێوەیەکی زۆر رووت و رەها سوننەتی پێش خۆیان فڕێ بدەن و ئاوڕی لێنەدەنەوە و نەیخوێننەوە دواجار ئەو مۆدێڕنیزمە دەبێتە مۆدێڕنیزمێکی بێپشتیوان، مۆدێڕنیزمێک لەسەر ئاو بنیات دەنرێ و هەر ئان و سات بۆی هەیە تێک بتەپێ و بێبنەما بێ. بۆیە من لە کۆمەڵگای کوردیدا و لە چوارچێوەی داهێنانی کوردیدا مۆدێڕنیزمێک ناتوانم وێنا بکەم بۆ خۆم بێ ئەوەی ئەو مۆدێڕنیزمە ئاوڕێکی جیددی لەو خەزێنە دەوڵەمەندەی شیعری کلاسیکی کوردی (بۆ نموونە) دابێتەوە. من دەتوانم دانی پێدابنێم کە ئێمە لەو رابردووەدا چیرۆک و رۆمانمان نییە، بەڵام لە ئاستی بۆ نموونە شیعردا ناکرێ ئاوڕ لە نالی و مەحوی نەدەیەوە، ناکرێ مەلای جزیری نەخوێنینەوە، ناکرێ مەولەوی تاوەگۆزی تاوتوێ نەکەی، بۆیە من وەک روونکردنەوە دەمەوێ بڵێم تەواوی سەرچاوەکانی مۆدێڕنیزم بە شەقامی داهێنانی رۆژئاوایی کۆتاییان پێنایەت و بەشێکی گرینگی ئەو ژێدەرانەش لە راستیدا لە هەناو و مێژووی خۆماندا حەشار دراون، تەنیا چاوێکی دەوێ بیانبینێ و دەستێکی دەوێ بیاندۆزێتەوە و زەینێکی دەوێ بیانخوێنێتەوە و زمانێکی دەوێ بیاننووسێتەوە. من پێموایە ئەمەش، واتە دۆزینەوەی گەورەییەکانی سوننەت و پەیبردن بە نهێنییەکانی سوننەتی زیندووی مێژووی ئەدەبی خۆمان. ئەمەش بۆ خۆی بەشێکە لە پرۆسەی مۆدێڕنیزم.**

ڕامان: بەڵام ئێمە با سەرنج بە نموونەیەکی ئەدەبی کوردی بدەین واتە رۆمان. رۆمانی «باڵندەکانی دەم با» و رۆمانی «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان» لایەنی زاڵی، لایەنە فۆرمییەکەیەتی و سەرەکیترین تەکنیکی ئەو رۆمانە هەر ئەو جۆرە دارشتنەیە و لایەنی بەرچاو لە رۆمانی پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان جۆری گێڕانەوەیە. کە چاو لێدەکەی لە هەردووک رۆمانەکە و بە تایبەتی لە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکاندا رووبەڕووبوونەوەی فکری ناو دەق لەگەڵ نەریت و سوننەتەکانی ناو کۆمەڵگایە، بەڵام ئەگەر بە وردی روانیبێتم من پێموایە کە رووبەڕووبوونەوەیەکە تێکەڵ بە عاتیفە، دیارە کە لە باری فۆرم و گێڕانەوەدا تازەگەری لە هەر دووک



رۆمانەکەدا کراوە، بەڵام لە باری چەمک و واتاوە هەر چەندە دەیەوێ لەگەڵ نەریت و دواکەوتوویی بە کێشە بێ. بە رای من نەیتوانیوە بە لەبەر چاو گرتنی واتای رۆمان رەخنەیەکی بنەڕەتییانە و جیاواز زەق بکاتەوە. بە سەرنجدان بە وتەکانی ئێوە کە لە سەرەوە ئاماژەتان پێکرد ئایا ئەم دوو رۆمانە هەر وەک لێکۆڵینەوەکانی رابردووتان هەڵدەسەنگێنن؟

**عەبدولخالق یەعقووبی: ئەو پێوەندییەی کە ئەدەب بە مەعریفەوە هەیەتی دەتوانێ بە گشتی دوو رێگا بگرێتە بەر. یان پێوەندییەک بێ لەسەر بنەمای عەقڵانی، لەسەر بنەمای هزرێکی رەخنەگرانە، لەسەر بنەمای لۆژیکی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە دابمەزرێت، یان پێوەندییەک بێ لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی سۆزگەرایانە و عاتیفی و هەستەکی. دیارە ئەدەب بە حوکمی ئەوەی ئەدەبە لەگەڵ مەعریفە دەتوانێ بە هەر دووک شێوە، هەردووک پێوەندی هەبێ، لەگەڵ مەعریفە، لەگەڵ جیهانی سوننەت، جیهانی دەوروبەر، کۆمەڵگا، ئینسان، بەڵام ئەو شتەی کە تۆ ئاماژەت پێکرد دیارە بەشێکی راستە، واتە ئەوەی کە تۆ لە دەقێکی ئەدەبیدا بە تەمهیدەکانی ئەدەبی، با بڵێین ئەو فرتوفێڵانەی لە چوارچێوەی ئەدەبدا رێگات پێدەدا بتوانی بیرێکی رەخنەگرانەت هەبێ و پێوەندییەکی عەقڵانیت هەبێت لەگەڵ جیهانی دەوروبەرت کە ئەو جیهانە مرۆڤ و سوننەت و کۆمەڵگا و هەموویان دەگرێتەوە. لە راستیدا ئەگەر بمانەوێ بۆ نموونە هەڵوێستی ئەدەب لەگەڵ مەعریفە و هەڵوێستی ئایین لەگەڵ مەعریفە پێکەوە هەڵسەنگێنین دەبینین ئایین هەمیشە لە گۆشەنیگای ئایدیالۆژییەوە چاو لە مەعریفە دەکا، واتە دیدی ئایینی و مرۆڤی ئایینپەروەر لەو شوێنە کە مەعریفە بە قازانجی ئایدیالۆژیاکەی نەشکێتەوە حاشای لێدەکا، بۆیە ئایین و بیری ئایینی ئەگەر بە تێڕوانینێکی رەخنەگرانەشەوە لە مەعریفە بڕوانێ لەو شوێنەی کە ئەو مەعریفەیە بۆ ئەو دیدە ئایدیالۆژیکە بە کەڵک بێت پەسەندی دەکات، تەنانەت ئەگەر هەڵگری رەخنە بێت و لەو شوێنەی کە بە قازانجی ئایدیالۆژییەکی نەشکێتەوە رەخنەی لێدەگرێ. تەنانەت ئەگەر ئەو مەعریفەیە مەعریفەیەکی ئینسانیی بەسوود بێت. دیارە سەرەڕای ئەوەش خوێندنەوەی ئایینپەروەران و تەئویلی ئەو کەسانەی بە ناوی ئایینەوە پێوەندی لەگەڵ مەعریفە دەگرن، کە ئیتر ئەوەندەی دیکە باسەکە ئاڵۆز دەکا و من**

ناچمە ناوییەوە. مەبەستم روونکردنەوەی ئەو پێوەندییە بوو کە دەکرێ جیهانێک لەگەڵ جیهانێک پێکەوە ببەستن و ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانانە لەسەر یەکتر بێت. جیهانی ئەدەب بە حوکمی ئەوەی کە جیهانێکە دەیەوێت دنیا لە گۆشەنیگای ئەدەبەوە ببینێ، لە گۆشەنیگای ئەدەبەوە بڕوانێتە ئەدەب و ئەگەر ڕەخنەیەکیشی هەبێت ئەو ڕەخنەیە لە نێو هەناوی دەقەکەدا بیتوێنێتەوە و باسی لێبکات. بەڕاستی بە هۆی ئەوەی کە ئەو پێوەندییە دەچێتە قاڵبی کۆمەڵێک وێنە و کۆمەڵێک کەسایەتی و کۆمەڵێک تەمهید و تەکنیکی ئەدەبییەوە، ڕەخنەیەکی زۆر تایبەتمەندە و خوێندنەوەیەکی زۆر تایبەتمەندە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر نموونەکانی تۆ و بڵێین ڕۆمانی کوردی و ئەو دوو نموونە ڕۆمانەی کە جەنابت باست کرد تا چ ئاستێک لە خوێندنەوەی کۆمەڵگای خۆیاندا و باسکردن لە سوننەتی پێش خۆیاندا و بە گشتی بەستنی پردی پێوەندی لەگەڵ مەعریفەی جیهانی خۆیاندا سەرکەوتوو بوون یان بەسەر سەردا کەوتوون، ئەوە لە ڕاستییدا باسێکە کە دەمانباتەوە سەر ئەو خوێندنەوانەی کە ئێمە دەکرێ وەک خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئەو شوێنەوارە ئەدەبییانە هەمانبێت، بەڵام ئەوەمان لە بیر نەچێتەوە کە هەڵوێستی ئەدەب لە بەرامبەری جیهانی مەعریفە ناتوانێ لە جۆری ئایینی بێت کە من بۆم باس کردی، واتە ئەگەر بێت و ئەدەب ئەو کارەش بکا ئەوە لە ئەدەبییەتی خۆی بەتاڵ دەبێەتوە و دواجار دەبێتە ئەو دەقە دروشمخواز و ئایدیالۆژیمانەی کە جیهانی بۆ خۆی بەڕەوا دەزانێ، بەڵام لەم دوو نموونەیەی کە تۆ هێناوتەوە بۆ نموونە لە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکاندا من لەگەڵ ڕای ئێوە نیم بە هۆی ئەوەی کە لە ڕۆمانی پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکاندا تۆ لەسەر دەستی گێڕانەوەی ڕووداوی شێت بوونی قارەمانی ڕۆمانەکە بە نێوی «بایز» ڕەخنە لەو کۆمەڵگایە دەگری کە دواجار دەبنە هی شێت بوونی «بایز» ئەوە چ کۆمەڵگایەکە، ئەوە کۆمەڵگایەکە لە سەرەتاوە ڕازی نییە کە دوو مرۆڤ بە قەناعەتی یەکتر و بە پێخۆشبوونی دڵی یەکتر ژیانی هاوبەش پێکبێنن بە حوکمی ئەوەی کە باوکسالارەکان و برا باڵادەستەکانی ژنێک ڕازی نین بەو یەکگرتنە. لە هەمانکاتیشدا ئەوە کۆمەڵگایە کە ڕێگا نادا مرۆڤ بەو شێوەیەی پێی خۆشە ڕێگا و ڕەوشتی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ، بۆچی؟ چونکە کەسانێکن کە لەسەر دەستی ئایین و لەسەر دەستی



ئایدیۆلۆژی زاڵی کۆمەڵگا دەیانەوێ ڕێگای ژیان بۆ تۆ دەستەبژێر بکەنو ڕێگای ڕزگاری و بەختەوەری بە تۆ نیشان بدەن. ئەوە چ کۆمەڵگایەکە! ئەوە ئەو کۆمەڵگایەیە کە مرۆڤێک بە هۆی تێکشکاوی دەروونی، تێکڕووخانی ڕۆحی بە شێتت دەزانن و ڕاوت دەنێن و تێکەڵ بە سەگە بەڕەڵاکانت دەکەن و لە هەمانکاتیشدا جیا لە جەماوەری خەڵک نوخبەی بەڕێوەبەری ئەو کۆمەڵگایەش ڕێگا بە خۆی دەدا، هاوشان لەگەڵ فکری ئەندامانی ئاسایی و جەماوەری ئاسایی کۆمەڵگا ئەتۆ بگرێت و بتخاتە بەندیخانەوە و بە ناوی شێت لە کۆمەڵگات جیا بکاتەوە. کەواتە مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەم ڕۆمانە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کەسایەتییەکی هەیە، تەنانەت وەک من لە وتارێکدا لەسەر ئەم ڕۆمانە نووسیومە، زۆر خەمی ئەوەی هەیە، کە ڕۆمانەکەی لەسەر دەستی چ تەکنیکێ و بە چ شێوەیەک بگێڕێتەوە، زەمانەکان چۆن تێکەڵ بکا، زمانەکە چۆن دابڕێژێتەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا پێوەندییەک کە لەگەڵ مەعریفە و سوننەتی ئەو کۆمەڵگایەدا دەیبەستێ پێوەندییەکی ڕەخنەگرانەیە. ڕەخنە بە مانای ئەوەی کە دەچێتە ئاستی تەسویرسازی، دەچێتە ئاستی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، دەچێتە ئاستی داڕشتنی کەسایەتییەکان، تەنانەت دەچێتە ئاستی ئەو وتووێژانەی کە لە نێوان کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانەدا دێتە ئاراوە. لە ڕۆمانی باڵندەکانی دەم بادا تۆ دەبینی ئەو ڕەخنەیە بە شێوەیەکی تر دێتە ئاراوە ئەو ڕەخنەیە لە کۆمەڵگایەک دەگیرێ، کە ناتوانێ مرۆڤێک کە چۆتە وڵاتێکی دیکە و لە غەریبایەتیدا هەستی بە بوونی خۆی کردووە و زیاتر خۆی ناسیوە، ناتوانێ ئەو مرۆڤە دیسان قەبووڵ بکاتەوە، چونکە ئەو مرۆڤە ئیتر کەسێکە لە ڕەنگی ئەو مرۆڤە ئاساییانە نییە کە لە کۆمەڵگادا هەن، خۆشەویستییەک کە لەو نێوانە دێتە ئاراوە بە هۆی ئەو تەمومژانەی کە لە پێوەندی نێوانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگادا هەیە زۆر بە ئاسانی دەسڕدرێتەوە و ڕێگای پێنادرێ کە سەر بگرێ، باس لە شکستی مرۆڤانێک دەکا کە سەردەمانێک بە ئاواتێکی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگا، دواجار تێکەڵ بە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانە دەبن و ئامانجی پیرۆز دواجار بە مەبەستێکی ڕۆژانەوە کۆتایی پێدێ، مەبەستمە بڵێم کە ئەو شتەی کە جەنابت باسی دەکەی، واتە ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە سوننەت لە دنیای ئەدەبدا بە شێوەیەکی زۆر تایبەتمەند دێتە ئاراوە و لە ڕاستیشدا زۆربەی هەرە زۆری دەقەکانی

ئێمە لە بواری داهێناندا ئەو پێوەندییەی کە لەگەڵ مەعریفە هەیانە پێوەندییەکی سۆزگەرایانە و پێوەندییەکی هەستەوەرانەیە، پێوەندییەکە ناچێتە خانەی عەقڵانییەت و خانەی رەخنەگرتن لە چوارچێوەی تایبەتمەندیی ئەدەبی خۆیدا.

ڕامان: لە شیعر و چیرۆکی کوردیدا هەر وەک باسمانکرد توخمی خەیاڵ و عاتیفە رۆڵی سەرەکی دەگێڕن واتە زاڵبوونێکی تەواوە بە سەر بیرکردنەوەدا، ئەگەر لە شوێنێکیشدا ویستبێتی لەم بەسەرداسەپانە رابکا شاعیر یان چیرۆکنووس و بە تایبەتی دەڵێم شاعیر پەنای بۆ کایەی زمانی و پێچوپەنادان بە زمان، بە هێنانی خوازەی زۆر بردووە، واتە لێڵکردنی زمان. تۆ زۆر بە دەگمەن دەبینی کە شیعرێک نووسرابێت و بە سەرنجدان بە تایبەتمەندیی شیعری و ئەدەبی رەگەزی ئەندێشەی تێدا بدۆزیتەوە. ئایا ئەمە لاوازی بیر و ئەندێشەیە کە لە شیعردا ناگونجێ یان ئەمە شیعر و چیرۆکە کە ناتوانێ خۆ لە قەرەی چەمکی ئەندێشە یان فەلسەفە بدا؟

**عەبدولخالق یەعقووبی**: وەک باسمانکرد لە راستیدا ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان هزر و ئەدەبیاتدا هەیە پێوەندییەکی زۆر تایبەتە، بە وتەیەکی دیکە هاتنە ئارای دەقی ئەدەبی بۆ ئەوە نییە کە ئێمە بمانهەوێ لەسەر دەستی ئەدەبیات هزرێکی تایبەت بخوڵقێنین، پرۆپاگەندە بۆ هزرێکی تایبەت بکەین. لە دەقی ئەدەبیدا هزر دواجار دەبێتە یەکێک لەو پێکهاتە لێکدانەبڕاوانەی سەرلەبەری جەستەی دەقی ئەدەبی، بەوتەیەکی دیکە ئەگەر ئێمە باسی هزری دەقێکی ئەدەبی دەکەین لە راستیدا زۆر جار بۆ ئاسانکاری کردنە کە دەمانهەوێ هزر وەکو رەگەزێکی بەرچاو و هەستپێکراو لە ناو دەقی ئەدەبیدا قسەی لەسەر بکەین و خوێندنەوەمان لەسەری هەبێ، چونکە ئەو هزرەی لە دەقی ئەدەبیدا ئامادەیە هزرێکە تێکەڵاو بە سەرلەبەری رەگەزەکانی تری دەقی ئەدەبی بووە، بە وتەیەکی دیکە چەندە جیاکردنەوەی فۆرم لە مانا و مانا لە فۆرم لە دەقێکی ئەدەبیدا مەحالە، ئەوەندەش جیاکردنەوەی هزر لە زمانی دەقی ئەدەبی یان جیاکردنەوەی زمان لە هزری دەقێکی ئەدەبی مەحاڵە.

بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە دەقێکی ئەدەبی بۆ ئەوەی بەشێک لە دەقبوونی خۆی بپارێزێ لە پرۆسەی داهێناندا بە جۆرێک نەخوڵقێت کە خوێنەر هەست بەوە بکا کە ئەو شیعرە یاخود ئەو چیرۆکە خۆی لە قەرەی هزرێک نەداوە یا



کەڵکەڵەی ئەوەی نەبووە رەگەزێک لە نێو بۆتەی دەقەکەی خۆیدا بتوێنێتەوە. بۆ نموونە لە باسەکانی رەخنەی ئەدەبیدا زۆر جار دەگوترێ رێژەی جوانیناسانەی دەقێک دەبەسترێتەوە بە رێژەی تەئویل هەڵگربوونی ئەو دەقە، واتە ئەگەر لە ئاستی ماناناسیدا تۆ جوانییەک لە دەقێکی ئەدەبیدا بەدی بکەی ئەو جوانییە پێوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ ئەو تەئویلانە هەیە کە تۆ دەتوانی وەک دەق وەریانبگری یان بیانخوێنیتەوە، بۆیە تۆ دەبینی لەسەر شیعری کەسێکی وەک ویلیام شکسپیر، شیعری شاعیرێکی وەکو حافز، شیعری شاعیرێکی وەکو نالی هەمیشە قسەوباس هەیە. قەت کۆتایی بە باسوخواسەکان، شەرحەکان، لێکدانەوەی مانا و چەمکەکان نایە، چونکە ئەو دەقانەی هەڵگری خەسڵەتی فرە تەئویلین، بە وتەیەکی دیکە هزر لەو بەرهەمانەدا لە تانوپۆی ئەو دەقانەدا چندراوە و ئەو چوونە ناو ناخی دەقیش بە شێوەیەک بووە کە لە هەر گۆشەنیگایەکەوە بە جۆرێک لێکدەدرێنەوە «کەواتە ئەگەر تۆ پێتوایە لە شیعری کوردیدا یا لە بەشێکی زۆری چیرۆکی کوردیدا هزر ئامادەییەکی ئەوتۆی نییە، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو تێنەگەیشتنەی داهێنەر لە گرینگایەتی هزرگەرابوونی دەقی ئەدەبی و چۆنایەتی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پرسی هێنانە ئارای هزر لە نێو دەقی ئەدەبیدا. ئەوەشمان لە بیر نەچێتەوە، جگە لەو بارە جوانییەی کە تەئویل دەتوانێ بە دەقێکی ببەخشێ و رێگای پێبدا کە خوێندنەوەی فرەمەودا هەڵبگرێ بەشێکیش لە چێژێک کە دەقێک بە خوێنەری دەبەخشێت هەر لە رێگەی ئەو هزرەوەیە. هزر لە شیعردا زۆر جار دەوری با بڵێین هەڵواسینی خوێنەر بە خۆیەوە دەگێڕێ، بە وتەیەکی دیکە گەر تۆ لە دەقێکدا ئەوەندە رەنگاوڕەنگی و دەنگاودەنگی لە هزردا ببینی بەو رادەیەش خۆ هەڵواسین بە شیعر دەچێتە سەرێ، رادەی خۆهەڵواسینی چیرۆک دەچێتە سەرێ و خوێنەر ناتوانێ زوو دەسبەرداری خوێندنەوەی ئەو دەقە بێ. من زۆر جار پرسیار لە خۆم دەکەم دەڵێم باشە نهێنی هەرمان بوون و ئەو هەموو جوانییەی کە لە شیعری شاعیرێکی وەک حافزدایە، لە شیعری شاعیرێکی وەک نالیدا هەیە، لە رۆمانی کەسێکی وەکو میلان کۆندێرادا هەیە دەبێ بەڕاستی چی بێت. تۆ ئەگەر ئاوڕێکی زۆر خێرا لەو داهێنەرە گەورانەی دنیا بدەیتەوە دەبینی ئەو داهێنەرە گەورانە کەسانێکن کە لە بەستێنی هزردا زۆر بابەتیان وروژاندووە، زۆر بابەتی کۆنیان بە

شێوەیەکی نوێ تازە کردۆتەوە، زۆر بابەتی تازەیان خوڵقاندووە، لە زۆر چەمک و مانا کە گشتگیر و فرەلایەنن لێکۆڵینەوەیان بووە. لەبەر ئەوەی خوێنەری ئەم وتووێژەی ئێمە زیاتر کوردن، بۆ نموونە دەمەوێ باسی شیعری نالی بکەم. شیعری نالی لە چوارچێوەی گوتاری شیعری خۆیدا، بۆ یەکەم جار لە قەسیدەیەکی وەکو:

**هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر! تەیکەری هەوراز و لێژ**

باس لە جەستەی ئاژەڵ دەکا، لە راستیدا رووبەڕووبوونەوەیەک کە لەگەڵ جەستەی ئاژەڵی دەکا وەکو رووبەڕووبوونەوەیەک، وایە کە لەگەڵ جەستەی ئینسان و ئینسانێکیش کە زۆر جار مێ بێ، یان دڵدار بێ دەیکات، یان رووبەڕووبوونەوەیەک کە نالی لەم قەسیدەیەدا لەگەڵ ئاژەڵێکی وەکو «کەر» کردوویەتی بە واتای هێنانە ئارای مانەیەکی تازە بۆ نێو کولتووری کوردییە. لەسەر دەستی گوتاری شیعری کلاسیکی، نالی چەمکێکی نوێ کردۆتەوە بەرەو رووی روانینی مرۆڤی کورد، کەواتە ئەوە بە مانای تازەکردنەوە یان خود هێنانە ئارایەکی تازەیە لەمەڕ مەسەلەیەک کە پێوەندی بە مرۆڤ و مافی ئاژەڵ و ئەو ژینگەیە هەیە کە تۆ لەگەڵ ئاژەڵێکدا دەژی و لەوانەیە ئەو ئاژەڵە کەرەسەیەک بێ بۆ ئاسوودەیی تۆ و تەنانەت دواجار نالی لە دوایین بەشی ئەم شیعرەدا دەیەوێ بە خوێنەرەکەی خۆی بڵێت کە زۆر جار ئاژەڵ ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی با بڵێین جوانپەرستانەوە بڕوانی چی لە مرۆڤ کەمتر نییە و ئەویش شعوور و عەقڵی خۆی هەیە. مەبەستم ئەوەیە لە رێگای ئەو نموونەیەوە بڵێم، کە هزر لە دەقی ئەدەبیدا ناتوانێ نەبێت، چونکە ئەگەر نەبێت بەشێک لە دەقییەتی دەق دەگۆڕێت و بەشێک لەو گەورەییەی کە تەئویل دەتوانێ لەسەر دەستی هزر بە خوێنەری ببەخشێ دەدۆڕێ و بە هەمان رادەش دیارە لە جوانی ئەو دەقە کەم دەبێتەوە و ئەوەشمان لە بیر نەچێت ئێمە وەکو مرۆڤ لە دنیایەک پڕ لە هزر و ماناکاندا دەژین، واتە هزر هەمیشە لە جیهانی ئێمەدا بوونی هەیە، بەڵام ئەوە لە شیعر و چیرۆک و ئەدەبدایە بە گشتی ئەو هزرە دەکەین بە زمان و واژە و وێنەی شیعری و دەیکەین بە کەسایەتی داستانی و دەینوێنین. کە واتە کەمتەرخەمبوون لە ئاستی چەمکی هزر، وەک چۆن هێندێ کەس بانگەشەی بۆ دەکەن و بەتاڵکردنەوەی دەقی



ئەدەبی لە هەر چەشنە مانایەک دیارە دواجار بە مانای رووشاندنی ئەو رەگەزانە دێ کە دەتوانن پێکهێنەری بنەماکانی دەقی ئەدەبی بن.

ڕامان: چ شتێک سیمبۆل و هەڵبژاردنی جۆری ئەدەبی نووسەر و ئەدیب دیاری دەکا؟ ئایا ئەو قۆناغەی کە رووداوێک یان چەمکێکی دیار یان کاریگەری سروشت یان توانا و بەهرەی کەسایەتی ئەدیبە کە ئەم جۆری هەڵبژاردنە دیاری دەکا؟ نموونەمان لە شیعر و ئەدەبیاتدا زۆرن کە بابەتەکانیان پێش سەردەمی خۆیانن.

**عەبدولخالق یەعقووبی**: یەکەم شت کە من پێم گرینگە لەو باسەی کە تۆ هێناتە ئاراوە ئەو جیاوازییانەیە کە داهێنەرانی ئەدەب لە نێو کەشوهەوا جۆراوجۆرەکاندا پەروەردە دەبن، بۆ نموونە تۆ نابێ چاوەڕوانیت لە شاعیرێکی سەدەی ١٥ و ١٦ی زایینی ئەوە بێت کە باس لە تێڕوانینێکی مۆدێڕن بکات بۆ ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژی، چونکە ئەو کەشوهەوایەی کە ئەو تێیدا ژیاوە پێداویستی ئەو جۆرە تێڕوانینە ناهێنێتە گۆڕێ. بۆیە زۆر جار من پێموایە ئەگەر بمانەوێ بە پێوەرەکانی ئەمڕۆی خۆمان باسی تێڕوانینەکانی داهێنەرانی سەدەکانی پێشوو بکەین تووشی هەڵە دێین، واتە ناکرێ ئێمە چاوەڕوانییەکانی ئەمڕۆمان بکەین بە پێودانگ و بەو رێگایەدا بڕۆین و لە سەر دەستی ئەو پێودانگانە دەقی کلاسیکی بخوێنینەوە و لە هەر شوێنێک دەقەکانیان لەگەڵ پێوەرەکانی ئێمە یەکی نەگرتەوە تاوانباریان بکەین کە نەیانتوانیوە باش لە دنیا بڕوانن و نەیانتوانیوە دنیا باش بخوێننەوە و نەیانتوانیوە باش ئەو بابەتانە کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی هەڵیانبژێرن و بیکەن بە سووژەی دەقی خۆیان و دواجار کاری لەسەر بکەن. تۆ ئەگەر لە کەشوهەوایەکی مۆدێڕندا بژیت، بەڵام بابەتێکی مۆدێڕن هەڵنەبژێری دیسان ئەو هەڵەیەت دووپات کردۆتەوە. یانی ناکرێ ئەتۆ لە ژیانێکدا بژیت کە کەشوهەواکەی ئەو فەزایە بێت کە بە شێوەیەکی نوێ لە جیهان بڕوانی یان تۆ بە حوکمی ئەوەی زەینییەتت تازە نەبۆتەوە و توانایی ئەوەت، لە خۆتدا بەدی نەهێناوە کە بە شێوەیەکی نوێ لە دنیا بڕوانی و هەر بەو دیدە کۆنە بنووسی، دیارە ئەوە دواجار دوورت دەخاتەوە لە توانایی داهێنان و لەو با بڵێین بڕشتی خوڵقێنەرانەیەی کە دەتوانێ نووسینی دەقێکی سەرکەوتوو دەستەبەر بکا. لە هەمانکاتیشدا بێجگە لەو فەزایە مەسەلەی خۆ پەروەردەکردنی ئەدیبە بۆ داهێنان.

ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێت کە داهێنان لە هەناوی هەر هونەرمەندێکدا بە راستی ئەگەر لە سەرەتاوە وەکو پێدراوێک بووبێت، ئەگەر ئەو توانایییە لە هەناوی هونەرمەنددا پەنگی خواردبێتەوە و لە کاتی خۆیدا بتەقێتەوە ئەو داهێنانە شتێک نییە کە بەردەوام لە ئاستی تەقینەوەدا بێت، بەڵکو داهێنان و هەستی داهێنان و توانایی داهێنان شتێکە پێویستی بە بارهێنان و پەروەردەکردن هەیە. بە وتەیەکی دیکە داهێنەر ناتوانێ تەنیا بە حوکمی ئەوەی کە توانایی داهێنانی هەیە کەمتەرخەم بێ لە بەرامبەر خۆ پەروەردەکردن بۆ مەسەلەی داهێنان. ئێمە گرفتێکی گەورە لە ئەدەبی کوردیدا هەمانە ئەوەیە، کە لە هەندێ شوێن و لە سەر هەندێ کەس وا مەزندە دەکەین کە داهێنەران پێیانوایە گەیشتوونەتە دوا قۆناغی داهێنان، بە وتەیەکیتر داهێنەران پێیانوایە داهێنان شتێکە کە دەتوانێ لە ئاستێکدا بۆ هەمیشە بە سەرکەوتوویی بمێنێتەوە لە کاتێکدا داهێنانێک بەدی ناکەی کە بەردەوام بێت، مەگەر ئەوەی ئەو داهێنانە هەمیشە لە بۆتەی پەروەردەکردندا بتوێتەوە. داهێنان هەمیشە پێویستی بە تازەکردنەوە هەیە. شاعیر و چیرۆکنووس بە پێی ئەوەی کە بەردەوام بڕشتی داهێنەرانەی خۆی خەرجی ئەو دەقانە دەکا کە دایاندەهێنێت، نیازی بەوە هەیە کە ئەو جێگە بۆشەی بۆ داهێنان هاتۆتە ئاراوە بە داهێنان و پەروەردەیەکی دیکە پڕ بکاتەوە، بۆیە لە راستیدا ئەو کەسانەی کە تەنیا لەسەر یەک نموونەی هەڵبژاردەی بابەتەکانی خۆیان لەنگەر دەگرن بە تەنیا لە گۆشەنیگایەکەوە لەو نموونانەی خۆیان دەڕوانن و دواجار تووشی نوشوستی دێن، دواجار تووشی خەسار لە نووسین و تێڕوانین دێن. نموونەمان لە ئەدەبی هاوچەرخ زۆرە، کەسانێک هەن بۆ نموونە هەر لە چوارچێوەی بەرتەسکی شێوە تێڕوانینێکی تایبەتدا خۆیان بەستۆتەوە، ئەوانە دەبینین لە قۆناغێک لە قۆناغەکان داهێنانی خۆیان دووپات کردۆتەوە و تازەیی خۆیان و نۆژەنبوونەوەی زەینییەتی خۆیان دۆڕاندووە و لە لای خوێنەرانیش دەستیان روو دەبێت و دیارە ئەوانە نەک لە ئاستی وەرگرتنی خوێنەران، بەڵکو لە ئاستی داهێنانێ کە دەستەبەری مانەوەی دەقەکەیان بکات تووشی گیروگرفتێکی زۆر دەبن، بۆیە من پێموایە ئەدیب پێویستی بە پەروەردەکردنی زەینییەتی داهێنەرانەی خۆیەتی. ئەگەر ئەدیبێک دوو کەڵکەڵەی نەبێت من پێموایە ناتوانێ لە کاری داهێناندا سەرکەوتوو بێ:



کەڵکەڵەیەکیان ئەوەیە کە بەردەوام داهێنانی وەکو ئەسڵێکی سەرەکی لەبەرچاو بێ. واتە پێی وابێ کە ئەدەبیات بە حوکمی ئەوەی کە ئەدەبیاتە دەشێت هەمیشە لەگەڵ داهێنان هاوڕێ بێت. کەڵکەڵەی دووەم ئەوەیە کە ئەو گەوهەرە داهێنانەی ئەگەر لە خۆیدا پاراست هەوڵ بدات بەردەوام تازەی بکاتەوە، بەردەوام بارگاوی بکات بەو فۆرم و مانا تازانەی کە دەشێت بە دەستەوەی بدات و لە سەر دەستی ئەوانە دەق بخوڵقێنێ. بۆیە من پێموایە ئەگەر ئەو دوو کەڵکەڵە گرینگ و سەرەکییەی هەبێت هەر بابەتێک کە هەڵیبژێرێ بۆ لەسەر نووسین و بۆ کردنی بە دەق، هەر نموونەیەک بیهەوێ بیکات بە سووژەی بابەتەکەی دواجار دەچێتە ئەو چوارچێوە دڵخوازەی کە ناوم ناوە کەڵکەڵەی داهێنان و گەشەپێدان بە داهێنان و دواجار دەبینین دەتوانێ لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت، بۆ نموونە تۆ چاو لێبکە رۆماننووسێکی وەکو دیستۆیڤسکی کە لە داهێنەرانی گەورەی ئەدەبیاتی دنیایە چۆنە دەتوانێ بە درێژایی تەمەنی خۆی دەیان رۆمانی سەرکەوتوو بنووسێ. هەر رۆمانە و لەسەر بابەتێک، هەر رۆمانەو بە کەسایەتییەکی جۆراوجۆر و لە قەوارەیەکی گێڕانەوەی تایبەتدا، بەڵام لە هەمانکاتدا لە زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان و بەرهەمەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بێ. ئایا دەکرێ رۆماننووسێک ئەو هەموو لاپەڕەیە رەش بکاتەوە و لە هەمانکاتدا هەمووشیان باش بێت، بەڵام کەمتەرخەم بووبێ بۆ داهێنان و پەروەردەکردنی توانایی داهێنان. من پێموایە هیچ ئەدیبێک ناتوانێ درێژە بە رێگای نووسین و داهێنانی ئەدەبی بدا مەگەر ئەوەی ئەو کەڵکەڵەیەی لەگەڵ بێت ئەگینا بەڕاستی تووشی خۆ دووپاتکردنەوە و بابەت جوونەوە دەبێت و ئەوەش دیارە زەبرێکی کوشندە دەبێ لە داهێنانەکەی.

ڕامان: ئەدەبیات لە هەنووکەدا و بە تایبەتی شیعر کەوتۆتە پەراوێزەوە یان بە جۆرێکی تر بڵێین پاشەکشەی کردووە، تەنانەت دەتوانم بڵێم کە لە جیهانیشدا هەر وایە بۆ وێنە لە فەڕەنسا بۆ بڵاوکردنەوە شیعر لە پانێل دەدەن، وەکو کاغەزی راگەیاندن و بانگەواز هەڵیدەواسن و کەمتر وایە وەکو کتێب چاپ بکرێ، جگە لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی دیار. لێرەدا دەبێ سەرنج بەوە بدەین ئەگەر ئەم دیاردەیە لە رۆژئاوادا هەیە لە بەرامبەر ژانری تری هونەری هاتۆتە ریزی پێشەوە، بۆ وێنە سینەما و شانۆ ئەمڕۆکە لە وێندەرێ رۆڵی سەرەکی دەگێڕن. ئەمە لە حاڵێکدایە لە

فەزای هونەر و ئەدەبی کوردیدا ئەگەر ئەدەبیات بە گشتی و شیعر بە تایبەتی لە پەراوێزدایە هیچ دەقێکی تری هونەری و ئەدەبی جێگیر نەبووە و نەهاتۆتە پێشەوە. لێرەدا بە وەبەرچاوگرتنی دۆخی جیهان لەمەڕ شیعرەوە ئایا ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە سەر خودی شیعر یان پێویستییە داسەپێنراوەکانن کە ئەدەبیات و شیعر بەرتەسک دەکەنەوە؟

**عەبدولخالق یەعقووبی**: من ئەو پرسیارەم بۆیە زۆر پێ پرسیارێکی گرینگە، چونکە وەک تۆ باستکرد لە ئاستی جیهانیدا ئەوە شتێکی راستە، واتە شان بە شانی چوونە سەرێی ئاستی شارستانییەتی گەلانی دنیا و شان بە شانی هاتنە پێشکەوتنی جیهانی پیشەسازی و تەشەنە کردنی ژیانی مۆدێڕن لە راستیدا هەست دەکرێت پێشوازی کردن لە جیهانی ئەدەب و جیهانی داهێنان بە نیسبەتی سەردەمانی پێشوو کەم بۆتەوە. ئەم قسەیەی جەنابت لە فەزا و کەشوهەوای کوردستانیشدا تا رادەیەکی زۆر و بە تایبەتی لە کوردستانی باشوور وەڕاست دەگەڕێ، بە وتەیەکی دیکە لە جیهاندا ئەدەبیات ئەو گەورەیی و پیرۆزییەی کە سەردەمانی پێشوو هەیبوو ئەمڕۆ نەیماوە، دیارە بۆ ئەم دیاردەیە گەلێ هۆی جۆراوجۆریان دەستنیشان کردووە، بۆ نموونە والتێر بنیامین لە وتاری سەردەمی کۆپی کردنی فراوانی بەرهەمی هونەریدا بە شێوەیەکی میکانیکی باسی ئەوە دەکا کە تا بەر لە جیهانی پیشەسازی بەرهەمی هونەری هەمیشە تاقانە بوو، واتە بەر لەوەی بتوانی پیشەی چاپی کتێبت هەبێ، بەر لەوەی پیشەی کۆپی کردنت هەبێ، بەر لەوەی پیشەی وێنە هەڵگرتنت لە رێگەی کامێراوە هەبێت هەموو بەرهەمێکی هونەری نوسخەیەکی هەبوو و ئەو نوسخەیە بەحوکمی ئەوەی نوسخەیەکی تاک بوو خاوەنی پیرۆزییەکی تاکانە بوو، بەڵام کە جیهانی پیشەسازی و فراوانکردنی میکانیکی هاتە گۆڕێ، تۆ دەتوانی لە نوسخەی سەرەکی کتێبێک هەزاران نوسخەت بە دەستەوە بێ، لە تابلۆیەکی شێوەکاری سەدان تابلۆی کۆپیت هەبێ و لە هەر بەرهەمێکی هونەریی دیکە هەزاران نوسخەی بەدەڵت هەبێت. ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە هونەر لەو مەزنایەتییەی خۆی بکەوێ، بە وتەیەکی دیکە هونەر کەوتە بەر دەستی جەماوەرێکی زۆر لە خەڵک. ئەمە راستە کە لەو رێگایەوە جەماوەرێکی زۆرتر توانییان ئەدەب بخوێننەوە، ئاگاداری ئەدەب بن، بەڵام



لە هەمانکاتیشدا ئەوە بە مانای ئەوە بوو کە تۆ ئەدەبت دەخستە بەر دەستی جەماوەرێکی زۆر و بۆر بە بێ دەروەستی بۆ مەسەلەی تێگەیشتن و جوانپەرستی و جوانپەسەندی و چێژوەرگرتن لە دەقی هونەری، بۆ نموونە والتێر بنیامین وەک پێم گوتی لەم گۆشەنیگایەوە چاو لەوە دەکا کە ئەدەبیات لە گەورەیی خۆی دەکەوێت، بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا کە تازە مەسەلەی کۆپی کردن لە دەقی هونەری بۆتە شتێکی زۆر ئاسایی، مەسەلەی کەمبوونەوە لە حورمەت و شان و شکۆی ئەدەبیات مەسەلەیەکی ترە و بە شێوەیەکی دیکە دێتە ئاراوە. لەمڕۆدا ئێمە دوورکەوتنەوەمان لە ئەدەبیات بە حوکمی ئەوەیە کە پێمانوایە ئەدەبیات و بەستێنی خوێندنەوە و چێژوەرگرتن لە دەقی ئەدەبی و هونەری کارکردێکی کۆنکرێت و کارکردێکی بەرچاوی بۆ ئاسایش و حەسانەوەی رۆژانەی ژیانی ئێمە نییە، بە وتەیەکی دیکە لە سەردەمێکی وەک سەردەمی ئەمڕۆ ئێمە هەست دەکەین ئەو کارکردەی کە کۆمپیۆتەرێک بۆ نموونە بۆ مەسەلەی پێوەندی دەیبێت، ئەو کارکردەی ماشێنێک بۆ مەسەلەی راگواستن و خۆهەڵکێشان و بردنە سەری ئاستی کەسایەتی و چینایەتی دەیبێت، ئەدەبیات ناتوانێ هەیبێت، بە وتەیەکی دیکە ئەو مەعنەوییەتەی کە لە ئەدەبیاتدا هەیە کەوتۆتە ژێر رکێفی ئەو مادەپەرستییەی کە لە ژیانی مۆدێڕنی ئەمڕۆدا هەیە، ئەو مانایانەی کە لە ئەدەبیاتدا هەیە کەوتۆتە ژێر زەختی ئەو رواڵەتپەرەستییەی کە ژیانی مۆدێڕن بەدیهێناوە. لە ئاستێکیتردا ئەگەر لە واقیعی کۆمەڵگای کورد بڕوانین تۆ دەبینی رۆژگارێک ئەدەبیات بۆیە دەخوڵقا کە لە لایەنێک لە لایەنەکانی خۆیدا بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی گەلی کوردی دەیکا. ئێمە سەردەمانێک کە زۆریش دوور نییە پێمان وابوو زمانی کوردی لە قەوارەی دەقێکی ئەدەبی و هونەریدا پێناسەکەری ئەو شوناسەیە کە ئێمە وەک نەتەوە بە خەڵکانی جیهان دەناسێنێ. کەچی ئەمڕۆ و بە تایبەت لە باشووری کوردستاندا دەبینین ئەدەبیات لەم کارکردەی خۆی بەتاڵ بۆتەوە یان باشترە بڵێین بەتاڵیان کردۆتەوە، واتە تازە ئیتر شتێک نییە بە ناوی زمانی نەتەوەیی بەکاری بێنی. ئەدەبیات لێرە زۆر جار بۆ ململانێی حزبایەتی بەکاردەبرێت. ئەدەبیات لێرە زۆر جار بۆ دەستبەسەرداگرتنی کۆمەڵێک سەرچاوەی مادی بەکاردەبرێت. ئەدەبیات لێرە زۆر جار بۆ جنێو فرۆشی و یەکتر تۆمەتبارکردن

بەکاردەبرێت، ئەدەبیات لێرە زۆر جار بۆ خۆ گەیاندنە فستیڤاڵ و کۆبوونەوەکان و چوونە سەر شاشەی راگەیاندن بەکاردەبرێت. کەواتە تۆ دەبینی لە ڕێگەی ئەم شێوە رووبەڕووبوونەوانە ئەدەبیات ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە پەراوێزەوە. راستە ئەمڕۆ دەزگا چاپەمەنییەکان زۆرن، راستە ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێک و لە هەموو سەردەمێک زیاتر کتێبی کوردی بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمانێک زیاتر بۆ داهێنان کەمتەرخەمی هەیە، بۆ پاراو بوونی دەقی ئەدەبی گوێ پێنەدان هەیە و هەر ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە راستیدا ئاژاوەیەک و قەیرانێک بێتە ئاراوە کە من زۆر جار بە ترسێکی دەبینم کە خەریکە وەک سیستەم رەگاژۆ دەکا و بوونی ئەدەبیات و گەورەبوونی ئەدەبیات دەخاتە مەترسییەوە. بە پەراوێز بوونی ئەدەبیات لە بارودۆخی ئەمڕۆدا تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە بۆ مەسەلەی داهێنان تووشی نوشستی و کز و لاوازی هاتووین، بەڵکو بەشێکی زۆری لەبەر ئەوەیە کە ئێمە ئەمڕۆ ئەدەبیات بە کارکردە با بڵێین نەتەوەخوازییەکەی جاران چاوی لێناکەین و پێمانوایە کە سەردەمی ئەوە بەسەر چووە کە تۆ وەک پێناسەیەکی نەتەوەیی چاو لە ئەدەبیات بکەی. ئەم تێڕوانینە ئەگەر ببێتە تێڕوانینی زاڵ، ئەگەر قەناعەت بە زۆر نووسەر بێنێ کە ئەمە تێڕوانینێکی دروستە بە بڕوای من قەیرانی ئێستای ئەدەبی کوردی زێتر دەبێت. ئێمە لەبیرمان نەچێتەوە سەردەمی خۆی داهێنەرانی وەکو حافز و شکسپیر و نالی و دەیان داهێنەری دیکە هیچ کات بە مەبەستی تەنیا پاراستنی زمان دەقی ئەدەبییان نەخوڵقاندووە تەنانەت شاکارێکی وەکو شانامەی فردەوسی بە دانپێدانانی خودی فردەوسی بۆ بناغە دانانەوەی زمانی فارسی و رزگارکردنی ئەو زمانە لە دەسەڵاتی عەرەب و مەغۆلەکان هۆنیوەتەوە، لە هەمانکاتیشدا کەڵکەڵەی داهێنانی دەقێکی ئەدەبی بووە. بە بڕوای من ناکرێ تۆ ئەورۆ لەم بەشە لە کوردستان، چونکە پێتوایە بەشێک لە کەڵکەڵە نەتەوەیی و ئاواتەکان وەدی هاتوون ئیتر زمانی ئەدەبی و داهێنانی ئەدەبی وەلا دەنرێ یان ئەو پاشاگەردانییەی پێ بدرێت کە ئەمڕۆ هەیە یا ببێتە کەرەسەیەکی ئەوەندە سووک و سانا کە لە راستیدا داهێنان بە شتێکی زۆر سووک و چرووک چاو لێبکرێ، من رام وایە کە ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە لە هەموو پتر سەردەمێک پێویستە کە ئەدەبیات ببێتە ناوەندی سەرنج و ناوەندی کارە



جیددییەکان، چونکە تۆ گەلێکی بە درێژایی مێژوو قەرزداری ئەدەبیاتی. ئەدەبیات تۆی وەک گەل هێشتۆتەوە، چونکە ئەدەبیات کاری بە زمانە و زمان پێناسەی گەلە و لە راستیدا ئیتر ئەورۆ کاتی ئەوەیە کە ئەو شتەی سەردەمانێک تۆی لە بەرامبەر نەیارانتدا راگرت ئەمڕۆ پێی بگەی، گەشەی پێببەخشی. من پێموایە ئەگەر ئێمە وەکو ئامانجێک سەیری ئەدەبیات بکەین هیچکات رێگا بە خۆمان نادەین کە ئەدەبیات ببێت بە کەرەسەیەک بۆ ململانێی تاقمێک کە تەنیا لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا رێز بۆ ئەدەبیات دادەنێن.

ڕامان: ئەوەندەی ئێوە باستانکرد باس لە گۆڕانی دیدەکان بوو، یان وەلانانی بەشێک لەوانەی کە بایەخی سەردەمی خۆی بێت، بەڵام ئەوەی کە ئێمە وەک نموونەی ئەوروپا لێی دەدوێین ئەوەیە کە ئەدەبیات و لە سەرووی هەموویانەوە شیعر ئەو پاشاگەردانییەی خۆی نەماوە و پاشەکشەی کردووە، بەڵام سینەما و شانۆ هاتوونەتە ریزی پێشەوە و ئەو بۆشاییەیان پڕ کردۆتەوە. کەچی لە ئەدەبی کوردیدا خەسارێکی گەورە دەبینین سەرەڕای ئەو دواکەوتنەی شیعر، هیچ ژانرێکیتر بە مانای واقیعی خۆی نەهاتۆتە پێشەوە یان هەر بڵێین سەری هەڵنەداوە. واتە قەیرانێکی کوشندەیە کە تووشی هونەر و ئەدەبیات بووە. ئێوە ئەوە چۆن دەبینن؟

**عەبدولخالق یەعقووبی**: راستە ئەمڕۆ کورد رۆمان و چیرۆکی هەیە تەنانەت لە بواری رەخنەشدا هەندێک کار کراوە، بەڵام دیارترین ژانر کە تا ئەمڕۆش زیاترین رێژەی داهێنانی بۆ خۆی تەرخانکردووە دیارە هەر شیعرە و لە لایەکی دیکەشەوە خوێنەرانی ئەدەبی کوردی تا ئەمڕۆش زیاتر هەر خوێنەرانی شیعرن. ئەو قسەیەی جەنابت راستە کە لە وڵاتانی رۆژئاوا ئەگەر پاشەکشە بە هونەرێک کراوە هونەرێکی دیکە هاتووە و جێگای پڕ کردۆتەوە. لە ئەدەبیاتی کوردیدا دیارە ئەو شتەی کە لە رۆژئاوا رووی داوە لە ئارادا نییە، کەواتە ئێمە بۆ ئەوەی کە ئەو قەیرانە بە جۆرێک چارەسەر بکەین دەتوانین هەر لە سەر خودی پرۆسەی شیعری و لەسەر خودی دیاردەی بەرهەمهێنانی شیعر لەنگەر بگرین و کار بکەین، ئەورۆ داهێنەرانی ئێمە ئەگەر لە راستیدا تووشی قەیرانێک بە نێوی داهێنانی شیعر هاتوون بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بە کەمزانینە یان بە بچووک دانانی گەورەیی داهێنان، بە وتەیەکی

دیکە تۆ چی لەو کەسە دەکەی کە پێیوایە دەکرێ بە لەپەنا دانانی سێ چوار وشەی پەتی کوردی و یان بە تێکدانی کۆمەڵێک رستە و وشەی کوردی شیعر بەرهەم دێت، لە حاڵێکدا پرۆسەی داهێنان پرۆسەیەکە پێویستی بە ئەزموونێکی دوور و درێژ لە تێفکرین و لە وردبوونەوە و لە ماندوو بوون هەیە. من رام وایە ئەو کەسانەی کە بە چاوێکی سووک چاو لە داهێنان دەکەن دواجار خۆشیان هەر داهێنانێکی سووک بەرهەم دێنن. من لەوە زۆر سەرم سووڕ دەمێنێ کە شاعیرێک ئەمڕۆ بانگەشەی مۆدێرن بوون بکا، بەڵام هیچ کات لە شاعیرێکی بەر لەخۆی چ وەک نەوە چاوی لێبکەین چ وەک سوننەت، ورد نەبووبێتەوە و رازی سەرکەوتنی ئەوانی نەدۆزیبێتەوە. وەبیرت دێنمەوە قسەی ماتیو ئارنۆڵد کە لە سەرەتادا باسمانکرد کە گوتی یەکێک لە مەرجەکانی سەرکەوتنی دەقێکی مۆدێرن ئەوەیە کە تا چ ئاستێک لە دەقێکی بەرلەخۆی نزیکە، ئەوە رەنگە بە دوایین پێوەر و باشترین پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی دەقێکی نەزانن، بەڵام لە راستیدا پێموایە دەکرێ وەکو یەکێک لە ئەسڵەکانی داهێنان چاوی لێبکەین، بۆ نموونە من هیچ کات داوا ناکەم شاعیرێکی گەنجی سەدەی بیست و یەک بێت و لەسەر کێش و عەرزووی نالی شیعر بنووسێتەوە، بەڵام زۆرم پێخۆشە شاعیرێکی گەنجی ئێستا بێت لە شیعری (نالی، مەولەوی، مەحوی) ورد بێتەوە و بیانخوێنێتەوە و لە جەنگەی ئەو خوێندنەوە و وردبوونەویە تۆزێک لەو نهێنی و راز و رەمزانەی بوونەتە هۆی هەرمان بوونی ئەو شیعرانە، بدۆزێتەوە و لەسەر دەستی ئەم تێڕوانینەوە بێتە نێو جیهانی شیعری مۆدێرن و شیعری مۆدێرن بنووسێ.

«نالی» لە چوارچێوەی بەرتەسکی شیعری عەرووزی و سەرواداردا شاکاری وەکو ئەو شیعرانەی نووسیوە کە هەموومان دەیخوێنینەوە و چێژی لێوەردەگرین و سەرمان سووڕ دەمێنێ، لەو ئاستە لە داهێنان و لە قووڵبوونەوە لە جیهانی بوون، ئایا بەڕاستی شایانی ئەوە نییە شاعیرانی ئەمڕۆی ئێمە ئاوڕێکی جیدی لێبدەنەوە و لەسەر دەستی ئەم ئاوڕدانەوەیە بێنە نێو دنیای داهێنانەوە. من خۆم رام وایە ئەگەر تۆ رۆماننووس بی و ئاسەواری کەسێکی وەک تۆلستۆی و دەیستۆیڤسکی-یت خوێندبێتەوە قەت بەوە قەناعەت ناکەی کە رۆمانێک بنووسی بایی ئەوەندە نەبێ کە جارێک بخوێندرێتەوە. من پێموایە ئەگەر شاعیرانێک شاعیرانی هاوسەردەمی ئێمە بێنە ئاراوە کە شیعری



شاعیرانێکی وەکو نالی، حافز و گۆران و شاملوو بخوێننەوە و قەناعەت بەوە بێنن کە بە رستەسازییەکی میکانیکی، بە هێنانە ئارای هەندێک واژەی بێمانا و بە بەتاڵکردنەوەی شیعرەکانیان لە هەر چەشنە مانایەکی راستەوخۆ، و ناڕاستەوخۆ، واتە ئەو بوێرییە بە خۆیان بدەن کە بە کارەکانیان بڵێین داهێنان. داهێنان بە کارێکی قورس، بە کارێکی گران دەزانم، بەڵام دڵنیاشم لەوەی ئەوانەی کە بە جیددی رووبەڕووی مەسەلەی داهێنان دەبنەوە دەتوانن بەرهەمی جیددیشمان پێشکەش بکەن. هۆی ئەو قەیرانە ئاڵۆزەی مەیدانی داهێنانی کوردی لە راستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە لەسەر خودی پرۆسەی داهێنان لەنگەر ناگرین. تۆ چاولێکە من بڕوا ناکەم ئەوەندە کە لە گۆڤارە کوردییەکاندا گرینگایەتی بە ناوی کەس و ژیانی کەس و بە هاوڕێیەتی ئەو کەسە و بە رادە و رێژەی کۆڕ و کۆبوونەوەکان و بە ژمارەی تیراژی کتێبەکان دەدرێت، ئەوەندە و نیو ئەوەندە بە دەق و بە باس و خواسەکانی دەقناسی و بە چەمک و ماناکان بەها بدرێت. ئەمە شتێکە ئەمڕۆ داهێنانی کوردی بەڕاستی تووشی بێدەرەتانییەکی زۆر کوشندە کردووە. لە دەیان وتوویژ و لە دەیان چاوپێکەوتندا باسی ئەو ململانێیە دەکرێ کە لە نێوان شاعیراندا، تەنانەت لە ئاستی شەخسیدا هاتۆتە ئاراوە و زۆر جار ئەوە دەکرێ بە نیشانەی سەرەکی و نیشانەی زاڵبوونی شاعیرێک بەسەر شاعیرێکی دیکەدا. من گومان ناکەم شاعیرێکی وەکو نالی لەسەردەمی خۆیدا هیچ کات کەڵکەڵەی ئەوەی هەبووبێت کە بەردەنگی زۆر بە دوای خۆی رابکێشێت و دواجار ئەوە بکات بە نیشانەیەک بۆ سەرکەوتنی خۆی، تەنانەت خۆی لە دێڕە شیعرێکدا گلەیی دەکات و دەڵێ ئەمنساڵیانی ساڵە بە میزانی ئەدەب توحفەی شیعر دەفرۆشم، بەڵام کەم کەسم دی کە ئاوڕێک لەو شیعرانە و لە خوێندنەوەی شیعری من بداتەوە، واتە نالی بۆ خۆی زانیویەتی کە ئەگەر بیهەوێ ببێتە شاعیرێکی جەماوەری دەبێت پشت لە داهێنان بکا. ئەگەر بیەوێ روو لە داهێنان بکا دەبێ چاوپۆشی لە زۆر خوێنەر بکا. کەچی لەسەردەمی ئەمڕۆدا رێک بە پێچەوانە زۆر جار ئێمە ژمارەی ئەندامانی نێو دانیشتنی کۆڕێک دەکەین بە نیشانەی سەرکەوتنی شاعیرێک. ئەوە ئەو پەتایەیە کە ئەمڕۆ کەوتۆتە نێو مەیدانی ئەدەبی ئێمەوە و لە لایەک ئەدەبیاتی ناڕاستەوخۆ خستۆتە پەراوێزەوە و لە لایەکی ترەوە هەموو رۆژێ

دەیان زەبری کوشندە لە جەستەی لەڕ و لاوازی ئەدەبیاتی داهێنانی ئێمە دەدا. من پێموایە زۆربەی هەرە زۆری ئێمە بە هەڵە لە داهێنان گەیشتووین، زۆربەی هەرە زۆری ئێمە وەکو ئەدیب و نووسەر و شاعیر پتر لەوەی کەڵکەڵەی داهێنانی دەقمان هەبێ، پتر لەوەی خوێندنەوەی بارودۆخی مرۆڤی کوردمان هەبێ، پتر لەوەی شیکردنەوەی لایەنە تاریکەکانی کۆمەڵگای کوردیمان هەبێ، گرێ کوێرەی ئەوەمان هەیە کە چۆن لەبەر چاوی جەماوەر خۆمان بنوێنین،کە چۆن شاشەکان پڕوپاگەندەمان بۆ بکەن، کە چۆن جەماوەر روومان تێبکەن. لە شیعرەکانماندا هاواری شکاندنی بت دەکەین، بەڵام لە دڵی خۆماندا ئاواتەخوازین ببین بە بتی جەماوەر. ئەوە ئەو پەتایەیە کە بە راستی فەزای ئەدەبی کوردیی ژاراوی کردووە و ئەوەی کە تۆش باستکرد لەو فەزا کوشندەیەدا ئەلتەرناتیڤ و با بڵێین بەدیلێکیش نییە بۆ ئەوەی کە بێت جێگای ئەو بگرێتەوە. ئێمە سینەمایەکی کوردیمان نییە کە ئەگەر جەماوەرێک لەو ئەدەبە دوور لە داهێنانە تەرە بوون روو بکەنە هونەری سینەما بۆیە تۆ دەبینی زۆر جار لەسەر دەستی ئەو داهێنانە سەقەتە خوێنەرانێکی سەقەت بەرهەم دێن، واتە ئێمە پێمان وانەبێ ئەگەر داهێنەر سەقەت بوو هەر لە ئاستی داهێنانی سەقەتدا کۆتایی پێدێت، نا تۆ پێت وانییە داهێنانی سەقەت نەوەی سەقەت بەرهەم دێنێ؟ خوێنەرانی تێنەگەیشتوو، خوێنەری ئاسانپەسەند، خوێنەرانی ریاباز بخوڵقێنێ؟ تۆ شاعیرێک لەبەرچاو بگرە کە ریابازی لە ئاستی زماندا دەکات، ریابازی لە ئاستی شاردنەوەی مانادا دەکات، پێتوانییە ئەو نووسەرە، ئەو شاعیرە دواجار خوێنەرێکی ریابازیش دێنێتە ئاراوە؟ لە هەمانکاتیشدا ئایا هەیە کەسێک خوێنەری جیددی شیعری نالی بێت، بەڵام دواجار خوێنەرێکی وردبین و خوێنەرێکی راستگۆ و زۆر ورد پەسند نەبێت؟! من ئەوەندەی کە پێموایە نالی خزمەتی بە شیعر و جوانی شیعری کوردی کردووە، ئەوەندەشی خزمەتی بە هێنانە ئارای کۆمەڵێک خوێنەری باش بۆ مەیدانی شیعری کوردی کردووە.

ڕامان: تۆ ئێستا دەڵێی شیعری کوردی کەمتاکورتێک خوێنەری خۆی هەیە، بەڵام من دیسان داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەم کە بەردەنگی شیعری کوردی بەردەنگێکی بێدەنگە. مەبەستم نەبوونی ئەو بەردەنگە جیددی و چالاکەیە کە دووبارە خوڵقاندنەوە دەکا، بەردەنگێک بۆ دۆزینەوەی رەهەندە نوێیەکان دەتوانێ پێوەندی لەگەڵ دەقی



خۆی ساز بکا، و لێرەشدا دیارە دەبێ دەقی ئەدەبیش ئامادەیی ئەو پێوەندییەی هەبێت، بەڵام ئەوەندەی کە من دەبینم بۆ زیاتر بێدەنگییەکان ئایا بڵێی لە بێبەری بوون یان بەتاڵبوونی دەقی ئەدەب و بەتایبەتی شیعر بێ لە جوانیناسی. بڵێی دەقی ئێستا هێندە داماڵدراو و بەتاڵ بێ لە گەوهەری شیعری کە تا ئێستاش شیعری حافز بۆ تۆ تازە دەبێتەوە، یان نالی لە هەر خوێندنەوەیەکدا دۆزینەوەی دنیایەکی دیکەی بەدواوە دێت؟

**عەبدولخالق یەعقووبی**: سەرەتا من لێت ناشارمەوە کە وەکو کەسێک کە لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوەدا کارم کردووە و ئەگەر لە قسەکانمدا زۆر باسی نالی دەکەم، زۆر باسی زیندوویی ئەو سوننەتە دەکەم کە نالی بۆ منی بەجێهێشتووە، دەمەوێ ناڕاستەوخۆ ناهومێدی خۆم لە بەرامبەر شیعری هاوچەرخی کوردی دەرببڕم. بە وتەیەکی تر منێک کە گەنجی سەردەمی تازەم و دەبوایە لەگەڵ شاعیرانی ئەم سەردەمە پێوەندییەکی زیندووتر و تێگەیشتنێکی ساکارتر و تۆکمەترم بوایە، بۆچی بەردەوام دەگەڕێمەوە سەر شاعیرێکی کە شیعری کلاسیکی نووسیوە و هەروەها تا رادەیەکی زۆر بە تێڕوانینێکی ئایینپەروەرانەوە دنیای بینیوە. لە راستیدا ئەوە نیشاندەری ئەو ناهومێدییەی منە لە شیعری هاوچەرخی کوردی، بەڵام لە هەمانکاتیشدا لەبیرمان نەچێ کاتێ باسی جوگرافیای شیعری هاوچەرخی کوردی دەکەین دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە لە ناو چوارچێوەی ئەو جوگرافیایەدا کەسانێک هەڵدەکەون کە بە راستی داهێنەر هەن و یان لانی کەم کەڵکەڵەی داهێنانیان هەیە و دەتوانن بەردەنگ بۆ خۆیان کۆ بکەنەوە، بۆ نموونە من بۆت باس بکەم لە شاعیرانی کوردستانی باشوور شاعیرێکی وەک «جەماڵ غەمبار» بە راستی هەستم بەوە کرد کە دەشێت تێڕامانێک و لەنگەر گرتنێک هەبێ لەسەر ئەو شاعیرە. شاعیرانێکی وەکو «یۆنس رەزایی» لە کوردستانی رۆژهەڵات شیعر دەنووسێ من هەست بەوە دەکەم کە دەشێت بەردەوام خۆم لە بەرامبەر دەقێکدا ببینمەوە کە ئەو دەقە وەقسەم دێنێ و تەنانەت جاری وایە قەڵەمەکەم پێ هەڵدەسووڕێنێ، بەڵام ئەگەر لەم دوو و چەند ناوێکی دەگمەنی تر بترازێین، تووشی ئەو لێشاوە لە شاعیران دێین کە لە راستیدا چکۆڵەترین کەڵکەڵەی داهێنانیان نییە. ئەوەی کە بە لاوەیان گرنگە کتێب بە

دوای کتێبدا بڵاو بکەنەوە و وا نیشان بدەن کە لە سەرچاوەی داهێنان پاراون و ویشکاییان نەهاتووە، قەت بیر لەوە ناکەنەوە کە لە هەر کتێبێکدا ئەزموونێکی تازە لە کاری شاعیرانەی خۆیان بە دەستەوە بدەن. تەنانەت زۆر شاعیری گەورەمان هەیە لە چەندین دیوانی شیعریدا کارەکانی خۆی دووپات دەکاتەوە و هیچ شتێکی نوێ بە دەستەوە نادات. بۆیە ئەو قەیرانەی کە تۆ باسی دەکەی من بە راستی بە زاڵی دەبینم لە مەیدانی شیعری کوردی و حاشا لەوە ناکرێت کە ئەو قەیرانە هەیە.

ئەوەی کە تۆ دەڵێی شیعرێک ئەگەر داهێنەرانە بێت بەردەنگی خۆی وەدەنگ دێنێت ئەمەش تا رادەیەک راستە، بەڵام لەبیرمان نەچێت ئەگەر خوێنەر بۆ خۆی خوێنەرێکی خەساو بێت، ئەگەر خوێنەرێک بێت کە هیچ کات نەتوانێ لە بەرامبەر دەقدا هەڵوێست بگرێ تۆ هەر دەقێکی بخەیە بەر دەست ناتوانی قەناعەتی پێ بێنی کە خاوەن هەڵوێست بێ، دەنگی هەڵبڕێ، بۆچوونێکی لەسەر ئەو شیعرە هەبێ. گرفتێک کە ئێمە زۆر جار لە ئاستی خوێندنەوەدا هەمانە ئەوەیە کە ئەوەندەی دەقێکی ناداهێنەرانە بێدەنگی بە دوای خۆیدا دێنێ زۆر جار ئەوەندەش دەقێکی داهێنەرانە و سەرکەوتووش هەر ئەو بێدەنگییەی لەگەڵە. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەشوهەوایەی کە بەسەر زەینییەتی خوێنەرانی ئێمەدا زاڵە. بەداخەوە کەشوهەوایەکی خەفە و رەش و تاریک لە مەیدانی شیعردا هەر لە لای داهێنەر نییە، لە لای خوێنەریشە. ئێمە ئەگەر خوێنەرانمان جیدی بوایەن وەک تۆ دەڵێی هیچکات لە بەرابەر ئەو لێشاوە لە شیعری ناداهێنەرانە و شیعری لاواز و شیعری بێدەروەست بە نیسبەت مەسەلەی زمان و جوانی و قووڵبوونەوە بە ناو رەهەندەکانی جیهانی مرۆڤی کورددا ئاوا بێدەنگ نەدەبوون و هەر بەمجۆرەش لە بەرامبەر دەقێکی داهێنەرانە هەر ئاوا دەبن.

ڕامان: ئەگەر متمانە بەم وتەیەی ویتگنشتاین بکەین کە دەڵێ: «سنوورەکانی جیهانی من سنوورەکانی زمانی منە» تا چەندە نووسەران و بەتایبەتی چیرۆکنووسان و شاعیران بەوە گەیشتوون کە ئەندێشەی ئەو، هەستی ئەو و تەنانەت روانگە و دید و بۆچوونی ئەو بۆ جیهان لە دەرەوەی زمانەوە وێنا ناکرێ؟ شاعیری کورد تا چەندە لە گەڕاندایە بە دوای سنوورەکانی ئەو جیهانە کە لە گەڵی دەژی و تا چەندە بۆ بەرفراوانکردنی ئەو دنیا هەوڵی داوە؟



**عەبدولخالق یەعقووبی**: کەسێک کە لە جیهانی داهێناندا کار دەکات و داهێنان دەکات بە دەق ناتوانێ لە هەمبەر پرسی زماندا کەمتەرخەم بێت، چونکە ئەو مەودایەی کە لە نێوان داهێنان لە زەیندا و داهێنان لە دەقدا هەیە زمان پڕی دەکاتەوە، واتە تۆ بۆ ئەوەی پێدراوی زەینی خۆت بکەی بە نووسراوی سەر کاغەز دەبێ پێدراوی نێو دەق بە رەهەندی زماندا تێپەڕێنی، بۆیە ئەو بەرهەمەی کە لە زەیندا دەخوڵقێ لە زماندا رەنگ دەداتەوە، کەواتە ئەوەندەی کە گرینگە پرۆسەی داهێنان لە نێو زەیندا تاوتوێ بکرێت و شەنوکەو بکرێت و بتوێتەوە لە زەینی داهێنەردا ئەوەندەش گرینگە کاتێ هاتە ئاستی زمان بتوانێ لایەن و رەهەندەکانی جوانیناسانەی خۆی بپارێزێ و خوێنەر لە رێگای دەروازەی زمانەوە بە نێو دنیای دەقی خۆیدا رۆبچێ و رێگای پێ بدات کە لەو دنیایەدا بژیت و ئەزموونی خوێندنەوە لەبەر دەروازەی زماندا تێپەڕ دەبێت، بۆیە ئەگەر خوێنەرێک بیەوێت لە ئاستی ماناناسیدا خۆی بە دەقەوە سەرقاڵ بکات ناچارە کە بە زماندا تێپەڕێ. ئەگەر زمان ئەو پێوانەیەی تێدا نەبوو کە رێگا بە خوێنەر بدا بچێتە ژووری دەقەوە و یا بە شێوەیەکی ماقووڵانە رێگا بە خوێنەر نەدا کە بچێتە ناو دەقەوە لەوانەیە خوێنەر نەتوانێ جیهانی مانای دەق تاوتوێ بکا و لە دەروونی خۆیدا بیتوێنێتەوە و لە هەمانکاتیشدا چێژی لێوەربگرێ. ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە بەشێکی زۆر لە سەرکەوتنی ئەو کەسانەی کە بە تایبەتی لە ئەدەبیاتی کوردیدا وەکو لووتکە لە قەڵەم دەدرێن قەرزداری ئەو زمانەن کە بۆ نووسینەوەی دەقەکانیان بەکاریان بردووە. تۆ ئایا پێتوا نییە بەشێک لە جوانی شیعرەکانی نالی، جیا لەو مەعریفە قووڵەی کە لە شیعرەکانیدا هەیە، جیا لەو گوتارە تازانەی هێناویەتە ئاراوە، جیا لەو تەکنیکانەی کە لە شیعرەکانی بەکاری بردووە، زمانی شیعری نالی بێت، بە وتەیەکی دیکە نالی گرینگایەتی شیعری خۆی تەنیا لە کوردی زانینی شیعری خۆیدا ـ وەک باسمانکرد ـ نەزانیوە، بەڵکو لەو نەرمونیانی و دەرەتان و دەرفەتانەبووە کە لە زمانی خۆیدا بەدی هێناوە بۆ نموونە تۆ سەرنجی ئەو دێڕە شیعرەی نالی بدە کە ئەگەرچی لە بەشێک لەو شیعرەدا هەندێک واژەی زەقی عەرەبی دەبینی، بەڵام ئەم دێڕە شیعرەی لە گشتێتی خۆیدا بە شێوەیەک داڕشتۆتەوە کە دواجار تۆ لە وشەیەکی عەرەبی چێژێک وەردەگری کە دەکرێ لە زمانی کوردیدا وەریبگری:

دەستم کە بە سەد وەعدە لە سەد جێگە شکاوە

جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ

بۆ نموونە وشەی جەبر و کەسر عەرەبین، لەوانەیە لە زمانی عەرەبیدا مانایەکی تایبەتییان هەبێ، کەچی لەم دێڕە شیعرەدا تۆ دەبینی نالی وای جێکردوونەتەوە، وا لە ناو بۆتەی زمانەکەیدا تواندووینەتەوە کە هەم لەفزەکەیان، هەم لە ئاهەنگەکەیان، هەم لە ماناکەیان وەکو ئەوەیە بەشێک لە مۆرکی زمانی کوردی بن چێژ وەردەگری. یان بۆ نموونە لەو دێڕە شیعرانەی کە بە ئەنقەست هەوڵی داوە پەتیترین زمان بەکاربێنێ، بە بیانووی ئەوەی کە زمانێکی پەتی بەکاردێنێ لایەنی شیعریی شیعرەکەی نادۆڕێنێ:

کانی دەزێن بە ئاو و درەخت ئاوسن بە با

شایی بەهارە بولبولە داماد و غونچە بووک

تۆ دەبینی لەم شیعرەدا جوانترین سینتاکس بۆ رستەی کوردی هەڵبژێردراوە، رەسەنترین وشەکان بۆ ئەم شیعرە دەستەبژێر کراوە، لە هەمانکاتیشدا قووڵترین ماناکان لەو شیعرەدا حەشار دراون، کەواتە ئەگەر داهێنەر زیرەک بێ، زانا بێت، ئەوەندەی بە مەعریفەی خۆی سیحر لە خوێنەرەکەی دەکات دەتوانێ بە زمانەکەی خۆشی ئەو سیحرەی لێبکاتەوە. لە راستیدا دەتوانێ لە رێگای زمانەوە هەم مانا بە خوێنەر بدا، چێژ بە خوێنەر بگەیەنێ و هەم بتوانێ خوێنەر نەک هەر لە ئاستی مەعریفی شیعری خۆیدا، بەڵکو لە ئاستی جوانکاری زمانیشدا تووشی راوەستان و تێڕامان بکا. لە بەشەکانی دیکەی داهێناندا تۆ چاو لێبکە، بۆ نموونە ئێمە دەقی کەسانێکی وەکو «شوکور مستەفا»مان هەیە، وەکو مامۆستا «هەژار» و مامۆستا «هێمن»مان هەیە، کە تۆ ئێستا لە دەقی ئەدەبی ئەو کەسانە نەک هەر وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی یاخود سەرچاوەی گوتارێکی شیعری یان وەرگێڕانێکی ئاسایی چاویان لێدەکەی، بەڵکو ئەوانە دواجار دەبن بە سەرچاوەیەک بۆ بنیاتنانەوەی زمانێکی نەتەوەیی. لە راستیدا زمانی کوردی و گرینگیدان بە زمانی کوردی لە نووسراوەی ئەو داهێنەرە گەورانەی ئەدەبی کوردیدا ستراتیژییە، کە بۆ پاراستنی پێناسەی نەتەوەیی و سازدانی زمانی یەکگرتوو لە بواری داهێنانی کوردیدا. مەبەستم ئەوەیە بڵێم تۆ زمان چ وەک لایەنی هونەری و چ وەک لایەنی مێژوویی چاو لێبکەی



بەهەر شێوەیەک گرینگایەتییەکی لە رادەبەدەری هەیە، بەڵام ئەگەر لە واقیعی ئێستای خۆمان بڕوانین، ئەگەر ئەو شتەی کە رەنگە مەبەستی جەنابت بێ لێی بدوێین ئەو واقیعە بێ کە ئەوڕۆ داهێنانی کوردی و بواری داهێنانی کوردی بەسەر زمانی کوردیدا دەیهێنێت ئێمە دەتوانین باسی زۆر کارەسات بکەین. ئەمڕۆ بە بۆنەی ئەو فەزایەی کە مەیدانێکی خۆشی بەرهەم هێناوە بۆ دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکردنەوەی کتێب دەبینین کەسانێک روویان کردۆتە وەرگێڕان و داهێنان کە لە راستیدا وەک کەرەسە چاو لە زمان دەکەن. زمان لەو شێوە تێڕوانینەی کە زۆربەی هەرە زۆری وەرگێڕ و نووسەرانی ئێمە سەیری دەکەن کەرەسەیە کە تۆ دەکرێ بۆ ماوەیەک کەڵکی خۆتی لێوەربگری و دواجار کە لە کەڵکت خست فڕێی بدەی. ئێمە چەندە لە لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا باس لە شیعری زمانی کوردی دەکەین، بەڵام قەت ئاوڕ لە زمانی شیعری کوردی نادەینەوە.

ئێمە بۆ نموونە لە شیعردا مەبەستمان ئەوەیە کە بڵێین شاعیر پەیامێکی دڵداری هەیە. لە چیرۆکدا مەبەستمان ئەوەیە کە بڵێین چیرۆکنووس دروشمێکی سیاسی هەیە، بەڵام هیچکات نەهاتووین بڵێین لەم شیعرەدا زمان چ دەورێک دەگێڕێ، لەم چیرۆکەدا زمان تا چەندە توانیویەتی ببێتە کۆڵەکەیەکی جوانیناسانە، بە وتەیەکی دیکە زمان لە دیدی زاڵی ئەمڕۆی داهێنەرانی ئێمەدا یان لە پەراوێزدایە یان نا ئەگەریش لە ناوەنددا بێ بە شێوەیەکی خراپ تێی گەیشتووین. ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە زمانی کوردی لە ساتەوەختێک کە دەبێ پێوانە شاراوەکانی بدۆزرێتەوە و لە ساتەوەختێکدا کە دەشێت لەو کارکردە دوور و درێژەی کە بۆ بەستێنی سیاسەت و نەتەوەیی و ئابووری مانەوەی نەتەوایەتی بوویەتی رزگاری بکەن و بەڕاستی کاتی ئەوە بێت کە پاراو بێت بە لایەنی ئەدەبی و هونەری و جوانیناسییەکان، دەبینین هەمان پرۆسە بە شێوەیەکی دیکە لە رێگەی وەرگێڕانی سەقەت دووپات دەکەینەوە لە سەر دەستی ئاوڕ نەدانەوەی جیددی لە بنەڕەتەکانی نووسین و داهێنان، ئەو پاشاگەردانییە کە لە ئاستی داهێناندا ئاماژەمان پێکرد لە کارکردن بە زمانیشدا دەیبینین، من ئەمانە بۆیە بەم شێوەیە باس دەکەم و تا رادەیەکیش بە راستی زەقیان دەکەمەوە، چونکە پێموایە ئەوانە هەڕەشەی جیددین لەسەر مانەوەی زمانی کوردی، بەڕاستی زۆر جار من داخ دەمگرێ کە ئیتر

کەسانێکی وەک «مەسعوود محەمەد و شوکور مستەفا و هەژار و هێمن» لەبەردەستمان نین یا ئەوان بریا ئەوەندەی کردیان بە خەرمانەی نووسینی کوردیان زیاتر بکردایە. من پێموایە ئەگەر ئێمە بۆ نووسینی زمانی کوردی نەگەڕێینەوە بۆ سەر سەرچاوە رەسەنەکان هەر لە ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە بگرە تا شیعری کلاسیکی کوردی، تا نووسراوەکانی ئەو زاتانەی کە ناومان بردن لە ئەدەبیاتی هاوچەرخ و سەدەی بیستی کوردی لەوانەیە رۆژ بە رۆژ زیاتر ئەو زمانە تووشی شکستی و نوشستی بکەین و لەوانەیە رۆژگارێک بێت ئێمە لە بری ئەوەی کە زمانی کوردیمان لە زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو نزیک کردبێتەوە ئەوەندەی دیکە بە دەستی خۆمان ئەو زمانەمان پەرش و بڵاوکردبێتەوە.

**گەلاوێژی ١٣٨٤**